



# د.قاسملوو

## سیاسەتمەدارێکی بیرورد و کارامە

۲۲ی پووشپەڕ

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

**بەشێک لەوتار و دیمانەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە سەبارەت بە کەسایەتی شەهید دوکتور قاسملوو**

**لە ئارشیڤی کۆکراوەی بابەتەکانمەوە؛ نامیلکەی(د.قاسملوو سیاسەتمەدارێکی بیرورد و کارامە) بەشێک لەوتار و دیمانەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە سەبارەت بە کەسایەتی شەهید دوکتور قاسملوو. بە بۆنەی ٣٥مین ساڵوەگەڕی تیرۆری ناجوامێرانەی ڕێبەری کاریزماتیک و لێهاتووی نەتەوەی کورد، دوکتور قاسملووی نەمر، بە دەستی ڕەشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.**

---

# پێڕست:

**١- وتار لەڕۆژی بە خاک سپاردنی تەرمی پیرۆزی شەهیدان دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادری‌ئازەر لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس.......................................................... ٤**

**٢- کۆست کەوتن ......................................................... ٨**

**٣- وتاری سکرتێری گشتیی حیزب لەرێ و ڕەسمی دەیەمین ساڵ......................................... ١٤**

**٤- قاسملوو چۆن ژیا؟.......................................... گفتگۆ: خالید موحەممەدزادە ...... ٢٠**

**٥- ئەمن نەبوومایە خەتە فیکرییەکانی دوکتۆر قاسملوو لە مێژ بوو سڕابوونەوە..... گفتگۆ: خالید محەممەدزادە ... ٣٠**

**٦- هەڤپەیڤین بە بۆنەی حەڤدەهەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملۆوە................ عەلی بداغی ...... ٣٥**

**٧- وتار لە هەژدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاورێیانی دا.............................. ٤٥**



سەرچاوە
Serchawe

٨- بوون بە قاسملوو بۆ لاوانی کورد نە کوفرە و نە مەحاڵ................................ شەوی یەلد ...... ٥٥

٩- د.قاسملوو لە مێژووو لە هەناوی حیزبی دێموکرات دا......................... دیمانە: ئازاد شێخی ...... ٥٧

١٠- شەوی یەلداو بیرەوەری‌یەک.................................................................. ٨٣

١١- بەڵگەمان لەبەردەست نییە بۆ دادگاییکردنی بکوژانی قاسملوو....................... ماڵپەڕی رووداو ...... ٨٦

١٢- سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکان خەباتی کوردی ئێران بۆ وەدیهێنانی داخوازەکانیان بەردەوام دەبێ..........

دیمانە: مەسعوود محەممەد............................................................... ٨٩

١٣- لەوانەی دیومن کەسم لە سەرووی دوکتۆر قاسملوو نەدیوە.................... دیمانە: عەلی بداغی ..... ١٠٠

١٤- مام جەلال چۆن ویستی عەبدولرەحمان قاسملۆ لەکوشتن بپارێزێت؟.... ئامادەکردن: حلمی رەسوڵ رەزا ... ١١٣

١٥- نەخشی کاریگەری دوکتور قاسملوو لە بووژاندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا..................... ١٢٥

١٦- ڕوانینی دوکتور قاسملوو بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد................................ ١٣٠

١٧- وتاری ١١ی ڕەشەممەی دوکتور قاسملوو مانیفێستێکی داوەتە دەست نەوەکانی ئێستا و داهاتوو.........

.............................................................. دیمانە: شەهرام سوبحانی ...... ١٣٦

## لەسەر گڵکۆی شەهیدەکان لە (پێرلاشێز)ی پاریس



**وتاری بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەرۆژی بە خاک سپاردنی تەرمی پیرۆزی شەهیدان دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادری‌ئازەر لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس**

رۆژی بە خاک سپاردنی تەرمی پیرۆزی دوکتور و کاک عەبدوڵڵا لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس، زیاتر لە سێ هەزار کەس لە نوێنەرانی حیزب و رێکخراوەکان و شەخسییەتە کورد و ئێرانی و خاریجی‌یەکان لەسەر گڵکۆی قاسملوو کۆ بیوونەوە و رێزیان لە یادی ئەو گەورەپیاوەی مێژووی کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ئێران گرت. ئەو بەبالابرین و ستایشانە کە لە وتاری شەخسییەتەکان دا لەسەر قەبران یان لە دەفتەری بیرەوەری دا لە دوکتور قاسملوو کران، نیشانەیەک لە ئیحتیرامی بێئەملاو ئەولای هەمووان بۆ دوکتوری شەهید بوو. لێرە دا وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر گڵکۆی قاسملووی نەمر کە لایەن بەرێز و تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە خوێندرایەوە بڵاو دەکەینەوە.

**ئەوەش دەقی وتارە کە:**

**خوشک و برا بەرێزەکان!**
**نوێنەرانی حیزب و رێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان!**
**شەخسیەتە ئازادیخواز و بەشەردۆستەکان!**

لێرە کۆبووینەوە بۆ ئەوەی تەرمی پیرۆزی دوو شەهیدی رێگای رزگاری، دوکتور عبدالرحمان قاسملو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر نوێنەری حیزب لە ئورووپا بە خاک بسپێرین. بەشداریی ئێوە لەو رێورەسمە دا رێزدانانە بۆ ئەو خەباتە سەخت و شیلگیرە کە دوکتور قاسملوو ماوەی زیاتر لە چل ساڵ تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کردبوو.

ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوە رێک خراوە تا شۆڕشگێرێکی مەزن و ناوداری کورد بەو جۆرە کە شیاوی خۆیەتی لە نێو خۆمان بەڕێ بکەین.

**دوکتور قاسملوو** شەهیدی رێگای رزگاریی کوردستان و سەرانسەری ئێران رێبەرێکی لێوەشاوە و تێکۆشەرێکی ماندوویی‌نەناس بوو کە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد و گەلانی رۆژهەڵاتی نێوەراست کەمتر وێنەی وی بە خۆیەوە دیوە. قاسملوو سیاسەتمەدارێکی بیرورد و کارامە، خەباتگێرێکی بەورە و شەخسییەتێکی زانستی و شۆڕشگێرێکی بە تەواو مانای وشە بوو.

**قاسملوو** لە رێگای دابینکردەنی ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دا تێدەکۆشا. هەوڵی دەدا چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان بۆ هەتاهەتایە لە نێو بچێ و چارەنووسی گەلان بکەوێتە دەستی نوێنەرانی راستەقینەی خۆیان. ئەو ئیمانێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو بۆ جێگیر بوونی دێموکراسی لە نێو ریزەکانی حیزب و لە نێو کۆمەڵ دا بە هەموو تواناوە تێدەکۆشا و ئەگەر جاروباریش لە ئاکامی برەوپێدانی دێموکراسی دا زیانێک بە حیزب گەیشتبایە، دوکتور قاسملوو دەی گوت ئەمە باجی دێموکراسی‌یە و کەسێک دێموکراسیی بوێ دەبێ باجەکەشی بدا.

**دوکتور قاسملوو** نیشتمانپەروەرێکی کورد بوو. باوەری تەواوی بە چارەنووسی هاوبەشی گەلی کورد هەبوو و سەرکەوتن و تێشکانی کوردی لە هەر بەشێکی کوردستان دا بووایە بە سەرکەوتن یان تێشکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دادەنا و لەو رێگایەش دا زۆر جار بە دروستی دەزانی قازانجی کاتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران فیدای قازانجی ستراتیژیکیی گەلی کورد بکا. ئەو کات کە تەنیا داواکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ کورد بە گوناح دەژمێردرا و دوژمنانی کورد ناوی جیاوازیخوازی یان لەسەر دادەنا، قاسملوو لە کتێبی بە ناوبانگی خۆی "کوردستان و کورد" دا هاواری دەکرد کورد نەتەوەیەکی جیا لە هەموو نەتەوەکانی دیکەیە و ئەگەر رۆژێک وەک هەموو گەلانی ئازاد و بەختەوەری جیهان چارەنووسی خۆی بە تەواوی بە دەستەوە بگرێ، ئەمە یەکگرتنەوەیە نەک جیابوونەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**دوکتور قاسملوو** هەر لەو کاتە دا نیشتمانپەروەرێکی گەورەی ئێرانی بوو، ئیجازەی بە کەس نەدەدا خۆی لەو بە ئێرانیتر بزانێ. ئیمانی بە یەکیەتیی چارەنووسی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران هەبوو و بەدروستی دەیزانی کەگەلی کورد لە ئێران دا بێ هاوکاری و هاوخەباتی لە گەڵ گەلانی دیکەی ئێران بە ئامانجە رەواکانی ناگا. هەر بۆیە بەدڵەوە هاوکاری و هەنگاورێکخستن لەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەرەکانی یەکانی ئێرانی بە مەرجی سەرکەوتن دەزانی.

**دوکتور قاسملوو** بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی گەلی کوردی بە بەشێک لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلان لەسەرانسەری جیهان دا دەزانی، هەر بۆیەش هەوڵی پتەوکردنی پێوەندی لەگەڵ هەموو بزووتنەوە رزگاریخوازی‌یەکانی دەدا و بۆ راکێشانی پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهانی لە خەباتی خەڵکی کوردستان تێدەکۆشا.

ئەم سروشتە تایبەتی یانە و زۆر سیفەتی بەرزی دیکەی ئینسانی و ئەخلاقی و شۆڕشگێڕانە دوکتور قاسملوویان کردبووە شەخسیەتێکی گەورەی جیهانی کە تەنیا ملکی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران نەبێ. ئەم رێوشوێنە پرشکۆیەش کە ئەمرۆ بە هاوکاری و بەشداریی ئێوە دۆستانی بەرێز بۆ بەخاکسپاردنی دوکتور قاسملوو پێک هاتوە رەنگدانەوەیەکی سروشتی‌یە بۆ ئەو شەخسیەتە جیهانی‌یەی دوکتور قاسملوو. سپاس بۆ ئێوە و سڵاو بۆ دوکتور قاسملوو.

ئەتۆش ئەی تێکۆشەری هەرگیز نەمر، ئەی مامۆستای زانا و رێبەری بەتوانا! بە خاترجەمی سەر بنێوە و بە ئاسوودەیی بنوو. چونکە بەهەوڵ و تێکۆشانی دەیان ساڵەت وڵاتێکت هەژاندوە و گەلێکت راپەڕاندوە، قوتابی و هاوسەنگەرەکانت لەسەر پەیمانی خۆیان ماون و رێگاکەت بەرنادەن. هاوڕێی شەهیدم! بۆ لەدەستدانی تۆ هەزاران پێشمەرگە و دەیان هەزار ئەندامی حیزبەکەت، سەدان هەزار دۆست و لایەنگری رێبازەکەت و بە میلیۆن کەس لە رۆڵەکانی گەلەکەت غەمیان بەسەر دا باری و فرمێسکیان هەڵوەراند. بەڵام نەک لەبەر داماوی و ناهۆمێدی، چونکە گەلێک رۆڵەی وەک تۆی پێگەیاندبێ ناهۆمێدی ناناسێ. ئەوان بۆت گریان تا بە ئاوی چاوی خۆیان و بە خاکی رێگای تۆ قوڕێک بۆ سەری هەمووی ئەوانە بگرنەوە کە پێیان وایە بە مردنی قاسملوو میللەتی قاسملوو و رێبازی قاسملووش دەمرێ.

دەزانم هەم بۆ تۆ و هەم بۆ ئێمە خۆشتر بوو لە دڵی گەورەی خاکی کوردستان دا و لە پەنای پێشمەرگەو هاورێیانی شەهیدی حیزبیت بە خاک بسپێردرێی. بەڵام ئێستا کە کوردستان لەژێر چەکمەی بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی‌دایە، بە شیاوی مەقامی بەرزی تۆمان زانی لە گۆرستانی شەهیدان و شەخسییەتە ئەدەبی و زانستی و هونەری یەکانی فەرانسە بە خاکت بسپێرین، بتکەینە دراوسێی شەهیدانی هەمیشە زیندووی کۆمۆنی پاریس و هونەرمەندی شۆڕشگێڕی مەزنی کورد یەڵماز گونەی و شەخسیەتە ئەدەبی‌یە گەورەکانی ئێران وەک صادق هیدایت و غلامحسین ساعدی تا ئەو رۆژەی ئاواتەکانت

وەدی دێن و دەبینە خاوەنی ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات و کوردستانێکی خودموختار. ئەو دەم دڵنیا بە رۆڵەکانت دەتبەنەوە نیشتمانە خۆشەویستەکەت و گڵکۆی پیرۆزت دەکەنە زیارەتگەی دڵسۆزانی کورد و نیشتمانپەروەرانی ئێران.

**رێبەری پایەبەرزی شۆڕشگێڕانی کوردستان!** بێگومان هەموو هاورێ و هاوسەنگەرەکانت پێیان خۆش بوو ئەمرۆ لە پەنات بان، بەڵام بە باشیان زانی لە رۆژی بەخاکسپاردنی تۆ دا هەموویان لەو جێگایە بن کە بۆخۆت پێت خۆشە هەموو خەباتگێرانی حیزبەکەتی لێ بن:

سەنگەری خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی و خودموختاری. هەر بۆیە ئێمەیان نارد کە بە نوێنەرایەتیی هەموویان دوامالئاواییت لە گەڵ بکەین و دڵنیاییت بدەینێ کە ئامانجت بەرقەرارە و رێگاکەت پڕڕێبوارە.

**دۆستانی خۆشەویست!**

بەشداریی ئێوە لە رێورەسمی ناشتنی شەهید دوکتور قاسملوو دا رێزدانانە بۆ خەبات و فیداکاریی ئەوانەی لە پێناو گەل دا دەژین و لە رێی نیشتمان دا دەمرن. رێگام بدەن بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سوپاسی هەموو ئێوە و دەوڵەت و میللەتی فەرانسە بکەم کە بۆ پێک هێنانی ئەم رێورەسمە هاوکارییان کردین و یارمەتییان داین. فەرانسە هەمیشە پەناگەی ئازادیخوازان و ئەو کەسانە بووە کە لە پێناوی بیرو باوەڕی خۆیان دا لە نیشتمان دەربەدەر دەبن هەر ئەوەش رێز و خۆشەویستیی ئەو وڵاتەی لە دڵی تێکۆشەرانی کورد دا جێگیر کردوە و ئیحتیرامی کۆمەڵگای جیهانیی بۆ لای فەرانسە راکێشاوە. لەبەر ئەوەی دوکتور قاسملوو شەهیدی هەموو ئازادیخوازان و بەشەردۆستانی جیهانە، رێگام بدەن لە لایەن حیزبی دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سەرەخۆشی لە ئێوە و لە هەموو ئۆگرانی ئازادی لە سەرانسەری جیهان دا بکەم.

**سڵاو لە گیانی پاکی هاورێیانی شەهید دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادری و هەموو شەهیدانی رێگای رزگای.**

**سوپاستان دەکەمو هەر بژین**

**سەرچاوە: نیو سەدە تێکۆشان لە نووسینی بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

**تایپ کردنەوە لە کتێبی نیو سەدە تێکۆشان: رەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe

# کۆست کەوتن



عەبدوڵڵا حەسەن زادە

ڕۆژی هەینی ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی ڕێکەوتی ١٤ی ژووئیەی ١٩٨٩ی زایینی لە ڕۆژی جەژنی قوربان یەکەمین جەژنی گەورەی موسوڵمانان بوو، خەبەرێکی دڵتەزێن دڵی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران و بە گشتی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی داخورپاند، خەبەری شەهیدبوونی ڕێبەری پایەبەرزی کورد دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە گەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئوروپا و دوکتور فازیل مەلا مەحموود (فاضل رسول) کوردی عێراقیی دانیشتووی ئۆتریش و مامۆستای زانستگە لە ڤییەن، بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەو خەبەرە جەژنی لە کوردان کردە ماتەم و شایی لێ کردن بە شین، چونکە بەڕاستی کۆستێکی گەورە بوو.

دوکتور قاسملوو چۆن کەوتە داو و چۆن بوو بە پێی خۆی چووە کوشتارگا؟ کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق لە زۆر کۆڕوکۆمەڵی سیاسی دا ئەو نیگەرانی یەی پێک هێنابوو کە ڕەنگە ئەو دوو دەوڵەتە پاش چارەسەری ناکۆکییەکانیان بابدەنەوە سەر کورد و بۆ لەنێوبردن و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد لە هەر دوو بەشی کوردستانی ئێران و عێراق پێکەوە هاوکاری بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە ئایەتوڵڵا خومەینی لەگەڵ ئەو هەموو سەرسەختی و کەللەڕەقییە کە لە بارەی شەڕی ئێران و عێراقەوە لە خۆی نیشان دابوو، لە ژێر زەبری واقیعیەتەکان دا جامی ژەهری خواردبووەوە و بڕیارنامەی ژمارە ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی سەبارەت بە تەقەوەستاندن لە شەڕی نێوان ئێران و عێراق دا قبووڵ کرد بوو.

لەو هەلومەرجە دا کۆماری ئیسلامی لەرێگای هێندی لە دۆستانەوە پێشنیاری وتوویژ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە ئێران بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدا. دوکتور قاسملوو و لە گەڵ ئەویش دا دەفتەری سیاسی دێنە سەر ئەو باوەڕە کە هەر چەند رابردووی کۆماری ئیسلامی لەو بارەیەوە پڕە لە دووڕوویی و فێڵ و تەڵەکەبازی، بەڵام ئێستا کە لەگەڵ دوژمنێکی لاوەیی حازر بووە، ئاشتی قبووڵ بکا، دەتوانی لە گەڵ کوردیش کە بەشێک لە خەڵکی ئێرانە، رێک بکەوێ. لە حاڵەتێکیش دا کە لە زۆر لاوە بزووتنەوەی کورد لە ژێر مەترسیدایە، رەتکردنەوەی پێشنیاری وتوویژ کارێکی دروست نیە. چونکە ئەگەر ئەم وتوویژانە تەنیا تەفەوەستاندنێکی درێژخایەن و ئابڕوومەندانەیان لێ بکەوێتەوە، دەتوانی بە قازانجی بزووتنەوەی کورد هەم لە ئێران و هەم لە دەرەوەی ئێران بە تایبەتی لە عێراق بێ. ئەمەش لە خۆی دا دەتوانی لێکدانەوەیەکی دروست بێ.

بەڵام عەیبی کار لە جێیەکی دیکە دا بوو، کۆماری ئیسلامیی داوای کردبوو کە ئەم وتوویژە دەبێ بە تەواوی نهێنی بێ و لە گەڵ شەخسی دوکتور قاسملووش بێ، بەو ناوە کە دەوڵەت دەیەوێ ئەو کەسەی دێتە سەر مێزی وتوویژ خاوەنی سەلاحییەت بێ و باشیش شارەزاری ویست و داخوازەکانی حیزب و خەڵکی کوردستان بێ. بە داخەوە دەفتەری سیاسی و دوکتور قاسملوو سەرەڕای بڕیاری روونی کۆمیتەی ناوەندی لە بارەی رەتکردنەوەی وتوویژی نهێنییەوە ئەو پێشنیارە قبووڵ دەکەن و بێ ئەوەش کە گوێ بدەنە ئەوە کە کێ دێ لە لایەن دەوڵەتەوە لەگەڵ بەرپرسی یەکەمی حیزب وتوویژ دەکام بەوە رازی دەبن کە دوکتور قاسملوو بچێ لە وییەن لە گەڵ بە ناو نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دابنیشێ. دەوری یەکەمی دانیشتنەکان لە رۆژەکانی یەکەمی ساڵی ١٩٨٩ی زایینی دا بە ئامادەیی مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و لە ژێر پارێزگاری ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتی نیشتمانی لە ئۆتریش و هەروەها بە بەشداریی ئاغای ئەحمەد بن بلا سەرکۆماری پێشووی ئەلجەزایر لە وییەن پێک دێ. لەو دەورەیە دا نوێنەرانی دەوڵەت (کە وا دیارە زەمینە بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی ئەسڵیی کارەکەیان نابینن) داوا دەکەن کە حیزب پێشنیارەکانی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد باس بکا، تا ئەوان یادداشتیان بکەن و بیانبەنەوە مەرکەز بۆ ئەوەی بەرپرسان نەزەریان لەسەر بدەن. دوکتور قاسملووش بە وردی هەموو بۆچوونەکانی حیزبیان بۆ شی دەکاتەوە و پێشنیارەکانی حیزبیان دەخاتە بەر دەم و ئەو دەورە لە وتوویژەکان بەوەندە کۆتایی پێ دێ.

سەیر ئەوەیە کۆماری ئیسلامی کە هێندە پێی لەسەر نهێنیبوونی وتوویژەکان دادەگرت، بە رێگای جۆراوجۆر دا بڵاوی دەکردەوە کە وتوویژ هەبووە و نوێنەرانی حیزبی دێموکڕات و دەوڵەت لە ئۆتریش یەکتریان دیوە، بەڵام هەر لەو کاتە دا وای نیشان دەدا کە ئەوە یەکیەتیی نیشتمانییە کە خەبەری وتوویژی بڵاو کردۆتەوە، بۆ ئەوەی وا نیشان بدا کە یەکیەتی زار بەهاوارە و بۆیە نابێ لە وتوویژێکی نهێنی دا ئامادە بێ.

لەنێوەڕاستی بەهاری ساڵی ١٣٦٨ (١٩٨٩) دا شەهید دوکتور شەرەفکەندی سەفەرێکی دەرەوەی وڵاتی کرد. لەو کاتە دا کە کۆماری ئیسلامی داوا دەکا دەوری دووهەمی وتووێژەکان دەست پێ بکاتەوە، دەفتەری سیاسی پێشنیار دەکا ئێستا کە دوکتور شەرەفکەندی لە دەرەوەیە با دەوری دووهەمی وتووێژەکان لەگەڵ ناوبراو بکرێ. بەڵام کۆماری ئیسلامی کە بۆخۆی دوو مەئمووری دەرەجە سێ و چواری ناردبووە سەر مێزی وتوویژ، ئەو پێشنیارە رەت دەکاتەوە و رادەگەیەنێ کە لەگەڵ شەخسی دوکتور قاسملوو نەبێ حازر نیە وتوویژ بکا. هەر لەو کاتە دا رادەگەیەنێ کە قبووڵی نیە یەکیەتیی نیشتمانی بەشداری کۆبوونەوەکان بێ، بەو ناوە کە دەوڵەت دەیەوێ وتووێژەکە نهێنی بێ و رێبەرانی یەکیەتییش قسەیان تێناوەستی و باسی دەکەن. بۆ نەگبەتیی کورد هیچ یەک لەمانەش دوکتور قاسملوو هوشیار ناکەنەوە و سەرنجی بۆ لای پیلانی رێژیم بۆ لە نێوبردنی راناکێشرێ.

لە دوایین رۆژەکانی بەهاری ساڵی ١٣٦٨ دا دوکتور قاسملوو بۆ کاروباری حیزبی و بە تایبەتی بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست دا سەفەری ئورووپای کرد. کاربەدەستانی رێژیم کە لە بوونی دوکتور لە ئورووپا ئاگادار دەبن، هەوڵ دەدەن پێوەندیی پێوە بگرن و بە ناوی درێژەدانی وتووێژەکانەوە بیخەنە داو. لەبەر ئەوەش کە پێشتر رایانگەیاندوە ئامادە نین یەکیەتیی نیشتمانی لە کۆبوونەوەکان دا بەشدار بکەن، لە رێگای دوکتور فازیل مەلا مەحموودەوە هەوڵ دەدەن پەیامەکەیان بە دوکتور قاسملوو بگەیەنن. دوکتور فازیل بە تەلەفون لە گەڵ دوکتور قاسملوو قسە دەکا و قەرار و مەدار دادەنێن کە دوکتور رۆژی ١١ی ژووئیە بچێتە ئوتریش.

شایانی باسە، دوکتور لە فەرانسە جگە لە خانمی هێلینا قاسملوو (خوشکە نەسرین) واتە خێزانی لە لای هیچ کەس باسی ئەوە ناکا بۆ چ مەبەستێک دەچێتە وییەن. کاتێکیش خوشکە نەسرین پرسیاری لێدەکا کە داخوا هەست بە مەترسی ناکا، دوکتور دڵنیای دەکا کە هەموو تێبینییەکی ئەمنییەتی کراوە و جێگای نیگەرانی نیە. بەو جۆرە رۆژی ١١ی ژووئیە دوکتور قاسملوو دەچێتە وییەن و میوانی یەکێک لە هاورێیانی حیزبی دەبێ. رۆژی دوایی بێئەوەی رێگا بدا لە هاورێیانی حیزبی لە وییەن کەسی لە گەڵ بچێ، یان تەنانەت پێیان بڵێ کە دەچێتە کوێ لەگەڵ عەبدوڵڵا قادری دەچێتە نیزیک ئەو شوێنە کە تێرۆری وییەنی لێقەوما. لەوی ئەو هاورێیە کە بە ماشێن دەیانگەیەنی ئیزن دەداتەوە و دوو بە دوو دەچنە شوێنی چاوپێکەوتن. دیارە دوکتور فازیل و تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی یەکتر دەگرنەوە و ئەو رۆژە ماوەیەک قسە دەکەن و بە رواڵەت بۆ تەواوکردنی وتووێژەکان قەرار دادەنێن رۆژی دواتر هەر لەو شوێنە یەکتر ببیننەوە. قەرارەکە بۆ سەعات ٥ی دوانیوەڕۆ دادەنێن.

وەک هاورێ یەکی حیزبی بۆ نووسەری ئەم دێرانەی گێڕایەوە رۆژی ١٣ی ژووئیە شەهید دوکتور قاسملوو، کاک عەبدوڵڵا

قادری و دوو سێ هاوڕێی دیکە بانگهێشتن دەکا کە نانی نیوەڕۆ لە ریستوورانێک لە دەرەوەی وییەن پێکەوە بخۆن. بەڵام شەهید عەبدوڵڵا هەر لە بەیانی‌یەوە نارەحەت و پەرێشان دەبێ و کاتێک دەیانەوێ بڕۆن دەڵێ نەخۆشم و ناتوانم بێم کە دوکتور داوای لێ‌دەکا لە گەڵیان بچێ، بە دڵگەرمی‌یەوە دەڵێ ئەگەر بە پێ‌خۆشبوون بێ نایەم و ئەگەر بە زۆریشە ئەوە شتێکی دیکەیە، سەرەنجام کاک عەبدوڵڵا لە ماڵێ بە جێ دەمێنێ و دوکتور و هاوڕێیانی دیکە دەچنە دەر. لەوەڕا وا دەردەکەوێ کە کاک عەبدوڵڵا لە هەڵسوکەوتی رۆژی پێشووی تێرۆریستە بە ناو دیپلۆماتەکان کەوتۆتە گومان، بەڵام لە ترسی ئەوەی پێی بڵێن دەترسی، یان دوکتور گلەیی لێ بکا کە بۆچی نهێنی دەدرکێنێ ددانی بە جەرگی خۆی داگرتوە و نەی‌گوتوە چاوپێکەوتنێکی لەو بابەتە لە گۆڕێ‌دایە و تەنانەت لە رووی نەهاتوە بە دوکتور قاسملووی نەمریش بڵێ هەست بە مەترسی دەکەم.

ئێوارەی ئەو رۆژە دوکتور هەر لەو هاوڕێ‌یەی رۆژی پێشتر داوا دەکا کە بە ماشێن بیانگەیەنێتە شوێنی دیاری‌کراو. کاتێک دەگەنە ئەو شوێنە هاوڕێ‌یەکە دەڵێ با لە گەڵتان بێم، دوکتور قبووڵ ناکا. دەڵێ باشە لێرە دەبم تا دێنەوە، دوکتور بەوەش رازی نابێ، پێی دەڵێ بڕۆوە و سەعات ٧ وەرەوە بەدوامان دا. هاوڕێمان دەگەڕێتەوە و سەعاتی ٧ بەدوایان دا دەچێتەوە. بەڵام کاتێک دەگاتە شوێنی دیاری‌کراو دەبینێ دنیا بە پۆلیس تەنراوە و وەزعێکی ئاڵۆز و نائاسایی پێک هاتوە کاتێک ماشێنەکەی رادەگرێ، پۆلیس دەگاتە سەری و لێی دەپرسی کارت لێرە چیە؟ وەڵام دەداتەوە کە دۆستێکم هەیە قەرارە لێرە یەکتر ببینین. ئەمجار ئەو لە پۆلیس دەپرسێ چ باسە پۆلیس بۆی باس دەکا کە لەم نیزیکانە چەند کەس کوژراون و رەنگە ئەتۆ لە ناسینیان دا بتوانی کۆمەگمان بکەی. وەختێک هاوڕێمان لەگەڵ پۆلیس دەچێتە شوێنی رووداوەکە، تەرمی لە خوێن‌داشەلاڵی دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی دەبینێ و بە پۆلیس دەڵێ کە ئەمانە کێن. دیارە پۆلیس ئەو هاوڕێ یە دەباتە مەرکەزی پۆلیس وتا شەودرەنگانێک لەوی تەحقیقی لێ دەکەن و دوایە ئیزنی دەدەن بچێتەوە.

گوێ‌گرتن لەو شریتانە کە لە وتووێژی دوکتور قاسملوو و راسپاردە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تۆمار کراون، بەروونی دەری دەخا کە بە پێچەوانەی ئەوەی رێژیم رای گەیاند کە گۆیا کەسانێک لە دەرەوە ڕا هاتوون و تەقەیان لێ‌کردوون، هیچ کەس لە دەرێ ڕا نەهاتۆتە ژووری دانیشتنی نوێنەرانی حیزب و تێرۆریستەکان و هەموو شتێک لە پێش دا ئامادە کراوە. لە گەڵ ئەوە دا کە گۆیا ئەو چاوپێکەوتنە بۆ ئەوە بووە کە نێردراوەکانی رێژیم وەڵامی داخوازەکانی حیزبی دێموکڕات لە لایەن دەوڵەتەوە بە دوکتور و هاوڕێکانی رابگەیەنن، ئەوان لە قسەکانی خۆیان دا بە هیچ جۆر خۆ لەو باسانە نادەن و دەڵێن ئێمە پەیامێکمان لە لایەن دەوڵەتەوە نەهێناوە و هاتووین بزانین ئێوە چۆن بۆ مەسەلەکە دەچن و داخوازەکانتان چین. دوکتوریش بە درێژی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و نێوەرۆکی خودمختاری شی دەکاتەوە و هەوڵ دەدا تێیان‌بگەیەنی کە دابین‌بوونی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە خزمەتی پتەوبوونی برایەتی و هاوپێوەندیی نێوان گەلانی ئێران

دایە. لە ناکاو قسەکان دەپچڕێن و دەنگی چەند شڵپەیەکی چووک دێ کە دیارە دەنگی ئەو چەکانەیە کە دەزگای دەنگ وەشێر (صدا خفەکن) یان لەسەرە، لەگەڵ دەنگێکی زۆر سووکی مرخێشمرخێش و بەگژیەکداچوون کە هەروەک لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسیش دا کاتی خۆی راگەیەندرا، دەبێ ئاکامی بەربەرەکانیی شەهید عەبدوڵڵا قادری بێ کە پاش کوژرانی دوکتور پەلاماری پیاو کوژەکانی داوە.

ئەو باسە زۆر دوور و درێژە و کاتی خۆشی لە رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤارەکان دا زۆری لە سەر گوتراوە و نووسراوە و لێرەدا نامانەوێ زۆری لەسەر بڕۆین، ئەوەی ناکرێ خۆی لێ ببوێرین دوو شتە:

**یەکەم**: هەڵوێستی نائینسانی و سەوداگەرانەی دەوڵەتی ئوتریش کە تێرۆریستەکانی بە جل و بەرگی خوێناوی‌یەوە لەبەر دەستدا بوون. بەڵام بۆ پاراستنی قازانجی ئابووری و بازرگانیی خۆی لەبەر چاوی بە مۆلەقماوی بە میلیۆن ئینسانی ئازادیخواز و دادپەروەر، ئەوانەی بەرێزەوە ناردەوە تاران و لە گوێ کاڵتری پێنەگوتن نەک هەر ئەوە، دوایەش هەموو توانای خۆی بەکار هێنا تا لە دادگا دا تاوانی کۆماری ئیسلامی داپۆشرێ و حیزبی دێموکڕات و بنەماڵەی شەهیدەکان مەحکووم بکرێن و مافی میللەتێک لەو نێوە دا بە فیڕۆ بدرێ.

**دووهەم**: ئەو هەڵە نەبەخشراوەیە کە ئێمە بۆخۆمان وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران تووشی هاتین. کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە پلینۆمی مانگی گەلاوێژی ١٣٦٣ دا لە بارەی وتووێژ لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی‌یەوە هێندی ئەسڵی پەسند کردبوون کە لێرەدا بە کورتی باسیان دەکەین.

- پێش هەموو شتێک ئەوە کە دەبێ وتووێژ لەسەر داخوازە سیاسی یەکانی حیزبی دێموکڕات و خەڵکی کوردستان بێ کە بەتەواوی روونن و لە بەرنامەی حیزب دا هاتوون.
- ئەمجار ئەوە کە حیزب وتووێژ بێئاگاداریی خەڵک ناکا و وتووێژ دەبێ بە ئاشکرا و بە رەسمی لە لایەن دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی‌یەوە لە گەڵ حیزبی دێموکڕات بکرێ.
- پاشان وتووێژ دەبێ لە کوردستان بێ. ئەم باسە بە درێژی لە ژمارە ٩٩ی کوردستان (کوردستان) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، خەرمانانی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، سیپتامبری ١٩٨٤ی زایینی دا هاتوە و خوێنەرە بەرێزەکان دەتوانن موراجەعەی پێ بکەن.

کەچی لەم وتووێژە دا هیچ کام لەو ئەسلانە وەبەر چاو نەگیرابوون. نەک هەر وتووێژ لەسەر داخوازەکانی خەڵکی کوردستان نەبوو، بەڵکوو بە شاهیدیی نەوارەکان لە جێ دا شتێک نەبوو کە بکرێ ناوی وتووێژی سیاسیی لە سەر دابنرێ پاشان وتووێژ نەک هەر بە ئاگاداریی خەڵکی کوردستان نەبوو، بگرە لە نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش دا ئەوانەی ئاگایان لەو وتووێژە هەبوو لە قامکی دەستان کەمتر بوون. ئەمجار دەزانین وتووێژ لە کوردستان نەبوو، و هەزاران کیلۆمیتر دوور لە کوردستان بێ وەبەرچاوگرتنی هیچ رێوشوێنێکی ئەمنیەتی و سیاسی و دیپلۆماسی رێک



سەرچاوە Serchawe

خرابوو. لەحاڵێک دا ئەو دیدارە لەوڵاتێکی ئورووپایی دانرابوو و دەکرا بەئاگاداریی دەوڵەت و لەژێر پارێزگاریی پۆلیس دا رێک بخرێ و پێشی کارەساتێکی وا بگیرێ، بەتوندی لە هەموو کەس و یەک لەوان لە هاوڕێیانی حیزبی شاردرابۆوە. لە هەمووی ناخۆشتر سکرتێری گشتیی حیزب و شەخسیەتێکی وەک دوکتور قاسملوو لەگەڵ دوو پاسداری نەناسراو و بێ ناوو نیشان چوو بووە سەر مێزی وتوویژ. لەوانەش تاڵتر ئەوە بوو کە ئەو هەموو ئیسرارەی رێژیم بۆ ئەوەی دوکتور قاسملوو بۆخۆی ئامادەی وتووێژەکان بێ و تەنانەت جێگری سکرتێریش قبووڵ ناکەن، ئەوە کە یەکیەتیی نیشتمانی نابێ بەشدار بێ و ئەوە کە بەشداریی ئەحمەد بن بلاشیان بۆ جاری دووهەم قبووڵ نەکرد و ئەوە کە دەبێ وتوویژ لە هەموو کەس نهێنی بێ و زۆر نیشانەی دیکەش نەیان توانیبوو زەینی ئینسانێکی بەهۆش و زیرەکی وەک دوکتور قاسملوو بۆ لای ئەو پیلانەی بۆی رێک خرابوو، راکێشن. بەڕاستی ئەوە جگە لە نەگبەتیی میللەتی کورد دەکرێ چ ناوێکی لەسەر دابنرێ؟

ئەوەندەی لەدەستچوونی دوکتور قاسملوو بۆ حیزبی دێموکڕات و گەلی کورد خەسارێکی گەورە بوو. چەند ئەوەندە ئەو فێلْ‌لێ‌کران و بەفریوچوونە بۆ تێکۆشەرانی دێموکڕات تاڵ و دڵتەزێن بوو. بەڵام قاسملووی نەمر هەروەک بەزیندوویی خزمەتی گەورەی بەپێش‌خستن و پێگەیاندنی حیزبی دێموکڕات و میللەتی کورد کرد بەمردنیشی دەنگی کوردو بە تایبەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی بەگوێی خەڵکی دنیا گەیاند و دنیای لە مەزڵوومی و بەشخوراویی نەتەوەی کورد ئاگادار کرد. زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین هەتا ئێستا شاهیدبوونی هیچ رێبەرێکی ئۆپۆزیسیۆن لەهیچ وڵاتێکی جیهان دا ئەو دەنگدانەوەیەی نەبووە و ئەوەندە لە راگەیەنە گشتی‌یەکان دا لە سەری نەنووسراوە و نەگوتراوە. ئەو شەپۆلی هادەردی و پشتیوانی‌یە کە لە لایەن کۆمەڵانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا، حیزب و رێکخراوە سیاسی یەکانی ئێران و کۆڕوکۆمەڵ و شەخسیەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی دەرەوە بەرامبەر بە حیزب و خەڵکی کوردستانی ئێران وەڕێ کەوت بەڕاستی تا ئەو کاتە بێ وێنە بوو، و لەگەڵ گەورەیی ئەو کارەساتە کە بەسەر میللەتەکەمان هاتبوو رێک دەکەوت.

رۆژی بە خاک سپاردنی تەرمی پیرۆزی دوکتور و کاک عەبدوڵڵا لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس، زیاتر لە سێ هەزار کەس لە نوێنەرانی حیزب و رێکخراوەکان و شەخسییەتە کورد و ئێرانی و خاریجی یەکان لە سەر گڵکۆی قاسملوو کۆ ببوونەوە و رێزیان لە یادی ئەو گەورە پیاوەی مێژووی کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ئێران نا. ئەو بە بالا برین و ستایشانە کە لە وتاری شەخسییەتەکان دا لە لەسەر قەبران یان لە دەفتەری بیرەوەری دا لە دوکتور قاسملوو کران، نیشانەیەک لە ئیحتیرامی بێ ئەم لا و ئەم لای هەمووان بۆ دوکتوری شەهید بوو.

سەرچاوە: کتێبی نیو سەدە تێکۆشان نووسینی رێزدار مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

تایپ کردنەوە لە کتێبی نیو سەدە تێکۆشان: ڕەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe

## وتاری سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێ عبدالله حسن زاده

### لەرێ و رەسمی دەیەمین ساڵی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو وهاوڕێیانی دا



**خوشک و برا خۆشەویستەکان!**
**دۆستانی بەڕێز!**

لەم شوێنە پیرۆزە دا لە پارلمانی فەرانسە سەنگەری یەکێک لە دێموکراسی یە لە مێژینەکانی دنیای شارستانەتی لە دەوری یەک کۆبووینەوە تا ڕێز لە یادی دوکتور عبدالرحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران گەورە پیاوی مێژووی کورد و خەباتگیری ڕێگای ئاشتی و ئازادی لە کوردستان و سەرانسەری ئێران بگرین. بەشداریی ئێوە دۆستان لەم رێ و رەسمەدا نیشانەی نرخدانان بۆ ئەو ئامانجە بەرزانەیە کە دوکتور قاسملووی شەهید گیانی خۆی لە پێناوی وەدی هێنانیان دا بەخت کرد. وەک یەکێک لە قوتابیان و ڕێبوارانی ڕێگای پڕشانازیی دوکتور قاسملوو ئیزن دەخوازم لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، بنەماڵەی شەهیدەکان و دۆستانی دوکتور قاسملووی نەمر و هاوڕێی وەفاداری عبدالله قادری ئازەر لە یەک یەکی ئێوە کە لەم رێ و رەسمە دا بەشدار بوون سوپاس بکەم و لە خزمەت بە ئامانجی بەرزی وەدیهێنانی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی دا سەرکەوتنی رۆژلەرۆژزیاترتان بۆ بە ئاوات بخوازم.

کەسایەتیی نیونەتەوەیی دوکتور قاسملوو بۆ ئێوە و زۆربەی لایەنگرانی ئازادی و دادپەروەری لە جیهان دا کەسایەتییەکی

ناسراوە.

بۆیە ئیزن دەخوازم لەم دەرفەتە دا ئەگەر بە کورتییش بێ لەبارەی نەخشی دوکتور قاسملوو لە بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێنوێنیی بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستانەوە بۆتان بدێم.

قاسملوو هەر لە دەورانی میرمنداڵییەوە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ناسی و لە پێش دا لە یەکیەتیی لاوان و دوایە لە نێو ریزەکانی حیزب دا دەستی بەتێکۆشان کرد و ئەوەندەی لێوەشاوەیی لە خۆی نیشان دا کە زۆر زوو بوو بە ئەندامی ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەری. هەرچەند بە هۆی هێندێ ئالوگۆڕێ نێو ریزەکانی حیزبەوە کە باسکردنیان لێرە دا جێی نیە، دوکتور قاسملوو ماوەی چەند ساڵێک لە ئەندامەتیی ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتی دوور کەوتەوە و ناچار بوو لەوڵاتانی ئورووپایی بمێنێتەوە، بەڵام ساڵی ١٩٧٠ پاش ئیمزای رێککەوتننامەی مێژوویی ١١ی مارس لە نێوان دەوڵەتی عێراق و رێبەرایەتیی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانی عێراق دا گەڕایەوە کوردستان و کەوتە نوێکردنەوە و بووژاندنەوەی تێکۆشانی حیزبی. وەختێک قاسملوو گەڕایەوە کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستان و رابردووە پڕشانازییەکەی تەنیا ناوێکیان لێ مابۆوە. بەڵام گەڕانەوەی ناوبراو بۆ نێو خەباتگێڕانی حیزب گیانێکی تازەی بەسەر لەشی نیوەگیانی حیزب دا کردەوە و لە ماوەیەکی زۆر کورت دا حیزبێک کە بە تەواوی لە ڕێبازی پێشکەوتووانەی خۆی ترازابوو، سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بریاردانی خۆی لەدەست دابوو، گەڕایەوە سەر ڕێبازی خۆی و زۆری پێنەچوو کە جێگای شیاوی خۆی لەنێو حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی کورد و ئێرانیەکان و کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دا وەرگرتەوە. لە یەک قسە دا قاسملوو ڕۆنێسانسێکی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا وەرێخست.

پاش شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران و بەتایبەتی دوای ئەوەی شەڕێکی نەخوازراو و ناڕەوا بەسەر خەڵکی کوردستانی ئێران داسەپێندرا، دوکتور قاسملوو نەخشێکی ئەوەندە گرنگ و بەنرخی لە ڕێنوێنی و بەرەوپێشبردنی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستانی ئێران دا یاری کرد کە تەنانەت ناحەزانیشی نەیاندەتوانی حاشای لێبکەن، ئەوە کە بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران هەمیشە سروشتێکی ئینسانی و پێشکەوتووانەی هەبووە و لەنێو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دا ڕێزو ئیعتیبارێکی زۆری هەیە. بە پلەی یەکەم بەرهەمی ڕێنوێنیی زانایانەی دوکتور قاسملوویە. بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کەمتر ڕێبەرێک لەنێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی گەلانی زۆر لێکراو و بێ بەش دا بەئەندازەی دوکتور قاسملوو خزمەتی بە بەرەوپێشبردنی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەی کردوە و نەخشێکی وەهای یاری کردوە.

دۆستانی بەڕێز!

دە ساڵ لەمەو بەر لەسەر گڵکۆی دوکتور قاسملوو لە گۆرستانی پێرلاشیز گوتمان ئەوانەی پێیان وایە بەتێرۆری دوکتور قاسملوو ئامانجی قاسملوو، گەلی قاسملوو، و حیزبی قاسملووشیان تێرۆر کردوە زۆر بەهەڵە چوون، ئێستا پاش تێپەڕینی دە ساڵ بەسەر شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو دا بە شانازییەوە ڕادەگەیەنم کە لە گەڵ هەموو دژوارییەکانی سەر ڕێگای خەباتی خەڵکی کوردستان و دڵڕەشیی کار بەدەستانی ئێران و لە گەڵ ئەوەی لەو ماوەیە دا سەدان کەس لە ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو و لەوانە چەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کە دوکتور سادق شەرەفکەندی جێنیشینی لێوەشاوەی دوکتور قاسملوو لە ریزی پێشەوەیانە، گیانیان لە ڕێی ئامانجی قاسملوو دا بەخشیوە، رۆڵە بەرحەقەکانی دوکتور قاسملوو ئاڵای پڕ شانازیی ئەویان بە شەکاوەیی ڕاگرتوە و بە ئیرادەیەکی پتەوەوە لە ڕێگای خەبات بۆ وەدستهێنانی ئامانجە بەرزەکانی ڕێبەری شەهیدیان دا بەرەوپێش دەچن.

بەو حاڵەش هێشتا بەداخەوە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا تا گەیشتن بە ماف و ئازادییە رەواکانی خۆی و وەدیهێنانی ئامانجەکانی قاسملوو ڕێیەکی دووری لە پێش دایە، چونک ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە وڵاتەکەمان دا هێشتا حاشا لە بوونی نیزیک بە دەمیلیۆن کوردی ئێران دەکا و خۆ لەبەرەسمیناسینی مافە نەتەوایەتییەکانیان دەبوێرێ، هێشتا خەڵکی کوردستان لەمافی بەڕێوەبردنی ناوچەکە بە هۆی نوێنەرانی هەڵبژێ خۆیان و لەمافی سەرەتایی خوێندنەوە و نووسین و خوێندن بەزمانی زگماکیی خۆیان بێبەشن، هێشتا لە کوردستان سەرکوت گاڵە بەخەڵک دەکا و هێشتا ماشێنی ئەشکەنجە و ئیعدام لە زیندانەکان دا و تێرۆری ئازادیخوازانی کورد لە هەر جێیەک دەرەتانی هەبێ بە هەموو توانای خۆیەوە لە کار دایە.

دەبێ لێی زیاد بکەین کە لەڕادەی سەرانسەریی ئێرانیش دا وەزعەکە کەم وزۆر هەروەک وەزعی کوردستانی ئێرانە. بەپێچەوانەی هێندێ ئالوگۆڕێ باش کە لەمانگی مەی ١٩٩٧ بەم لاوە لە ئێران دا روویان داوە، ئەم قۆڵە لە دەسەڵاتداران کە باوەڕی بە توندوتیژی و سەرکوت هەیە هەروا باڵادەستە و هەروا درێژە بە سەرکوتی ئازادییەکان و لە نێوبردنی ئازادیخوازان و ئازادبیران دەدا. تێرۆری ئازادبیرانی وەک داریووش و پەروانەی فرووهەر، ڕێبەرانی حیزبی میللەتی ئێران و گەورە نووسەرانی وەک مختاری و پوینده لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨ دا بەڵگەی زیندووی ئەم ئیددیعایەن. خەڵکی دنیا ئاگادارن کە ئەگەرچی ڕاگەیەندرا قاتڵانی فرووهەرەکان لەوەزارەتی ئیتلاعات دا گیراون، پاش تێپەڕینی چەند مانگ تاوانبارەکان نەک هەر بەسزا نەگەیشتوون بەڵکوو ناوەکانیشیان بە خەڵکی ئێران نەگوتراوە.

**ئامادە بووانی بەڕێز!**

هەروەک باس کرا، ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا ئاڵوگۆڕەکانی دوو ساڵی دوایی لە ئێران دا لەسەریەک بە باش هەڵدەسەنگێنین، چونکە هەنگاوێکی زۆر بچووکیش بەرەو جێگیربوونی ئازادی و دێموکراسی و وەدیهاتنی کۆمەڵگای شارستانی بە بڕوای ئێمە دەسکەوتێکی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێرانە. بەڵام زۆر بەڕوونی دەبێ بگوترێ ئەوەندەی پێوەندیی بە ماف و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی بەڕەسمی‌ناسینی بوونی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی رۆڵەکانی ئەم گەلەوە هەیە، هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێک نە لە کردەوە و نە لە سیاسەتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دا پێک نەهاتوە. لەوەش زیاتر، ئەو ئازادی‌یە نیوەچلەش کە قۆڵێکی دەسەڵاتداران لە ئاکامی خەبات و تێکۆشانی خەڵک دا ملی بۆ ڕاکێشاوە، لە کوردستانی ئێران ڕۆژبەرۆژ بەرتەسکتر دەکرێتەوە و چووکترین جموجۆڵی نارەزایی خەڵک و هێنانەگۆڕی داخوازە ڕەواکانیان بە قورقوشمی تواوەوە و زیندان و ئەشکەنجە وەڵام دەدرێتەوە. نموونەی بەرچاوی ئەو راستی‌یە رووداوەکانی فێوریەی رابردوو لە شارەکانی سنە، کامیاران سەقز، مەهاباد ، ورمێ و شارەکانی دیکەی کوردستانە کە لە وان دا دەیان کەس لە خەڵکی بێدیفاع کوژران و بریندار بوون و سەدان کەس لە لاوانی کورد رەوانەی زیندانەکان کران.

لێرەدایە کە ئێمە لە ئێوە و کۆڕوکۆمەڵە دەوڵەتی و نێودەوڵەتی‌یەکان لە سەرانسەری جیهان دا داوا دەکەین کە بە فریای خەڵکی کوردستانی ئێران بگەن و لە نفووزی خۆیان بۆ ناچارکردنی دەسەڵاتدارانی ئێران بە وازهێنان لە سەرکوتی خەڵک و قبووڵی بەرەسمی‌ناسینی بوونی گەلی کورد و ماف و ئازادی‌یە رەواکانی کەلک وەربگرن. لەسێ مانگی رابردوو دا خەڵکی دنیا شاهیدی هەنگاونانی بە کردەوە و کاریگەری وڵاتانی رۆژئاوا و بە تایبەتی ئەندامانی پەیمانی ناتۆ بەدژی دەوڵەتی یوگۆسلاوی بە تاوانی وەپێشگرتنی سیاسەتی ژینۆسید بەرامبەر بە خەڵکی کۆسۆڤۆ بوون. حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی عەمەلیاتی نیزامی‌یەوە تا ئەو جێگایە کە پێوەندیی بە تەمبێ‌کردنی دیکتاتۆریی میلۆسۆڤیچ هەوڵدان بۆ دابینکردنی مافەکانی ئەلبانی‌ڕەگەزەکانی ئەیالەتی کۆسۆڤۆوە هەیە پێشوازیی لەو کارە کردوە و ئەوەی بە دەستپێکردنی فەسڵێکی تازە لە دیفاعی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە بوون و مافەکانی گەلانی زۆرلێکراو و بێ‌هێز داناوە. بەڵام پرسیارێک کە بە زەینی ئێمە و بێگومان زەینی هەموو رۆڵەکانی نەتەوەی دەیان میلیۆن کەسیی کورد دا رادەبرێ ئەوەیە کە داخوا ئەو کارەساتانەی بە درێژایی چەند سەدەی نەپساوە بەسەر نەتەوەی کورد هاتوون، لە دەرد و ئازارەکانی خەڵکی کۆسۆڤۆ کەمترن؟ ئەگەر وا نیە بۆچێ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بە تایبەتی دەوڵەتان بێ‌پەروا بە پەنای قەڵاچۆی خەڵکی کوردستان و سووتاندنی سەرزەویی کوردستان و تاوانەکانی دیکە دەرحەق بەکوردان بەتایبەتی لەئێران دا تێ‌دەپەڕن و مێشێکیان لێ میوان نیە؟!



سەرچاوە
Serchawe

هەر لەو پێوەندی‌یە دا بەجێیە بگوترێ کە هەر ئێستا وەک هەموو دەزانن عبداللە ئۆجەلان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە لە دادگای ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە دا بە تاوانی خەیانەت بە وڵات دادگایی دەکرێ‌و دادستان داوای حوکمی ئیعدامی بۆ کردوە. بە باوەڕی پارێزەکانی ئۆجەلان و هەموو کۆروکۆمەڵە حوقووقی‌یەکان ناوبراو کەمترین رادەی دەرەتانی کەلکوەرگرتن لە موحاکەمەیەکی عادڵانەی بۆ پێک هاتوە. گومان لەوە دا نیە کە خەباتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و حیزبەکەی لەسەر یەک دژ کردەوەیەکی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی دەوڵەتی تورکیە بەرامبەر بە چەندین میلیۆن کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتەیە. کەوایە، بەجێیە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بە تایبەتی دەوڵەتە ئورووپایی‌یەکان هەنگاوێکی کاریگەر لە ڕێگای رزگارکردنی گیانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و لەوە زیاتر لە ڕێگای بەرەسمی‌ناسرانی ماف و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستانی تورکیە دا هەڵێننەوە و لە نفووزی خۆیان لە لای دەوڵەتی تورکیە بۆ وەدی‌هاتنی ئەم ئامانجە کەلک وەرگرن.

بە باوەڕی ئێمە مافی نەتەوایەتیی کوردان بەشێکی جیانەکراو لەو مافانەی مرۆڤە کە لە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ دا پێ لەسەر پێویستیی دابین‌کردنیان بۆ هەموو ئینسانەکان داگیراوە. بۆیە جێی خۆیەتی هەموو ئەوگرانی حەق و دادپەروەری کۆمەگ بە دابین‌بوونی ئەو مافە لە وڵاتانی کوردنشین دا بکەن. ئەوەش زیاد دەکەم کە بە باوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەگەر دێموکراسی لە وڵاتانی کوردنشین‌دا سەقامگیر بێ و رێ و شوێنەکانی مافی مرۆڤ لە بەرچاو بگیرێن، چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانە دا بە تەواوی ئیمکانی هەیە. هەرچەشنە نیگەرانی‌یەک لە دابەش‌بوونی ئەو وڵاتانە ئەگەر مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کورد بەرەسمی بناسرین، تەنیا بۆچوونێکی چەوت و بیانوویەکی بەتاڵ بۆ خۆبواردن لە قبووڵکردنی راستی‌یەکانە.

## دۆستانی بەڕێز!

ئەوەی لە دەیەمین ساڵرۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی دا، دڵی ئەندامانی حیزبی قاسملوو و، هەموو ڕۆڵەکانی گەلی قاسملوو ئازار دەدا ئەو حەقیقەتەیە کە لە کاتی ڕوودانی کارەساتی وییەن دا، دەوڵەتی ئوتریش بە ئاشکرا هاوکاریی ئەو تێرۆریستانەی کرد کە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ناردرابوون و بە ناردنەوەیان بۆ تاران ڕێگای بەڕێوەبردنی عەداڵەت لە سەر وانی بەربەست کرد. ئێستاش دوو ساڵ دوای ئەوەی دادگای میکۆنووس بە راشکاوی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەهەموو تێرۆرە سیاسی‌یەکانی دژ بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دا بە تاوانبار ناسیوە، هێشتا دەوڵەتی ئۆتریش ڕێگای نەداوە پەروەندەی قەتڵی قاسملوو بکرێتەوە و کۆمیسیۆنێکی پارلمانی بۆ لێکوڵینەوە لە بارەی تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی ئێمەوە پێک بهێنرێ. بۆیە بە پێداگرتنەوە لە ئێوە و هەموو دۆستانی گەلی کورد و ئەوگرانی حەق و

**بۆ یادی سی و پێنج ساڵە**

عەداڵەت داوا دەکەین کۆمەگ بکەن تا دەوڵەتی ئۆتریش ڕێگا بدا ئەو پەروەندەیە وەگەڕ بکەوێتەوە و کۆمیسیۆنێکی پارلمانی بۆ پێڕاگەیشتنی پێک بهێنرێ. دڵنیام هەمووی ئێوە دۆستانی بەڕێز پشتیوانی لەم داخوازییە ڕەوایەمان دەکەن و ئەمەش باشترین ڕێزگرتن لە یادی دوکتور قاسملووی شەهیدە.

**جارێکی دیکە لە بەشداریی هەمووی ئێوە دۆستانی بەڕێز لەم یادکردنەوەیە دا سوپاس دەکەم و بۆ هەمووتان سەلامەتی و سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازم.**

**ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە؛ ٢٧٢ (٢٢ی پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی ژووئیەی ١٩٩٩)**

**تایپ کردنەوە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە Serchawe

# قاسملوو چۆن ژیا....؟ گفتگۆ لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.



ئامادەکردنی: خالید موحەممەدزادە

رۆژێکی گەرمی هاوینی ١٩٨٩ بوو کە هەواڵی تیرۆر کرانی د. عەبدولرەحمانی قاسملوو لە ناخەوە عەبدوڵڵای حەسەن زادە ی هەژاند. ئەو هەر لەو ساتەوە دەرکی بەوە کرد کە تێپەڕاندنی ئەم کارەساتە گەورەیە بۆحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروا کارێکی ئاسان نابێت و زۆر چاکیش دەیزانی کە کوشتنی کەسایەتی یەک لە قەبارەی قاسملوو تا ئایندەیەکی نادیار سایەی شوومی بە سەرحیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردیش دا دەکێشێ و جێ پڕکردنەوەی گەلێک ئەستەمە. چونکە قاسملوو یەکێک بوو لەو سەرکردە کارامە و پراگماتیستە دەگمەنانەی کورد کە بە زیاتر لە هەشت زمان دەدوا و تۆڕێکی پێوەندی چرو پڕیشی لە پێوەندیی دیپلۆماسی و لەگەڵ دەیان سیاسەتمەدار و ئەکادیمیی و رۆژنامەنووسی بەناوبانگی جیهان چێ کردبوو. ١٧ ساڵەی کۆچی د. قاسملوومان بە دەرفەت زانی کە لەگەڵ عەبدوڵڵای حەسەن زادە لەم بارەیەوە بدوێین، چونکە هیچ گۆمانم نەبوو کە ئەو دەتوانێ زۆر شتی تازەی لە سەر د. قاسملو پێ بێ و پێش بینی یەکەی ئێمەش وەڕاست گەڕا و ئەم دانیشتنەی ئێمەش ئەم دیمانەی لێکەوتەوە کە زۆر شتی تازەی لە خۆ گرتوە:

**پرسیار**: مامۆستا با لە ماڵەباوانی د. قاسملووەوە دەست پێ بکەین، دایک و باوکی قاسملوو کێ بوون و کەی و لە کوێش لە دایک بووە؟

**وەڵام**: باوکی د. قاسملوو "موحەممەدئاغای وسووق" یەکێک بووە لە گەورە پیاوانی ناوچەی ورمێ و بەتەعبیری قەدیم لە فیئۆداڵەکان و ئاغایەکی گەورە" بووە و تایفەیەکی گەورەش بووە، دیارە ناوی "قاسملوو"ش لە کوڕ و کچەکانی موحەممەدئاغای وسووقەوە هاتوە، گوندەکەشیان ناوی گوندی قاسملوویە کە لە دۆڵی قاسملووش هەڵکەوتوە، بۆیە ئەو ناوە لەوەڕا هاتوە، ئەگینا با ب و باپیری قاسملوو ئەو ناوەیان لە سەر نەبووە.

**پرسیار**: ئێستا ئەو بنەماڵەیە کێ یان لە ژیان دا ماون و لە کوێن؟

**وەڵام**: دیارە دوو برای ماون. یەکیان برای هەرە گەورەیانە کە ئەندازیار حوسێن قاسملوو ناویەتی کە رەنگە تەمەنی ئێستا لە نێوان ٨٥ تا ٩٠ ساڵدا بێ، چونکە زۆر گەورەتر بوو لە دوکتۆر قاسملوو.. دوکتۆر قاسملوو ئێستا ئەگەر مابایە، تەمەنی ٧٦ ساڵ دەبوو. ئەوی دیکەشیان دوکتۆر عەلی قاسملوویە کە دوکتۆری لابراتوار لە ئێرانە و پێموایە ئێستاش لە ورمێ ئازمایشگای هەبێ.

**پرسیار**: ئەی دوکتۆر قاسملوو چەند منداڵی هەن و ئێستا منداڵەکانی لە کوێن؟

**وەڵام**: جارێکیان نووسیبوویان کە قاسملوو ناوی منداڵەکەی لنینە! بۆیە رۆژنامەنووسێکی ئێرانی لێدەپرسی راستە ئەتۆ کوڕەکەتت ناو ناوە لنین؟ ئەویش دەڵێ ئەمن هەر کوڕم نیە تا ناوی لنین بێ!. قاسملوو دوو کچی هەن. یەکیان ناوی "مینا"یە کە گەورەکەیانە. مێردی کردوە بە پیاوێکی سوئیدی کە ماوەیەک لە سوئید دەژیا، بەڵام ئێستا نیشتەجێی پراگ پێتەختی چێکە. مێردەکەی تیجارەتی دار و تەختەی دەکرد و ئێستا لە پراگ دەژی. سێ کوڕی هەن لە مێردەکەی. کچەکەی دیکەشی ناوی "هیوا"یە. ئەویش مێردی کردوە و مێردەکەشی سوئیدی یە. کچێکی هەیە کە رەنگە ئێستا تەمەنی ٢٥ ساڵ بێ. خۆی و کچەکەی ئێستا لە فەرانسە دەژین. هەم بۆ خوی سەڵتە و هەم ئەوەندەی من بزانم کچەکەشی مێردی نەکردوە. دیارە پێکەوەش ناژین، دایکی لە پاریس دەژی و ئەویش لە شارێکی دیکەی فەرانسەیە.

**پرسیار**: ئەی دوکتۆر قاسملوو چۆن ئاشنا دەبێ لە گەل هێلین قاسملوو؟

**وەڵام**: پێموابێ هێلین خانم کە پێی دەڵێین نەسرین بۆخۆی باسی کردوە، لە وتووێژێک دا. لە زانکۆ پێکەوە ئاشنا دەبن و لە پاشان بریاری ئیزدواج دەدەن.

**پرسیار**: ئەی ئێستا نەسرین قاسملوو لە کوێیە و کاری چیە؟

**وەڵام**: نەسرین خانم کە د. قاسملوو شەهید بوو مایەوە و مێردی نەکردەوە. ئێستا ڕەنگە ٧٥ ساڵ تەمەنی هەبێ. بەهەرحاڵ ماوەیەک لە پراگ دەژیا لە بەر کچەکەی، خۆشی دیارە خەڵکی پراگە. پاشان گەرایەوە پاریس و دوو سێ ساڵ لە پاریس ژیا. بەڵام ئەو سەفەرەی بۆمی باس کرد کە دەگەڕێتەوە پراگ و ڕەنگە بۆ هەمیشە لە پراگ بمێنێتەوە.

**پرسیار**: باشە پێوەندیی ئەو بنەماڵە یە لە گەل بزووتنەوەی کوردستان چۆنە؟ ئایا دانەبڕاون؟

**وەڵام**: وەک دابڕان پێم وانیە. کچەکانی لە پێوەندیی لە گەڵ حیزبی دێموکرات دا تێکۆشانێکیان نەبووە. نەسرین خانم ئیجگار زۆر زەحمەتی بۆ حیزبی دێموکرات کێشاوە. ماوەیەکی زۆر لە تاران بووە، لە عێراق بووە، بە تەنیا ژیاوە و بە نهێنی ژیاوە. زۆر کاری بۆ حیزبی دێموکرات کرد. ڕەنگە خەڵک نەزانێ ئەو ئارمەی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستکردی نەسرین قاسملوویە. چونکە خانمێکی دەست ڕەنگین و بەهرەمەندە، یان تەڕاحیی سەر کتێبەکەی دوکتۆر قاسملوو، کتێبی "کوردستان و کورد"یش تەرحی نەسرین قاسملوویە. ماوەیەکی زۆر سەرپەرستی ئەموال و دارایی حیزبی دێموکرات بوو. دوای شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو کە هێندێک ئیشکالات هاتە پێشێ و کارەکە بوو بە ئۆرگانی، لە دەستی دا نەما. پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە هەرماوە. بەڵام ئەگەر بلێم ئەو پێوەندی یە وەک جاران گەرمە، ڕەنگە موبالەغەم کردبێ. پێوندی یەکەی زیاتر پێوەندی یەکی عادی و لە گەل هێندێ کەسیش لە نێو حیزبی دێموکرات دا پێوەندیی دوستانەی ماوە.

هەروەها هێندێ کاری دیپلوماتیمان لە ڕێگای ئەوەوە دەبوو. پێوەندیی حیزبی دێموکرات لە گەل دانیەل میتران و تەنانەت پێوندیی کورد لەگەڵ دانیەل میتران بێ تەئسیر نیە لە کار و تێکۆشانی نەسرین خانم. چونکە ئاشنایەتیی دووروودرێژیان پێکەوە هەیە. لە گەل زۆر کەسایەتیی دیکە پێوەندیی بۆ حیزبی دێموکرات پێک هێناوە. ئەویش زمان باش دەزانی و کوردییش دەزانێ و فارسی یەکی باشیش دەزانێ، کە قسە دەکا غەیرە فارس نازانێ کە فارس نیە.

**پرسیار**: دوکتۆر قاسملوو نووسین و کتێبی هەیە کە تا ئێستا بڵاو نەکرابێتەوە؟

**وەڵام**: پێموانیە شتێکی وای هەبێ کە بڵاو نەکرابێتەوە.

**پرسیار**: ئەی کتێبی"چل ساڵ خەبات" گوایە بەرگی سێیەمەکەی بە فەرانسەیی بلاو کراوەتەوە ئەوە ڕاستە؟



سەرچاوە
Serchawe

**وەڵام**: چل ساڵ خەبات" بۆ خۆی لە پێشەکی یەکەدا باسی دەکا کە ئەو کتێبە سێ بەرگ دەبێ. بەرگی یەکەمی بڵاو کردەوە لە جێژنی ٤٠ ساڵەی حیزب دا. بۆیە ناوی نابوو "چل سال خەبات". بریار وابوو دوو بەرگی دیکەی دواتر بنووسێ. بە داخەوە بەرگی دووهەمیشی بۆ تەواو نەبوو. تەنیا دوو فەسڵی نووسی، بە داخەوە شەهید بوو کە دوای شەهیدبوونی ئەو دوو فەسڵە وەک بەرگی دووهەم چاپ کرا.

**پرسیار**: ئەی مامۆستا نووسینی هەیە بە زمانەکانی دیکە کە نەکرابێ بە کوردی؟

**وەڵام**: (وتاری زۆرن بەڵام وەک کتێب) پێم وانیە هەبێ.

**پرسیار**: باشە تۆ چۆن وەسفی د. قاسملوو دەکەی؟

**وەڵام**: باشترین شت ئەوەیە بڵێین دوکتۆر قاسملوو ئینسان بوو. دوکتۆر قاسملوو ئەو رستەیەی لە بارەی زۆر کەسەوە دەگوت کە دەیگوت" نە فرشتەیە و نە شەیتانە بەڵکوو ئینسانە". قاسملوو ئینسانێکی گەورەبوو و بە دیدێکی ئینسانی یەوە تەماشای هەموو شتێکی دەکرد. بەڵام قاسملوو ئینسانێک بوو کە ئێستاش تێکۆشەرانی رێگای ئازادی دەبێ لێوەی فێر بن. پیاوێکی بە فەرهەنگ، ئەهلی خوێندنەوە، زۆر زانا بوو. بە قەد سەد کەسی وەک ئێمەی دەزانی، بەوحاڵە بە قەد سەدان کەس لە ئێمە موتاڵای دەکرد، هەمیشە لە حاڵی فیربوون دا بوو.

**پرسیار**: مامۆستا بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب کێ نووسیویەتی تۆ یا دوکتۆر قاسملوو؟

**وەڵام**: ئەگەر ئەمن شانازی یەکم بووبێ رەنگە ئەوەبێ کە شاگردێکی بە وەفای دوکتۆر قاسملوو بووم. لە کونگرەی دوودا بەرنامە و ئەساسنامەیەکمان هەبوو کە زۆر دورودرێژ بوو بەڵام لە ئاستی سیاسی دا بە راستی نزم بوو. ١٩٧٠ کە جارێکی دیکە هاتینە سەر ئەو باوەڕە بەرنامەو ئەساسنامە بنووسین، دوکتۆر قاسملوو دایڕشت و لە پاشان مەمانیش دەستمان تێیدا هەبوو. دیارە ژمارەیەک بووین وەک کاک حەسەن رستگار و کاک کەریم حیسامی و کاک موحەممەدئەمین سیراجی و هێمن بووین و ئێمەش رای خۆمان گوتوە، بەڵام ئەوە راستی یەکە کە پاش یەکەم جار بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات هەموو دەستکاری یەکانی بۆ کونگرەکان ئەمن کردوومە جگە لە کونگرەی ١٣ هەر چەند لەویش دا دەستم هەر هەبوو.

**پرسیار**: باشە هەبووە دوکتۆر قاسملوو ئەو دەستکاری یانە تۆی قبووڵ نەبێ؟

**وەڵام**: دیارە شتێکی وام لە بیر نایە، بەڵام ئەمن ئەو شتانەی کە فێریش بووم هەر لە خۆی فێر بووم. ئەفکاری من لەو زۆر نیزیک بوو. تەنانەت ئەگەر کەمێکیش بە قازانجی خۆمیش بێ پێمخۆشە ئەوە بڵێم کە برایەکی کاک دوکتۆر سەعید هەیە کە ئێستاش لە پاریس دەژی. ساڵی ١٩٨٥ ئەمن نوێنەری حیزب بووم لە دەرەوە، زۆر هاوکاریی منی دەکرد و زۆر خزمەتی منی دەکرد، ئەمنیش زۆر سپاسم دەکرد، جارێکیان لەگەڵم دەهات بۆ لای دوکتۆری چاو دووبارە سپاسم کردەوە و گوتم سپاست دەکەم بۆ ئەو هەموو زەحمەتە ی لەگەڵ من دەیکێشی، گوتی کاکە ئەتۆ ئەو هەموو سپاس سپاسەت لە چییە؟ خۆ من بۆ تۆی ناکەم بۆ حیزبی دەکەم. گوتی بۆیە بۆ حیزبی دەکەم دوکتۆر سەعید گوتوویەتی ئەگەرخوانەخواستە سبەی دوکتۆر قاسملوو بمرێ هەموو ئەوراقی حیزبی دێموکراتیش بفەوتێ، غەمێک نیە چونکە عەبدوڵڵای حەسەن زادە دەی نووسێتەوە. ئەمەم بۆیە گێرایەوە بۆ ئەوە بوو کە بلێم ئەمن لە فیکری دوکتۆر قاسملوو نیزیک بووم. بۆیە شتێکم لە بیر نیە کە ئەمن نووسیبێتم و ئەو رەدی کردبێتەوە. زۆر جار نووسینەکانی خۆی بە من دەدا. مەسەلەن لە کونگرەی ٥ زۆر سەرقاڵ بوو. راپۆرتی کومیتەی مەرکەزی هەمووی بە من سپارد. ئەمن نووسیم، بۆ کونگرەی ٤ ئەمن ئەندامی کومیتەی مەرکەزی نەبووم، بەڵام چەند بەشێک لە راپۆرتی کومیتەی مەرکەزی کە دەبوا ئەو بینووسیایە وەک سکرتێر، بە منی سپارد کە بیان نووسم. پاشان بە راستی زۆر بە گەورەیی یەوە دەیڕوانیە من بۆ ئەوشتانە. لوتفی زۆر هەبوو بە من. تەنانەت بەرگی یەکەمی کتێبی"چل ساڵ خەبات"ی کە نووسی ئەمن لە دەرەوە بووم، نوسخەیەکی ئیمزا کردبوو بۆی ناردبووم بۆ دەرەوە. ئەمن هێندێک تێ بینیم لە سەر کتێبەکەی هەبوون و پێم گوت با رۆژێک پێکەوە دانیشین و لەسەری قسە بکەین، گوتی دانیشتنی ناوێ، ئەتۆ لە سەر نوسخەی خۆت ئیسلاحیان بکە ئەو شتانەی کە پێت وایە وا نین، ئەمن تایپی دەکەمەوە و لە چاپی دووهەم نوسخەت بۆ ئیمزا دەکەم. تەنیا ئەندامی رێبەری کە نووسخەی ئیمزاکراوی لە چاپی دووهەمی "چل ساڵ خەبات" هەیە ئەمنم. یانی یەک کتێب کە نووسیبووی کە گوتم تێ بینیم هەیە، گوتی بۆخوت ئیسلاحی بکەو بیدە بە تایپ. تەنانەت تەماشای هەر نەکردەوە. ئەو ئیعتمادێکی سەیری بە من هەبوو.

**پرسیار**: مامۆستا تۆ رۆژی تیرۆرکردنی دوکتۆر قاسملوو لە کوێ بووی؟

**وەڵام**: ئەو کاتە دەفتەری سیاسی لە قەندیل بوو. بەیانی ئەو رۆژەی کە دوکتۆر شەهید بوو هەینی بوو و جێژنی قوربانیش بوو، لەماڵ دانیشتبووم. دوکتۆر سەعید ناردی بە شوینم دا. کە پێمانی گوت دوکتۆر قاسملوو شەهید کراوە. دوکتۆر قاسملوو پێش شەهیدبوونەکەی دیمانەیەکی کردبوو لە سەر کیمابارانکردنی هەڵەبجە کە لە بارەی دەوڵەتی عێراقەوە قسەی کردبوو. ئەمن گوتم کاری دەوڵەتی عێراقە. دوکتۆر سەعید گوتی نەوەڵڵا شتێک هەیە (ئەوکات ئەمن ئەندامی دەفتەری سیاسی و کومیتەی مەرکەزی نەبووم) کە رەنگە ئاگات لێ نەبێ. ئەویش ئەوەیە کە دوکتۆر قاسملوو دیدارێکی هەبووە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بە ناوی وتووێژ. ئەوکات تێگەیشتم ئەوە کاری ئێرانە.

**پرسیار**: دەفتەری سیاسی ئاگاداری دانیشتنەکە بووە؟

**وەڵام**: بەڵێ بە تەواوی ئاگادار بووە. ئەوە لە دوو سێ جێگاش گوتراوە. ئەو وتووێژە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ و ئاخیری ساڵی ٨٨ جارێک رووی داوە. لەوێدا یەکیەتیی نیشتمانی و شەخسی مام جەلال و پێموایە کاک نەوشیروانیش بەشدار بوون لە دانیشتنەکەدا و راپۆرتەکەشی دراوەتەوە بە کومیتەی ناوەندی و لە پاشان بۆ جاری دووهەم کە لە ژووئیەدا بوو جمهوریی ئیسلامی بە ناوی ئەوەی کە یەکیەتیی نیشتمانی زار بەهاوارە و شت دەدرکێنێ، یەکیەتی نیشتمانیی لابرد لە دانیشتنەکەدا. بۆچی؟ چونکە دەیانزانی ئەگەر یەکیەتیی نیشتمانی بەشدار بووایە ئەوان نەیان دەتوانێ تیرۆری بکەن. چونکە جاری یەکەم کە یەکیەتیی نیشتمانی بەشدار دەبێ و سەرپەرشتیی دەکا دەقیقەن ١٩ کەسی یەکیەتی ئیسکۆرتی ئەو دانیشتنەیان کردوە. بۆیە ئەوان تێگەیشتوون ئەگەر یەکیەتیی نیشتمانی بەشدار بێ ئەو تیرۆرەیان بۆ ناکرێ، لەبەر ئەوە، دوکتۆر قاسملوویان قانیع کردوە کە جەلال تاڵەبانی زاربەهاوارە و یەکیەتیی نیشتمانی زاربەهاوارە با بەشدار نەبێ. تەنانەت ئەحمەد بن بلاش کە جاری پێشوو لەگەڵ بووە ئەویشیان لابردوە چونکە نەیانویستوە بیکوژن.

**پرسیار**: باشە کێ ئەم قەناعەتەی لە دوکتۆر قاسملوودا پێک هێنابوو کە بە بێ بەشداریی یەکیەتی بچیتە ئەو وتووێژەوە؟

**وەڵام**: دیارە رەنگە ئەوە بەد شانسیی میللەتی کورد بێ کە عەقلی دوکتۆر قاسملوو بە دەست ئەوانە ئیحاتە کرابێ، دەنا چۆن دەبوو دوکتۆر قاسملو بەو هەموو ئەزموونەوە لە گەڵ ئەوان دابنیشێ. لەو نێوە دا کەسی دووهەم دوکتۆر فازیل رەسووڵ دەبێ کە قسەیان لەگەڵ کردوە و ئەویش قسەکانی بە دوکتۆر گەیاندوە. لێرەدا با بلێم هێندێک کەس دەڵێن رەنگە دوکتۆر فازیل رەسووڵ تەئسیری هەبووبێ لەوکارەدا، بەڵام دوکتۆر فازیل بە تەواوی ئینسانێکی خاوێن بوو. دیارە گەنجێکی زۆر عاشقی ناو و ناوبانگ بوو. کاتێک کۆمۆنیستێکی توند بوو، پاشان بوو بە ئیسلامی و گۆڤارێکی دەردەکرد بە ناوی"الحوار" کە ئەفکاری ئیسلامیی بلاو دەکردەوە و لەگەڵ بەنی سەدر دۆستایەتیی هەبوو. پاشان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی پێوەندیی پەیدا کرد، بەڵام دوکتۆر فازیل رەسووڵ بە هیچ جۆر وا نەبوو کە بیەوێ دوکتۆر قاسملو لەداو بهاوێ. وەک نیەتی خێر دوکتۆر قاسملووی هێنابوو کە ئەو وتووێژە بکرێ و مەسەلەی کورد لە ئێران دا چارەسەر ببێ. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەویشی لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو تیرۆر کرد بۆ ئەوەی نهێنی یەکە دەر نەکەوێ. چونکە دوکتۆر فازیل رەسوول مابایە حەتمەن نهێنی یەکانی ئاشکرا دەکرد.

**پرسیار**: باشە مامۆستا باست لەوە کرد کە دوکتۆر قاسملوو پێش شەهیدکرانی لە وتووێژێکی دا باسی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە دەکا. دەکرێ بڵێی چی گوتوە لەو پێوندی یەدا؟

**وەڵام**: جارێک ئەمن لە رانیە بووم گوتیان قاسملوو شتێکی نووسیوە کە دەڵێ عێراق دەستی لەو کیمیابارانەدا نەبووە. ئەمە وام لە بیرە لە گۆڤاری "کل العرب "دا بوو. ئەمە هەڵلای نایەوە بەڵام ئەو گوتبووی لە هەڵەبجە تەنیا عێراق شیمایی بەکار نەهێناوە، هەر دوو وڵات بەکاریان هێناوە. هەر چەند گۆڤارەکە لە تیتری دیمانەکەی دا نووسیبوی:" دوکتۆر قاسملوو دەڵێ عێراق چەکی شیمیایی بەکار نەهێناوە"بەلام لە خوارەوە نووسیبووی کە قاسملوو دەڵێ هەم عێراق و هەم ئێران لە هەڵەبجە چەکی شیمیایی یان بە کار هێناوە. دوکتۆر قاسملوو لە بارەی حیزبی بەعسەوە هەڵوێستێکی سەربەخۆیخوازانەی هەبووە کە جێگای تەقدیر بوو. ئەو سەربەخۆیی سیاسی حیزبی پاراست. ئەوە یەکەمجار نەبوو. جارێک رژێمی بەعس زیندانی حیزبی بۆمباران کرد کە پێمان دەگوت زیندانی دۆلەتوو. راگەیەندنێکمان دەرکرد کە بە توندی مەحکوومان کرد و بە کارێکی فاشیستی ناومان هێنابوو. دوای ئەوە ئەمن و دوکتۆر قاسملوو سەفەرێکی دەرەوەمان کرد. لە کەرکووک دەعوەتێک بۆ دوکتۆر ساز کرابوو کە دەبووایە لامان دابایە. ئەمن مەسئوولی تەبلیغات بووم. دوکتۆر قاسملوو کە ئەوانی دەناسی وەک پێناساندن گوتی ئەمەش وەزیری ئیعلامی ئێمەیە! دوکتۆر قاسملوو ئێنسانێکی شوخ تەبع بوو. کابرای عەرەب گوتی ئەوە راگەیاندراوی دۆلەتووی نووسیوە؟ ئەمنیش گوتم ئەتۆ دەستووری بۆمباران کردنی دۆلەتووت دابوو؟ ئەمە دەقاودەق وشەکان بوون کە هێنامانە زمان. کە دانیشتین دوکتۆر قاسملوو فەرمووی بەیانی دۆلەتوو ئەمن نووسیومە. چۆن ئەتو ئیجازە بە خۆت دەدەی زیندانی من بۆمباران بکەی؟ زیندانیم بکوژی؟ پێشمەرگەم بکوژی؟ بەڵام ئیجازە بەمن نادەی کە مەحکوومی بکەم؟ حیزبی دێموکرات پێوەندیی وا قبووڵ ناکا.

**پرسیار**: ئەم پێوەندی یە سالەمەی باسی دەکەی، لە سەردەمی دوکتۆر قاسملوو دەست پێدەکا یا پێش دوکتۆر قاسملووش ئەم پێوندی یە هەر هەبووە؟

**وەڵام**: لەواقیع دا ئەوە دەگەرێتەوە بۆ پاش بەیانی ١١ی ئازار کە ئەمن لە کتێبی "نێوە سەدە تێکۆشان"یش دا ئیشارەیەکم پێکردوە. ئێمە خۆمان ئەسلەن لە فیکری ئەوەدا نەبووین کە پێوەندیی لەگەل حیزبی بەعس بگرین. چونکە بەیانی ١١ی ئازار دەرچووبوو و کورد لەگەڵ دەولەتی عێراق رێککەوتبوو. پێمان وابوو لە کانالی بزووتنەوەی کوردەوە لە عێراق دەتوانین ئەو پێوەندی یانە جێ بەجێ بکەین و پێوەندیمان لەگەڵ ئەوان هەبێ. تەنانەت چووینە لای مەرحوومی بارزانی بۆ ئەوەی داوای لێ بکەین کە مەحدوودیەتێکمان لەسەر بووە ئەو مەحدوودیەتەمان لەسەر هەڵبگیردرێ. کەچی مەرحووم بارزانی رێنوێنیی کردین کە لەگەڵ دەولەتی عێراق پێوەندیی بەرقەرار بکەین. باوەڕ بکە ئێمە وا حاڵی بووین کە بارزانی گۆمانی لێمان هەبێ کە گوایا ئێمە پێوەندیمان بە دەولەتی عێراقەوە هەبێ گوتمان ئێمە چی و دەولەتی عێراق چی؟ ئێمە بۆ دەبێ لەگەل دەوڵەتی عێراق پێوەندیی بەرقەرار بکەین؟ ئێمە هاتووینەتە لای جەنابتان کە پێوەندی یەکی دیکەمان هەبێ. بارزانی فەرمووی ئێستا دەولەتی عێراق دەولەتی جاران نیە و ئێستا ئەوە حوکمی زاتی هەیە و وەزیری کورد هەیە.

لەواقیێع دا تێی گەیاندین ئەوان نایانەوێ راستەوخۆ پێوەندیی لەگەڵ ئێمە پتەو بکەن. هەر لەو سەروبەندەش دوکتۆر قاسملوو گەرایەوە و ئەو پێوندی یەش بەرقەرار بوو. ئەمن لە کتێبەکەم دا روونم کردۆتەوە و هەرکەس پێی خۆش بێ دەتوانێ بی خوێنێتەوە کە ئەم پێوەندی یە چۆن بووە.

**پرسیار**: باشە مامۆستا دوکتۆر قاسملوو چ رۆڵێکی هەبوو لە هێورکردنەوەی شەری نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات؟

**وەڵام**: ئەمن جارێکی دیکە باسم کردوە بەڵام بڵاو نەکراوەتەوە. لە دێ یەکی ناوچەی سەردەشت کە وەک پایەگای کۆمەڵە دەناسرا و خەڵکێکی زۆری کۆمەلەی لێ بوو، پێشمەرگەی ئێمە دەوریان دابوون کە یان تەسلیم دەبن یان دەکوژرێن، دوو شەوو رۆژ ئەوگوندەیان گەمارۆ کردبوو. دوکتۆر قاسملوو دەتوانم بلێم کە ئیدی تەقییەوە. گوتی یانی سازمانێکی کوردستانی لەم کوردستانە حەقی نیە گوندێکی هەبێ. دەبێ ئێستا دەوری ئەو دێ یە بەرەڵڵا بکەن. چما قەتڵوعامیان دەکەن؟ باوەر بکە ئەگەر هێزی پێشمەرگە یان دەفتەری سیاسی موقاوەمەتیان بکردایە لە بەرانبەر ئەو داوایەی دوکتۆر قاسملوودا ئەوە دەستی لەکار دەکێشایەوە. بۆیە هەمیشە لایەنگری ئەوە بوو کە ئەو مەسەلانە لە رێگای دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن. ئەو هیچ کات لایەنگری هەلایسانی شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات نەبوو.

**پرسیار**: مامۆستا ١٧ سال بە سەر تیرۆرکرانی دوکتۆر قاسملوودا رادەبرێ، ئەو ئەندیشانەی ئەو تا چ رادەیەک نەهادینە کراون یا لە بزووتنەوەی کوردستان کاری لەسەر دەکرێ؟

**وەڵام**: دەزانی چۆنە؟ شتەکە نابێ بە "مطلق" چاو لێ بکەین. بەشێک لە ئەفکاری دوکتۆر قاسملوو ئەگەر بۆخوی مابا دەیگۆڕین. چونکە هەر دەورانێک فیکرێک و سیاسەتێکی دەوێ. بەلام هیندێ شتی نەگۆڕ هەیە نابێ بگۆڕدرێن. مەسەلەن بە ئەرزش زانینی سەربەخۆیی سیاسی، دیفاع لە ئازادی، پابەندبوون بە ئاشتی و ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و ئەوانە کۆمەڵە چەمکێک بوون کە لە لای دوکتۆر قاسملوو نەدەسڕانەوە. بەڵام ئەگەر حیزبی دێموکرات بەپێی زەمان شتێک لە ئەفکاری دوکتۆر قاسملوو بگۆڕێ ئەوە کوفر نیە. لەبیرمە لە کونگرەی ١٢ دا مەسەلەی ئەوەی کە ئێمە شیعارەکەمان بگۆرین بە فیدرالیزم لەلایەن هێندێک رەفیقەوە باس دەکرا، بەڵام موخالیفانی ئەوکەسانە دنیایان پر کردبوو لە تەبلیغات کە ئەها ئەوانە دەیانەوێ رێبازی دوکتۆر قاسملوو کوێر بکەنەوە، کەچی بۆ خۆیان لە کونگرەی ١٣ دا قانیع بوون کە نەخەیر دەبێ بگۆردرێ. دیارە ئێمە رەنگە هەموومان نەمان توانیبێ رووحی فەلسەفەی دوکتۆر قاسملوو دەرک بکەین بەڵام ئارەزووم ئەوەیە حیزبی دێموکرات فەلسەفەی فیکری دوکتۆر قاسملوو قەت وەلا نەنێ چونکە بە راستی رێبازێکی راست و ئینسانیی بۆ حیزبی دێموکرات دارشت.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: مامۆستا تو زیاتر لە ٢٠ سال لە گەڵ د. قاسملوو ژیاوی دەتوانی بلێی چی لای تۆ بە جێ هێشتوە و چ کاریگەری یەکی لە سەرخوت هەبووە؟

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو تەعلیماتی بۆ هەموومان هەبوو. رەنگە هێندێکان خۆیان بە بێ نیاز زانیبێ کە لێی فێربن، بەڵام لە سەر من ئەوەندە تەئسیری هەبووە کە دەتوانم بلێم لە باری سیاسی یەوە منی دروست کردوە. وانیە کە هەوڵێکی زیاتری لەگەڵ من دابێ. بەڵام ئەمن باوەڕم بە پێشکەوتووی ئەندیشەی دوکتۆرقاسملوو لە چاو رەفیقەکانی دیکەمان هەبوو. باوەرم بە سەلامەتی فیکر و عەقلیەتی قاسملوو هەبوو. بۆیە ئەوەی لە دنیای سیاسەت دا فێری بووم زۆربەی لە دوکتۆر قاسملوو فێر بووم. هەر بۆیەش دەتوانم بلێم مامۆستام بووە و دروستیکردووم.

**پرسیار**: باشە مامۆستا تۆ بیست ساڵ لەگەڵ د. قاسملوودا ژیاویت بە تایبەت لە بواری نووسین و وەرگێران و داڕشتنی بەڵگە و نووسینە حیزبی یەکان دا، ئێوە پرستان بە یەک دەکرد و ئاگاداری زۆر شتی نووسراو لە حیزبی دێموکراتی، بۆ تا ئێستا نەهاتووی ئەم بەرهەمانە کۆ بکەیتەوە و جیاکاری یەکیش پێک بێنیت کە کامانە نووسینی دوکتۆر قاسملوویە و کامە نووسینی تۆ یا ئەندامێکی دیکەی حیزبی یە؟ ئێستا جۆرێک تێکەڵی دەبینرێ. بۆ نموونە زۆر وتار و نووسین هەیە دیار نیە لە نووسینی کێ یە؟

**وەڵام**: ئەوە هەم کاری دەوێ و هەم حەوسەلەی دەوێ کە ئەمن ئەوکاتەم نەبووە. دیارە ئەمن دوای خوێندنەوەی نووسینێک دەزانم هی منە یان هی من نیە. ئەوە کە کێ نووسیویەتی ئاسان نیە. ئەمن بۆ خوم نووسینەکانی د. قاسملو زوو دەناسمەوە. هەرچەند دوکتۆر قاسملووش وەک زۆر رێبەری دیکە جاروبار خەڵک وەک ئەحادیسی نەبەوی چی یان پێخوش بێ حەدیسێکی بۆ ساز دەکەن و دەڵێن پێغەمبەر وای گوتوە یان یەکێک شتێک کە بۆ خۆی پێی خوشە بیڵێ سازی دەکا و دەڵێ دوکتۆر قاسملوو وای گوتوە. ئەمن ئەگەر بێم ئەوانە دەستنیشان بکەم شتی وا دەبینم کە بە زمانی دوکتۆر قاسملووەوە دەگوترێ کە لە فیکری دوکتۆر قاسملوو دوورە بەڵام کابرا بۆخوی وای پێ باشە. دیارە ئەو کارە هەر بۆ دوکتۆر قاسملوو نەکراوە، بۆ خەڵکی دیکەش کراوە.

**پرسیار**: مامۆستا دوکتۆر قاسملوو وەسیەتنامەی هەبووە؟

**وەڵام**: وەسیەت نامە وەک ئەوشێوەیە کە باوە نا. بەڵام یەک وەسیەتی هەبووە ئەویش ئەموالی حیزبی کە هەبوو لە ئورووپا بەناوی ئەو بوو، حیسابێکی بانکی و خانوویەکمان کە هەبوو بەناوی ئەو بوو. بۆ ئەوە وەسیەتنامەیەکی نووسیبوو کە دەڵێ ئەوەی من هەمە لە ئەموالی مەنقوول و غەیرە مەنقوول هەموی هی حیزبی دێموکراتە. دەشلێ ئەگەر من شتێکم


بەسەرهات ئەرکی خێزانمە کە هەمووی کۆ بکاتەوە و تەحویلی حیزبی دێموکراتی بدا. ئەوە تەنانەت کتێبەکانی خۆیشی گرتەوە. بنەماڵەی دوکتۆر قاسملوو نەبوونە خاوەنی هیچ شتێکی دوکتۆر قاسملوو تەنانەت کتێبەکانیشی. تەنانەت لیباسەکانی خۆشی درا بە حیزب.

سەچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٠٦



سەرچاوە
Serchawe

## "ئەمن نەبوومایە خەتە فیکری یەکانی دوکتۆر قاسملوو لە مێژ بوو سڕابوونەوە"




**سازدانی دیمانە: خالید محەممەدزادە**

عەبدوڵلا حەسەن زادە سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات و کەسایەتیی دیاری ئەم پارتە لەم چاوپێکەوتنەدا هەموو ئەو تۆمەتانە رەد دەکاتەوە کە لە پێوەندیی لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو لەم رۆژانەدا دەخرێتە پاڵی. ئەو گوتی:" نەگوتراو و نەبیستراوم زۆر پێیە، ئاواتمە ئەو رۆژە نەیە کە ناچار بم هەمووی بخەمە ڕوو". ئەو کە دەڵێ:" ئەمن سێ جار بوومە جێگری دوکتور قاسملوو" نەیارانی خۆی بە "شەمشەمە کوێرە" ناو دەبا لە هەمان کات دا داوایان لێ دەکا:" رۆژێک دەمامک لە سەر رووی خۆیان لادەن و لە پشت میکرۆفۆن یان لەسەر ئانتێن بە ناوی خۆیان قسە بکەن و جواب وەربگرنەوە."

**پرسیار**: ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە بڵاوە کە تو لە سەردەمی سکرتێربوونی خۆت لە حیزبی دێموکرات دا عەکسی دوکتۆر قاسملووت قەدەغە کردبوو. ئەمە تاچەندە راستە؟ دیارە ئەمەش وەک پرسیارێک لەم رۆژانەدا لە نامەیەکی سەرئاواڵەش لە یەکێک لە سایتەکان دا رووبەرووت بۆتەوە. تۆ دەڵێی چی؟

**وەڵام**: ئەوەندەی وەپاڵدرانی تۆمەتی نارەوای کوێرکردنەوەی رێبازی دوکتور قاسملوو بۆ من ناخۆشە، زۆر لەوە زیاتر بۆ من تاڵە کە لەو بارەیەوە دیفاع لە خۆم بکەم. کورد گوتەنی "مەبارەک نەبێ" پاش بیست ساڵ هاوسەنگەری و هاوخەباتی و

هاوکاریی نزیک لە گەڵ دوکتور قاسملوو ئێستا بە قسەی کەسانێک کە تەنیا وەک ئامراز کەڵک لە ناوی بەرزی دوکتوری شەهید وەردەگرن، ئەمن دەبێ بێم پاکانە بکەم کە وا نەبووە و وانیە؟ بەڕاستی دژوارە.

دوو حەوتوو دوای کۆنگرەی سێزدە ئەمن لە وتارێک دا بۆ سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزب باسێکم لەو بابەتە کرد کە بیستوومە ئەم دواییانە (بەداخەوە) کەوتۆتە سەر سایتەکانیش. ئێستا لەبیرم نیە لەوێ دا چیم گوتوە. بەڵام دووپات کردنەوە بێ یان شتی تازە، لەو بارەیەوە هێندێک دەدوێم. ئەوەندەی پێوەندیی بە عەکسی دوکتور قاسملوو یان دوکتور سەعیدەوە هەیە داستانەکە بەم جۆرە بووە کە زیاتر لە سێ ساڵ پێش ئێستا ئەمن پێشنیارم کرد کە لە جیاتی ئەوەی عەکسی هەر سێ رێبەر لە ژووری کاری هاوڕێیان هەڵواسین، وەک هەموو حیزبەکانی دیکە یەک عەکس دابنێین، جا هەر کامێکیان بێ قەیدی نیە، بەڵام بۆخۆم عەکسی پێشەوا وەک دامەزرێنەری حیزب و کۆمار و یەکەمین رێبەری حیزب و یەکەمین سەرکۆماری شەهید پێشنیار دەکەم. بەڵام هاوڕێیان گوتیان باشتر وایە هەر سێکیان هەڵاوەسین و لەو رۆژەوە تا ئێستا کە پێموایە سێ ساڵ و نیو دەبێ عەکسی ئەو سێ رێبەرە لە ژووری کاری تەواوی بەرپرسانی حیزب بە دیوارەوە دەبینرێ.

بەڵام بە داخەوە هێندێک کەس وەک فارس دەڵێ تا ئێستاش "استفادە ابزاری" لەو مەسەلەیە دەکەن و ئەو بوختانە ناڕەوایە دەڵێن و دەڵێنەوە. ئەگینا ئەوە ژووری کارەکەی من و ژووری کاری هەمووانیش دەبینی کە عەکسی هەر سێ رێبەریان لێ هەڵاوەسراوە و ئەگەر بێیە ماڵەکەشم دەبینی کە سێ عەکسی دوکتور لە ژووری دانیشتنم دا هەن جگە لە دەیان عەکس کە لە ئاڵبۆمی عەکسەکانم دا راگیراون.

**پرسیار**: باشە، مەبەست لە "کوێرکردنەوەی رێبازی قاسملوو" کە باست کرد و گوایە خراوەتە پاڵت چیە؟

**وەڵام**: ئەو کەسەی بڕیاری داوە درۆ بکا و بوختان هەڵ بەستێ کاری بەوە نەداوە راستییەکە چیە؟ هەروەک وەختی خۆی بۆ دوکتوری شەهیدیان هەڵبەست کە نۆ میلیۆن دۆلار پووڵی لە ناتۆ وەرگرتوە، ئێستاش ئەو تۆمەتە بێ شەرمانەیە دەدەنە پاڵ من، بێ ئەوەی لە هیچ کامیان دا خۆیان ناچار بزانن کە بەڵگەیەک بۆ ئیددیعاکەیان بێننەوە. ئەگینا ئەمن دەپرسم ئەو کاتەی دوکتوری شەهید لە نێومان دا مابوو، ئەوانە لە کوێ بوون؟ ئەمن سێ جار بوومە جێگری دوکتور قاسملوو. جارێکیان بۆ خۆم لە سەفەر بووم، دوکتور بە سەفەر چووبوو. لە سەر پێشنیاری وی ئەمن کرابوومە جێگر. ئەو کاتە جێگری سکرتێر لە پێڕەوی نێوخۆدا دانەنرابوو. دووجارەکەی دیکە ئەمن و شەهید دوکتور شەرەفکەندی کاندیدا بووین، هەردوو جار ئەمن هەڵبژێراوم و هەردوو جاریش دوکتور قاسملوو دەنگی بە من داوە. لەو بارەیەوە پێمخۆشە هێندێ بەڵگەی دیکەش

بێنمەوە:

نیزیکیی فیکریی من لە دوکتۆری شەهید بە رادەیەک بوو کە لە بەرەبەری کۆنگرەی چواردا ئەوکاتە کە دەبوو راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە بنووسێ و زۆریش پڕکار بوو، لەگەڵ ئەوەی ئەمن ئەندامی کومیتەی ناوەندی نەبووم داوای لە من کرد چەند بەشێکی راپۆرتەکەی بۆ بنووسم و ئەمن تەنیا کەس بووم کە لەو بارەیەوە یارمەتیی دا. لە رۆژانی پێش کۆنگرەی پێنجەمیش دا کە ئەوکاتە ئەمن ئەندامی دەفتەری سیاسی بووم، نووسینی تەواوی راپۆرتی کومیتەی ناوەندیی بە من سپارد و کاتێک بۆم بردەوە بێ ئەوەی یەک دێڕی دەسکاری بکا دای بە کومیتەی ناوەندی و پاش پەسندی کومیتەی ناوەندی هەر بە خەتی من پێشکێشی کۆنگرەی پێنجەمی کرد.

ساڵی ١٣٦٤ بۆ ماوەی شەش مانگ وەک نوێنەری حیزب لە پاریس بووم. کاک رەسووڵ قادری دایک برای شەهید دوکتور شەرەفکەندی یەکجار زۆری رێز لێ دەگرتم و زەحمەتی پێوە دەکێشام. ئەمنیش زۆرم سوپاس دەکرد. جارێکیان کە لە گەڵم دەهات بۆ لای دوکتوری چاو دیسان داوای لێبووردنم کرد و گوتم نازانم چۆن سوپاسی ئەو زەحمەتانەت بکەم. کاک رەسووڵ گوتی: ئەرێ ئەو سوپاس سوپاسەت لە چیە؟ خۆ ئەمن بۆتۆی ناکەم، بۆ حیزبی دەکەم. گوتم جا ئەوە کاری بەسەر حیزبەوە چیە؟ گوتی کاک سەعید گوتوویەتی ئەگەر خوانەخواستە ئەمڕۆ دوکتور قاسملوو شەهید بێ و هەرچی ئەدەبیاتی حیزبیش هەیە بفەوتێ، مەسەلە نیە، چونکە فلانکەس (عەبدوڵلاحەسەن زادە) هەمووی دێنێتەوە سەر کاغەز. کەوایە ئەمن لە بەر خاتری حیزب یارمەتیی تۆ دەدەم.

پاش کۆنگرەی هەشت لە خزمەت دوکتور قاسملوودا لە مەجلیسێک دانیشتبووین کە زۆر کەسی دۆستی حیزبی لێ بوو. روویان کردە دوکتورو پرسیان چۆنە فلانکەس (واتە ئەمن) نەبۆتەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی! فەرمووی جا لە خۆی بپرسن. قسە هات و قسە چوو. لێکرا گوتیان پێویستە بچیەوە نێو رێبەری. ئەمنیش گوتم جا خۆ بە گۆترە نابێ. ئەگەر وابێ ئەمنیش وەک هاورێیانی "رێبەرایەتیی شۆرشگێڕ" داوای کۆنگرەی نائاسایی دەکەم. دوکتور قاسملوو هاتە جواب و فەرمووی ئەتۆ قەول بدە ببیەوە ئەندامی رێبەری، بە شەرتی پیاوان هەتا مانگێکی دیکە کۆنگرەی نائاسایی پێک دێنین.

تەنانەت کاتێک شەهیدیش بوو، دوکتور سەعیدی شەهید داوای لە من کرد کە وەک نیزیکترین یاری دوکتۆر قاسملوو بچمە پاریس و لە رێورەسمی بەخاک سپاردنی دا بەشدار بم. ئەگەرچی ئەوکاتە ئەمن ئەندامی کومیتەی ناوەندی نەبووم و کاک حەسەنی شەرەفی وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەندامی دیکەی هەیئەتی دەفتەری سیاسی بوو. بەڵام نووسین و خوێندنەوەی وتار لەسەر گڵکۆی شەهیدان و وتووێژی چاپەمەنی و هەر شتێکی لەو پێوەندییەدا دەهاتە گۆڕێ بە پلەی



سەرچاوە
Serchawe

یەکەم ڕووی دەمن بوو.

وتارێک کە لەسەر گڵکۆی دوکتور قاسملوو خوێندمەوە ئەوەندە لە دڵەوە هەڵقوڵیبوو و لە دڵان دا جێی خۆی کردەوە کە جگە لە زمانی کوردی بە چەند زمانی دیکە تەرجەمە کرا و بڵاو کرایەوە. لەبیرمە خانمێکی فەرانسەیی بە کۆمەگی هاوڕێیەکی حیزبی وتارەکەی کردە فەڕانسەیی و دوایەش کردی بە ئینگلیسی. لێم پرسی گوتم: ئێمە سەلیقەی ئورووپایییەکان ناناسین. بە باوەڕی تۆ ئەم وتارە بۆ ئورووپایییەکان چۆن بوو؟ خانمەکە بە یەک رستە وەڵامی دایەوە: "وتارێکی مێژوویی بوو لە بۆنەیەکی مێژوویی دا."

**پرسیار**: ئەی ئەم قسانە چیە پشت سەری تۆ دەکرێن؟

**وەڵام**: بە کورتی تا دوکتۆر لە ژیاندا مابوو ئەمن نیزیکترین یار و یاوەر و هاوبیر و هاوسەنگەری دوکتور قاسملوو بووم. نازانم لەو سێ چوار ساڵەی دوایی دا و ١٤ - ١٥ ساڵ پاش شەهید بوونی چ ناکۆکییەک لە نێوانمان دا سەری هەڵداوە!! ئاواتی من ئەوەیە ئەو شەمشەمەکوێرە شەوپەرستانە کە هەر لە پشت پەردە و لە ژووری داخراودا قسە دەکەن، ڕۆژێک دەمامک لەسەر ڕووی خۆیان لادەن و لە پشت میکرۆفۆن یان لەسەر ئانتێن بە ناوی خۆیان قسە بکەن و جواب وەربگرنەوە

"تا سیه روی شود هرکه در او غش باشد".

نەگوتراو و نەبیستراوم لەو پێوەندییەدا زۆر پێیە، ئاواتمە ئەو ڕۆژە نەیە کە ناچار بم هەمووی بخەمە ڕوو.

**پرسیار**: یانی ئێوە بە هەموو بیر و ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو وەفادارن؟

**وەڵام**: ئەمن وەفا بۆ دوکتور قاسملوو بەوە نازانم کە لە حیزب و سیاسەتەکانی دا هیچ ئاڵوگۆڕێک پێک نەهێنین. چونکە ئەگەر بۆخۆشی مابا، ئاڵوگۆڕی پێک دێنا. بەڵام بە راشکاوی دەڵێم لە هەموو ئەندامانی ئێستای حیزب کەس بە قەد من لە دوکتور نزیک نەبووە، کەس هێندەی منی لەگەڵ نەژیاوە، کەس بەقەد منی لێ فێر نەبووە، کەس هێندەی منی لە سەر نەنووسیوە و هێندەی منی لەسەر نەگوتوە و کەسیش هێندەی منی پێ وەفادار نەبووە و نیە. دوکتور قاسملوو لە گەڵ خوێن و گۆشتی من تێکەڵ بووە. هەمیشە یادی لە ویژدانم و ناوی لەسەر زمانم حازرە. تەنانەت چەند جار کەسانێک کە خۆیان لە دوکتور بە نزیک دەزانن، سوپاسیان کردووم کە چۆن ئەوەندە لەسەر یادی دوکتور حوزووری زەینم هەیە و ئەوەندە یادی


دەکەم و ئامۆژگاری‌یەکانی وەبیر دێنمەوە.

**پرسیار**: کەواتە تۆ ئەمانەی لە سەرت دەگوترێ رەد دەکەیتەوە؟

**وەڵام**: بە تەواوی. نامەوێ روونتر بدوێم. بەڵام زۆر لە خەتە فیکری‌یەکانی دوکتور قاسملوو هەن کە ئێستاش دروست و بەجێن و ئەگەر پێ داگرتنی من نەبووایە لە لایەن هێندێک کەسەوە کە خۆیان بە پارێزەری رێبازی قاسملوو دەناسێنن (ناڵێم دەزانن) لەمێژ بوو سڕابوونەوە. هەر ئەوەندە دەڵێم کە حەیف بۆ ناو و یادی گەورە پیاوێکی وەک دوکتور قاسملوو کە لە لایەن هێندێ کەسی قاسملوو نەناس و قاسملوو نەدیوەوە بکرێنە پەیژە بۆ سەرکەوتن بەسەر رێبوارانی راست و بێ رووکێشی رێبازی دوکتوری شەهید و ئامۆژگاری‌یە هەمیشە زیندووەکانی دا. ئەمن دەڵێم هەموو موخالیفانی قاسملوو و هەر کەسێکیش کە هەوڵ بدا کەڵکی خراپ لە ناوی قاسملوو وەربگرێ مەحکووم دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٠٦

# هەڤپەیڤین لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە



عەلی بداغی

* مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:
* شەهید بوونی دوکتور قاسملوو تەنیا بە نەگبەتی میللەتی کورد دەزانم
* باشترین وەفا بۆ دوکتور قاسملوو ئەوەیە کە هەوڵ بدەین زۆر دوکتور قاسملووی دیکەمان هەبێ

رۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ی ز) ئەگەر رۆژێکی رەش لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورددا بوو، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆست کەوتنێکی گەورە بوو. لەو رۆژەدا نەتەوەی کورد یەکێک لە بلیمەتترینو زاناترین رۆڵەکانی خۆیو حیزبی دێمۆکراتیش مامۆستای رێبەرو سکرتێری گشتیی لێوەشاوەو پایەبەرزی خۆی لەدەست چوو. دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە سەر مێزی وتووێژ لوولەی چەکەکانیان روو بە سینگو مێشکی دوکتورو هاوڕێیانی ختسەکار، لەوپەڕی سەرسوڕمانی بیروڕای گشتیدا لەلایەن دەوڵەتی ئۆتریشەوە بەرەوتاران ئیسکۆرت کران.

پەروەندەی تیرۆری ڤییەن سێ قۆناغی بڕی، بەڵام لەو نێوەدا خوێنی قوربانیانی رێی ئازادیو دێموکراسی، مرۆڤایەتیو دادپەروەری بووە قۆچی قوربانی ساتوسەوداو بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانو پەڵەیەکی شوورەیی کەوتە تەوێڵی مرۆڤایەتی.

بۆ روونکردنەوەی زیاترو تیشک خستنەوەی سەر پەروەندەی تیرۆری ڤییەن و دوائاکامەکانی، وتووێژێکمان لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە پێک هێناوە:

**پرسیار**: مامۆستا بەرلە هەموو شتێک زۆر سپاس لەوەی ئەم دەرفەتەتان پێدایین تا لە نزیکەوە بتاندوێنین؟

**وەڵام**: ئەمنیش سوپاسی ئێوە دەکەم کە ئەو دەرفەتەتان پێک هێنا تا لەم بارەیەوە چەند قسەیەک بکەم. چونکە پێموایە ئەم پەروەندەیە دەبێ لە زەینی نەتەوەی کوردو لایەنگران و دۆستانی کوردو ئازادیخوازان دا بە زیندوویی رابگیرێ تا ئەو کاتەی دەرفەتێکی وا پێک دێ کە ئەو مەسەلەیە لە دادگایەکی زیسەلاحدا جارێکی دی بێتە گۆڕێ و تاوانبارانی ئەم پەروەندەیە ئەگەر سزاش نەدرێن، لانی کەم لەبەر چاوی بیروڕای گشتیی جیهاندا ریسوا بکرێن و بناسێندرێن.

**پرسیار**: بەڵێ مامۆستا، مامۆستا بۆ سەرەتای چوونە نێو باسی پەروەندەکەو بۆ ئەوەی برێکیش بۆ ئەسڵی رووداوەکە گەڕابێتەوە هێندێک لە زانیارییەکانی "کێسلێر" سەرۆکی گرووپی دژە تیرۆری ئەوکاتی ئۆتریش دێنمەگۆڕێ. کێسلێر دەڵێ کە دوکتور قاسملوو دڵنیایی و جۆرێ متمانەی تەواوی بە دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و قاتڵەکانی خۆی هەبووە. هەر لە رەکێش کردنی بەرەو ڤییەن ڕا تا نهێنی هێشتنەوەی وتووێژەکان لە رێبەرایەتیی حیزب و تەنانەت لەبەرچاوی بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی ئوتریش. لێکدانەوەی بەڕێزتان سەبارەت بە قسەکانی کێسلێر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو "متمانە" پێکردنەی دوکتور قاسملوو بە قاتڵەکانیدا چیە؟

**وەڵام**: رەنگە ئەم قسەیە هێندێک باوەڕ بە خورافات بگەیەنێ بەڵام ئەگەر بەوەش تاوانبار بکرێم دەڵێم تەسلیم بوونی دوکتور قاسملوو لەو قەزیەیەدا تەنیا بە نیشانەی نەگبەتیی میللەتی کوردو چارەرەشیی ئەو نەتەوەیە دەزانم کە عەقڵی دوکتور قاسملوو بەو جۆرە گەمارۆ درا کە بتوانن دوکتور قاسملوو بەفریو بەرن. دوکتور قاسملوو بۆخۆی سەبارەت بە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هێندێک ئەسڵی گەڵاڵە کردبوو کە لەوانە ئەوە بوو کە وتووێژ نابێ نهێنی بێ، وتووێژ دەبێ لەسەر داخوازەکانی نەتەوەی کورد بێ و زۆر شتی لەو بابەتە، کە دەبینن لێرەدا ئەوەی لە بەرچاو نەگرتوە. دوکتور قاسملوو زۆر جاران لە بۆنەی جۆراوجۆردا بە شۆخی و نیوە جیددی قسەیەکی لە باوکی دەگێڕایەوە کە دەڵێ ئەگەر تووشی عەجەمی بووی (دیارە مەبەستی لە عەجەم دەسەڵات بەدەستان بووە) ئەگەر پێت کرا بیکوژە دەنا لەبەری هەڵێ، دەنا زمانی بت گاتێ فریوت دەدا. کەچی بەو حاڵەش دوکتور قاسملوو تەسلیمی ئەو مەرجانە بوو کە کۆماری ئیسلامی بۆ وتووێژ دایناو بوون و ئامادە بوو بە بێ پارێزەرو بەبێ واسیتە لەگەڵیان دابنیشێ. ئەوەی کێسلێر گوتوویەتی لە هێندێک بارەوە تەواو راستە. ئەوەی کە لێیان دڵنیا بووە تەواو راستە، ئەوە کە نەیهێشتوە هاوڕێیانی ئوتریش وەک بەرپرسی کومیتە لە باسەکە

ئاگادار بن ئەوەش بە تەواوی راستە، بەڵام ئەوە بە تەواوی پێچەوانەی حەقیقەتە کە گۆیا ئەم باسە لە رێبەرایەتیی حیزب شاردراوەتەوە. مەسەلەی ئەو وتووێژە کە لە دوو ساڵیش دابووە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٨و سەرەتای ١٩٨٩ جارێک و پاشان لە ١٢ و ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩دا جارێکی بووە، هەر دوو جارەکە لە دەفتەری سیاسیدا بە دوورو درێژی باسی لەسەرکراوە، تەنانەت جارێکیان کە داوای وتووێژیان کردبوو، کاک دوکتور سەعید لە ئورووپا بووە، دوکتور قاسملووو دەفتەری سیاسی دەڵێن با نوێنەرانی دەوڵەت لەگەڵ ئەو دابنیشن. ئەوان ئیسراریان دەبێ کە نەخێر هەر دەبێ لەگەڵ خۆت بێ. سەیر ئەوەیە تەنانەت ئەوەش نەکەوتۆتە بەر سەرنجی دوکتور قاسملوو کە رەنگ بێ ئەوە پیلانێک بێ دژی شەخسی دوکتور قاسملووو بیانەوێ تیرۆری بکەن.

مەبەستم ئەوەیە کە بە هیچ جۆر ئەوە راست نیە کە رێبەراتیی حیزب لەو مەسەلەیە ئاگادار نەبووە.

**پرسیار**: کەواتە دوکتور قاسملوو بۆ ئەو کارەی کرد؟ بۆ وتووێژی بەو مەرجانەوە قەبووڵ کرد؟

**وەڵام**: دوکتور قاسملوو پیاوێکی زاناو مەنتیقی بوو، بە مەنتیق لێکدانەوەی لەسەر کێشەکان هەبوو ئەو تەحلیلی ئەوەی دەکرد کە کاتێک کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر دوژمنێکی بیانیدا کە دروشمی لەنێوبردنی دەدا، ئامادە بێ سازش بکاو بۆ پاراستنی خۆی تەسلیم ببێ، بۆ ئامادە نەبێ لەگەڵ بەشێک لە خەڵکی وڵاتەکەی خۆیو چارەسەری کێشەکان سازش بکا؟ پێی وابوو وەختێکی خومەینی دەیگوت رێگای قودس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێو دەبێ حکوومەتی سەددام حسێن بڕووخێو لە پاشان جامی ژەهر دەخواتەوە، کەوابێ مەنتیقییە کە بتوانێ لەگەڵ حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی کوردیش وتووێژ بکاو کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێدا چارەسەر بکا. دوکتور قاسملوو ئاوای بیردەکردەوە. بەم بۆنەوە شتێکم بیر دێتەوە کە مناقشەم لەگەڵی دەکرد. دەیفەرموو کە کۆماری ئیسلامی خۆڕاناگرێ، چونکە وەزعی ئابوورییەکەی خراپە ئەمن دەم گوت وەزعی ئابووریی کۆماری ئیسلامی کار ناکاتەسەر رێژیمو بەوە ناڕووخێ. دەی گوت نا، ئابووری تەئسیراتی خۆی درەنگ نیشان دەدا بەڵام کە نیشانی دا بێ‌رەحمە بەزەیی بەکەسدا نایە، ئەوە مەنتیقە. دەم گوت ئیشکالی کاری تۆ لەوەدایە کە بە عیلمو مەنتیق بیردەکەیەوەو ئیستیدلال دەکەی، کۆماری ئیسلامی بە عیلمو مەنتیق نەهاتۆتە سەر کار تا بە عیلمو مەنتیق بڕووخێ. ئەمانە لە خومسو زەکات بەشی لەسەر پێ راوەستانی خۆیان پەیدا دەکەن، باکی ئەوەشیان نیە داخوا خەڵکی ئێران برسیە یا تێرە، ئێران ئاوەدانە یا وێرانە. یانی "تبعیت" لەو مەنتیقە کە وەختێکی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر بێگانەدا تەسلیم بووە، بۆ حازر نیە لەگەڵ خەڵکی خۆی وتووێژ بکا، دوکتور قاسملووی تووشی ئەو هەڵەیە کرد، بێجگە لەوەش دەزانین نەک هەر دوکتور قاسملوو، دنیای دەرەوەش بە تایبەت ئورووپا هەموویان بە دروشمەکانی ئاغای رەفسەنجانی بەفریو چووبوون کە گویا ئەو کابرایە دەتوانێ واقع گەرابێ، پراگماتیست بێ، ئەوەش تەئسیری خۆی هەبوو.

شتێکی دیکەش کە لەسەر قبووڵکردنی وتوویژ تەئسیری هەبووە، ئەوە بوو کە پاش وەستانی شەڕی نێوان ئێرانو عێراق بزووتنەوەی کورد لە عێراقیش تووشی وەزعێکی نالەبار هاتبووو لە راستیدا بزووتنەوەی کورد لە هیچ کام لە وڵاتەکاندا پەناگایەکی نەبوو. دوکتور قاسملوو پێی وابوو ئەگەر بتوانێ بە وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەشێکی کەمیش لە داخوازەکانی گەلی کورد لە ئێران بە دەست بێنێ، قەیدی نیە. چونکە بۆ ماوەیەک کوردستانی ئێران دەتوانێ ببێتە پەناگەو جێ حەسانەوەیەک بۆ تێکۆشەرانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا.

**پرسیار**: مامۆستا باسی ئەوەتان کرد کە دوکتور قاسملوو تەسلیمی بارودۆخێک بوو کە تەنانەت رەکێشی وڤییەن بکرێ، لە حاڵێکدا پێشتر بۆخۆی دەیزانی کە هەر لەو شارە هەوڵی تیرۆرکردنی کاک مەسعوود بارزانی دراوە. ئەوە چ هەلومەرجێکو زەروورەتێک بوو کە کاک دوکتوری تەسلیمی ئەو واقیعە کرد؟

**وەڵام**: دوکتور قاسملوو تەسلیمی وەزعەکە نەببوو، بەڵکوو قەبووڵی ئەو شەرایەتەی کردبوو کە وتوویژ بکا. ئەگەر لەبیرمان بێ مەسەلەی هەوڵی تیرۆری کاک مەسعوود بارزانی دەنگدانەوەیەکی زۆری نەبوو، یانی لەواقعدا تەنیا هێندێ کەس ئەوەیان دەزانیو دەنگدانەوەی ئەوتۆی نەبوو، پاشان جیاوازییەک لەو نێوەدا هەبوو، دەوڵەتەکان دوو دەوڵەتی دژ بە یەک بوون. پاشان وەک گوتم ئەو هەلومەرجەی لە ئێران هاتبۆە پێش لەگەڵ هەلومەرجی عێراق جیاوازیی هەبوو. عێراق لەشەڕدا سەرکەوتبووو ئێران لە واقیعدا تێک شکابوو. ئەوانە هەموویان وایان کردبوو کە دوکتور قاسملوو مەرجەکانی ئەوان قەبووڵ بکا. ئەوەشمان لەبیرە کە لە خولی یەکەمی وتووێژەکاندا دوکتور قاسملوو بە تەنێ نەچووبوە سەر مێزی وتووێژ. مام جەلال و کاک نوشیروان مستەفا لە یەکیەتیی نیشتمانیی لەگەڵ بوون یەکەم ئەوەی هەموو جارێ (٣ جار پێکەوە دانیشتوون) هەر جارەی لە شوێنێک دانیشتوونو کۆبوونەتەوە، لە پاشان بۆ خۆیان بێئەوەی شوێنی کۆبوونەوەکە رابگەیەنن چوونو هەر لایەنێکیان بەجیا بە ماشێن هێناوەتە شوێنی کۆبوونەوەکەو ١٩ کەسیش پارێزەری ئەو کۆبوونەوانە بوون کە لەوانە چەند کەسێکیان موسەللەح بوونو دەمانچەیان پێبووە. چونکە لە وڵاتانی دەرەوە خەڵک دەتوانێ بە پێی رێوشوێنێک چەکی چووکی هەبێ.

**پرسیار**: مامۆستا! پەروەندەی تیرۆری ڤییەن لە بەشی پۆلیس تا دەزگای قەزایی لە ژێر کارتێکەری دەوڵەتی ئوتریش بە تایبەت وەزارەتخانەکانی نیوخۆو دەرەوەدا تەنانەت بە پێشێلکردنی خودی یاساکانی ئەو وڵاتەش رەوتی ئوسوولیی خۆی نەگرتەبەر. مەترسییەکانی بەدواداچوونی قەزاییی ئەم پەروەندەیە بۆ دەوڵەتی ئوتریش چ بوون؟

**وەڵام**: ناتوانین بڵێین مەترسییەکانی بەدواداچوونی ئەم پەروەندەیە، چونکە بەدواداچوونی تێدا کرا، بەڵام لە واقیعدا دەبێ بڵێین تێبینی‌یەکان بۆ ماستماڵی کردو دیزەبەدەرخۆنە کردنی راستییەکان و حەقیقەتەکانی ئەو پەروەندەیە چ بوون. دەوڵەتی ئوتریش کاتێک بە رەسمی قسەی دەکرد، جۆرێک قسەی دەکردو کە لەگەڵ ئێمەدا دادەنیشت جۆرێکی دیکەی دەگوت. کاتێک بەرپرسان بە غەیرە رەسمی لەگەڵ ئێمە واتە حیزبی دیموکرات یا لەگەڵ خوێنگرانی شەهیدەکانی ڤییەن قسەیان دەکرد بە ئاشکرا دەیانگوت کە ئێمە دەزانین کۆماری ئیسلامی ئەو کارەی کردووە ئەوە شکی تێدا نیە. بەڵام ئێمە بە سەدان کەسمان لە ئێرانێ هەیە، ئەگەر ئێمە شتێک لەوانە بکەین یان حوکمێک بدەین لەوانەیە گیانی خەڵکو دیپلۆماتەکانی ئێمە بکەوێتە مەترسییەوە.

لە واقعدا ئەو پەروەندەیە نەبەسترا، ئەو پەروەندەیە تەعقیب کراو ٣ قۆناغی دادگای بڕی. بەڵام لێرەدا نەک لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بەڵکوو لەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش تەرەف بووین. ئەوە دەوڵەتی ئوتریش بوو کە تەرەفی کاری ئێمە بووو پەردەپۆشی لە تەواوی حەقیقەتەکانی نێو پەروەندەکە کرد. بە پێچەوانەی دادگای میکونووس کە لەوێدا هیچ نیشانەیەک لەبەر دەستدا نەبوو بە لێکۆڵینەوەی وردو هەمەلایەنە توانییان سەرە داوەکان پەیدا بکەنو تیرۆریستەکان بدۆزنەوە، لە ئوتریش تەواوی بەڵگەکانیان بەدەستەوە بوو، تیرۆریستەکانیان لەبەر دەستدا بوو. بەڵام ئازادیان کردن و ناردیاننەوە. وانیە پەروەندەکە تەعقیب نەکرابێ، تەعقیب کرا بەڵام ئەوان وایان کرد کە ئێمە دادگایەکە بدۆڕێنین.

**پرسیار**: مامۆستا مەسەلەی لە مەترسیدا بوونی گیانی دیپلۆماتەکانی ئۆتریش بوو کە ئاقاری پەروەندەو مەحکەمەکەی گۆڕی یا ساتوسەودای بازرگانی‌و شتی دیکە؟

**وەڵام**: مەسەلەکە هەر بەرژەوەندیی ئابووریی بوو، ئەو هەموو دیپلۆماتە بۆ لەوێیە؟ هەیئەتی دیپلۆماسی دەتوانێ ١٠ کەس بێ، ئەوان بۆخۆیان دەیانگوت بەسەدان کارناسیان لەوێیە، معامەلەو سەودای گەورەی چەکوچۆڵیان لە نێواندا هەبوو، هەموو ئەو شتانە بوون. یانی لە واقیعدا ئەگەر ئەوان کۆماری ئیسلامییان ریسوا کردبایە دەیانزانی کە کۆماری ئیسلامییش دەتوانێ ئەوان ریسوا بکا، چونکە بە پێچەوانەی هەموو "تعهدات"ێکی نێونەتەوەیی کە نابێ چەکوچۆڵ بە وڵاتانی لە حاڵی شەڕدا بفرۆشرێ، دەوڵەتی ئوتریش چەکوچۆڵی بە هەردوو تەرەفی شەڕی ئێرانو عێراق فرۆشتبوو. کۆماری ئیسلامی دەی‌توانی ئوتریش ریسوا بکا، بۆیە دەوڵەتی ئوتریش هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە پەردەپۆشی لە واقعییاتی پەروەندەکە بکا بۆ ئەوەی هەم دیپلۆماتو کارگێرە ئابوورییەکانیان لە ئێراندا پارێزراو بنو بەرژەوەندی لە ئابوورییەکانیان وەمەترسی نەکەون، هەمیشە خاڵە لاوازەکانیان ئاشکرا نەبێ‌و لێیان لەقاو نەدرێ، هەرچەند بە جۆرێک لە جوران ئەوانە بۆ دنیای دەرەوە هەر دەرکەوتن.

**پرسیار**: مامۆستا باسی فرۆشتنی چەکوچۆڵ لە لایەن ئوتریشەوە بە ئێران و عێراقت کرد. هاوکات لەگەڵ دادگاییەکی پەروەندەی ڤییەن، ئەو مەسەلەیە لە دەزگای قەزایی ئوتریش لە پەروەندەی "نۆریکوم"دا هاتبۆ گۆڕێ کە حیزبەکانی گەل و ئازادی و سەوزەکانی ئوتریش وەگەڕیان خستبوو. ئەو پەروەندەیە بە بڕوای ئێوە چەندە کارتێکەری بوو لەسەر پەروەندی تیرۆری ڤییەن؟ بەڕێزتان پێوەندییەیک لەو نێوەدا دەبینن؟

**وەڵام**: ئەمن پێم وانیە کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر بووبێ، چونکە دوو شتی لێک جیاواز بوون. لە پاش ئەوەش دەلیلێک نیە بۆوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو ببەسترێ یان بێدەنگەی لێبکرێ لەبەر ئەوەی پەروەندەی "نوریکوم" بە جۆرێکی دیکە بەدواداچوونی لەسەر بکرێ، بە پێچەوانە، ئەوە بە قازانجی دەوڵەتی ئوتریش بوو کە ئەو ریسواییە پەردەپۆش بکرێ، مەسەلەی تیرۆری دوکتور قاسملوو کە ئەوان دەیان توانی پەردەپۆشی بکەن و دیپلۆمات تیرۆریستەکانیان ناردەوە بۆ ئێران و بە رواڵەت ئەوە عەمەلێکی تیرۆریستی بووەو ئەوان دەستیان تێدا نەبووە.
ئێستا ئەوە هاتۆتەگۆڕێ پێم خۆشە ئەو باسە تەواو بکەم کە گوتم ئێمە لە پەروەندەی ڤییەن دا لەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش بەرورووو بووین. ئەو پەروەندەیە نەبەسرا، دەتوانم بڵێم ئێستاش نەبەسراوە، ئێمە وازمان لێ هێنا.

**پرسیار**: بۆ مامۆستا؟ دەلیلەکەی چ بوو؟

**وەڵام**: دەلیلەکەی ئەوە بوو کە ئەو پەروەندەیە سەرەتا لە دادگای شاری ڤییەن هاتە گۆڕێ. لەوێ ئێمە راستەو راست لەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش بەرەوو بووین. دیارە نەک وەک حیزبی دێموکراتو بەو ناوە، بەڵکوو وەک وەرەسەو خوێنگرانی دوکتور قاسملوو کە زۆرتر لە خاتوو هێلین قاسملوو، خۆشکە نەسریندا خۆی دەدیتەوە، لەوێدا مەحکوومیان کردین. لە پاشان حەقمان هەبوو شکایەتەکە بەرینە دادگای ناوچەی ڤییەن واتە پارێزگای ڤییەن. شکایەتەکەمان لەو دادگایەش هێنایە گۆڕێ، دیسان هەر دەوڵەتی ئوتریش تەرەفی ئێمە بووو مەحکوومیان کردینەوە.

پاشان حەقمان هەبوو ئەو دادگایە بەرینە دادگای فیدراڵی ئوتریش. پەروەندەو شکایەتەکەمان بردە ئەوێ. لە دادگای فیدراڵیشدا جارێکی دیکە لە لایەن دەوڵەتی ئوتریش را مەحکووم کراین. مەحکووم کە هیچ، نیزیک ٧٥ هەزار فرانکی فەرانسەشیان جەریمە کردین کە گۆیا ئەوە هەزینەی دادگایەو دەبێ بیدەین! ئەمن بۆ خوم لە دەرەوەی وڵات بووم. خۆشکە نەسرین هەموو ئەو بە سەرهاتەی بۆگێرامەوەو گوتی تەنیا ریگەیەکمان هەیە، ئەویش ئەوە کە ئەو شکایەتە بەرینە دادگایەکی نێونەتەوەیی. لێم پرسی باشە ئەگەر بیبەینە دادگایەکی نێونەتەوەیی کە یەکجار پڕ خەرجەو لەوانەیە لە مانگ دا سەدان هەزار دۆلاری تێبچێ، بە باوەڕی تۆ ئێمە تێیدا سەر دەکەوین یا نا، چونکی ئەتۆ لە هەموو وردودرشتی

ئەو پەروەندەیە ئاگاداری؟ گوتی نا، چونکی تەرەفەکەمان دەوڵەتی ئوتریشەو ئەویش هەموو شتێکی لەبەر دەست دایەو ئێمەش چمان لەبەر دەستدا نیەو مەحکووم دەبین. گوتم مادام وایە جارێ لێیگەرێین باشە، چونکی رەنگبێ ماوەیەک تەبلیغاتی لەسەر بکرێ، بەڵام ئەوە کەڵکی وای نیە، بەو حاڵەش ئەمن بریاری یەکجاری نادەم. با بزانین هاورێیان رایان چیە.

خۆشکە نەسرین گوتی باشە ئەگەر ئەوەش نەبوو ئەمن پێشنیار دەکەم کۆنفرانسێکی چاپەمەنیی لەسەر بگرم، گوتم ئەو کۆنفرانسە مەتبوعاتیەیە هەزینەی چەند دەبێ، کەڵکەکانی چین؟ گوتی ئەگەر بمانەوێ موحترمانە بێ رەنگبێ ٥٠ هەزار دولاری تێ بچێ، فایدەکەشی ئەوەیەکە لە قاودان دەبێ دژی ئێران، لە دژی ئوتریش، دەنا تەئسیراتێکی دیکەی نیە.

ئەمن کە لەگەڵ دوکتور سەعیدی رەحمەتیم مەسەلەکە هێنایە گۆرێ، دوکتور شەرەفکەندی لە بارەی مەسەلەکەی هەوەڵدا گوتی ئەمنیش نەزەرم وەک تۆیە، ئەوە خەرجێکی زۆری دەوێ کە ئێمە نیمانە، لە پاشان کاتێک لە سەرەتاوە دەزانین کە تێیدا سەرناکەوین بۆ کارێکی ئاوا بکەین؟ بۆ ئەوەی دیکەش موافەقەتی نەکردو گوتی بۆ ئەوەی ٢ رۆژان ٣ رۆژنامە نیوەستوونێک لەم بارەیەوە بنووسن یا نا، ئێمە لە شەرایتێکی وادا نیین کە بۆ ئەوە ٥٠ هەزار دۆلار خەرج بکەین، هەر بۆیە لەوەش گەرێن.

**پرسیار**: مامۆستا دەفەرموون کە ئەو پەروەندەیە نەبەستراوە بەڵکوو ئێمە بە پێی ئەو هەلومەرجە لە بەدوا داچوونی پەروەندەکە لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا وازمان هێناوە. ئەدی چ شتێک، چ هەلومەرجێکو چ گۆرانێکی دی دەتوانێ دیسان ئەو پەروەندەیە بکاتەوە؟

**وەڵام**: رەنگبێ پێش هەموو شتێک گۆرانی سیاسەتو هەڵویستی دەوڵەتی ئوتریش بتوانێ کاریگەریی هەبێو ئەمن بە داخەوە لە ئاسۆدا نیشانەکانی ئەو گۆرانە نابینم لە پاشانیش دەبێ بیروڕایگشتیی نێونەتەوەیی، ئەو هێزانەی کاریگەرییان لەسەر بریاردان لەسەر قەزایای نێونەتەوەیی هەیە بتوانن یارمەتیدەر بن یان بارو دۆخەکە لەبار بێ بۆوەی یارمەتی بدەن هەمیش حیزبی دێموکرات لە باردۆخێک دابێ کە بتوانێ سەدان هەزارو بە میلیون دۆلار خەرجی دادگایەکی ئاوا بکا. ئەگینا حیزبی دێموکراتو وەرەسەی دوکتور قاسملوو هەموو وەختێک دەتوانن ئەو پەروەندەیە زیندوو بکەنەوە.

**پرسیار**: مامۆستا لە کاتی تیرۆری دوکتور قاسملوودا ئێمە دەبینین جگە لە هەوڵێکی زۆر بچووکی ئامریکا بە مەبەستی گوشار خستنە سەر وڵاتی ئوتریش، هیچ دەوڵەتو لایەنێک هەڵویستێکی ئەوتۆیان لە بەرامبەر ئەو کێشەیەدا نیە، کەس فشار ناخاتە سەر ئوتریش بۆ بەدوادا چوونی قەزاییی ئەم پەروەندەیە، ئەم بێدەنگیە، ئەم بێ هەڵویستیە لە ئاستی



سەرچاوە
Serchawe

**جیهانی‌دا بۆ چی دەگەڕێننەوە؟**

**وەڵام**: زۆر لە مێژە گوتراوە کە بۆشکەیەک نەوت بەقەت ناڵەی هەزاران زۆر لێکراو لە لای دەسەڵاتە گەورەکان تەئسیری هەیە. بەداخەوە ئەوە راستە. ئەگەر دیقەتمان کردبێ دەوڵەتانی ئوروپایی لە لایەکو خودی ئەمریکا لە لایەک لەواقیعدا مسابەقەیان هەبوو، پێشبڕکێ‌یان لەسەر کۆماری ئیسلامی هەبوو، داخوا کامیان بتوانێ بازاری ئێران وەدەست بێنێ، نەوتی ئێران وەدەست بێنێو بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیانی تێدا بچەسپێنن. لەبەر ئەوە ئەوان حازر نەبوون بۆ دیفاع لە حەقو حەققانییەت، بەرژەوەندی‌یە ئابووریو تەنانەت پێوەندی‌یە دیپلۆماسی‌یەکانیان بخەنە مەترسی‌یەوە. تائێستاش بەداخەوە ئێمە لەگەڵ ئەو نەخش و نیگارە بەرەوڕووین‌و شتێکی زۆر لە قەزیەکە نەگۆڕاوە. مامۆستا بۆ پرسیارێکی پێشووم دەگەڕێمەوە. لە دادگای میکۆنوسدا بەنی سەدرو میسباحی، شاهیدی C بەو زانیاری‌یە وردانەی دایانە داداگا، پەردەیان لەسەر نهێنی "کومیتەی کاروباری تایبەت" لادا کە تێیدا گەورە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی وەک رێبەرو سەرۆک کۆمارو وەزیری دەرەوە بەشدارن و فەرمانی کوشتنی نەیارە سیاسی‌یەکانیان دەردەکەن. هەر لەویش باس ئەوە هاتە گۆڕێ کە ئەو کومیتەیە بڕیاری تێرۆری دوکتور قاسملووی داوە. دەرکەوتنی ئەم راستی‌یانەو بوونی ئەو شاهیدانە نەی‌دەتوانی بە جۆرێک کاربکاتە سەر پەروەندی تێروری ڤییەن؟

دیارە ئەو ئیفشاگەری‌و لەقاودانەی بەنی‌سەدر کردی زیاتر دەتوانین بڵێین بێجگە لەو مەعلووماتەی بۆ خۆی هەیبوو وەک سەرکۆماری پێشووی ئێران، ئەوە میسباحی بوو کە دەلایل‌و بەڵگەی زۆری بەدەستەوە بوو، لەم بارەیەوە پێم خۆشە حق بە حەقدار بدرێ، لە واقیعدا ئەبولقاسم میسباحی بۆ خۆی ئەوە نەبوو کە بچێ ئەو کارە بکا ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاری‌یەکی کە دوکتور بەنی‌سەدر لەو کاتەدا کردی. ئەوە تەئسیرێکی زۆری هەبوو بە تایبەت لەسەر ئەوە کە دادگای ئەڵمان بتوانێ راو نەزەری خۆی بە سەر دەوڵەتی ئەڵماندا بسەپێنێ چونکی لەویش دەوڵەت رای وابوو کە ئەو پەروەندە بە جۆرێک لە جۆران پەردە پۆشی بکرێ بەڵام دادگا توانی نەزەری خۆی بەسەر دەوڵەت دابسەپێنێ. ئەوە زۆر تەئسیری هەبوو. تەواوی نەخشەکانی کۆماری ئیسلامی‌و ئەو کومیتەیەی کە بە حەقیقەت دەتوانرێ بە کومیتەی تیرۆر ناو ببردرێ، مەقاماتو بەرپرسانی هەرە بەرزی کۆماری ئیسلامیش تێیدا پلانرێژ بن، ئەو کومیتەیە ئاشکرا کراوو کاتێک ئێران حاشای لێکرد کابرا واتا میسباحی شتی بەدەستەوە بوو، بەڵگە و فیلمی بەدەستەوەبوو، ئەو کە لە نیزیکەوە بوو شتی وای نیشان دەدا کەغەیرە قابیلی ئینکارو حاشا لێکردن بوو. ئەمە توانی زۆر شت بکا بەڵام نەی‌دەتوانی تەئسیر گوزار بێ بۆ زیندوو کردنەوەی پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو، چونکی ئەو قەزیەو مەسەلەیە لە دادگاکانی ئوتریشدا تەواو ببووو دەبوا بچێتە دادگایەکی نێونەتەوەیی. وەختێکیش ئێمە لە هیچ بارێکەوە بواری ئەوەمان لەبەر دەستدا نەبوو کە دادگای نێونەتەوەیی بخەینە جەریانی کارەکەوە، نەی‌دەتوانی تەئسیری موسبەتی هەبێ لەسەر پەروەندەی تێرۆری ڤییەن.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: مامۆستا ئەو تێرۆرە بۆ کۆماری ئیسلامی سەرکەوتنێکی گەور نەبوو؟ پێی غەرڕ نەبوو؟ چ کاریگەرێکی هەبوو لەسەر ئۆپوزیسیون کۆماری ئیسلامی؟

**وەڵام**: ئۆپوزیسیون دەبێ بەش بکەین بە سەر کوردو غەیرە کورد. دیارە لە دەستدانی دوکتور قاسملوو بۆ ئۆپوزیسیونی کورد و لەو نێوانەشدا بۆ حیزبی دێموکرات بەتایبەتی خەسارێکی گەورە بوو. بە خۆشیەوە تێرۆری دوکتور قاسملوو نەیتوانی بەپێچەوانەی زۆر کەس کە پێشبینی ئەوەیان دەکرد حیزبی دێموکرات کەمەری بشکێو لە مەیدان وەدەر بنرێ، بەڵام بەو حالەش خەسارێکی گەورە بووو هەتا ئێستا جێی پڕ نەبۆتەوەو رەنگبێ هەتا هەتایەش پڕ نەبێتەوە، چونکی ئەگەر کەسی وەک دوکتور قاسملووشمان لە داهاتوودا هەبێ، جێی دوکتور قاسملوو لە سەردەمی خۆیدا بە بەتاڵی هەر ماوەتەوە. بەڵام مادام کە سەرکەوتنێک بوو بۆ دوژمنانی ئازادی، بۆ تەواویەتی ئۆپوزیسیونی ئێرانی زەربەو خەسارێک بوو. هەروەک دەتوانین بڵێین تێرۆرەکانی دیکەش وەک قەتڵی رێبەرانی حیزبە سیاسیەکانی دیکە وەک موجاهدینو وەک کۆمەڵە زەربەتێکە غەیرە موستەقیمو حیزبی دێموکرات کەوتوە، سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی ئەگەر ئەو رێژیمە نیزامێک بۆایە کە ئیعتباری بۆخۆیو پێوەندیەیە نێونەتەوەییەکانی دانابایە دەمان توانی بڵێین کە تێرۆری دوکتور قاسملوو کە بۆ ئۆپوزیسیون خەسار بوو بۆ ئەویش ریسواییەکی گەورەی بە بار هێنا بەڵام ئەوان لەوە تێپەڕ ببوون لە پردی ئابڕووی خۆیان پەڕیبوونەوەو دەیانهەویست نیزامەکەیان بپارێزن بە هەر جۆرێ بێ.

بە تێرۆری دوکتور قاسملوو ئەوان توانییان یەکێک لە گەورەترین نەیارەکانی خۆیان، یەکێک لە بە ئیعتبارترین موخالیفانی خۆیان لەنێو بەرن. بۆیە واقعیینی ئەوەیە کە بڵێین تێرۆری دوکتور قاسملوو بۆ کۆماری ئیسلامی سەرکەوتن بووە. چونکی ئەو، مەسەلە کە لە روانگەی شەڕو بەربەرەکانییەوە سەیری دەکا نەک ئەوە ئیعتباری نێونەتەوەیی دێتە سەر یان دێتە خوارێ یان بیروڕای گشتی جیهانی چۆن سەیری مەسەلەکە دەکا، ئەوە بۆ ئەوان مەترەح نیە.

**پرسیار**: مامۆستا لەم ساڵانەی دواییدا دوکتور مانفرید وایدنگێر، وەکیلی دوکتور قاسملوو بەشێوەیکی مەرمووز تەرمەکەی لە دارستانێکی دەرەوەی شار دۆزرایەوە. پێتان واهەیە پێوەندیەیەک لە نێوان مەرگی دوکتور مانفریدو پەروەندی تێرۆری ڤییەن هەبێ؟

**وەڵام**: ئەمن بەش بە حاڵی خۆم بە دوو هۆ ئەو پێوەندییە نابینم. یەکەم ئەوەی کە وەک گوتم پەروەندەی تێرۆری ڤییەن بە قازانجی دەوڵەتی ئوتریشو ناراستەوخۆ بە قازانجی رێژیمی ئێران تەواو بووە. ئێمە لەوێدا مەحکووم کراوینو نەمان توانیوە کارێک بۆ ئیعلانی کۆماری ئیسلامی وەک تاوانبار بکەین. هۆیەکی دیکە ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان

نیشانیان دا کە دوکتور وایدنگێر بۆ خۆی خۆی کوشتوە تەنانەت دەرکەوتوە کە بە تێغی ریش تاشین لە چەند جێ لە شادەماری خۆی داوە تا خوێنرێژیی زۆر بکاو بمرێ. باشە ئەگەر قەرار بایە پێوەندی‌یەکی بەو پەروەندەیە بۆایە دەبوایە کەسی دیکە بێ‌و لە بەینی بەرێ‌و بیکوژێ. پاشان هیچی بە جێ نەهێشتوە کە نیشان بدا. مەعموولن ئەگەر وابێ دەتوانێ خۆی بکوژێ بەڵام دەبێ شتێک لە پاش خۆی بەجێ بێڵێ و بڵێ کە ئەمن لەژێر ئەم فشارانەدا ئەوەم کرد. هیچ شتێک لەوە دەرنەکەوتوە تەنیا بە قەولی فارسەکان "گمانەزنی" بۆ ئەوە کافی نیە پێوەندی‌یەک لە نێوان پەروەندەی ڤییەن و پەروەندەی کوژرانی دوکتور وایدینگێر دا ببینن.

**پرسیار**: مامۆستا لە هەڤدەهەمین ساڵرۆژی تێرۆری قاسملوودا چ پەیامێکتان هەیە وەک دواوتە بفەرموون؟

**وەڵام**: لە دوکتور قاسملوو دەبێ ئەوپەڕی تەجلیل بکەین بەڵام لە دوکتور قاسملوو شتێکی فەوقولعادە دروست نەکەین ئینسانێکی فەقولعادە بووە، بەڵام مەوجوودێکی فەوقولعادە نەبووە، وەک هەموو مرۆڤەکان بووە، وەک ئەوان لە دایک بووە بەڵام وەک هەموو ئینسانێکی عادی نەژیاوە، خۆی پێگەیاند، موتالعەی کرد تا بووە ئەو دوکتور قاسملووە. ئەگەر دەمانەوێ رێز لە دوکتور قاسملوو بگرین، دوکتور قاسملوو با نەکەینە خوداو فریشتە کە کەس نەتوانێ بیگاتێ. لە ژیانی دوکتور قاسملوو فێر بین بەتایبەتی لاوان و کیژان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا دوکتور قاسملووی دیکە مان زۆر بن. ئەوە باشترین وەفایە بۆ دوکتور قاسملوو. دوکتور قاسملوو هاتوەو نەخش و نرخی خۆی داناوەو رۆیشتوەو هەتا قیامەت دوکتور قاسملوو بۆ ئێمە نابێتە نان‌و ئاو. دەبێ دوکتور قاسملووی دیکە لە بزووتنەوەی کورددا دروست بکەین ئەوە باشترین وەفایە بۆ دوکتور قاسملوو. چونکی دوکتور قاسملوو باوەڕی بەوەنەبوو کە شۆرشگێڕی، سیاسەت، دیپلۆماسی بەوی دەستی پێکردوەو بەوی تەواو دەبێ.

بۆخۆی باوەڕی بەوە هەبوو کە دەبێ پاش ئەویش و لەگەڵ ئەویشدا کەسانی دیکە پێبگەن بۆ ئەوەی میللەتی کورد تەنیا یەک نوختە هومێدی نەبێ. پێم وایە ئەوە باشترین وەفایە بۆ دوکتور قاسملوو کە هەوڵ بدەین رێگای دوکتور قاسملوو کە رێگەی فێر بوون و زانست و خۆپێگەیاندن بووە درێژەی پێبدەین.

سوپاس مامۆستا بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا.

**وەڵام**: سوپاس بۆ ئێوەش

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe

# وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

## لە هەژدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاورێیانی دا



میوانە بە ڕێزەکان!
خوشک و برایانی خۆشەویست!

پڕبە دڵ سوپاستان دەکەم کە بۆ یادی گەورەپیاوی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نەتەوەی کورد، دوکتور قاسملووی نەمر لێرە بە یەک گەیشتوون.

١٨ ساڵ پێش ئێستا لە رۆژی ١٣ی ژووئیە(٢٢ی پووشپەڕی تاریخی ئێرانی)دا دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کە نەیانتوانیبوو بە رێگەی دیکەدا زەفەر بە دوکتور قاسملوو بەرن، بە ناوی وتوویژ بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد، ئەو گەورەپیاوەیان کێشایە سەر مێزی وتوویژو بە شێوەیەکی نامەردانە تیرۆریان کرد. تیرۆری دوکتور قاسملوو کە لەگەڵ ویشدا دوو رەفیقی خۆشەویست و دوو یاری وەفادار. عەبدوڵڵا قادریئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، لەگەڵ فازیل مەلا مەحموود یا فازیل رەسوول مامۆستای دانیشگا کە کوردێکی باشووری کوردستان بوو بەڵام نزیک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و دۆستی دوکتور قاسملوو بوو، شەهید کران.

ئەو تیرۆرە لە دنیادا دەنگێکی زۆری دایەوە. یانی لەراستیدا دوکتور قاسملوو وەکوو بەزیندوویی گەورە بووو بە زیندوویی خزمەتی گەورەی کرد، بە مردنیشی ناوی کوردو مەسەلەی کوردی لە دنیایەدا زەقتر کردەوە. لەو بۆنە تاڵەدا جارێکی دیکە بە ناوی خۆم و ئێوەو، لە لایەن ئێوەش ئیجازە لە میللەتی کورد دەخوازم بە ناوی هەموو میللەتی کوردەوە، سڵاو لە گیان و یادی مامۆستای دێموکراسی، دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بکەم. جارێکی دیکە بەناوی هەمووانەوە ئەو تیرۆرە ناپیاوانەیە مەحکووم دەکەم.

ئەمڕۆ کە ئێمە لێرە دانیشتووین دەکرێ بڵێین لە هەموو جێیەک، بەڵام لە هەر جێیەی بە جۆرێک دڵسۆزانی میللەتی کورد یادی کارەساتی ڤیەن و شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو دەکەنەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو لەراستیدا تەنیا هەر هی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبوو بەڵکوو ڕێبەرێکی نەتەوەیی بوو کە پێوەندیی بە هەموو کوردەوە هەبوو و هەموو کوردەکان وەک یەک ڕێزیان لێدەگرت. بەو حاڵەش هەموو ئەو ڕێزلێنانە کە ئێستا هەیە پێم‌وایە هەموومان قەبووڵمانە کە بارتەقای خزمەت و خەبات و تێکۆشان و گەورەیی دوکتور قاسملووی نیە. ئاوات بەو ڕۆژە دەخوازین کە ئەو بەشەی دیکەی کوردستانیش وەک ئێرەو زیاتر لێرەش رزگار بێ، ئاواتی دووردەستتریش بۆ ئەو ڕۆژە کە وڵاتی قاسملووی هەروەک قاسملوو دەیویست وڵاتێک بێ بە هوویەتی خۆیەوەو بە پێناسەی خۆیەوە، جا ئەو وەختی لە کۆبوونەوەی سەدانهەزار کەسیو میلیۆن کەسیدا یادی دوکتور قاسملوو بکەینەوە.

بەڵێ دوکتور قاسملوو هی هەموو کورد بوو. پیاوێکی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی دەڵێ، لە خۆڕاییش ناڵێ: "کوردەکان پێیان وایە ئەگەر دوکتور قاسملوو لەم هەلومەرجەدا مابایە دەیتوانی زۆر خزمەتی گەورەتر لەوەی کردی، بە میللەتی کورد بکا". بە هەق قاسملوو مەردی مەیدانی دیپلۆماسی بوو. هیچ زۆرمان نەگوتوە کە بڵێین لە دەورانی خۆیدا زیاتر لە هەموو کەس هەوڵی دا بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد لە دنیایەدا وەک مەسەلەیەکی گرنگ بناسرێ. هەمووومان دەزانین یەکەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی کە لە سەر مەسەلەی کورد لە پاریس گیرا، بە هەوڵو تێکۆشانی دوکتور قاسملووی گیرا کە بەداخەوە بۆخۆی تێیدا بەشدار نەبوو، هەر بۆیەش کۆنفرانسەکە پێشکێش بە یادو ناوی دوکتور قاسملووی کرا. بەڵام شاراوە نیە کە دوکتور قاسملوو ئەندامی حیزبی دێموکرات بوو، تێکۆشەری حیزبی دێموکرات بوو و ڕێبەری حیزبی دێموکرات بوو. کە وایە زیاتر پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە هەیە. خزمەتەکانیشی ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی خزمەت بە هەموو میللەتی کوردن، بە شێوەیەکی تایبەتی لە خزمەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا خۆیان دەبیننەوەو چڕ دەبنەوە.

هەرچەند زۆرمان لە سەر گوتوەو زۆرمان لە سەر نووسیوە، بەڵام دیسان ئێمە پێی قەرزدارین. لە شەرایتێکی ئاوا کورتیشدا و لە مەجالێکی ئاوا کورتیشدا ڕێگە نیە کە ئێمە هەموو خزمەتەکانی، هەموو نەخشەکانی دوکتور قاسملوو لێرەدا باس

بکەین. بۆیە لەسەر ئیزنی هەمووتان ئەمن لێرەدا تەنیا چەند نوختەیەک لەو خزمەتانە کە دوکتور قاسملووی نەمر بە حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی دێموکراتی کردوون زەق دەکەمەوە. بۆ زۆر لە تێکۆشەرانی حیزب بە تایبەتی ئەوانەی کە بەجۆرێک لە جۆران هاودەورەی دوکتور قاسملوو و پێش دوکتور قاسملوو بوون (پێش دوکتور قاسملوو مەبەستم پێش ئەوەی دوکتور قاسملوو نەقشی رێبەری بە عۆدە بگرێ) رەنگە ئەو قسە ئاشنا بێ‌و ئیعترافێکیشە بەوە کە ئێمە لەراستی‌دا چونکی هەر وەختی خۆی کە حیزب دامەزراوە، ئەوەندە دەوامی نەکرد کە ئوسوولی حیزب، پرەنسیپەکانی حیزب، تەنانەت بەرنامەو ئەساسنامەی حیزبی جێ بکەون و لە نێو خەڵکی‌دا ئاشنا بن، ئێمە شتێکمان بە ناوی ئوسوولی حیزبی نەدەناسی. ئەوە دوکتور قاسملوو بوو کە بە گرتنەدەستی رێبەریی حیزبی دێموکرات ئوسوول و پرەنسیپی هێنایە نێو حیزبی دێموکرات. ئەوەی کە پێی دەڵێن زەوابیت، زەوابیتی لە نێو حیزبدا بەسەر روابیتدا حاکم کرد. بەجۆرێک کە زۆر لەوانەی لێرە دانیشتوون لەبیریانە لە یەکێک لە کۆنگرەکانی حیزبی‌دا، یەکێک کە موخالیفی خەتی دوکتور قاسملووی بوو، ئەوەی لە دوکتور قاسملوو بەئیراد گرت کە زابیتەیەکی توند حاکمەو ئیدی رابیتە لە بەین چووە. زۆر کەس پێیان وابوو کە بە غەڵەت وا دەڵێ، گوتی نەخێر، نەخێر بە غەڵەت وا ناڵێم زۆر چاک دەزانم کە دەڵێم چی. بەڵێ زەوابیت هێندە مەحکەمە کە رەوابیت لە بەین چووە.

شتێکی دیکە کە بۆ ئێمە بۆتە سەرمایەیەکی گەورە، ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو ئێمەی فێری سەربەخۆیی سیاسی کرد. پێی گوتین کە سەربەخۆیی سیاسی دەبێ بە هەموو قیمەتێک بپارێزین، لە ئامۆژگاری‌یە بەنرخەکانیەتی کە دەڵێ دۆست بۆ ئێمە گرنگە، سەربەخۆیی سیاسییش بۆ ئێمە گرنگە. بەڵام ئەگەر رۆژێک لە رۆژان ناچار بووین یەکێکیان وەپێش ئەوی دیکە بخەین، سەربەخۆیی‌یەکە هەڵدەبژێرین. چونکە ئەگەر وەک حیزبێکی سیاسی سەربەخۆ بووین، دوایە دۆستیشمان بۆ پەیدا دەبێ. بەڵام ئەگەر سەربەخۆ نەبین، دۆست تازە سەربەخۆییمان ناداتێ. چونکە ئەو دۆستەی بێ سەربەخۆیی تۆی دەوێ، سەربەخۆیی بۆ تۆ ناوێ. فێری کردین کە ئێمە سنوور دابنێین لە بەینی دۆستایەتی‌و بەستراوەیی لە لایەک و، لە بەینی بۆچوونی رەخنەگرانەو دوژمنایەتی لە لایەکی دیکە. زۆر جار دەیگوت بە تایبەتی لە پێوەندی لە گەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا( کە لە بیرمانە وەختێک دوکتور قاسملوو کورتەباسی هێنایە گۆرێ لە هەموو لاوە داری تەکفیری لێ هەڵگیرا) ئەو دەیگوت ئێمە نە دوژمنی وڵاتانی سۆسیالیستی‌و  یەکیەتیی سۆڤیەتین نە نۆکەریانین، بەڵکوو دۆستین. دۆستیش جارێک نەزەری وەکوو دۆستەکەی دەبێ، جارێک نەزەری جیا دەبێ، جارێک رەخنەی لێدەگرێ، جارێک تەئییدی دەکا.

شتێکی‌دیکە کە  پێم وابێ بۆ ئێمە زۆر جالیبەو دەبێ فێری بین دیدی دوکتور قاسملووی بۆ مەسائیلی سیاسی بوو. کە پێی وابوو نابێ لە رابردوودا حەبس بین، دەبێ هەمیشە سەعی بکەین نوێ بین، شتی نوێمان پێ بێ بە جۆرێک کە بێگانەکان

شاهیدیـان بۆ دەدا. یەکێک لەگەورە پیـاوانی ئوروپـایی دەڵـێ: "قاسملوو! ئـەمن هـەتا تـۆم دەدی شتی تـازەت لـێ فێر دەبووم". بەڵێ ئەو هەمیشە دەگەڵ تازەترین ئەفکاری دەورانیخۆیدا دەژیا، لە هەمووومان زاناتر بـوو بـەڵام لـە هەمووشمان پتر موتالەعەی دەکرد، گوێی بۆ رادیۆ رادەگرت، ئەخباری تەعقیب دەکرد، بۆ ئەوەی هەمیشە شتی تازەی پـێ بـێ. زۆر جـار لە سەر شتی تازەهێنانیش دیارە دوچاری تەکفیرو دوچاری حەملەی ئـەم‌لاو ئـەولا دەبـوو. ئێستاش دەبـێ ئێمە هـەروا بین. حیزبی رێبەرانی گەورەی وەکوو قازیو قاسملوو دەبێ سەعی بکا هەمیشە لە خۆنوێکردنەوەدا بـێ، لـە رابـردوودا نـەژی لـە ئێستادا بژی، بۆ ئاینده بژی.

ئەخلاقیی دیکە کە دیسان بەجێیە ئیشارەی پێبکەین ئەوە بوو کە دوکتور بە قووڵی رێزی لە رێبەرانی پێش خۆی دەگرت. چ رێبەرانی پێش خۆی لە بزووتنەوەی کورداو چ بە تایبەتی رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ئەوانەی بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوویان خوێندۆتەوە دەزانن کە بـە چ تەجلیلێکەوە باسی پێشەوا قـازی محەممەد دەکـا. ئـەو عیبارەتـە جوانـە کـە دەڵـێ:" گوڵێک بـوو لـە بیابـانێ روابـوو"، چەنـدە تـەعبیرێکی جوانـە کـە پێمـان دەڵـێ قـازی لە دەورانی خۆیدا دەگمەن بوو. گوڵ لە بیابانێ نارِوێ، یانی هیچ گوڵی دیکەی بە دەورەوە نەبوو، جارێکی ئەوەی شەرح کرد لە سەر تەختەرەشە، نەخشەیەکی کێشایەوەو ئیشارەی کرد گوتی لە سەرەوە، ئەوە قـازی محەممەد بـوو، هـەتا خـوارێ کەسی لێ نەبوو، جا پـاش فاسیلەیەکی زۆر جەمعێک هەبوون. ئەوە دەڵێ. بـەڵام لـە کتێبی خۆیدا دەڵـێ لـە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥دا قازی محەممەد تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو. یانی عەزمەتی قازی محەممەد پێشی چاوی وی ناگرێ کە ئیراد لـە کارەکەی بگرێ. ئێمەش هـەر دەبـێ وا بـین. ئێمەش دەبـێ قاسملوومان ئەوەنـدەی گەورەیە، ئەوەنـدەو زیاتریش لە دڵدا گەورە بێ، بەڵام پێمان وا نەبێ دوکتور قاسملوو ئیدی مومکین نەبووە هەڵە بکا. هـەر لێرەدا بـا ئێمە بڵێین لە رۆژی ١٣ی ژووئیەی ساڵی ١٩٨٩دا دوکتور قاسملوو تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو کە باوەڕی بـە عەهدی دوژمن کرد. بە تەنیاو بێ سیلاح و بێ موحافیز، چوو دەگەڵ تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دانیشت و لـەو رێگەیـەوە گەورەترین زەربەی لە کاتی خۆیدا لە بزووتنەوەی کوردو حیزبەکەی دا.

خزمەتێکی دیکە کە دوکتور قاسملوو بە ئێمەی کردو دەبێ لە بیرمان بێ، دەتوانم بڵێم لە نێو بزووتنەوەی کوردیشدا، ئەوخزمەتە هەر بەرچاوە، ئەوەیە کە ناتەبایی لە بەینی کوردبوون و ئێرانیبووندا نەدەدی، حەللی دەکرد. کورد بـوو تـا ئەو جێیەی دەیگوت ئەگەر کورد رۆژێک لە رۆژان لە ئێران و عێراق و تورکیەو سووریەی جودا بێتەوەو دەوڵەتی خۆی پێک بێنێ ئەوە جودابوونەوە نیە، ئەوە یەک گرتنەوەیە. چونکی ئـەو میللەتـە، ئـەو وڵاتـە یـەکن و دابـەش کـراون، هـەقی موسەڵلەمیانە یەک بگرنەوەو ئەوە دەبێتە یەککەوتنەوە نەک جودابوونەوە. ئەو وەختەی ئەو، ئەوەی دەگوت باوەڕ کەن بـاس



سەرچاوە
Serchawe

لە یەککەوتنی کورد وەک دەڵێن باسی سەر بوو. بەڵام لە بارەی پێوەندی دەگەڵ گەلانی ئێرانەوە، چونکی ئەو سیاسی بوو، قەت دەگەڵ ئارەزوو نەدەژیا، دەگەڵ واقعییات دەژیا، لەوێشدا باوەڕی بە هاوکاریو هاوپەیمانیی دەگەڵ گەلانی ئێران و دەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکان هەبوو. تەنانەت گاڵتەی بەو کەسانە دەهات کە خۆیان لە کورد بە ئێرانیتر دەزانی( نەک خۆی بە ئێرانیتر بزانێ، قەت دوکتور قاسملوو وای نەگوت) بەڵام گاڵتەی بەو کەسانە دەکرد کە دەیانگوت یا پێیان وابوو ئەوان لە کوردان ئێرانیتر بن. یانی پێی گوتین کە تەزاد لە بەینی ئەو دوو شتەدا نیە. هەر وەکوو رێبەرایەتیی کورد ئێستاش لە باشووری کوردستان کە بە خۆشیەوە لە باری سیاسیەوە لە دەورانێکی پێشکەوتوو و تەلاییدا دەژین، ئەو ناتەباییەیان حەل کردوە. دەگەڵ ئەوەی لەسەر تەواوی مافەکانی میللەتی کورد پێ دادەگرن، واقعییاتی دەوروبەری خۆشیان دەبینن و داوای فیدرالیزم دەکەن. چونکی تێدەگەن کە پێویستییەکانی عەسر ئەوە هەڵدەگرێ کە لە وڵاتێکدا دەگەڵ دراوسێکانیان بە هاوپەیمانی بژین.

لەو پێوەندییەدا پێمخۆشە دوو سێ شتی دیکە باس بکەم و بگوزەرێم. یەکیان ئەوەیە کە(رەنگە تیکرار بێ بەڵام قەت لێی ماندوو نابم) دکتور قاسملوو کە لەدایک بوو منداڵێک بوو وەکوو هەموو منداڵان. بە دوکتور قاسملوویی لە دایک نەبوو. بە کارو تێکۆشان و خوێندنەوەو فێربوون بوو بەو قاسملوویە کە ئێمە شانازیی پێوە دەکەین و میللەتەکەشی شانازیی پێوە دەکا. کە وابوو بوونە قاسملوو نە مەحاڵە نە تاوان. با هەر نەڵێین دوکتور قاسملوومان رێبەر بوو، با تێبکۆشین دوکتور قاسملوویان دروست کەین. دروستکردنی دوکتور قاسملوو لە ئایندەی میللەتی کورددا هەم ئەرکەو هەم شانازییە، هەم مومکینە. ئێمە ئەو وەختی دوکتور قاسملوو دەبوو بە دوکتور قاسملوو لە هەموو میللەتی کورددا سەد خوێندکاری دانیشگامان نەبوو، ئێستا بە دەیان و سەدان هەزار دانیشگاییمان هەیە. با قوتابییانی دوکتور قاسملووی هەوڵ بدەن قوتابییەکی باش بن، ببنە دوکتور قاسملوویەکی دیکە. ئەوە نیشان دەدا کە بە مردنی دوکتور قاسملوو، حیزبی قاسملووی، میللەتی قاسملووی نەمردوەو زیندووە.

شتێکی دیکە کە پێم خۆشە لەو پێوەندییەدا عەرز بکەم ئەوەیە کە بە ساتوسەودایەکی کاسبکارانەو دەتوانین بڵێین زەبوونانە کە دەوڵەتی ئوتریش لە کاتی خۆیدا کردی، پەروەندەی دوکتور قاسملووی بەسترا. ئێمە لە دادگای ڤیەندا، لە دادگای مەنتەقەی ڤیەنداو لە دادگای ئوتریشدا ـ سێ مەرحەلە بوو ـ لە هەر سێکیاندا لە جیاتی وەی دەگەڵ جمهووری ئیسلامیو تیرۆریستانی تەڕەف بین دەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش تەڕەف بووین و مەحکوومیان کردین. بەڵام دەبێ هەموومان بزانین کە پەروەندەی تیرۆری قاسملوو و یارانی لە ویژدانی کورددا، لە ویژدانی ئینسانییەت و بە تایبەتی لە ویژدانی رێبوارانی رێگەی دوکتور قاسملوودا زیندووە. دەبێ لە دەرفەت بگەڕێین لە رۆژێ خۆیدا جارێکی دیکە ئەو پەروەندەیە بێتەوە مەیدان. نە بۆ کوشتنەوەی قاتڵانی دوکتور قاسملوو. چونکی بە تەعەسوبەوە وا ناڵێم بە واقیعبینییەوە دەڵێم، کەمکردنەوە لە نرخی دوکتور قاسملوویە کە بڵێین ئەگەر دوو پاسدار کوژرانەوە، خوێنی دوکتور قاسملوومان ئەستاندۆتەوە!

نەخێر خوێنی دوکتور قاسملوو بە ریسواکردنی قاتڵەکانی کە رێژیمی جمهووریی ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدایەو بە بەدیهێنانی ئاواتەکانی دەستێندرێ.

**دۆستانی بەرێز دەگەڵ دوکتور قاسملووی دوو نەفەری دیکە شەهید بوون:** کاک عەبدوڵڵا قادریئازەرو دوکتور فازیل مەلا مەحموود. راستە مردنیش دەگەڵ گەورەپیاوان شانازیە. بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە مەزنیی ناو و یادی دوکتور قاسملووی ئەو دوو کەسەی خستۆتە سێبەرەوە. ئەوانە هەر کامێکیان بە تەنیا بایەن یا لە حادیسەیەکی دیکەدا تیرۆر کرابایەن، یان بە جۆرێکی دیکە شەهید کرابان جێیان زۆر زیاتر دەبوو. عەبدوڵڵا قادری ئازەر کە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات بوو، کادرێکی لاو بوو، بەڵام کادرێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بوو. کە چوو بۆ فەرانسە زۆر بەخێرایی زمان فێر بوو، زۆر بەخێرایی لە مەیدانی دیپلۆماسیدا وەپێش کەوت، دەیتوانی بۆ ئایندەی حیزبی دێموکرات ئەگەر بمێنێ کادرێکی بەوەجو دیپلۆماتێکی لێوەشاوە بێ. دوکتور فازیل رەسووڵیش کە من لە نزیکەوە دەمناسی، زیاتر لە ١٠ تا ١٥ ساڵ بوو دەمناسی، ئینسانێکی بە هۆش، ئینسانێکی زیرەک، سیاسی، دیپلۆمات، زمانزان بوو. (زمانی کوردی باش دەزانیو عەرەبییشی باش دەزانی، ئینگلیزیشی باش دەزانی، ئەڵمانیشی باش دەزانی) ئەویش دەیتوانی خزمەتگوزارێکی گەورە بێ.

لە پێوەندی دەگەڵ دوکتور فازیل رەسووڵدا جارێکی دیکەم گوتوە پێمخۆشە دیسان بیڵێمەوە. هێندێک ئیتیهام درایە پاڵ ئەو پیاوە، کە گۆیا دەستی لەو کارەدا هەبووە! ئەوە وەکوو زۆر ئیتیهامی دیکە کە دەدرێن لە تاریخدا، نارەوایە. ئەو ئینسانە راستە پێوەندیی دەگەڵ هێندێک هێزی ئیسلامیی هەبوو کە ئەوەشی دلیلی خۆی هەبوو، یەک لەوانە دەگەڵ بەنی سەدر بەینی خۆش بوو. مجەللەیەکیشی دەردەکرد بە فیکری ئیسلامییەوە رەنگبی دەلیلی هەبێ پێم خۆش نیە ئێستا بڵێم چیە. بەڵام هەم وەک بنەماڵە هەم وەکوو خۆی دۆستی دوکتور قاسملووشو دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بوو. بۆیە پێمخۆشە ئەو گومانە برەوێتەوە. جمهوریی ئیسلامی ئەوی کوشت بۆ ئەوەی ئەوەندی بکرێ رازەکەی سەرپۆش بکرێ. جمهوریی ئیسلامی دەیزانی ئەگەر وەکوو جارەکەی پێشوو رێبەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان مام جەلال تاڵەبانی لەوێ بێ ئەو تیرۆرەی بۆ ناکرێ. بۆیە هەوڵیان دا کە یەکیەتیی نیشتمانیو شەخسی مام جەلال لەو دانیشتنەدا نەبێ کە دەزانین لە دانیشتنی ٦ی مانگ پێشتر دا هەبوو.

ئەحمەد بن بیلا رەئیس جمهوری پێشووی ئەلجەزائیریش جارەکەی پێشوو هەبوو، نەیاندەویست رێبەرێکی عەرەب بکوژن، چونکە دەگەڵ ٢٠٠ میلیون عەرەب تەرەف دەبوون، ئەویشیان لابرد. بەڵام بۆ جمهووری ئیسلامی، قوربانیکردنی یەکی وەک دوکتور فازیل رەسووڵ ئاسان بوو.

مانگی پووشپەڕ بۆ ئێمە بەداخەوە بیرەوەریی تاڵی دیکەشی تێدان. ئەگەر لە ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ٦٨ دا (١٨ ساڵ لەوە پێش) دوکتور قاسملوو و رەفیقەکانی لەدەست چوون، لە ٢٤ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ (٨ ساڵ لەوە پێشیش یەکێک لە شاگردەکانی دوکتور قاسملوو، لە هاوسەنگەرەکان‌و هاوخەباتەکانی دوکتور قاسملوومان لە دەست چوو. ئەویش هاورێی هەمیشەلەیاد کاک سەید سەلامی عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو. کاک سەید سەلامی عەزیزی لە پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاشنا بوو. دیارە ناوی حیزبی دێموکراتی پێشتر بیستووە بەڵام مەبەست وەکوو ئەندامەتی‌یە. ئەو وەخت یەکێک لە مەقامە گەورەکانی ئێداریی بەدەستەوە بوو، رەئیسی دادگای شارستانێک بوو، بەڵام هەموو پلەو پایەیەکو هەموو مەنسەبێکی وەلا نا. لەراستی‌دا بوو بە پێشمەرگەیەکی فیداکاری حیزب، بە هەموو ئەو ئیمکاناتەی کە هەیبوو، تەنانەت وەک رەئیسی دادگا جاری وابوو کۆمەڵێک پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە جێیەکەوە بۆ جێیەک بە ماشێنی خۆی دەگوازتەوە. کە هاتە نێو حیزبی دێموکرات زۆر بە خێرایی پلەکانی تەشکیلاتی بڕین. لە کۆمیتەی شارستانەوە بۆ کومیتەی ناوەندی، لە کومیتەی ناوەندی‌یەوە بۆ دەفتەری سیاسی، لە پاشان لە وەرگرتنی مەسئوولیەتی جۆراوجۆری سیاسی، تەشکیلاتی‌و دیپلۆماسی‌دا. بە راست کاک سەلامی عەزیزی یەکێک لە ئومێدەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە بەداخەوە زۆر بە ناوەخت ئەگەر بە تیرۆریش نەبوو بەڵام بە نەخۆشی‌یەکی کوشەندەی ناوەخت لە دەستمان چوو، روحی وی‌و هەموو هاورێیەکانی شاد بێ.

**خوشکان! برایان!**

لە کاتێکدا یادی ١٨ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو دەکەینەوە کە وڵاتەکەمان بە قۆناغێکی ناسکدا تێدەپەرێ. هەموو وەختێک ئەو کەلیمەیەی بەکار دەبەین. بەڵام زیادمان نەکوتوە کە بڵێین هەلومەرجی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان بە کوردستانیشەوە تەنانەت ناوچەکەمان بە قۆناغێکی ناسکتردا تێدەپەرێ. لە کوردستان‌و ئێران‌و ناوچەکەدا چاوەروانی ئاڵوگۆر دەکرێ. ئەگەر تەماشای ئێرانێ بکەین. ئێران لە ژێر سێبەری رێبەرایەتیی ئاخوندەکان‌و بەتایبەتی رەئیس جمهوری ئێستادا خەریکە بەرەو هەڵدێرێکی زۆر خەتەرناک دەڕوا. ئەو هەڵدێرە راستە ملی رێبەرایەتیی رێژیم‌و ئەم رەئیس جمهورەی دەشکێنێ بەڵام ئەگەر ئێمەو هەموو تێکۆشەرانی رێگەی ئازادی لە ئێراندا وشیار نەبین خەتەری ئەوە هەیە کە ئەو رێژیمە کە دەرووخێ بە سەر میللەتی ئێرانێ‌دا بڕووخێ‌و بەسەریان دا بکەوێ.

با چاومان لە چاوڕاوو هەرۆگیشیان نەبێ. رێبەرایەتیی ئێرانێ ئێستا لە خراپترین هەلومەرجی ژیانی سیاسیی خۆی‌دا دەژی. ئەگەر وەختێ لە وەختەکان تەنیا میللەتی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافو ئازادی‌یەکانی لە مەیدانێ‌دا بوو، ئێستا هەموو گەلانی ئێران لەو مەیدانەدا چالاکن. ئەگەر رۆژێک لە مەیدانی سیاسەتی دەرەوەدا جمهوریی ئیسلامی دەی‌توانی لە

ناتەبایی نێوان ئورووپاو ئەمریکا یان ئەمریکاو شوورەویدا مانۆر بدا، ئێستا دنیای دوو قوتبی لەبەین چووە، ناکۆکییەکانی نێوان ئورووپاو ئەمریکایەش( منافعیان حەتمەن موتەزادە) بەڵام ئیختلافاتەکەیان، لە پێوەندی دەگەڵ ئێراندا هەتا دێ کەمرەنگتر دەبێ. یانی هەموویان بە یەک دەنگ خەتەری ئاژاوەگێری، تیرۆریستپەروەریو هەوڵی ڕێژیم بۆ دەستراگەیشتن بە چەکی کۆمەڵکوژ دەرک دەکەنو دەزانن ئەوە خەتەرێکە بۆ هەمووان.

لەم پێوەندییەدا ئێمە تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی لە ئێرانو بە تایبەتی لە کوردستاندا دەبێ ئامادەییمان هەبێ. زۆر جارمان گوتوە ئاڵوگۆڕێک کە لە وڵاتی ئێمەدا روو بدا هەرچی بێ، میللەتی ئێمە، هەر بە قەدەر ئەوەندە دەسکەوتی دەبێ کە تەئسیری لە ئاڵوگۆڕەکەدا هەبووە. بۆیە دەبێ ئێمە سەعی بکەین نەقشمان لەو ئاڵوگۆڕانەدا هەبێ، ئەویش بەوە دەبێ کە هەوڵ بدەین خۆمان بەهێز بکەین، هێزیش لە یەکیەتیدایە. کە باسی ئەوەی دەکەم زەینی هەمووان یان هەر کەسێک کە گوێی لەو قسانە دەبێ دەچێتە سەر ئەوە کە ئەدی بۆچی چەند مانگ لەوە پێش، لە حیزبی دێموکراتدا لەتبوون رووی دا. لێرەدا ئەمن ناچمە سەر ئەسبابی ئەو لەتبوونەی. ناچمە سەر ئەوەی حەکەمییەت بکەم کە خەتای کێ بوو. بەڵام باسی ئەوەی دەکەم کە یەکیەتیو یەکریزی لە نێو هەموو حیزبەکاندا پێویستە، بەڵام لە بەینی حیزبێکو حیزبێکدا شەرت نیە مرۆڤ هەر لە یەک حیزبدا بێ، یەکیەتیو یەکریزی دەتوانێ لە بەینی چەند حیزبدا بێ، هەر وەکوو ئێستا لە باشووری کوردستاندا ئەو نەخشونیگارە دەبینین، لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکی کە تێیدا هەبووە لەراستیدا لە ماوەی ۱۵، ۲۰ ساڵی رابردوو دا، ئیمکانی ئەو یەکریزییە بینراوەو بەرهەمەکانیشی بینراون. ۲۰ ساڵی رابردووی باشووری کوردستان بۆ ئێمە دەرسی زۆر گەورەی تێدان. هەموو ئەو وەختانەی کە هێزە گەورەکانی ئەم ناوچەیە، ئەم بەشەی کوردستان پێکەوە هاوکارییان کردوە، خەباتی میللەتی کورد لە بەرەو پێشچووندا بووە، رۆژێک کە ئەوان یەکریزییان نەبووە، خەباتەکە بەرەو نوشوستی رۆیشتوەو دۆستەکانی پشتیان تێکردوە. بۆیە شەرت نیە بۆ ئەوەی ئێمە یەکریز بینو یەکگرتوو بین حەتمەن لە حیزبێکدا بین. دەتوانین لە وڵاتێکی ۱۰ میلیۆن کەسی دا، کە هەر کوردستان بگرین دەتوانین خاوەنی چەند سازمان بین بەڵام پێکەوە یەکتر بگرین، تێبگەین کە دوژمنێکی موشتەرەکمان هەیە، سواری کەشتییەکین کە ئەگەر غەرق بوو هەموومان تێیدا غەرق دەبین، هەر یەکێکی تێدا غەرق نابێ. حاڵی بین کە ئێمە دوژمنی یەکتر نیین، هاوسەنگەری یەکتر بین هاوڕێی یەکتر بین، پێم خۆشە لەو پێوەندییەدا بە ناوی هەموو تێکۆشەرانی دێموکراتەوە رابگەیەنم وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادەی هاوکاریو هەنگاورێکخستن دەگەڵ یەک یەک، دوو دوو، سێ سێو دەگەڵ جەمعی هەموو تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی لە کوردستاندایین بە دەرەجەی یەکەم،و بە پلەی دوو و سێ لە گەڵ گەلانی ئێرانو دەگەل هێزە سیاسییە سەرتاسەرییەکان، ئەوانەی باوەڕیان بە ئازادیو دێموکراسی هەیە.

ساڵیادی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو دیسان لە کاتێکدایە کە ئێمە بەرەو کۆنگرە دەچین. ئەو کۆنگرەیە هەموو کەس لە



سەرچاوە
Serchawe

نێوخۆی حیزبو لە دەرەوەی حیزب تەنانەت لە نێو کوردستانو لە دەرەوەی کوردستان تەعقیبی دەکەن، چاوەروانی‌یان لێی هەیە. بۆتە ئیمتیحانێک بۆ ئێمە کە چی دەکەین. چونکی لە ساڵیادی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودایین با بڵێین هەر بە ئیلهام لە فیکری دوکتور قاسملوو، دەبێ هەوڵ بدەین ئەو کۆنگرەیەمان کۆنگرەی نوێبوونەوە بێ. دوکتور قاسملوو ساڵی ١٩٧٠ بە گەرانەوەی بۆ نێو رەفیقەکانی لە کوردستان بە حەق رێنێسانسێکی لە نێو حیزبی دێموکرات پێک هێنا. با هەوڵ بدەین شاگردێکی باشی دوکتور قاسملوو بین. جارێکی دیکە رێنێسانس لە نێو حیزبی دێموکراتدا وەرێ خەین. با حیزبی قاسملوو هەمیشە نوێ بێ، هەمیشە شتی نوێی پی بێ. هەمیشە مایەی رووسووریی ئەندامەکانی بێ کە بڵێین ئێمە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانین. دیارە ئەمە بەوە دەبێ کە هەمووما پێکەوە کار بکەین لەنێو حیزبدا. حەقی موشارەکەت بە هەمووان بدەین. رەئیی ئازاد بۆ هەمووان لە حیزبدا تەزمین بکەین. بەلام ئەوەندەی لەنێو حێزبدا جۆراوجۆریی بیروباوەرمان هەیە ئەوەندە لە دەرەوەی حیزب یەکپارچە بین. ئەو دووانە هیچ ناتەبایی‌یەکیان لە نێودا نیە. لە ئایندەی تێکۆشانماندا ئێمە دیسان دەبێ دەرسە بە نرخەکانی مامۆستامان لە بیر بن. سەربەخۆیی سیاسیمانو سەربەخۆیی تەشکیلاتیمان.(پێم وایە ئەو دوو سەربەخۆیی‌یە بۆ هەمووتان مەفهوومە) وەک سەرمایەیەکی بەنرخ بپارێزین. مادام سەربەخۆ بین، زۆر بوحران دەتوانین لە سەرسەری خۆمان رەت کەین. دەبێ سەعی بکەین ئایندەی حیزبی دێموکرات، ئایندەی بە هێزکردنی رووحی نەتەوە پەرستی لە نێو ئەندامانی حیزبو لە نێو رۆڵەکانی میللەتی کورددا بێ.

بە خۆشی‌یەوە میللەتی کورد لە سەتحێکی گەورەو بەرزی ئاگایی‌و وشیاریی نەتەوەیی‌دایە، بەلام ئێمە دەبێ سازمانی بدەین. هەروەک لە هێڵە گشتی‌یەکاندا گوتوومانە: هەوڵدان ـ باسکردن نا ـ خەبات بۆ یەکخستنەوەی هەموو کوردستان تاوان نیە. حەقی موسەللەممانە، بە خیلافی ئیرادەی خۆمان لەت کراوین، حەقمانە بە ئیرادەی خۆمان هەوڵ بدەین یەک بگرینەوە. هەر لەو حاڵەتەدا ئێمە شوعاری فیدرالیزم دەدەین، باشە نامانهەوێ لە خەڵکی ئێران جودا وەبین. ئەوەش لە ئاموژگاری‌یەکانی دوکتور قاسملوویەوە دێ. ئەوانەی بە ئێمە دەڵێن جیایی‌خواز، بۆ خۆیان جیایی‌خوازن. جیایی‌خواز ئەو کەسەیە کە حەقێکی زیاتر لە خەڵکی ئێمە بە خۆی دەدا، حەقێکی کەمتر دەدا بە خەڵکی لەوەی کە بۆ خۆی قائیلە. ئەگەر ئێران، ئێرانی هەمووانە، ئەگەر هەمووان خاوەنی حەقی موساوین باوەر ناکەم نە کورد نە بەلووچ نە ئازەربایجانی و نە کەس بیهەوێ لە ئێران جودا وەبێو لە ئێرانی‌یان جوداوە بێ. بەلام ئەگەر ئێران، ئێرانی تەبعیزە، ئێرانی بێ مافی‌یە، ئێرانی هاونیشتمانی دەرەجە یەکو دەرەجە دوویە، بەڵێ هەموو ئینسانێکی شەریف دەیهەوێ لەو وەزعە جیا بێتەوە. با بڵێم ئەگەر ئەوە "تجزیە طلبی"یە، هەزار سلاو لەو "تجزیە طلبی"یە.

لە سەر ئەساسی ئەو سەربەخۆیی‌یە کە باسمان کرد، ئەمرۆو لە ئایندەشماندا ئێمە هەموو هەوڵمان دەدەین بۆ پتەوکردنی پێوەندیی دۆستایەتی و هاوکاری، لە پێشدا دەگەڵ هێزە کوردستانی‌یەکان لە نێو خۆی وڵاتدا، لە رۆژهەڵاتی کوردستان،

لە پاشان لەگەڵ هێزە کوردستانی‌یەکان  لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، دەگەڵ هێزە سیاسی‌یەکان لە وڵاتی خۆمان ئێرانداو لەگەڵ هێزە سیاسی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان، هەر کەس لە سەتحی خۆی دا و لە رادەی خۆیدا.

ئێمە شانازی بە خەباتی میللەتی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەین. پشتیوانیی لێدەکەین. بە ڕەوای دەزانین و چەندی بۆمان بکرێ هاوپێوەندیمان دەگەڵ ئەو خەباتە بە حەقو تەنانەت بە ئەرکی خۆشمان دەزانین. هەر لێرەدا بە ئیجازەی هەمووتان سڵاو بۆ خەباتو قوربانیدانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان دەنێرم کە ئەگەر رۆژێک لە رۆژان مەهاباد ببوو بە قیبلەی ئازادی، ئێستا ئەو بەشەی کوردستان بۆمان بۆتە قیبلەگای ئازادی و هەموومان بە چاوی ئومێدەوە سەیری دەکەین.

**هاورێیان!**

لەسەر یەک ئێمە ئایندەی میللەتی کورد لە رۆژهەڵاتو لە ناوچەدا، هەروەها ئایندەی ئێرانێ بە رووناک دەبینین. پێمان وایە هەوڵ و خەبات و یەکریزی و یەکپارچەیی ئێمە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، یەکریزیی ئێمە دەگەڵ هێزە کوردستانی‌یەکان، دەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەرەکان لە ئێران و لە ناوچەدا دەتوانێ بەرهەمی باشی بۆ بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردو ئێران و ناوچە بەدواوە بێ. لەو پێناوەدا ئێمە خۆمان لەبەرەی ئاشتی و ئازادی و مافی مرۆڤ لە دنیادا دەبینین، دژی هێزە کۆنەپەرستەکان، تیرۆریست و تیرۆریستپەروەران موخالیفانی ئاشتی و ئازادی و هەوڵدەرانی تێکدانی ژیانی ئینسانەکانین، بە هاوکاریی هەموومانو بە هاوکاری دەگەڵ مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو ئومیدمان زۆرە کە ئایندەیەکی روونمان لە پێشدایە.

**سڵاو لە یادی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕ،**
**سڵاو لە گیانی شەهیدانی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی سێ رێبەری شەهیدمان قازی، قاسملووو شەرەفکەندی.**
**سڵاو لە خەباتی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا.**
**سەرکەوتنی بۆ ئازادی و دێموکراسی. بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئێوەش هەر شاد بن.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ  -  رێکەوتی: ١٤ی ژووئیەی ٢٠٠٧

## بوون بە قاسملوو بۆ لاوانی کورد نە کوفرە و نە مەحاڵ شەوی یەلدا:




**مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە ڕێوڕەسمی شەوی یەلدا و ساڵیادی لە دایکبوونی دوکتور قاسملوودا رایگەیاند ئەوە شانازیی میللەتی کوردە کە دەیان قاسملووی هەبێ و بوون بە قاسملوو بۆ لاوانی کورد نە کوفرە و نە مەحاڵ.**

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی شەوزستان، شەوی یەلدا و هاوکات ساڵیادی لە دایکبوونی دوکتور قاسملوو ڕێوڕەسمێکی تایبەتیی بەبەشدارانی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەکانی نیشتەجێ لە کەمپەکانی حیزب و ژمارەیەک میوانی بانگهێشکراو بۆ ئەو یادە بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە چەند وتەیەکی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە دەستی پێ کرد، بەڕێزیان لەو یادەدا تیشکی خستە سەر چەند لایەنێکی فیکریی دوکتور قاسملوو.

**ماموستا حەسەنزادە** لە سەرەتای قسەکانیدا وتی زۆر چەمک و دەسکەوت کە حیزبی دێموکڕات پێیان دەنازێ، وەک ئەو دێموکڕاسییەی تەمرینی دەکا، وەک پێبەند بوون بە سەربەخۆیی سیاسی و پێبەند بوون بەوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە سەرووی بەرژەوەندیی حیزبی بێ، ئەوانە بەشێک لە میراتی مەعنەویی دوکتور قاسملوون کە بۆ حیزبی دێموکراتی بەجێ هێشتوە.

ئەندامی ڕێبەریی دێرینی حیزبی دێموکڕات بە ئاماژە بە ڕووداوەکانی ئەو دواییانە و کاردانەوەکان بە بانگەوازی دەفتەری

سیاسیی حدک لەبارەی پێویستیی پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە دۆزی کورد و باوەڕەکانی دوکتور قاسملوو بۆ چارەسەریی پرسی کورد رایگەیاند کە دوکتور قاسملوو پێی وابوو کە ئەگەر رۆژێک کوردەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان بیانەوێ ببنە یەک، ئەوە جوداییخوازی لەو ولاتانە نیە کە بەسەریاندا دابەش کراون، بەڵکوو ئەوە یەکگرتنەوەیە و کورد نەتەوەیەکە وسەربەخۆیی و دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسین مافی سروشتی ئەو گەلەیە.

مامۆستا حەسەنزادە بە شیکاریی بۆچوونەکای دوکتور قاسملوو لەبارەی کوردبوون و ئێرانی بوون و باسەکانی ئەو دواییانە و لەو پێوەندییەدا رایگەیاند کە جوداییخواز کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران نین، بەڵکوو ئەو نەتەوە و گرووپ و لایەنانەن کە ئێرانیان تەنیا بۆ خۆیان دەوێ و دەیانەوێ هەموو نەتەوەکانی دیکە لەو هاوبەشییەدا بێبەش بکەن.

بەڕێزیان پێی لە سەر ئەوە داگرت کە ئێمە دژی پارچەپارچە بوونی ئێرانین، بەڵام دەڵێین کە هیچ میللەتێک کوڕی خۆی بۆ ئەوە بە کوشت نادا بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ولاتەکەیدا بەشی کۆت و زنجیر و دیلی بێ. کەوابوو تا ئەو مەنتیقە لەو ولاتە حاکم بێ، ئەوە مافی ئەو میللەتانەیە کە بیر لە رزگاریی خۆیان بکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١١

## د.قاسملوو لە مێژووو لە هەناوی حیزبی دێموکرات دا؛




### وتوویژ لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

**دیمانە: ئازاد شێخی**

**خوێنەرانی بەڕێز! ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە وتوویژێکە لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە و تایبەت بە ژیان و رۆڵی دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کە پێنج ساڵ لەوە پێش ئەنجام دراوە. دیمانەکە ئەو کات لە رۆژنامەی هاوڵاتی چاپی باشووری کوردستان دا بڵاو کرایەوە. چونکە ئەو کات دیمانەکە نەهاتە سەر تۆڕێ ئینترنێت و رەنگە زۆربەی خوینەران نەیاندیتبێ، بە پێویست زانرا جارێکی دیکە و لە بیست و سێهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور قاسملوو دا سەرلەنوێ بڵاو بکرێتەوە.**

**پرسیار**: بەڕێز مامۆستا، سەرەتا پێمان خۆشە باسی یەکەم ئاشنا بوونت لە گەڵ خوالێخۆشبوو د.قاسملوو بکەی، یەکەم جار چۆن لە گەڵی ئاشنا بووی؟

**وەڵام**: پێش ئەوەی جوابی پرسیارەکەت بدەمەوە، چونکی ئەو وتوێژە لە سەروبەندی ١٨ هەمین ساڵی شەهید بوونی د.قاسملووەو دا، ئیجازە بە خۆم دەدەم سڵاوێک لە یادی د.قاسملووی نەمر بکەم و سڵاو لەو کەسانە بکەم کە سادقانە باوەڕیان بە ڕێبازی د.قاسملوو هەیە کە دیارە هەر ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەد و

قاسملوو و هەموو ڕێبوارنی ڕێگای ئازادی، سڵاو لەوانیش بکەم و سەرکەوتنیان لە وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامانجی پێشەوا، قاسملوو، شەرەفکەندیو هەموو شەهیدان، بۆ بە ئاوات بخوازم.

ئەمن پێش ئەوەی کە د.قاسملوو لە نیزیکەوە بناسم لە دوورەوە لە گەڵ ناوی ئاشنا بووم، دەبێ ئیعتراف بکەم کە ئاشنایەتی لە گەڵ ناوی دوکتورتا رادەیەکی زۆر تاریکو لێڵ بوو. دەگەڵ شەهیدی نەمر" مەلا ئاوارە" هەر ئەوەندەمان لە سەری دەزانی کە رەحمانی قاسملوو - نەک د.قاسملووش - پیاوێکی خوێندەوارەو لە دەرەوەی وڵات لە چێکۆسلۆواکی دەژیو تێکۆشەری حیزبی دێموکرات بووەو، ئێستەش پێوەندیی لە گەڵ بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ هەیە.

بە داخەوە بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧ پاش ١٨ مانگ خۆراگری سەرکوت کرا و پێوەخرا تا گەیشتینە ساڵی ١٩٧٠ی زایینی و دەرچوونی ڕێکەوتننامە یا بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کە ڕێکەوتنێک بوو لە نێوان سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی کورد بە ڕێبەریی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی و دەوڵەتی عێراق کە ئەو وەختی سەرکۆمارەکەی " ئەحمەد حەسەن بەکر" بوو.

لەو مناسەبەتەدا بوو کە د.قاسملوو بە حوکمی ئەوەی پێوەندییەکی نیزیکی لە گەڵ بزووتنەوەی کورد بە گشتی و شەخسی مەرحومی بارزانی هەبوو، گەڕایەوە بۆ کوردستان و سەردانی مەلا مستەفای کرد بۆ پیرۆزبایی ئەو ڕێکەوتننامەیە، لەو وەختەدا رەفیقێکی ئێمە کە ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، لە مەنتەقەی گەڵاڵە یا مەنتەقەی چۆمانێ بوو کە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی لێ بوو. لەوێ چاوی بە د.قاسملوو کەوتبوو، هێندێک قسەیان کردبوو، بۆ ئەوە بڕیارێکیان دابوو کە دیدارێکی دیکە هەبێ لە بەینی ئێمەو د.قاسملوودا بۆ وەی بیر لەوە بکەینەوە چۆن ریزەکانی حیزبی دێموکرات کە زۆر پەرش و بڵاو بوون ڕێک بخەینەوە. کە دەڵێین پەرش و بڵاو بوون، ئاوا بوو، بێجگە لە تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات، بەشێک لە ئەندامانی حیزبی لە ئورووپا بوون، کە ئەوانیش لە ڕاستیدا یەک دەست نەبوون و پێکەوە کاریان نەدەکرد، بەشێک لە مەنتەقەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتیی بارزانیدا بوون کە ئێمە لەوێ بووین، بەشێکمان لە نێو حکومەتی عێراقێ دەژیان لەلای دەوڵەتی عێراقی نەوعێک پەنابەرییان وەرگرتبوو، بەشێکمان لە گەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوون کە ئەو وەختی دوو دەستەیی یەک لە نێو پارتی دیمۆکراتی کوردستان دا هەبوو. بۆ ئەوەی یەک بگرنەوە ئەوەندەی مومکینە سەروسامانێک بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بدرێتەوە، بڕیارەکە درابوو کە جارێکی دیکە یەکتر ببینینەوە. ڕەنگە ئەوە رەخنەیەکی گەورەی پێ وارید بێ، بەڵام بە ڕاستی لە بیرم نیە کە چەندی خایاند، حەتمەن لە مانگ کەمتری پێ نەچوو کە د.قاسملوو جارێکی دیکە هاتەوە بەغدایە، ئێمەش هەر بۆ ئەو مەبەستە لە کوردستانەوە چووین و لە بەغدایە لە گەڵ د.قاسملوو و هێندێک رەفیقی دیکە کە لە گەڵ د.قاسملوو بوون ئاشنا بووین.

**پرسیار**: ماموستا ئەوەندەی جەنابتان لە بیرت بێ بۆ یەکەم جار کاک د.قاسملوو چۆن بوو بە ئەندامی حیزب؟ یان لای کێ بوو بە ئەندامی حیزب؟ ئەوەندەی بزانی....

**وەڵام**: بە بێشک ئەمن ئەوەم لە بیر نییە چونکی د.قاسملوو هەم تەمەنی لە من زیاترە و هەم تەمەنی هاوکاریی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێشترە، بەڵام وەکوو دەزانین د.قاسملوو لە رێگای یەکیەتیی لاوانەوە رێی کەوتۆتە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر لە ساڵی ۱۳۲۵ دا تاریخەکەی نازانم بە دەقیقی کەنگێ یە. لکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە ورمێ کە دامەزراوە ئەو سەر پەرستی بووە، لە نەتیجەدا لە حیزبی دێموکرات نزیک بۆتەوە، کەنگێ بۆتە ئەندام بە داخەوە نەک هەر لە بیرم نییە، هەر نەشم بیستوە هەتا بۆ خۆشی ئەوەندەی لە بیرم بێ لە هیچ جێیەک دا سەبتی نەکردوە.

**پرسیار**: مامۆستا، ئاماژەت بەوە کرد بۆ یەکەم جار هەر لە دوورەوەو هەر بە ناو د.قاسملووتان دەناسی کاتێک لە نزیکەوە لە گەڵی ئاشنا بوون لە گەڵ شەخسیەتێکی روبەروو ئاشنا بوون ئایا تەسەورتان ئەوە بوو کە پێشتر هەتان بوو یان تەسەورتان گۆڕا یان شەخسیەتێکی دیکەتان بینی کە رووبەروو لە گەڵی ئاشنا بوون؟

**وەڵام**: رەنگە زۆرم پێوەنەنابێ ئەگەر بڵێم وەختێکی د. قاسملووم لە نزیکەوە دی زەرفیەتی دەرکی عەزەمەتی د.قاسملووم نەبوو. د.قاسملوو دەریایەک بوو. ئەمنیش زۆر لە ئێستا سادەتر بووم، زۆر لە ئێستا کەم ئاگاهی‌تر بووم، چونکی من لە نێو کاری سیاسیدا بووم، زۆر کۆن بوو لە کاری سیاسیدا بووم. بەڵام لە نێو کاری سیاسیی فەعالدا نەببووم. ئەو وەختی کە لە کوردستانی خۆماندا بووین، بە قەولی فارسی "ئەمن زۆر خام بووم". بەڵام شتێکی کە لە بیرم ناچێتەوە ئەوە بوو کە د.قاسملوو چونکی زۆر کەم لە دێهاتی ژیابوو، لە دێهاتی لەدایک ببوو لە پاشان چوبووە ورمێ و لە ورمێ ڕا چووبووە تارانێ و چوبووە دەرەوە، زیاتر دەگەڵ فارسی زمان و ئازەری زمانەکان قسەی کردبوو و ئەو دوو زمانەشی بە حەددی کافی دەزانین یا بڵێین بە حەددی باشی دەزانین لە بەر ئەوە وەکوو غەیرە کورێک قسان بکا ئاوا بوو. هەم لە سەر وشە و زاراوە پەکی دەکەوت، هەم کە قسەی دەکرد زیاتر وەکوو غەیرە کوردێک قسە بکا مەسەلەن، "ع"ی نەبوو "ح"ی نەبوو. زۆر جار بە گاڵتە پێمان دەگوت عەجەم. بەڵام لە باری فکرییەوە کە بۆ ئێمە دەرکی رادەی زانست و تێگەیشتن و ئاگایی د.قاسملوو بە راستی ئاسان نەبوو، یانی گەورەتر بوو لەوەی کە بیستبووم.

**پرسیار**: مامۆستا، کاتێک کە د.قاسملوو دەگەڕێتەوە، لە کونگرەی ۲ی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا د.قاسملوو دژایەتیی دەکرێت لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە یان بڵێین لە دەرەجەی ئەوەڵ دا ئەحمەد توفیق. هۆکاری دژایەتیی ئەو



سەرچاوە
Serchawe

**ڕێبەرایەتییە یان خودی ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ د.قاسملوو بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

**وەڵام**: وەکوو دەڵێن ئەمن شاهیدی زیندووی قەزیەکە نەبووم، بەڵام ناکۆکیی نێوان د.قاسملوو و جەرەیانی مەرحومی عەبدوڵا ئیسحاقی لە کونگرەی ٢ دا نییە، زۆر پێش کونگرەی ٢ یە. کونگرەی ٢ لە ساڵی ١٣٤٣ دا گیراوە، لە حالێکدا ئەو ئیختلافە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٣٣٧ و ٣٨ و ٣٩ کە ناکۆکییەکی عومدەتەن فیکری لە بەینی د.قاسملوو لە لایەک و کاک ئەحمەد توفیق لە لایەکی دیکەدا هەبوو، بە جۆرێک کە تۆزێک لە لەفافەدا بۆی دەچم، وای لێهات کە د.قاسملوو بە دەسیسەی ئەحمەد تۆفیق هەر لە عێراقێ وەدەرنرا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەختی. بەڵام لە کونگرەی ٢ دا ئەحمەد تۆفیق بڕیارێکی بە ڕادان دا لە سەر د.قاسملووی کە د.قاسملوو لە حیزب دەرکرا و تەنانەت تۆمەتی خەیانەتی درایە پاڵ و ئەوەش تەنیا شاکاری کونگرەی ٢ نەبوو، لە کونگرەی ٢ دا ئەوەی بە د.قاسملوو کرا خراپ تر لەوە بە قازی محەممەدی کرا. بەیانێکی کە کونگرەی ٢ دەری کرد ـ بەیانی کۆتایی کونگرە. هیچی بە خودی قازی محەممەدو ڕێبەرانی کۆماری کوردستانەوە نەهێشتبوو، کە ئەوە ئاڵۆزییەکی زۆری پێک هێنا کە وای لێهات ئەمن شەخسەن لە بەهارەکەیدا سەرێکی کوردستانی گەرمێنم دا و لە گەڵ ڕێبەرانی حیزب دانیشتم، هەر بۆ خۆم کە بەیانەکەم دی زۆر ئیعترازم پێی بوو کە چۆن جەریانێک کە شانازیی تاریخی میللەتی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی یە ئاوا هوجوومی دەکرێتە سەریٚ! کە دیار بوو پێش من خەڵکی دیکە ئیعترازەکەی پێ کردبوون. گوتیان ئەتۆ بەیانییەی ١٠ی خاکەلێوەت نەدیوە. گوتم نەوەڵا، گوتیان ئێستە بۆت دێنین. کۆبوونەوەکەمان تەواو بوو چووین بۆ نان خواردنێ، لە سەرنان خواردنێ نوسخەیەک لە بەیانییەکەیان بۆ هێنام ئێستە ١٠ی خاکەلێوەش نەببوو، بەڵام ئامادەیان کردبوو، کە تەماشام کرد تەقدیرو تەجلیل لە نەقشی پێشەوا قازی محەممەدو ڕێبەرانی جمهوری کراوە. لە پاش نیوەڕۆیە سەعاتی ٣ و ٤ جارێکی دیکە دانیشتینەوە، کۆبوونەوەکان زۆر درێژەیان کێشا زۆر تەوەجوهیان کرد، لەوێ ڕوحی شاد بێ کاک سولەیمانی موعینی لێی پرسیم بەیانییەکەت خوێندەوە گوتم بەڵێ خوێندمەوە. گوتی پێت چۆن بوو؟ گوتم بۆ خۆی باش بوو بەڵام نابێتە کەفارەتی گوناحی بەیانییەی کونگرەی.

**پرسیار**: ئێوە کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی سیاسیی ئەو کاتی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد کاتێک کە پاش پرش و بڵاوی، یان ئەوەی کە دادەبڕێن و ئێوە هەر یەکی لە شوێنێک دەبن. کاتێک د.قاسملوو دەگەڕێتەوە، ئێوە لە چایخانەی ئەبوونەواس لە بەغدا کۆدەبنەوە، لەوێ کومیتەیەک هەڵ دەبژێرن کە لە بەرنامەی حیزب دا یان لەو کاتی حیزب هیچ قەرارێکی لە سەر نەدرابوو کە ئەو کەسانە سەلاحییەتی ئەوەیان هەبێ. بەڵام ئەوەندەی بزانم، ئێوە کۆمەڵێکی دیکەتان هەڵ بژارد وەک ڕێبەری. ئەو کۆبوونەوەیە چۆن پێک هات، ئامانجەکانی ئەو کۆبوونەوەیە چ بوون، د.قاسملوو چ نەخشێکی لەو کۆبوونەوەیەدا هەبوو؟

**وەڵام**: پێموابێ لە کتێبی نیوسەدە تێکۆشانیش دا بە جۆرێک ئیشارەم پێ کردوە نازانم چەندە بە درێژی و بە ڕوونییە، داستانەکە ئەوە بوو کە ئێمە دەمان هەویست یەک بگرینەوە، ئێمە پێش ئەوەی بچین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، کۆبوونەوەیەکی بەرینمان گرت کە ئەو وەختی چونکی ئێمە نەمان دەزانی ئەو ئیستلاحە سیاسییانە چۆنن، ناوی پلینۆممان لە سەر دانا. چەند نەفەرێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیمان هەبوون خەڵکێکی زۆریش لە کادرەکانی حیزبی لە دەوروبەری شوێنی کومیتەی ناوەندی کە ناڵێم ماڵێک بوو، دەڵێم ژوورێک بوو، تاقە یەک ژوور بوو لە شوێنێکی ناوچەی ئاکۆیان، لەوێ کۆبوونەوەمان کردبوو بڕیارمان دابوو پێشمان ئیبلاغ کرد کە: ئێمە د.قاسملوو وەردەگرینەوە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی کە هیچ، تەنانەت حازرین پەیڕەویش لە نەزەراتی وی بکەین، کە خودی د.قاسملوو وەختێکی خوێندبوویەوەو لە پاشان دیتی گوتی ئەوە شتێکی زۆر نادروستە، چون کومیتەی ناوەندی پەیڕەوی لە نەزەراتی کەسێکی دەکا کە بۆ خۆی ئەندامی کومیتەی ناوەندی نییە ، یان چون دەبێتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی لە حاڵێکدا ئەوان کومیتەو کونفراسێک هەڵی بژاردوون؟ بەڵام وەختێکی بۆ ئەو مەبەستە یەکمان گرتەوە، ئیحتیاجیش بە کەسێکی وەکوو د.قاسملوو لە باری فیکرییەوە، لە باری تەشکیلاتییەوەو بە تایبەتی لە باری ئوسوولی حیزبی یەوە زۆر زەق هەست پێ دەکرا، مەرحوومی د.قاسملوو گوتی: ئەمن نایەمە نێو ئەو کومیتە ناوەندییەی، ئەو کومیتە ناوەندییە کە بریتی بوو لە چوار عوزوی ئەسڵی، یەکێکیان لەوانە بوو کە لە کۆنگرە هەڵ بژێردرابوو کاک ئەمیری قازی، سێیان ئەوانە بوون کە لە کونفرانس دا هەڵ بژێردرابوون ـ کونفراسی ٢ کە شتێکمان کرد ناومان نا تەرمیمی کومیتەی ناوەندی، لەوێدا هەڵبژێردرا بوون، گوتی: بناغەی ئەو کومیتەی ناوەندییەی هی کونگرەی ٢ یە، کونگرەی ٢ منی بە خائین ناساندوە، کە وابێ ئەمن نایەمە نێو کومیتە ناوەندییەکی کە ئەوەبێ. بەحسێکی زۆر دوورو درێژمان بوو، لە راستیدا ئێمە کە ٣ کەسمان چووبووین کاک ئەمیری قازی بوو کاک حەسەن رستگار بوو، ئەمن بووم، ئێمە ئەمن و کاک ئەمیر هەتا سەر موخالیفەتمان کرد گوتمان ئەوە نابێ، ئێمە جێگەی تۆ دەکەینەوە هاوکاری دەکەین بەڵام کومیتەی ناوەندی رازی نابێ هەڵی وەشێنینەوە. لە ئاخرەکەی دا پێم وایە، لە بیرمە کاک حەسەن رستگار وا بزانم هێناویشمە گوتی: کاکە ئێوە ئەگەر ئەو شەڕە ئیدامە دەدەن ئەمن خواحافیز، ئەمن شەڕی قاسملووم پێ ناکرێ، جەبهەکەی ئێمە شکا، بۆیە رازی بووین بەوەی کە کومیتە ناوەندییەکی پێک بێنین کە لە بنی ڕا نە کۆنگرەیەک نە کۆنفرانسێک، هیچی لە پشت نیە.

یانی لەو کۆبوونەوە چوکەڵەیەدا نازانم ئەو ریستورانە لێی کۆببووینەوە ناوی ئەبوو نەواس بوو یان نا، بەڵام لە کەناری دیجلە مەنتەقەیک هەیە کە پێی دەڵێن ئەبوو نەواس، جادەیەکیشی پێدا دەڕوا هەر بەو ناوە، ریستورانی جۆراوجۆری لێ بوو، یەکێکیان ناوی ئەبوو نەواس بوو بەڵام شایەد لەوێ نەبوو، لەوێ کۆبووینەوە ٦ کەس بووین، ٧ کەسمان کردە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، لەو کومیتە ناوەندییەدا بوو ئەوە بە بێشک لە پێکهاتنی ئەو کومیتە ناوەندییە دا لە کارەکانی ئەودا نەقشی د.قاسملوو نەقشێکی زۆر بەرچاو و بەرجەستە بوو، دەکرێ بڵێین د.قاسملوو بە تەنێ لایەک بوو

ئەوانی دیکەمان لە زۆر شت دا بە هەموانمان لایەکی دیکەی بووین، ئەوە داستانی ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

**پرسیار**: کاتێک کە د.قاسملوو دەگەڕێتەوە عێراق و ئێوەش وەک کەسایەتییەکی ئەو کاتی حیزب لە گەڵ کۆمەڵێک لە تێکۆشەران دەچن بۆ ئەوەی د.قاسملوو بێننەوە یان داوای لێ بکەن بگەڕێتەوە ناو ریزەکانی حیزب، بەڵام ئەو مەرجێک دادەنێ، ئەو دێ داوا دەکا کە دەبێ حەتمەن کاک کەریمی حیسامی و کاک حەمەدەمین سیراجی لە گەڵ بێ. پێ داگریی د.قاسملوو لە سەر ئەو دوو کەسە بۆ؟ لە حاڵێک دا کێشەیەکی دیکەشی هەبوو لە گەڵ جەنابت دا، ئەوەی کە دەبێ کونگرەی ٣ نەبێ، بەڵکوو دەبێ کونگرەی ٢ بێ. کۆمەڵێک مەرجی دیکەی هەبوو چۆن بوو ئەو مەرجەی دەیهەویست بسەپێنی بە سەر ئەو جەمعەی کە دەیان ویست د.قاسملوو بگەڕێتەوە؟

**وەڵام**: ئەوە دوو مەرحەلەیە. مەرحەلەی ئەوەڵێ ئەوەیە کە د.قاسملوو ئیسراری هەبوو کە ئەو دوو سێ برادەرەی لە گەڵ بن، هەر کەریمی حیسامی و حەمەدەمین سیراجی نەبوون، برادەرێکی دیکەش بوو کە ئەویش نەماوە بە ناوی "یوسف ریزوانی" کە مەشهوور بوو بە " عەبدوڵڵا شلێر" ئەویشی هەر لەگەڵ بوو، حەساسیەتێک کە ئێمە بوومان ڕەنگە ئەمن نەم بوو، بە راستی ئەمن نەم بوو چونکی ئەمن زۆر رەفیق بووم لە گەڵی، لە سەر کاک محمد ئەمین سیراجی بوو، بەڵام کاک محمد ئەمین سیراجی لە نێو بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧ دا بوو، بەشێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندییش لە گەڵ بزووتنەوەکە نەبوون، جگە لەوە هێندێک تێ بینی یان لە سەری هەبوو کە رەنگە تێ بینی یەکان نەم هەوێ باس بکەم، هێندێک وارید بوو هێندێکیان وارید نەبوون، ئیسرارەکەی کاک دوکتوری لە سەر هەموویان بوو بەڵام، موخالیفەتەکەی برادەرانی مە لە سەر کاک حەمەدەمینی سیراجی بوو تەنانەت ئەو پلینۆمە بریاری دا بوو کە محمد ئەمینی سیراجی بە هیچ جۆرێک نابێ وەر بگیرێتەوە. هەتا دوایەش کە بریار دراو وەرمان گرتەوە، لە گەڵ موخالیفەتێکی زۆری کادرو ئەندامانی حیزب لە کوردستانی گەرمین بەرەو ڕوو بوو، دەلیلەکەی دوو شت بوو، یەکێکیان لە باری فکرییەوە ئەو وەختی لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا دوو خەتی فکری هەبوون، فکرێکی چەپی کە دەکرێ پێی بڵێین فکرێکی دەستە چەپی ئەگەر پێی نەڵێین فکرێکی کۆمونیستی. ئەوی دیکەیان فکرێکی ناسیۆنالیستیی بەرچاوتەنگ و تا حەددێکی زۆریش دەستەڕاستی بوو، کە فکری ئەوەڵ د.قاسملوو نمایندەگیی دەکرد یا بڵێین عونسوری هەرە بەرچاوی بوو، فکری دووهەمی مەرحوومی ئەحمەد تۆفیقی. یەکێکیان ئەو هاوفکرییە بوو، دەلیلی دیکەشی ئەوە بوو پێکەوە کاریان کرد بوو. ئێستە د.قاسملوو حازر نەبوو رەفیقەکانی بە جێبێڵێ و بۆ خۆی بێ لە گەڵ جەمعێکی دیکە هاوکاری بکا. ئێمە کە تەسلیم بووین بە نەزەراتی د.قاسملووی، دەبێ قبوڵ کەین بێجگە لەوە کە ئیحتیاجییەکە یەکجار زۆر بوو، بە جۆرێک لە جۆران ئێمە هاتین قەرارێکی کە جەمعی گەورەتر لە خۆمان دابوویان ئەو قەرارەمان شکاند، بە شێوەیەکی غەیرە ئوسووڵی بە پێی ئەو وەختی ئەوەمان قبول کرد ئەو شەرتەی د.قاسملوو. بەڵام بەشێک لە دەلیلەکانی ئەوە بوو کە جەبهەکەی ئێمە کەلێنی تێ کەوت کە من بەش بە حاڵی



سەرچاوە
Serchawe

خۆم پێم وایە کارەکە لە باری ئەساس نامەیی یەوە کارێکی خەراپ بوو، بەڵام ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دواتر دا نەسیبی بوو لە شانازییەکان، دەتوانین بڵێین هی ئەو قەرار شکاندنە بوو، ئەوەش موهیم ترە.

**پرسیار**: مامۆستا کاتێک کە کۆمار دەڕووخێ، تا وەکوو چەندین ساڵ دواتر بەرنامەی ئەو حیزبە وەک خۆی دەمێنێتەوە. یانی هیچ ئاڵوگۆڕێکی تێدا پێک نایە، یەکەم جار کە بەرنامەو ئەساسنامە دوای تێک چوونی کۆمار دەسکاری کراوە یا داڕێژراوە بە شێوەیەکی مۆدێرن، بۆ حیزبێک کە بتوانێ کاروباری خۆی لەو راستایەدا بەرێتە پێش کەی دەسکاری کرا د.قاسملوو چەندە لە داڕشتنەوەی ئەو بەرنامەو ئەساسنامەیەدا شوێن دانەر بوو؟

**وەڵام**: ئەگەر بکرێ پێی بڵێین بەرنامە و ئەساسنامە نەک لە دەورانی کۆماردا بەڵکوو لە پێش دامەزرانی کۆماردا نووسراوە شتێکی زۆر کورت و موختەسەرە، زیاتر وەکوو مەرامنامە حەق وایە باسی بکەی، چونکی چەن ئەسڵێکی کوللین کە ئەو وەختی نووسراوە ئیدی دەسکاری نەکراوەتەوە و تەنانەت بەلای زۆر کەس نەش بووە. ئێمە ئەندامی حیزب بووین شتێکمان بە ناوی بەرنامە و ئەساسنامە نەدیبوو. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم لە بیرمە عومرم ١٣ ساڵ و سێ مانگ بوو کە بووم بە ئەندامی حیزب، لە حاڵێک دا دواتر نازانم ئەو وەختی نەنووسرا بوو، بەڵام دواتر ١٨ ساڵمان دانا بۆ تەمەنی ئەندامەتی. بەڵام ئەتۆ گوتت کەنگێ بە شێوەی مودێڕن. ئەمن ئەگەر بڵێم بە شێوەی مودێڕن، دەبێ بڵێم لە دوای ساڵی ١٩٧٠، ئەو وەختەی ئێمە دەگەڵ د.قاسملوو یەکمان گرتەوە. د.قاسملوو بەرنامە و ئەساسنامەیەکی گەڵاڵە کرد و هەموومان دەسکاریمان کرد، دەتوانم مودێڕنەکەی بۆ وەی دابنێم. بەڵام دەسکاری کردنی یەکەم جاری، ساڵی ١٣٤٢ دەسکاری کراوەو لە کۆنگرەی ٣ دا کە ساڵی ١٣٤٣ پێک هاتوە لەوێ دا پەسەند کراوە. ئەویان بەرنامە و ئەساسنامەیەکی زۆر دوورودرێژە و بەڵام ئیدی ناکرێ پێی بڵێین مودێڕن بەراستی چونکی (ئێستا بریا بە دەستەوە بایە) وەکوو شتێکی عەنتێکە دەهاتە بەر چاو. یانی لە باری موحتەواوە زۆر سادە دەهاتە بەر چاو، بە هیچ جۆر شتێکی مودێرن و رێکوپێک نەبوو. لە وەدا د.قاسملوو هیچ نەقشێکی نەبوو لە حاڵێک دا لەوەی دواتر کە بە شێوەیەکی جوانتر و رێکوپێکترو عیلمیتر نووسرا بوو د.قاسملوو نەقشی هەرە ئەساسی هەبوو، یانی ئەو دای ڕشت، نووسی، لە پاشان هێنای ئێمە ئەوەندەی توانای فکریمان هەبوو قسەمان لە سەرکرد و دەستکاریمان تێدا کرد.

**پرسیار**: لە نیو سەدە تێکۆشاندا هێناوتانە، بگەڕێنەوە رابردووتر عەبدوڵڵا ئیسحاقی و هاوبیرانی بە رێگایەک. وا نووسیوتە کە ناکرێ ئێستا دەلایلەکەی باس بکرێ، د.قاسملوویان لە عێراق وەدەرنا. پاش چل ساڵ زیاتر وەختی ئەوە نەهاتوە کە باسی ئەو هۆکارە بکرێ کە د.قاسملووی لە عێراق پێ وەدەرنرا؟

**وەڵام**: ئەمن لە پێشەوەش باسم کرد کە بە شێوەیەکی ناڕوون باسی دەکەین. بەڵێ بە داخەوە دەورانی ئەوە کە ڕەنگە ئەمن



سەرچاوە
Serchawe

نەیبینم ئارەزوو دەکەم ئێوە ببینن، ئەو شتانە بگوترێن وەکوو حەقایقی تاریخی بگوترێن بێ ئەوە هیچ شتێکی خراپی لێ شین بێتەوە هێشتا نەهاتوە. ئێستێ زۆر حەقایقی روونی تاریخی هەن ئەگەر باسیان بکرێت وا تەماشا ناکرێن کە ئەوە تاریخ چۆنە وا باس کراوە بۆ ئەوەی بەرەی تازە لێی ئاگادار بێ و وەک ئەمانەت و شتێکی تاریخی بنووسرێ. هێندێک ئاڵۆزی سیاسی و فکری و دیپلۆماسیی لێ شین دەبێتەوە، لە بەر ئەوە بە داخەوە جارێ وەختی نەهاتوە. دەزانم ئەمن نای بینم چونکی ئەمن زۆر دەژیم دەساڵی دیکە بژیم کە رەنگە نەژیم. بەڵام بە دە ساڵی دیکە بەداخەوە ئایندەی کورد و کوردستان و کوردەواری وا نابینم کە بڵێین هەموو شتەکان دەڵێین بێ ئەوەی تەفسیری خراپی لێ بکرێ.

**پرسیار**: لە بەرەبەری رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە ئێران و بەرەو ئینقلابێکی نوێ لە ئێراندا، ئەو دەستە لە تێکۆشەرانی حیزبی کە لە عێراق دا بوون، دەیانەویست جموجۆڵێکیان لە ئێراندا هەبێ لە کوردستان دا، بە تایبەتی ئێوە لەو سەردەمەدا کومیتەیەکتان بە نێوی کومیتەی زاگرۆس پێک هێنا. ئەو کومیتەیە چۆن پێک هات ئامانجەکانی چی بوون ئەندامەکانی کێ بوون و چۆن دەستتان بە کارەکانی خۆتان کرد؟

**وەڵام**: ئەگەر "بەرەبەر" بە مانای چەند ساڵێک بێ دەبێ، بەڵام ئەگەر بە مانای چەند مانگێک بێ، وانییە. ئێمە لە چەند ساڵ پێش ساڵی ١٣٥٧ وە دەستمان کردبوو بە هێندێک کار کردن لە نێو کوردستان و تەنانەت لە هێندێک باردا زۆریش چووبووینە پێشێ، مەسەلەن دەتوانم بڵێم رێکوپێک ترین رێکخراوی خوێندکاریمان لە دانشگای تارانێ هەبوو. یانی لەو ماوانەدا قەتمان رێکخراوی خوێندکاری لە تارانێ لەو وەختی بە قەوەت تر نەبوو. کاری تەشکیلاتیمان لە بەشێک لە ناوچەکانی کوردستان دیسان دەست پێ کردبوو. بەڵام پێش ئەوەی کە کومیتەی زاگرۆس پێک بێ، نزیک بە چوار ساڵ پێش ئەو وەختی، ئێمە شتێکی دیکەمان پێک هێنا. هەر ئەو وەختی ناوی "سیامی"مان لە سەر نا، یانی کومیتەیەکی سیاسی ـ نیزامی. مەبنایەکەی ئەوە بوو کە هەیئەتێکی پێک دێنین بۆ ئەوەی بگەرێنەوە نێوخۆی وڵات و لە نێوخۆی وڵات دا تێکۆشانی تەشکیلاتی و سیاسی بەکار بەرن، بەڵام چونکی ئیمکانی نییە بێ چەک بن، دەبێ چەکیشیان لە شان دابێ. کە وابێ دەبێتە سیاسی ـ نیزامی، کە رەنگە جوانتر بوو بگوترابا تەشکیلاتی نیزامی، بەڵام ناومان نا سیاسی ـ نیزامی. بەس بە کردەوە ئەو بریارەی ئەو کومیتەیە بە مردوویی لە دایک بوو. یانی هیچ وەختێکی ئەوە عەمەلی نەکرا چونکێ هەلومەرجەکە سەخت بوو، ئەو کەسانەش کە ئامادە بوون خەباتێکی ئاوا سەخت لە داخڵی وڵات دا دەست پێ بکەن، لە باری عەدەدییەوە یەکجار زۆر کەم بوون. بەڵام لە سەروبەندی هەڵگیرسانی راپەرینی گەلانی ئێراندا ئەو جارە کە مەسەلەکە بە جۆرێکی دیکە هاتەوە گۆرێ، هەلومەرجەکە گۆرا بوو راپەرینیش دەستی پێ کردبوو، کە مەرحومی د.قاسملوو لە دەرەوە را هاتەوە گوتی: دەبێ بچینەوە، ئێستا ئیدی وەک جاران نیە، ئەوە گەرانەوەی بۆ نییە. لە بیرمە ئەو کاک حەسەنی رستگارە گوتی: شا دەروخێ، ئەو پیاوە وەک قەل بە بن باڵی خۆیدا دەروانێ و شتی دەبینێ. حەتمەن شا

دەرووخێ مادام ئەو بەو جەزمەوە باسی دەکا، شا ڕۆیشت. لەو هەلومەرجەدا بڕیار درا کە ئێمە بگەڕێینەوە وڵات، بۆ ئەو مەبەستە دەبوو کومیتەی ناوەندی و ڕێبەری بگەڕێتەوە وڵات، بەڵام ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ( ئیشەڵڵا کەس قەڵس نەبێ)، هەموویان ئامادە نەبوون بگەڕێنەوە وڵات، بۆ کار لە نێو خۆی وڵاتدا تەنیا بەشێکی کەمیان ئامادە بوون.

داوایان لە کادرەکانی خوارەوەی کومیتەی ناوەندی کرد، کە بگەڕێنەوە. بۆ ئەوە هەم روویان لە چەند کەسێک کردو هەم ئەو چەند کەسە بە دەنگیانەوە هاتن. ئەو چەند کەسە بریتی بوون لە (مەرحووم سەیید رەسووڵ بابی گەورە، (سەیید رەسووڵ دێهقان)، کاک حەسەنی شیوەسەڵی و عەبدوڵلا حەسەنزادە). لەوێدا فکرێک هاتە پێشێ، رەنگە ئەگەر تاوانیش بێ، تاوانەکە ئەمن قەبووڵی دەکەم زیاتر هی من بوو. ئەمن گوتم ئەگەر کومیتەی ناوەندی دێتەوە وڵات، ئێمەش وەکوو پێشمەرگە لە خزمەتیان داین، بەڵام ئەگەر کومیتەی ناوەندی وەک کومیتەی ناوەندی نایەتەوە، ئێمە بەوە رازی نابین کە ئێمە لەوێ لە گەڵ مەرگ بەرەو رووبین (چونکی تەسەورمان ئەوە بوو کە هەموو رۆژێک ٢ جار دەرگیر دەبین و دەکوژرێین و زیندانی دەکرێین) لێرەش کومیتەی ناوەندی لە سێبەرێ دانیشێ و بڕیارمان بۆ بدا. بەو شەرتە ئێمە دەگەڕێینەوە کە سەڵاحیەتی کومیتەی ناوەندی مونتەقیل بێ بەو کەسانە کە دەچنەوە وڵات. ئەوان یەک هەیئەت پێک بێنن کە رێبەریی حیزب وەئەستۆ بگرن. سەرفە نەزەر لەوە کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەن یا نین، پاش موناقیشەیەکی زۆر کومیتەی ناوەندی ئەوەی قەبووڵ کرد، و لە کومیتەی ناوەندیدا ئەو ئۆرگانە پێک هات. ئەندامانی ئەو ئۆرگانە لە کومیتەی ناوەندی بریتی بوون لە، شەهید د.قاسملوو، کاک ئەمیر قازی، کاک هاشمی کەریمی. لە دەرەوەی کومیتەی ناوەندییش کاک سەیید رەسووڵ دێهقان بوو، کاک حەسەن شێوەسەڵی بوو، ئەمن بووم، دیارە بە حقوقی موساوییەوە هەموومان بووین بە ئەندامی ئەو ئۆرگانە. هەر لەو کاتەدا بڕیار درا هەر کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کە گەڕایەوە کوردستان بێ ئەوەی هەڵبژاردنی بۆ بکرێ هەر لە ئێستاوە ئەندامی زاگرۆس بێ. ئێمە کە گەڕاینەوە بە سێ وەجبە گەڕاینەوە. پاش دوو هەفتە یا سێ هەفتە ئەو پەڕەکەی ٣ حەوتوو پێم وایە فاسیلەی هەبوو، کاک حەمەدەمین سیراجییش گەرایەوە، ئەویش بوو بە ئەندامی زاگڕۆس.

ئیدی هاوڕێیانی دیکەی کومیتەی ناوەندی هیچیان نەگەڕانەوە هەتا شا رووخاو کۆماری ئیسلامی هاتە سەرکار و وەزعییەتەکە خۆش بوو. وەختێک گەڕانەوە تازە وەختی ئەوە نەبوو کە ئەوان بێن ببن بە ئەندامی زاگرۆس، وەختی ئەوە بوو کە زاگرۆس هەڵ وەشێ. کۆبوونەوەیەک کرا لە کومیتەی ناوەندیدا، ئەندامانی زاگرۆس و ئەوانەی کومیتەی ناوەندیش نەبوون بەشدار بوون پێشنیاریان پێ کردین کە زاگرۆس ئێستێ زەروورەتی نەماوەو هەڵ دەوەشێ، بەڵام ئەو ئەندامانەی زاگرۆس ببن بە موشاویر، ئەمن بەش بە حاڵی خۆم رەتم کردەوەو قەبووڵم نەکرد. نازانم پێشتر ئەوانیش هەر بڕیاریان دا بوو یان ئەوەی من بوو بە سەرمەشقێک، ئەو دوو هاوڕێیەی دیکەش مشاویریی کومیتە مەرکەزییان رەد کردەوە. ئیدی ئێمە

بووینەوە بە ئەندامێکی سادەی حیزبی و کومیتەی ناوەندی کارەکانی خۆی دەست پێ کردەوە. ئەمە کەوتە بەهاری ١٣٥٨. پێموابێ ٢ مانگێک لە بەهار چووبوو.

**پرسیار**: کاتێک کە کومیتەی زاگرۆس دەگەڕێتەوە ئەوەندەی باس کراوە د.قاسملوو دادەنرێ بۆ تاران، ئەندامەکانی ئەو کومیتەیە لە شارەکان بڵاو دەبنەوە. بە راستی ئێوە هیچ ئامادەییەکتان هەبوو وەک کومیتەی زاگرۆس یان وەک ئەو کاتی حیزبی دێموکرات بۆ هەر رووداوێک، بۆ هەر گۆرانکارییەک کە لە کوردستان دا دێتە پێش؟ پاشان نەقشی د.قاسملوو لە چوونەوە ناوخۆی وڵات چۆن بوو، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە د.قاسملوو کەسایەتییەک بوو کە بەو شێوەیە کە پێویست بێ لە ناو جامعەدا نەناسرابوو. چونکە فەعالیەتێکی بەو شێوەیە لە ناوخۆی کوردستانی رۆژهەڵات دا نەبوو بەڵام کە هاتەوە ئایا ئێوە ئامادەگیی ئەو ئینقلابەتان هەبوو؟ لە جەریانی ئینقلاب دا د.قاسملوو چەندە کاریگەر بوو لە ناساندنی حیزبی دیمۆکرات دا؟

**وەڵام**: ئەگەر راست بڵێین ئەوەیە کە ئێمە هەر وەختێکی کە دەگەڕاینەوە وڵات هێندێک تەسەوری زۆر ناواقیعیمان لە هەلومەرجی داخڵی وڵات هەبوو، مەسەلەن وەختێکی د.قاسملوو پێشنیهادی کرد کە ئێمە دەبێ بە بێ چەک بچینەوە وڵات، ئەمن بەش بە حاڵی خۆم لە ترسی ئەوەی پێم بڵێن ترسەنۆکە قەبووڵم کرد دەنا پێم وابوو ئەوە خودکوشییە. چۆن بە بێ چەک دەچینەوە نێوخۆی وڵات، ئیدی ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە وڵاتی خۆمان دا رووی دابوو لە سەرتاسەری ئێراندا، لە دەرەوەی سنوورەکان بۆ ئێمە قابیلی پێش بینی نەبوو. بە خۆشییەوە لە ئەوەڵ مەرحەلەدا کە پێمان وەجادەی کەوتو سواری ماشین بووین تەماشامان کرد مەلمووسە. لە دێیەکی مەنتەقەی پیرانشار ڕا چووینە سەر جادەی. بەفر و سەرما و سایەقە بوو، بە نێو شاری پیرانشاردا بە بەردەم پاسگاکانی سەر سەر رێگادا، بە نێو شاری نەغەدەدا ئێمە رۆیشتین هیچ مەئمورێکی دەوڵەتی لە سەر رێگا نەبوو بڵێ بۆ کوێ دەچن. کە ئێمە قاچاغ بووین ئەو وەختی دیتمان کە بابە ئاڵوگۆڕەکە زۆر قووڵترە لەوە. بە بێشک د.قاسملوو نەقشێکی زۆر ئەساسیی بوو بە تایبەتی د.قاسملوو ئیدی ئێستا ئەو کەسە نەناسراوە نەبوو وەکوو پێشتر. د.قاسملوو چەن ساڵێک بوو هاتبۆوە نێو کوردستان و لە گەڵ حیزبی دیمۆکرات هاوکاریی دەکردو وەک سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان ناسرابوو لە پاشان پێوەندییەکی بەرینی سیاسی و دیپلۆماسی و شەخسی و عیلمیی لە گەڵ کۆرو کۆمەڵەی جۆراوجۆر هەبوو هەم لە داخڵی کوردستان و هەم لە رادەی ئێراندا و هەم لە سەتحی نێونەتەوەییدا. بۆیە، د.قاسملوو نەقشێکی یەکجار زۆری هەبوو. ئەمما، بۆ ئەوەی ئایا ئامادەییمان وەک حیزبی دێموکرات بۆ کارێکی ئاوا هەبوو یان نە، واقیع بینانە ئەوەیە کە بڵێم نەخیر، ئەو ئامادەییە نەبوو. دەبوو خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. دەبوو بێیننەوە نێوخۆی وڵات، چونکی ئێمە لانی کەمی تەشکیلاتمان هەبوو. ئەو تەشکیلاتەی کە هەبووشمان، زیاتر تەشکیلاتێکی هەستەیی و پەرش و بڵاو بوو. نەفەرێ لێرە ٤ نەفەر لە جێیەکی دیکە، وەک گوتم تەنیا جێیەکی کە

خەڵکێکی زۆرمان پێکەوە سازمان دابوو دانیشگای تارانێ بوو. دانشجوی باشمان هەبوون و لەوێ تا حەددێکی زۆر دەتوانم بڵێم وەکوو رێکخراوی حیزبیمان هەبوو، ئەوەی دیکە فەقەت هەستەی حیزبی هەبوون، حەتا ئەگەر لە شارێک چەن کەسمان هەبوون ئەو چەند کەسە پێکەوە نەبوون. بەڵام کە گەڕاینەوە وڵات بە تایبەتی پاش ئەوەی کە رێژیمی شا رووخا ئیدی ئەوجار، کە ئەو زەمینە موساعیدەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی و ئەو تاریخەی کە هەیەتی شتەکە دەتەقێ. دەکرێ بڵێین لە ماوەیەکی زۆر کەم دا لە ماوەی مانگێک دا حیزبی دیمۆکرات لە حیزبێکی چەندە کەسییەوە یا ئەوپەڕەکەی چەن سەد کەسییەوە بوو بە حیزبێکی چەند دە هەزار کەسی.

لە بیرمە دۆستێکی ئەندامی حیزبی شیوعی عێراق، (ئەو وەختی حیزبی شیوعی کوردستان نەبوو بەڵام کورد بوو)، کە میوانی ئێمە بوو لە مەهاباد، لە وەختی خەباتی نەهێنی ئێمەش و ئەوانیشدا، ماڵێکمان بۆ گرتبوون، ٢ رەفیق بوون لەوێ دەژیان، هات بە منی گوت: "تەماشای پێرەوی نێوخۆی حیزب مەکەن. وەختی پێرەو نیە، ئەورۆکە وەختی هوجوومی خەڵکە، خەڵک دێ بەرەو حیزبی دێموکرات. ئەگەر ئێوە وەریان نەگرن روو دەکەنە جێی دیکە، ئەورۆ رۆژی گەشە کردنی حیزبی دێموکراتە". نەسیحەتێکی زۆر باش بوو. گوتی: "ئەو خەڵکە وەربگرن. ئەگەر ویستیان تەسفیەیان بکەن دوایە تەسفیەیان بکەن". بەراستیش وا بوو کە ئێمە دەرگامان کردەوە خەڵکێکی زۆر هات. لە حاڵێکدا لە گەڵ ئەو خەڵکە زۆرەش خەڵکی وا هاتبوو کە پێویست بوو دوایە دەری کەین، چونکی خەڵکی ناسالمیش هاتبوون، بەڵام ئەو خەڵکە ناسالمە لە خراپترین حاڵەت دا یەک لە هەزاری خەڵکەکەی بوو. ئەو وەختی ئیدی ئەمە ئەگەر نەمان توانی بوو سازماندەهی یەکی باشیش بکەین و ئاگاهیی سیاسی باشیش بدەین بە خەڵکی توانیبوومان خەڵکێکی یەکجار زۆر بەسیج بکەین. هەر بۆیە حدوودی ساڵێک دواتر، کە کۆنگرەمان گرت لە گۆنگرەی چواردا نوێنەدەی زیاتر لە چل هەزار کەسی فەقەت ئەندامی حیزبی، ئەندامی رەسمی، دەنا وەکوو لایەنگر دەبێ بڵێین نوێنەدەی زیاتر لە نیو میلیون کەسێک هاتبوون بۆ کۆنگرە.

**پرسیار**: کاتێک کە حیزبی دێموکرات لە مەهاباد بە ئاشکرا بوونی خۆی ڕادەگەیەنێ و کار و چالاکیی خۆی دەست پێ دەکا، بە پێی رەوتی کار و زەمان و چالاکی ئێوە، وردە وردە حیزبی دێموکرات وەک نوێنەری بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەردەکەوێ، یان بڵێین لە مەیدانی سیاسیی ئەو کاتی ئێراندا خەباتی نەتەوایەتیی رێبەری کردوە. بەخێرایی لە سەر ئەو بەشە تێ دەپەڕین، چونکە جەنابت لە وتووێژێک دا لە وڵام دانەوە بە گۆواری "چشم انداز" دا ئەو برگە زەمەنییەت تاوتوێ کردوە. بەڵام چۆن بووە لە کاتێک دا کە کەسایەتیی وەک د.قاسملوو و زۆر کەسایەتیی ئاکادمێک هەبوون لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و بە تایبەتی لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، بەڵام د.قاسملوو زۆر جار لە زۆربەی هەیئەتی نوینەرایەتیی کورد و هەیئەتی نوینەرایەتیی حیزبی دێموکرات دەور و رۆڵی یەکەمی داوە بە جەنابت؟



سەرچاوە
Serchawe

**وەڵام**: ناکرێ بڵێین کەسایەتیی ئاکادێمیک لە دەوروبەری حیزبی دیمۆکراتدا نەبوون. بەڵام ناشکرێ بڵێین زۆر بوون، چونکی غەیری د.قاسملوو کە شەخسیەتێکی ئاکادمێک بوو وەکوو حیرفەیی کاری بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکرد، ئەوانی دیکە کەمیان بەو شێوەیە لە کاری حیرفەیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بوون، ئەو کەسانە بوون کە لە داخڵی وڵات دا بوون، مەسەلەن کەسێکی وەکوو مەرحوومی شەهید د.شەرەفکەندی ئەندامی موشاویری کومیتەی مەرکەزی بوو چیهرەیەکی ئاکادێمی بەرجەستەش بوو. بەڵام ئیدی مامۆستای دانیشگا بوو لە تارانێ، نەدەکرا بێتە نێو شتی عەمەلیەوە. لە پاشان ئەمن بە هیچ جۆر نەفەری یەکەم نەبووم لە پاش د.قاسملوو، بڵێین نەفەری دووهەم لەو جۆرە شتانەدا. تەنیا لە جەرەیانی مەسائیلی مەربووت بە موزاکەرە چ لە نێو هەیئەتی نمایندەگی خەڵقی کورددا، چ لە نوینەرایەتی لە گەڵ ئەملاوئەولا، یانی وەکوو نوینەر دەچووینە تاران و قوم، وا دانرا بوو، ئاگام لێ نەبوو چونکی ئەندامی کومیتەی مەرکەزی نەبووم. بەڵام وا داندرابوو کە لە غیابی د.قاسملوودا ئەمن مەعمولەن بە دەرەجەی یەکەم سەرپەرستیی هەیئەتەکانم دەکرد یان دەچووم بۆ ئەملاوئەولا. بریا بۆ خۆی مابا لێی پرسرابا بەڵام رەنگە هی ئەوە بوو کە ئەوەڵەن تەجرەبەم هەبوو و ماوەیەکی زۆر بوو پێکەوە کارمان دەکرد، لە پاشان وەکوو سیاسەتی حیزب، ئەمن لە گەڵ سیاسەتی حیزب ببووم ئەو خەڵکەی لە داخڵی وڵات دا بوون رەنگە مامۆستای دانیشگا بن، بەڵام لە گەڵ سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان جارێ ئاوا ئاشنا نین. ئەو کەسەی کە لە دەرەوە دەی بینێ یا دەیبیستێ دەگەڵ ئەوەی هەموو رۆژێ کاری لە گەڵ دەکا ئەو دووانە فەرقیان هەیە. پاشانیش بە خۆشیەوە مەوریدی ئیعتمادی ئەندامانی کومیتەی مەرکەزی بووم لە بەر ئەوە ئەو نەقشە بە من سپێردرا بوو کە لە نەبوونی د.قاسملوو دا سەرۆکی بە کردەوە نەک بە رەسمی، سەرۆکی هەیئەتی نوینەرایەتیی گەلی کورد بووم. یان زۆر جار کە دەچووین بۆ ئەملاوئەولا ئەمن وەکوو چەن جاریش بە شۆخی گوتوومە چەن جارم ئاوەسوێرەکەی قوم خواردۆتەوە. هەموو جارێ سەرۆکی هەیئەت بووم، غەیری جارێک کە کاک غەنی بلوریان لە گەڵ بوو ئەو جارەی کە چووینە لای ئاغای بەنی سەدر، دەنا ساڵی پێش تر جاری ئەوەڵ وەکوو هەیئەتێک چوبووین، ئەمن نوێنەری هەیئەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بووم.

**پرسیار**: مامۆستا ئێوە لە گەڵ د.قاسملوو قەت چوونە لای خومەینی؟ ئەگەر چوون، روانگەی د.قاسملوو سەبارەت بە خومەینی چۆن بوو لە سەرەتای شۆڕش دا؟

**وەڵام**: هەم دوکتور هەم ئەمن یەکی جارێکمان خومەینی دیوە، بەڵام پێکەوە نەبووین. جاری ئەوەڵێ کە دوکتور چوو، کاک جەلیل گادانی بوو، چەن کەسێک بوون، هەیئەتێکمان هەڵ بژارد بوو لە کوردستانەوە چوون، ئەوانە پێکەوە بوون، دواتر کە ئەمن چووم ئەوجار د.قاسملو لە گەڵ نەبوو. نازانم دیدگای چۆن بوو بەڵام بە هەر حاڵ ئەمن ئەو کابرایەم بە پیاوێکی زیرەک هاتە بەرچاو. دژ بە ئەفکاری ئێمە بوو، دژ بە ئامانجەکانی مە بوو، بەڵام کابرایەکی زیرەک بوو. جارێکی

دیکەش گێڕاومەتەوە ئەمن بە خەیاڵی خۆم دەم هەویست زیرەکی بکەم قسەیەکی لە زاری دەربێنم کە بۆ رۆژنامەکانی باس کەم، کە قسەمان کرد گوتی: "نابێ بە پەلە بن و نابێ فشارمان بۆ بێنن، ئینقلاب کراوەو مەسائیل زۆرە دەبێ حەل بێ و بە ڕۆژێک حەل نابێ". ئەمنیش لەوێدا زیرەکییەکەم کرد گوتم: "ئێمە ئەوانە هەموو دەرک دەکەین، بەلام خەڵکی کوردستان زۆڵمیان لێ کراوە، ئێستێ دەیان هەوێ بزانن کە لە دەورانی کۆماری ئیسلامیدا ئەو زۆڵمەیان لە سەر لادەچێ. لەو بارەشەوە باوەریان بە کەس نیە بە جەنابت نەبێ، جەنابت کافییە تەنیا ئەو ئومێدە بە خەڵکی کوردستان بدەی کە کۆماری ئیسلامی رەفعی زۆڵمیان لێ دەکا". نە گوتی دەکرێ، نەگوتی ناکرێ. ئەوە زیرەکییەکەی بوو. گوتی هەر کەس دێ دەڵێ زۆلمم لێ کراوە، کورد دێ وا دەڵێ، ئازەری دێ وا دەڵێ، ئیسفەهانی وا دەڵێ، شیرازی دێ وا دەڵێ، مەسئەلەکەشی تێکلاو کرد، یانی لە میللەتانەوە بردیە سەر خەڵکی شاران، کورە لەو قومەی، لەو قومەی نەیان دەهێشت ئێمە مەراسمی مەزهەبی بە ئازادی بەڕێوە بەرین. کردیە تەپوتۆز و مەسەلەکەی ماسماڵی کرد و جوابی نەدایەوە، ئەوە نیشانەی زیرەکی بوو. بەلام بە بێ شک دەگەڵ ئەفکاری حیزبی دێموکرات بیگانە بوو، موخالیفی دابین کردنی داخوازییەکانی میللەتی کورد بوو، هەتا تەماشا پەیامی ٢٦ی ئابانی بکە لەوێش دا ئەو زەکاوەتە وەدەر دەکەوێ. مەسەلەن دەڵێ هاووڵاتی یانی کورد، دەبێ رەفعی ئەوەو ئەوەیان لێ بکرێ، بەلام باسی حقوقی سیاسی ناکا بە هیچ جۆرێکی. باسی حقوقی نەتەوایەتی ناکا، زۆر بە دیققەت کەلەماتی هەڵ دەبژارد.

**پرسیار**: د.قاسملوو وەک کەسایەتییەکی ئەو سەردەمە چەندە کاریگەری لە هەماهەنگ کردنی هێزە سیاسیەکاندا هەبوو، ئەو کە ساڵانێکی زۆر لە ئەوروپا ژیابوو ئەزموونیکی ئەورووپای دیبوو. داخوا رۆڵی د.قاسملوو هەست پێ دەکرا لە ئاستی هەماهەنگی نوینەرایەتی کورد بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی؟

**وەلام**: بە داخەوە دەبێ بلێین دەگەڵ ئەوەی د.قاسملوو سەر رشتەی لە هەموو مەجالێکی کاری سیاسی و دیپلۆماسیدا زۆر بوو، بەلام فەزای سیاسیی ئەودەم ئەوە نەبوو کە د.قاسملوو یا تەنانەت هەموو حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بتوانن ئەو نەقشە بازی بکەن. هەر ئەوە بوو کە وەختێکی ئێمە ویستمان دەنگێک دروست بکەین کە دەنگی هەموو میللەتی کورد بێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان نەی توانی ئەو وەزنەی کە هەیە ئیعمال بکا، هەر وا د.قاسملووش نەی توانی. هەر لە نەتیجەی ئەوەش دا بوو کە هەیئەتی نوینەرایەتیی گەلی کورد لە ٤ گروپ پێک هات، گروپی یەکەمی دەفتەری ماموستا مەلا شێخ عیزەدینی حوسێنی بوو، کە تەنیا شەخسییەتی مامۆستای بوو. دەنا دەفتەرەکە چەند کەسی تێدا بوون کە کەمیانیش موستەقیل بوون، ئەمیان هی ئەو گروپە بوو، ئەویان هی گروپێکی دیکە بوو، بەلام مامۆستا بوو بە رەئیسی هەیئەتی نوینەرایەتیی گەلی کورد. یا مەسەلەن رێکخراوێکی کە لە راستیدا کوردستانی نەبوو، رێکخراوی چریکی فیدایی خەڵقی ئێران، خۆ ئەوان هەر کوردستانی نەبوون. کۆمەڵە هاتبوو بە پانەوە دەیگوت: ئەمن هاتوومە نێو هەیئەتی

نمایندەگیی خەڵکی کوردەوە بۆ ئیفشاگەری، نەک بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد حەل بکا. یانی نەی توانی ئەو نەقشە بازی بکا حیزبی دێموکرات و لە سەروی هەمووشەوە د.قاسملوو. بەڵام بۆ نەقشە دارشتن چ بۆ بزووتنەوەی کورد بەرامبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی، چ بۆ بزووتنەوەی سەرتاسەری بەرامبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی، د.قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستان نەخشی باشیان هەبوو. بەرنامە دارشتن مەسەلەن بانگەوازی جەبهەی لە تەرەف حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەرچوو، لە ساڵی ١٣٥٨دا کە داوا کرا جەبهەیەکی بەرین لە هێزە کوردستانی و ئێرانییەکان پێک بێ، لەوێش دا بە سەراحەت گوترابوو هەستەی مەرکەزیی ئەو جەبهەیە دەتوانێ ٣ هێز بن، لە کوردستان حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ئێرانیش "سازمان موجاهدین خلق ایران و سازمان چریکهای فدائی خلق ایران"، کە ئەو وەختی جارێ هیچیان لەت نەببوون، دواتر بوو کە چریکی فیدایی ئەو لەت بوونەیان تێدا پەیدا بوو. یانی وەک بەرنامە دارشتن بەڵی بەڵام وەکوو کاری عەمەلی د.قاسملوو بە داخەوە نەی توانی ئەو نەقشە بەکار بێنێ

**پرسیار**: مامۆستا بگەرێینەوە سەر وەزعییەتی حیزب لەو سەردەمەدا، وردە وردە کاتێک کە حیزب لە ناوخۆی وڵات دا بەرەو کونگرە دەچێ، دەستەیەک لە کادرەکان لە حیزب جیا دەبنەوە بە ناوی پەیرەوانی کۆنگرەی ٤ یان تاقمی ٧ کەسی. ئەوەندەی باس دەکرێ کێشەو ئیختلافەکانیان لە گەڵ د.قاسملوو و لە گەڵ جەنابت بووە. ئایا دەکرێت ئەوە روون بکرێتەوە ئەو دەستە لەو کادرانە بۆجوێ بوونەوە لە حیزب؟

**وەڵام**: سۆئالەکەت لەکەت وا بزانم تێکەڵاو بوو. ئەتۆ فەرمووت لە بەرەبەری کۆنگرە دا، لە پاشانیش دەستەیەک جودا بوونەوە پەیرەوانی کۆنگرەی چوارەم. نەخیر ئیختلافێک کە هەبوو لە بەینی ٢ دەستە لە ئەندامانی حیزب یا ئەندامانی رێبەریدا، پێش کۆنگرەو دوای کۆنگرەش هەبوو. دەستەیەک کە بریتی بوون لە کاک غەنی بلووریان و ئەوانەی کە دواتر جودایی خۆیان راگەیاند خۆیان بە ناوی پەیرەوانی کۆنگرەی ٤ ناساند، ئەوانە باوەریان بە شتێک هەبوو کە (بە بێ ئەوەی قەستی بێ ئیحترامیم هەبێ) لە راستیدا فکرەکە فکری خۆیان نەبوو، ئەفکارێک بوو کە لە تەرەف حیزبی توودەوە بەوان ئیلقا دەکرا. حیزبی توده باوەری وابوو کە دەتوانێ، (دیارە باوەرێکی زۆر ساویلکانە بوو دەرکەوت بۆ هەموو کەس)، دەتوانێ بە ئاسانی بەرە لە بن پێی ئەو ئاخوندانە دەر کێشێ کە چونکە ئاخوندن و هیچ نازانن و وردە وردە لە رێگای دۆستایەتییەوە بن پێیان بەتاڵ دەکات و بە کوودەتایەکی خەزەندە دەتوانێ دەسەڵاتی ئێران بگرێتە دەست. ئەوانیش لە ژێر تەئسیری ئەو ئەفکارەدا کە لە حیزبی توودە نزیک بوون بە تایبەتی مامە غەنی و کاک حەمەدەمین سیراجی و عیدەیەکیان، پێیان وابوو کە حیزبی دێموکرات دەبێ هەموو شتێک قەبوول بکات و لە گەڵ کۆماری ئیسلامی رێک بکەوێت و چەک دابنێ، ئەوانەی کە حیزبی توودە پێی باش بوون. بۆیە ئیختیلافەکە لە پێش کۆنگرەوە هەبوو، بەڵام بە راستی فکرێک نەبوو کە لە کوردستانەوە سەرچاوەی گرتبێ، کە دیتمان ئەوەندە ئیدەیەکی خەتەرناک بوو کە سەری حیزبی توودەی



سەرچاوە
Serchawe

بە تەواوی خوارد. هەرچی کادری بەرجەستەیان بوو، هەر چێ رێبەری بەرجەستەیان بوو، لە نەتیجەی ئەو خۆش باوەڕییەدا کەوتنە زیندان و ئێعدام کران و لە ژێر شکەنجەدا کوژران. دەتوانم بڵێم سەرمایەیەکی گەورەی فکری بوو بە تایبەتی لە دەستی ئێران و بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی ئێرانی چوو. کەوابێ مەسەلەکە ئەو دوو دەستەگییە بوو، لە پاشان گوتت لە گەڵ تۆو د.قاسملو و مەبەستت ئەوە بوو کە د.قاسملوو موخالیفی من بووە؟(نە گوتم ئەوان موخالیفەتی هەردووی ئێوەیان کردوە)، وایە. هەر چەند کە پێش کۆنگرە ئەمن ئەندامی کومیتەی مەرکەزی نەبووم، بەڵام بە هەر سورەت بە حوکمی سابیقەیەکی کە هەمبوو، هێندێک بەشداریم هەبوو نەقشم هەبوو، لە میتینگەکان دەر دەکەوتم، لە هەیئەتی نمایندەگیی خەڵکی کورد دا دەردەکەوتم، بە هاوفکرێکی د.قاسملووشیان دەزانیم، یان بە نمایندەکیی فکری بە قەولی ئەو وەختی وان کونەپەرستییان دەزانیم، ئەو موخالیفەتەیان لە گەڵ منیش دەکرد، بە خۆشیەوە میللەتی کورد وشیارانە بڕیاری دا. تەنانەت وەختێکی گروهی ٧ نەفەری جودایی خۆیان ئیعلان کرد، لە بیرمە بڕیاری میتینگێکمان دا، ئەو وەختی لە دەرێ بووین لە شاخی بووین بەڵام مەهاباد هەر چەند پادگانی لێ بوو و بە دەست خەڵکەوە بوو. برادەرێکمان نارد کە میتینگێک رێک بخا، چوو دوو رۆژان لە مهاباد بوو، هاتەوە گوتی ناکرێ لە مهاباد میتینگ سازکەی لە دژی غەنی بلووریان. گوتم، یان ئەمن مهابادم نەناسیوە یان ئەتۆ نەت ناسیوە، ئەمن دەچم و میتینگێک پێک دێنم. چووم هەر لە سەر بڵیند گۆ هاوارم کرد کە سەعاتی ٤ی ئەورۆکە میتینگێکە، د.قاسملو دێ قسە بۆ خەڵکی دەکا. بۆ سەعاتی ٤ تەمەشام کرد هەر نەبێ شەست هەزار کەس لە مەیدانی چوارچرا کۆببوونەوە، خەبەریشم دا بوو کە ئەوە میتینگ ئامادەیە. راست لە وەختەدا کە دەبوو دەست پێ بکرێ، نامەیەک هات کە د.قاسملوو بۆی ناکری بێت بە دەلایلێک کە هەیبووە، زۆر بە خەجاڵەتیەوە چووم ئێعلانم کرد کە، بە داخەوە د.قاسملو بۆی نەکراوە سبەی عەینی سەعات لە عەینی جێ. زۆر نیگەران بووم کە سبەی خەڵکەکە نەیێ، چونکی درۆیان لە گەڵ کراوە. بەڵام سبەینی کە هاتین ئەو شەست هەزارە رەنگە ببوو بە هەشتا هەزار کەس، هەر مەیدانی چوار چرا نەبوو ئەو شەقامانەی دەچوونە سەر مەیدانی چوارچرایە، شەقامی قەدیم پێیان دەگوت شاپوور، پەهلەوی... هەمووی خەڵک بوو کۆببۆوە. لەوێدا د.قاسملوو لە بەشێک لە قسەکانی دا گوتی: "بابە ئەو فەلسەفەبافی یەی پێ ناوێ، مەسەلەکە ئەوەیە، ئایا ئێمە چەک دائێین یان داینەنێین؟ لێک ڕا هەشتا هەزار کەس هاواریان کرد داینانێین،یانی خەڵک زۆر هوشیارانە بەرخوردیان پێ کرد.

**پرسیار**: د.قاسملوو کاتێک کە دێتەوە ناو کۆمەڵگای کوردی بە تێگەیشتن لە ئوروپا کۆمەڵێک فیکرو ئیدە دێنێتە ناو حیزبی دێموکراتەوەو لە رێگەی حیزبی دێموکراتیشەوە دەیخزێنێتە ناو کۆمەڵگای کوردییەوە. هێنانی کورتەباس لە کۆنگرەی شەش دا، باسێکی جیددیی بوو کە لەگەڵ موخالیفەت بەرەوڕوو بوو، لە حالێک دا کە کۆمەڵگای کوردی بە تێگەشتنێکی ئەوڕۆیی، ئەو سەردەمە ئامادەیی رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو جۆرە ئیدانەی نەبوو. د.قاسملوو لەسەر چ بنەمایەک دەیویست ئەو تێگەیشتنە بگوازێتەوە ناو حیزبی دێموکراتو کۆمەڵگای کوردی؟



سەرچاوە
Serchawe

**وەڵام**: هەم ئەرکی رێبەرایەتیی هەڵکەوتووی میللەتان ئەوەیە، هەم موشکلی کاری ئەوان ئەوەیە، موشکلی کاری وان ئەوەیە کە لە پێش خەڵکەکەیانەوەن، خەڵکەکەیان دەرکی ناکەن. ئەرکە کەشیان ئەوەیە کە شتی تازە بێنن. ئەوەی رۆحی کورتە باسە، یان رۆحی ئەو بریارەیە کە لە کۆنگرەی شەش دا درا، ئەوەیە: وازهێنان لە سوسیالیزمی مەوجوود یان سوسیالیزمی شۆرەوی، لە پاشان رووکردن لە سوسیالیزمێ بە مەفهومێکی ئینسانیییەوە ئەوەی کە لە سەری لە چێکۆسێڵۆواکیش دەرکرا. ئەو وەختی دەرکرانی لە چێکۆسێڵۆواکی لە بەر ئەوەی بوو کە موخالیفی داگیر کردنی چێکۆسێڵۆواکی لە لایەن ئەرتەشی شۆرەوییەوە بوو، موخالیفی ئەو سیستمە بوو کە لەوێدا پێڕەو دەکرا، باوەڕی بە دێموکراسی و ئازادی هەبوو. مەسەلەی کورتە باسیش فکرێک نەبوو کە تەنیا لەوێدا هاتبێتە گۆڕێ، ئەوەی کە لە کورتە باس دا باس کرا لە کۆنفرانسی سێهەمدا مەترەح بوو. سوسیالیزمی دیمۆکراتیک لە کونفرانسی سێ و لە کۆنگرەی سێ و لە کۆنگرەی چوارو کونگرەی پێنجدا وەکوو فکر لە فکری د.قاسملوویدا هەبوو، بەڵام هەر جارەی بە جۆرێ فورموولە دەکرا، تا لە کۆنگرەی شەش دا بە سورەتی سوسیالیزمی دیموکراتیکە هاتە گۆڕێ. ئیدی ئەو مخالیفەتە کە هەبوو لە لایەن دەروێشانی شوورەویەوە هەر جارێک بە شێوەیەک خۆی دەنواند، لە کۆنفرانسی سێ دا کەریمی حیسامی هەستا گوتی: "سوسیالیزمی عادڵانە و سوسیالیزمی دیمۆکراتیک و ئەو شتانە مەعنایان نیە، کە گوتت سوسیالیزم هەموو شتێک تەواوە، هەموو شتێکی تێدایە". ئەمن گوتم: "لە نێو مەلاو فەقێیان لە نێو موسڵمانەکاندا شتێک هەبوو کە دەیانگوت: ناوی ئەڵڵا یا ناوی خودا یانی ئەو زاتە کە هەموو کەماڵاتی تێدا هەیە، کە گوتت خودا ئیدی پێویست ناکا بڵێی خوای توانا، خوای زانا، خوای عالەم، خوای "تبارک و تعالی"، هیچی ناوێ، ئەتۆ دەتهەوێ سوسیالیزم ئاوا لێ بکەی، نەخێر سوسیالیزم وانییە، سوسیالیزم عەیب و کەموکوڕیی خۆشی هەیە، کەوا بوو بە جێیە. ئەوەبوو کە لە کۆنگرەی شەش دا بەو سیغەیە پەسەند کرا، دەنا فکرەکە هەر هەبوو. دەلیلەکەشی ئەوە بوو کە وەکوو گوتم لە ئەوەڵەوە، د.قاسملوو لە باری فکری و فەلسەفییەوە زۆر لە هاوڕێکانی و هاودەورەکانی لە پێشتر بوو، بۆیە ئەوەی کە د.قاسملوو ئەو وەختی هەستی پێ کردبوو، رەنگە هەمووشی لە مێشکی خۆی دەرنەهێنابوو، لە دونیای موتەمەدین دا دەژیا، لە گەڵ ریجالی فکرو سیاسەت سەروکاری هەبوو، حەتمەن ئیلهامی لە وانیش وەرگرتبوو، بەڵام ئەوە د.قاسملوو ساڵی ١٣٥١ و ١٣٥٢ مەترەحی کرد، ئێمەمانان لە ساڵەکانی ١٣٦٥ەوە لێی حاڵی بووین، ئەوە نیشانەی فاسیلەی فکریی بەینی د.قاسملوو و رفیقەکانی دیکە بوو.

**پرسیار**: د.قاسملوو لە کۆنگرەی ٧ دا دەڵێ: "ئەوە یەکەم جارە لە هەڵبژاردنەکانی حیزب دا یەکەم دەنگ دێنمەوە، واتە کۆنگرەکانی پێشوو یەکەم دەنگی نەهێناوەتەوە، تۆ ئەوە بۆ چی دەگێڕییەوە، لە حاڵێک دا د.قاسملوو کەسایەتییەک بووە لە رابردوودا سەرێک لە سەران بەرزتر بووە، توانایی یەکەی لە توانای کەسانی دیکە بەرزتر بوو، بەڵام لەوێدا بۆ یەکەم جار دەنگ دێنێتەوە، وەک دەنگی یەکەم؟

**وەڵام**: ئەوە لە هەموو دونیا هەیە، ئەوانەی ئینسانی بەفکرن و ئینسانی پێشکەوتووترن لە خەڵکی، موخالیەفەتیان لە گەڵ دەکرێ لە کۆمەڵی خۆیاندا. د.قاسملووش موخالیفی خۆی هەر هەبوو، بەڵام بەشێکی دەگەڕایەوە بۆ ئەوە کە بەدەنەی حیزب بەدەنەیەکی نە ئەوەندە ئاگا بوو کە ئەفکاری وی وەربگرێ، نە ئەوەندەش دەکرێ بڵێین، مونسیف بوو. مەسەلەن بەدەنەی حیزب لە دواتردا گەیشتە جێگایەک کە رەنگ بوو یەکێکی ناخۆش بوێ، بەڵام مادام دەیزانی بۆ حیزبەکەی بەکەڵکە دەنگی پێ دەدا. بۆیە لە کۆنفرانسی سێ، لە کۆنگرەی سێ، لە کۆنگرەی چوار، لە کۆنگرەی پێنج ، لە کۆنگرەی شەش، هەر جارە کەسێک دەنگی یەکەمی دێنا کە لە د.قاسملوو لە دواتر بوو، تەنیا لە کۆنگرەی ٧دا بوو کە گوتیشی، زۆریشی پێ خوشحاڵ نیم کە دەنگی یەکەم دێنمەوە، هەر چەن پێم وایە نیشانەی ئەوە بوو کە کۆنگرەی ٧ خەڵکەکە زیاتر فکری کراوەتەوە، بە عەقڵییەتێکی تازەترەوە بیر دەکاتەوە.

**پرسیار**: ماموستا لە کۆنگرەی ٨ دا لیستەی فیکس دێتە ئاراوە، تۆ خۆت تا چەندە لایەنگری ئەو لیستەیە بووی، دیارە دواتریش خۆت کاندیدا نەکرد بۆ ڕێبەری حیزب، ئایا خۆکاندیدا نەکردن نیشانەی موخالیفەت لە گەڵ لیستەی فیکس بوو؟

**وەڵام**: زۆر پێش کۆنگرەو زۆر پێش ئەوەی کە شێوەی هەڵبژاردن بێتە گۆڕێ، ئەمن ئیعلانم کردبوو نابم بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، تەنانەت لە کۆنگرەی ٧دا، نەم دەویست ببمە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، د.قاسملوو بە دەلایلێک هەر لە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا نەک لە خوسوسی دا، بە منی سەلماند کە دەبێ ئەو سەفەرەش ببمەوە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، بەڵام هەر دوای کۆنگرە ئەمن ئیعلانم کردبوو کە لە کۆنگرەی ٨ دا نابمە ئەندامی کومیتەی ناوەندی. کە وابێ خۆکاندیدا نەکردنەوەم بە هیچ جۆر ئیرتباتی بە مەسەلەی لیستەی فیکسەوە نەبوو. لە سەر لیستەی فیکس، نەزەری من ئاوا بووە و تا ئێستاش ئەوەی هەر تێدا هەیە. لیستەی فیکس بۆ کۆمەڵگای کوردەواری زوو بوو، بەڵام لیستەی فیکس لە کۆمەڵگایەک داو لە حیزبێکیدا کە بەراستی زەرفییەتی فیکریی هەبێ شتێکی زۆر باشە. ئیستێ لە وڵاتانی دێموکرات دا، لە ئەحزابی دێموکرات دا، ئەمن چەند جار لە کۆنگرەکانیاندا بەشدار بووم لە هیچ جێیەکی لیستەی ئازادم نەدیوە، هەمیشە یەک لیستە دێنن یا دەنگی پێ دەدەن، یا چەپڵەیکی بۆ لێ دەدەن، زۆر جار هەر بە چەپڵەیەک تەواو دەبێ، ئەوەی دیکە دەنگی پێ دەدەن یا موافیق یا موخالیف، چ سەرکەوت ئەوە دەبێ. جاری واش هەیە کەمن نەمدیوە، دوو لیست سێ لیست پێکەوە رەقابەت دەکەن کامیان سەرکەوت، سەر دەکەوێ. کە وابێ لیستەی فیکسم پێ خراپ نیە. ئەمن لە کۆنگرەی ٨ دا، هەم دەنگم بە لیستەی فیکس دا، (کە لیستی فیکس بە دوو سووەمی ئارا پەسەند بوو)، هەم دەنگم بەو لیستەیەدا کە دەنگی بۆ وەرگیرا. ئەوەیان بە تاقە یەک دەنگ پەسەند کرا کە ئەگەر ئەمن دەنگی مەنفیم پێ دابایە، یا دەنگی مومتەنیعیشم پێدابایە سەرنەدەکەوت. کە وابێ هیچ ئیرتباتی بەووەوە نەبوو، ئیستەش پێم وایە لیستی فیکس بەو شەرتە کاری بۆ بکرێ بە سەلامەتەوە بێ، کارێکی زۆر باشە. ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵ دەبژێری، هەق وایە لە پێش



سەرچاوە
Serchawe

دا مەعلووم بێ کێ یە، لە پێش دا مەعلووم بێ تەرکیبەکەی چیە، تەنانەت مەعلووم بێ ئەندامەکان، هەرکەسەیان کاریشی چیە. بە هیچ جۆر ئەو هەیوولایەی لە لیستەی فیکس دروست کرابوو ئەمن لە گەڵی نەبووم.

**پرسیار**: ماموستا دوای رۆیشتنی ئەو بەشە لە کادرو پێشمەرگەی حیزب کە دوایە بە ناوی رێبەرایەتیی شۆرشگێر خۆیان پێناسە کرد، جارێک د.قاسملوو دەنێرێ بە دوای جەنابتاندا، دەڵێ: با چاوم پێ بکەوێ، جەنابت دەڵێیی نەخیر با نەیێ قسەی دەشکێنم. بەڵام قسەکە ئەوەیە سەرەرای ئەو هەموو نیزیکیە هەم لە بواری فکرییەوە، هەم لە بواری دۆستایەتییەوە، هەم ئەوەی کە زۆریش تێکەڵ بوون بۆ چی ئەو چاو پێکەوتنەت ئەنجام نەدا، دوای چوونی رێبەرایەتی؟

**وەڵام**: ئەوەش دیسانەکە خراپ وەرگیراوە، یا خراپت بیستوە. لە دەوروبەری کۆنگرە دا بوو، پێش کۆنگرە بوو نەک دوای کۆنگرە. رۆژێکی لە دوای ناردبووم کە بچمە خزمەتی، ئەمنیش گوتم عەرزی بکەن ئەگەر بۆ ئەوەیە داوام لێ بکا کە مەسئولییەت لە کومیتەی ناوەندیدا وەربگرمەوە یانی لە کۆنگرە ببمەوە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، با نەچم، تکای لێدەکەم با ئەو لێم خۆش بێ ئەمن نەچم چونکی حەتمەن بریارەکەی دەشکێنم، پێشنیهادەکەی دەشکێنم، پێشم خۆش نیە پێشنهادەکەی وی رەد کەمەوە. کە پێیان گوتبوو، گوتبووی راست بۆ ئەو مەبەستەیە، کە وابێ با ئەو دیدارە نەبێ. یەعنی ئەو دیدارە پیش کۆنگرەی بوو، نەک دوا کۆنگرە. لە دوا کۆنگرە بۆ ماوەیەک ئەمن کارێکی دیکەم گرتبووە دەست، لە مەیدانی کاری فیکری و تەبلیغاتیدا کارم نەدەکرد. د. قاسملوو چووبووە سەفەرێ ئەمن لە ماڵ نەبووم کە بم بینێ، کاغەزێکی بە جێ هێشتبوو، لە کاغەزە کەدا (ماوەمە ئەو کاغەزە) نوسیبووی زۆر غەدرە ئێستا ئەتۆ لەو هەلومەرجە حەساسەدا خۆت بە کارێکی لاوەکییەوە وەکوو کار لە کۆمیسیۆنی ماڵی خەریک کەی، ئەتۆ دەبێ کاری فیکری بەعۆدە بگری، بە داخەوە نەشکرا بت بینم رۆیشتم و بەڵام پێم خۆش بوو ئەو نامەیەت بۆ بەجێ بێڵم. ئیدی پێش ئەوەی بێتەوە ئەمن چووم ئیعلانم کرد گوتم حازرم بێم لە بەشی چاپەمەنیدا کار بکەم. کە هاتەوە نەیزانیبوو، میوانمان لە دەوری کۆ ببوونەوە، میوانێکی نازانم کێ بوو خاریجی بوو، هەر وا پرسیاریان کرد کە کێ لە کوێ کار دەکا، د.قاسملوو گوتی: "فلانەکەس لە فلانە جێی کار دەکا، فلانەکەس لە فلان جێ کار دەکا، گوتی وەڵاهی فلانەکەسیش یانی (من) نازانم بلێم لە کوێ کار دەکا، چونکی مەبەستی ئەوە بوو ئەو جێیەی کاری لێ دەکا موناسیب نیە، گوتیان لە چاپەمەنییە، گوتی ئا وەڵڵا ئەوە خەبەرێکی خۆشە.

**پرسیار**: د.قاسملوو تاوەکوو لە ژیاندا مابوو، دوای دابرانی هاورێیانی رێبەرایەتیی شۆرشگێر هەوڵی داوە بۆ یەکگرتنەوەی حیزب؟

**وەڵام**: د.قاسملوو هەر لە ئەوەڵەوە هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی ئەو جوداییە نەبێ. زۆر جاری بەزمان گوت بەڵام دوو جاریش بە نامە نووسی ئیختلافی نەزەرمان هەیە یا نییە کەیفی خۆیەتی، ئێوە وەرن کار بۆ ئەو حیزبەی بکەن ئەمن دەستان ماچ دەکەم. د.قاسملوو ئەگەر ئەجەل موڵەتی دابایە پێم وایە ساڵێکی دیکەی نەدەخایاند کە حیزبی دێموکرات یەکی دەگرتەوە، ئەگەر د.سەعید شەش مانگی دیکە ژیابایە حەتمەن حیزبی دێموکرات یەکی دەگرتەوە. چونکی هەر لەو سەفەرەیدا کە تێیدا شەهید بوو، لەو سەفەرەیدا لە هەموو جێیەک قسەی کردبوو، لە واقیع دا بڕیاری دابوو کە موشکلی دوو دەستەیی لە نێو حیزبی دێموکرات دا حەل بکا.

**پرسیار**: ماموستا کاتێک د.قاسملوو سەفەری ئوروپا دەکا بە نیازی وتووێژ دەروا تا چەندە ڕێبەرایەتیی حیزب لەو وتووێژە ئاگادار بووە، یا شەخسی جەنابت تا چەندە ئاگادار بووی کە د.قاسملوو دەیهەوێ شتێکی وا بکا؟

**وەڵام**: ئەوەڵەن د.قاسملوو بە نیازی وتووێژ نەچووبووە دەرێ، سەفەری دەرێی هەبوو. بەڵام وتووێژ پێشتر جارێکی دیکە کرابوو، جارێکیش کە د.سەعید لە دەرێ بوو داوا دەکرێ کە د.قاسملوو بچێتەوە بۆ ملاقاتێ، د.قاسملوو و دەفتەری سیاسی دەڵێن، با لەگەڵ د.سەعید کە ئێستێ لە دەرێیە بیکەن ئەوان قەبووڵی ناکەن، ئەوەش نەگبەتیی کوردە حەتا ئەوەش، هەستی د.قاسملووی زاناو بلیمەتی وەخەبەر نەهێنا کە ئەوە تەوتئەیەک بۆ وی لە کاردایە. بۆیە بۆ ئەوە نە چوو بوو، بەڵام کە لەوێ بوو هەوڵیان داوە کە ئەو دیدارە ببێ، یا بڵێین ئەو تەوتئەیە ڕێک بخەن. ئەمن هیچ ئاگام لێ نەبوو، تا ئەو جێیەی لە بیرم بێ تەنیا شتە کە د.قاسملوو لە منی شاردۆتەوە. پێش ئەو سەفەرەی لە دوای ناردم چووین قسەمان کرد، تەنیا وەکوو کوللیات لە منی پرسی، گوتی بە نەزەری تۆ ئەگەر کۆماری ئیسلامی حازر بێ موزاکیرەیەکی جیددی بکا بۆ حەللی مەسەلەی کورد ئێمە بیکەین یا نە؟ گوتم نابێ یەک لەحزەی لێ ڕاوەستی، تەنیا ئەوندەی گوت. بۆیە وەختێکی کە دوکتور تیرۆر کرا د.سەعید لە دوای منی نارد. ڕۆژەکە ڕۆژی جومعە بوو، ڕۆژی جێژنی قوربانیش بوو، بنکەی دەفتەری سیاسی لە بۆڵێ بوو، ئێمەش ماڵەکانمان لە ئێندزێ بوو. ماشێنی ناردبوو بە دوا من و کاک مستەفا هیجری دا. کاک مستەفا ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، بەڵام ئەمن ئەندامی ڕێبەری نەبووم. کە چووین کاک سەعید بۆی باس کردین گوتی دوکتور تیرۆر کراوە. تازە دوکتور موساحەبەیەکی کردبوو لە دژی عێراقێ، لە دژی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، گوتم کاری عێراقە، د.سەعید گوتی: وەڵڵا شتێک هەیە تۆ ئاگات لێی نیە، موزاکەرەیەک هەبووە لە بەینداو بە قەستی موزاکەرەی کۆبوونەوە، گوتم جا ئیدی نایهەوێ، هیچ ئیشکالی تێدا نیە کە ئەوە کۆماری ئیسلامی خۆیەتی کوشتوویەتی. قەستم ئەوەیە کە تەواوی دەفتەری سیاسی لە تەواوی جەرەیانەکە ئاگادار بوو بەڵام ئەمن ئاگادار نەبووم.

**پرسیار**: کاتێک بۆ یەکەم جار هەواڵی تیرۆری د.قاسملووت بیست، حەسەنزادەی دۆست و نزیک و ئاواڵی پێبەپێی

**د.قاسملوو چ هەستێکی هەبوو لەو کاتەدا؟**

**وەڵام**: ئەو هەستە تەعریف ناکرێ، بەڵام جارێکی دیکە بە جۆرێکی دیکەم باس کردوە. ئەمن پەیامی د.قاسملووم وەبیر هاتەوە، ئەوەڵ جار کە ئێمە ببووین بە کومیتەی مەرکەزی بە سەر یەکەوە، لە کۆنفرانسی سێ دا هەڵبژاردنێکمان کردو کومیتەی ناوەندییەک هەڵ بژێردرا، یەکێک لە ئەندامانی ئەو کومیتەی ناوەندییە بە سەفەر گەڕابوەوە نێوخۆی وڵات و لە بانە تیرۆر کرا (شەهید قادری وێردی) هەمووومان دەگریاین زۆر عەجایەب دەگریاین، د.قاسملوو نەدەگریا، نەدەگریا لە واقیع دا نەلە بەر ئەوەی نارەحەت نەبوو لە بەر ئەوەی خودداریی دەکرد. بانگی منی کرد گوتی، هەستەبا بچین بەیانیەی بنووسین، لە هاڵەکە دانیشتبووین، وەتاغێک لە سەرەوە بوو کاری نووسینمان لەوێ دەکرد، چووینە ئەوێ گوتی دانیشە بەیاننامەکە بنووسە لە سەر بدەی. دایناوم بە شەهید بوونی قادری وێردی، گوتم دوکتور مێشکم هیچی تێدا نیە، گوتی نا، ئەمن دەتوانم بنووسم، بەڵام دەبێ ئەتۆ بنووسی، ئەوە ئەوەڵتە، سبەینێ هەزار شتی ئاوا دێتە رێ دەبێ ئیدامە زۆر ئەو بەیاننامەی پێ نووسیم، بەجێی هێشتم گوتی دەبی بینووسی، دیارە هێندێک رێنوێنیی کردم. کە د.قاسملوو شەهید بوو ئەوەم وەبیر هاتەوە، پاش خەبەرەکەو نارەحەتییەکە بە د.سەعیدم گوت ئەتۆ خەریکی کارەکان بە ئەمن دەچم بەیانییە دەنووسم. کە نووسیم تاریف ناکرێ بە چ حاڵێکم دەنووسی، پاراگرافێکم دەنووسی کاغەزەکەم لادەبرد بۆ وەی بە فرمێسکانم رەش نەبێتەوە، پاراگرافێکی دیکەم دەنووسی. لە بیرمە بۆیان گێرامەوە رەفیقێک گوتبووی ئەی لەو دڵە رەقەی! چۆن لەو وەختەی دا بەیاننامەی پێ نووسرا. ئەمن قسەکەم پێ خۆش بوو، بانگم کرد گوتم رەفیق هی دڵ رەقی نییە، بەڵام پەیامی د.قاسملوو ئەوە بوو ئەو وەختی پێی گوتم، بەڵێ ئێستا قاسملوو رۆیشتوە نابێ رێیە کەی کوێر بێتەوە، دەبێ بەیانییەکە بنووسرێ. دەنا دوکتور هەر رفیقی من نە بوو ئومیدی میللەتی کورد بوو، لەو وەختەدا لە دەستمان چوو بوو، هەر بۆ من نەبوو بۆ هەر کوردێکی زەربەییێک بوو لە گێرانەوە نایە.

**پرسیار**: ماموستا ئەو کاتە د.قاسملوو شەهید دەبێ جەنابت لە رێبەریی حیزب نەبووی، بەڵام کاتێک حیزب دەیهەوێ هەیئەتێک بنێرێ بۆ بە خاک سپاردنی تەرمی شەهید د.قاسملوو، سەرەرای ئەوەی کە لە رێبەریدا نەبووی لە گەڵ دەستەیەک لە هاوڕێیان کە دەچنە ئەوێ، سەرۆکی ئەو هەیئەتە جەنابت بووی، لەوێش بە نوێنەرایەتیی حیزب قسە دەکەی. چۆن بوو، ئایا پەیامێکی تایبەتیی تێدابوو کە رێبەریی حیزب تۆی هەڵ بژارد یا لە سەر داوای خۆت بوو یا ئەوەی کە پێویست بوو لەو کاتەدا تۆ بچی؟

**وەڵام**: بە هیچ شێوەیەک داوای منی تێدا نەبوو. دەفتەری سیاسی بڕیاریان دا بوو دوو کەس بچن کە یەکێکیان دەفتەری سیاسی بوو، کاک حەسەن شەرەفی، یەکێکشیان ئەمن بووم، واشیان بڕیار دابوو کە ئەمن بچم تا تەشییع جەنازەکە تەواو

دەبێ، لە پاشان کاک حەسەن شەرەفی بێتەوەو ئەمن لەوێ بمێنم بۆ سێ چوار مانگان تا نوێنەر دیاری دەکەن. ئەمن چوومە لای کاک سەعید، ئەوە تاریخە زۆر جاریشم گێڕاوەتەوە کەس ناتوانێ حاشای لێ بکا گوتم، کاک سەعید ئەو بڕیارەتان داوە بڕیارێکی باش نیە، کاک سەعید مەسئولی بەشی رادیوو ئینتشارات بوو هەردووکیان. گوتم ئەمن دەتوانم درۆیەک لە لەشی تۆ دەر بێنم، هاوکاریت بکەم، لانیکەم یەکێکیانت بۆ ئیدارە بکەم کە ئەتۆ ئێستا دەبیە سکرتێر و کارت پترە، کاک حەسەن ناتوانێ، کە وابێ با ئەمن بێمەوە کاک حەسەن وەمێنێ، کاک سەعید گوتی ئاخر دەفتەری سیاسی بڕیاری داوە، گوتم جا کەیفی خۆتانە ئەمن پێشنیهاد دەکەم بە دەفتەری سیاسی بڵێی بڕیارە کە بگۆڕن، وا بوو پێشنیهادی کردبوو بڕیارە کەیان گۆڕیبوو کە کاک حەسەن وەمێنێ ئەمن بێمەوە، ئەوەش نەبوو کە ئەمن رەئیس بم، بەڵام چوون عەمەلەن وەکوو شتێک لە باری سنی یەوە لە باری تەجروبەوە نەوعێک ئەولەوییەت بۆ من قائل بوون ئەمن مەقالەم نووسی و من مەقالەم خوێندەوە، تەنانەت لێرە لە رادیو بڵاو کرابۆوە، پەیامەکە بە ناوی کاک حەسەن شەرەفی یەوە بڵاو کرابۆوە لە رادیۆ دا، بەڵام هەموو کەس گوتبوی ئەوە نووسینی عەبدوڵا حەسەن زادەیە هی کاک حەسەنی نیە. کە هاتمەوە پێیان وابوو کە ئەمن نووسیومەو کاک حەسەن خوێندوویەتەوە، گوتم نەوەڵڵا هەر ئەمنیش خوێندوومەتەوە. بۆیە لە رۆژنامەی کوردستاندا کە چاپمان کرد نووسیمان قسەی عەبدوڵا حەسەن زادە لە سەر گڵکۆی شەهیدان. هیچ داخوازێکی من نەبوو بەڵام پێیان باش بوو ئەمن بم، دەلیلەکەی دەفتەری سیاسی ئەو وەختە رەنگە بیزانێ.

**پرسیار**: دەڵێن ئەگەر کەسێک سکرتێر بوو ئەندامانی دەفتەری سیاسی وەکوو شاگردی ئەو سکرتێرە وان. لە دوو کۆنگرەی پشت سەر یەک دا جەنابت جێگری د.قاسملوو بوویت، کەسانی دیکەش لە گەڵ جەنابتان، کۆمەڵێک بوون کە ڕێبەری حیزبتان کردوە. د.قاسملوو سکرتێری ئەو حیزبە بوو ئێوە وەکوو کەسێک کە خۆتان بە یەکێک لە قوتابییەکانی د.قاسملوو دەزانی تا چەندە کاریگەریی فیکریو سیاسیی د.قاسملوو لە سەر خۆت دەبینی لە مێژوی سیاسیی خۆت دا؟

**وەڵام**: بێ تەوازوع دەڵێم لە باری سیاسییەوە ئەگەر قابلیەتێکم تێدا بووبێ شتێک فێربم بە شانازی دەزانم، بەڵام پێم وایە لە باری سیاسییەوە تەکوینی فکری سیاسیی من کاری د.قاسملوویە و زۆری تەئسیر لە سەرم هەبووە. جارێکی گوتم ئیددعایەکم کرد گوتم رەنگە هێندێ کەس موافیقی نەبووبێ، پێم وایە هیچ کەس بەقەد من لە د.قاسملوو فێر نەبووە، ئەویش لە بەر ئەوەی نیە ئەمن لە هەمووان زیرەکترم، لەبەر ئەوە بوو ئەمن دەمزانی ئیحتیاجیم بە فێر بوون هەیە، خەڵکەکەی دیکە "الحمدالله" زۆری دەزانی ئیحتیاجی بە فێر بوونێ نەبوو، بەڵام ئەمن کە هیچم نەدەزانی پێم خۆش بوو زۆر فێر بم، بۆیە زۆر سەعیم دەکرد ئەفکاری وی وەربگرم، لێی فێر بم، خۆم پێ بگەیەنم. هەتا جارێکی لە بیرمە دانیشتبووین لە مەجلیسێکیدا هەروا قسە دەکراو پرسیارم دەکرد، کاک حەسەنی رستگار رووی تێ کردن کاک دوکتور بوو،



سەرچاوە
Serchawe

کەریمی حیسامی بوو، حەمەدەمینی سیراجی بوو، مەرحومی هێمنی شاعیر بوو، گوتی راوەستن ساڵێکی دیکە بە خودا هەرچی پێتانە هەمووتان لێ دەستێنێ، یانی ئەوندە سەعیم دەکرد فێر بم مەسەلەکە هەر ئەوە بوو.

**پرسیار**: ماموستا جاری وابووە جەنابت لە گەڵ د.قاسملوو سەفەرت کردوە، ئەوندەی لە ئەوروپا یا ئەوندەی لە عێراق لە گەڵ کەسایەتییەکانی دەرەوەی حیزب بە تایبەت کەسایەتییە خاریجییەکان، لە کاتی دانیشتنەکان، مەجلیس و قسەکردنەکان، د.قاسملووت چۆن دەبینی؟

**وەڵام**: ئەوە لە بەر خۆشەویستیی د.قاسملوو یا تەعەسسوبی حیزبیم نیە. لە خزمەت دوکتوریدا لە گەڵ زۆر شەخسییەتی کورد و ئێرانی و خاریجی دانیشتوم، جاری وابووە ئەو کەسەی لە گەڵی دانیشتووین وەزیرە، تەنانەت رئیس وڵاتە، رئیس حیزبێکی گەورەیە، لە گەڵ زۆر کەس دانیشتووین، لە زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو جارانەدا، ئەمن د.قاسملووم لە سەرەوەتری ئەوانی دیکە دەدیت. دەم دیت کە تەرەفەکە چاویان لە زاری ویە ئەفکاری وی بخوێننەوە، ئەوان پتر ئیحتیاجیان بەو هەیە کە لە د.قاسملووی فێر بن تا د.قاسملوو لەوان فێر بێ، هەرچەن د.قاسملوو دەبوو فێر بێ، ئەگەر د.قاسملوو هیچ لە کەس فێر نەبا پیاوێکی زیرەک نەدەبوو. حەتمەن ئینسان دەبێ فێر بێ، بەڵام بەراستی بەرتەری و دەسەڵاتی زیاتری وی لە هەموو دیدارەکان دا بەرچاو بوو.

**پرسیار**: ماموستا پێوەندییەکانی حیزب لە گەڵ دەوڵەتی عێراق یا لە گەڵ حیزبی دەسەڵاتداری ئەوکاتی عێراق چۆن بوو؟ کێ ئەو شێوە پێوەندیرەی داڕشت، دەوڵەتی ئەوکاتی عێراق بە گشتی بە چ چەشنێک هەڵسوکەوتی لە گەڵ حیزبی دێموکراتو د.قاسملوو دەکرد؟

**وەڵام**: ئەو پێوەندییانە دوو رێگایان هەبوو، یەکێکیان لە خاریج لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، ئەمن لە کتێبی نیو سەدە تێکۆشاندا بە جۆرێک ئیشارەم پێ کردوە. پاش بەیانییەی ١١ی ئازار چووینە خزمەتی مەرحومی بارزانی، داوای ئەوەمان کرد کە ئێستە بزوتنەوەی کورد بە جێگایک گەیشتوە مەجال بدەن کە ئێمە فەعالییەتمان پتر بێت، کۆمەکمان بکەن، بارزانی کە زۆر دووری دەخوێندەوە، رێنوێنیی کردین کە ئێمە بچین لە گەڵ دەوڵەتی عێراقی تەماس بگرین، تەنانەت کە پێشنهادەکەی کرد ئێمە کەمێک وشک کەوتین. گوتمان باشە ئێمەو دەوڵەتی عێراق چی و ئێمە چ پێوەندیکمان لە گەڵ دوڵەتی عێراق هەیە. گوتی نابابە مەبەستم ئەوە نیە بەڵام خۆ ئێستە وەک جاران نیە، ئێستێ رێککەوتن هەیە، حوکمی زاتی هەیە، وەزیری کورد هەیە، هێندێک شتی لەو شتانە تێکەڵاو کرد. گوتی ئەمن تەوسیە دەکەم بە وەزیر، مەبەستیشی لەو وەزیرەی ناوی برد مەرحومی "سامی عەبدالرحمان" بوو کە وەزیری کارو باری شیمال بوو کە ئەو کار بکا.

لە لایەکی دیکە د.قاسملوو لە گەڵ هێندێک شەخسیاتی عێراقی و عەرەبی دۆستایەتی و ناسیاویی هەبوو لە سەروی هەموویانەوە پیاوێک هەبوو بە ناوی "عبدالخاق السامرایی"، ئەمن هەر قەتم نەدی، بەڵام زۆریان تەعریف دەکرد، ئینسانێکی رووناکبیر و ئینسانێکی چەپ و دێموکرات بوو، لە رێگای ئەوەوە پێوەندی دامەزرا. ئەمن لە کتێبەکەی خۆمدا باسم کردوە کە ئەساسی ئەو پێوەندییانە د.قاسملوو بە کوردی نووسیونی و ئەمن کردومن بە عەرەبی کە بناغەکەمان لە سەر ئەوەی دانا کە، ئێمە لە گەڵ حیزبی بەعس موشتەرەکاتمان هەیە لە زۆر شت دا، نوختە هاوبەشەکان هاتبوون، لە ئاخیرەکەی دا هێنابوومانە سەر ئەوەی کە ئێمە هەم دۆستی ئێوەین هەم دۆستی پارتی دیموکراتی کوردستانین، خۆشحالین کە ئەو دوو حیزبە ئێستا بۆ خۆیان پێکەوە دۆست و هاوپەیمانن، بەڵام ئەگەر رۆژێک خوای نەخواستە ئەو پێوەندییانە تێک چن ئێمە نە دۆستایەتیی ئێوە بۆ پارتی وەلا دەنێین، نەهی پارتی بۆ ئێوە وەلا دەنێین، لە بنی را بناغەی ئەوەمان دارشت ئەگەر رۆژێک شەڕ بووە ئێمە شەڕی پارتی بۆ ئەوان نەکەین، هەر چەند ئەوەشمان دانابوو کە شەڕی وانیش بۆ پارتی نەکەین. مەبەستەکە ئەوە بوو ئەو ئیستقلالیەتە بپارێزین. لەوەدا د.قاسملوو نەخشێکی زۆر باشی هەبوو، لە دارشتنی ئەو سیاسەتە موستەقیلەدا، لە ئیدامەکەشی دا. دەوڵەتی عێراق بە بێ شک هەوڵی دا کە ئێمە بێنێتە ژێر رکێفی خۆی، بەڵام کە سەر نەکەوت تەسلیمی ئەمری واقیع بوو، دەنا لە ئەوەڵەوە هێندێک هەوڵی دەدا، لە ئاخرەکەی دا تێ گەیشتبوون کە حیزبی دێموکرات ئەوەیە، دەبێ ئاوای رەفتار لە گەڵ بکا. لەو موناسەبەتەدا شتێک دەگێرمەوە وەختێکی دەیانەویست لە بۆڵێ دەرمان کەن، بۆ حەللی موشکلەکەی ئەمن ناردرامو لە گەڵ فەرماندەی فیرقەی چوار قورنەی بە نوێنەرایەتیی فەردێکی مونەزەمەی شیمالیان کە لە کەرکوکێ بوو لەوێ دانیشتبووین، داوای کرد کە ئێمە نەیەڵین پێشمەرگە بە ناوماندا بێ، گوتم ئەوە کاری ئێمە نیە، ئەوە ئەرتەشی لێیەو ئەفواج خەفیفەی لێن (خۆ نەم کوت جاش) با ئەوان نەیەڵن، گوتی باشە مەیەڵن بە ناو مقەرەکانتان دا بێن. گوتم بە نێو مقەرەکانیشماندا بێن ناتوانین پێیان بڵێین بەوی دا مەیەن،گوتم، ئێمە میوانی وانین خۆ ئەوان میوانی مە نین، ئەو خاکە خاکی ئەوانە خاکی مە نیە، ئیدی کابرا هەر کافر بوو، ئەو نمایەندەکەی مونەززەمەکەی شیمال گوتی، لە سەرەخۆ "سید القائد". گوتی: کاکە ئەوە دەڵێ ئەگەر بە نێو مقەرەکانی ئێمەش دا بێن پێیان ناڵێین. گوتی: "سید القائد" ئەو سیاسەتەی حیزبی دێموکرات لە مێژە بۆ رەهبەری عێراق ئاشنایە، رەهبەریی عێراقی بە عیلم بەو سیاسەتەی لە گەڵ حیزبی دێموکرات دۆستە. یانی ئاوامان هێناوە.

**پرسیار**: ماموستا ئەوندەی باس دەکرێ، جارێک د.قاسملوو سەدام حوسەینی بینیوە، ئەو کەسایەتییە چۆن دەی روانییە د.قاسملوو یان د.قاسملوو چۆن دەی روانییە ئەو؟

**وەڵام**: د.قاسملوو زیاتر لە جارێ سەدام حوسەینی دیوە، چەن جاری دیوە بە تایبەتی ئەو وەختەی وتوویژ لە بەینی یەکیەتیی نیشتمانی و حکومەتی عێراق دا هەبوو چەن جار لەگەڵ مام جەلال سەدام حوسینیان دیوە. بەڵام ئەمن یەکجاری



سەرچاوە Serchawe

لە گەڵ بووم، ئەو وەختی ئەو موزاکەراتە نەبوو، دەگەڵی بووم چاوی بە سەدام حوسەین کەوت. سەدام حوسەین هات و رۆیشت بەڵام پیاو هەق بڵێ یەکجار بەرخوردێکی موحتەرەمانەی هەبوو، یەکجار بەئەدەب بوو لە گەڵ د.قاسملوو. لە بیرمە گوتی دوکتور ئەمن زۆر حەساب لە سەر نەزەرات و ئەفکاری تۆ دەکەم، داوات لێ دەکەم لە سەر هەلومەرجی خاوەرمیانە، لە سەر ئەوزاعی ئێرانێ، لە سەر ئەوزاعی عێراقێ، نەزەراتی خۆت چیە بۆم فورمووڵە کە، بۆم بنێرە موهیم نیە بە چ زمانێکە کوردیە، فارسیە،عەرەبییە، ئینگلیزییە، فەرانسەیی یە، خەڵک هەیە بۆ منی تەرجەمە بکا، بەرخوردێکی زۆر موئەدەبانە و موحتەرەمانەی هەبوو، بۆ تاریخ ئەوەی دەبێ بڵێم. لە گەڵ خەڵکی عێراق مەعلوومە سەدام حوسەین چۆن بوو، بەڵام بەرخوردێکی زۆر موحتەرەمانەی لەگەڵ دوکتور هەبوو.

**پرسیار**: لە پاش شەهید بوونی د.قاسملوو تەنها کەسێک کە بە نووسین و بە قسە کردن لە کۆرو کۆبونەوەکاندا قسەی کردوە، بە شێوەیەکی جیددی داکۆکی لە رابردوو، لە مێژوو، لە سیاسەتی حیزبی دێموکرات و لە پلەی یەکەم دا لە د.قاسملوو کردوە . لە بەر ئەوەی تەئسیری زۆری لە سەر حیزب هەبوە جەنابتی، بڵێین بە دەرەجەی یەکەم جەنابتی. باشە ئایا ئەمە تەنها ئەرکی تۆیە، یان ئەرکی کەسانی دیکەشە کە لە مێژووی حیزبی دێموکرات دا هەبوون. لانی کەم داکۆکی کردن لە مێژووی حیزبی دێموکرات بە شێوەیەک داکۆکی کردنە لە د.قاسملوو یان بە پێچەوانە. باشە بۆچی هەموو ئەو ئەرکە لە سەر شانی تۆ دەبینرێ یان وا دیارە تۆ زیاتر لە سەر شانی خۆتی دەبینی؟

**وەڵام**: پرسیارەکەت لە دوایە راست کردەوە، پێم وایە ئەمن تەنیا کەس نیم کە دیفاعم لە شەخسیەتی د.قاسملوو کردبێ، خەڵکی دیکەش کردوویەتی. بەڵام بەبێ شک هەموو مونسیفێک دەیبینێ کە ئەمن لە تەبلیغی ئەفکاری د.قاسملووی دا فەعالترم. بە قەولی فارسان کەلیمەکە عەرەبیە بەڵام دەڵێ: عەجین بووە، د.قاسملوو لە گەڵ فکری من عەجینە یانی بێ ئیرادە بێ ئەوەی بە خۆم بزانم دەڵێم دوکتور وا دەڵێ، دوکتور وای دەگوت، لە گەڵ دوکتوری وابوو، یەعنی بۆ هەموو کەس مەلمووسە. تەنانەت دوو سێ جار، هێندێک کەس سوپاسیان لە من دەکرد کە، زۆر سپاست دەکەین کە هێندە حوزوورت هەیە لە کن د.قاسملوو، گوتم بۆ سپاسم دەکەی، یەعنی د.قاسملوو هی جەنابتە! کە سوپاسم بکەی. پێم خۆش نیە ناویان بێنم ئێستە کە ئەوەیان گوێ لێ بێ وەبیریان دێتەوە. گوایە ئی وانە!. بەڵام ئەوە کە ئەمن کردوومە لە بەر ئەوەیە کە پێم وایە د.قاسملوو حەقی بەسەر منەوە لە هەمووان پتر هەیە، لە پاشانیش ئەفکاری د.قاسملووی ئەفکاری منە، ئیمانم پێ هێناوە، خزمەتم پێ کردوە، لە عەینی حاڵیش دا با ئەوە بڵێم ئەمن د.قاسملووم بە ئینسان زانیوە و بەئینسانی دەزانم، د.قاسملوو هەم لە دەورانی خۆیدا ئینتقادم لێکردووە رەخنەم لێگرتوە و بەگژیدا هاتووم و شەڕم لەگەڵ کردوە، هەم ئەو وەختی دیفاعم لە ئەفکاری کردووە پەیرەویم لێ کردوە، بە حەددێک لەگەڵی بەشەڕ هاتووم کە پێیان وابووە دوژمنین، بە حەددێک ئیتاعەتم لێ کردووە هاوفکریم دەگەڵ کردوە کە موخالفینی وی و خۆم بە نوکەری د.قاسملوویان ناو بردووم، زۆر



سەرچاوە
Serchawe

جار. ئیستەش هەر پێم وایە د.قاسملوو ئینسانێکی گەورە بووە، ئەفکاری بۆ لێ فێر بوونێ دەبێ. بەڵام ئەفکاری د.قاسملوو قابیلی ئەوەیە کە تەجدیدی نەزەری تێدا بکرێ، نا بێ تەعەسوبمان هەبێ، وەفا بە د.قاسملوو ئەوە نیە کە ئێمە هەرچی د.قاسملوو کردویەتی تا قیامەتێ ئەوەی بکەین. د.قاسملوو خودموختاری شوعاری بووە لە دەورانی ویدا، ئێستە گۆڕیومانە خەیانەتمان بە د.قاسملووی نەکردوە. لە وانەیە د.قاسملوویش لە حەیات دا بایە شوعارەکەی گۆڕیبایە یان سبەینێ شتێکی دیکە بگۆڕین ئەوە هیچ بەو مەعنایە نیە کە خەیانەتمان بە وی کردوە، لە عەینی حاڵدا ئەگەر ئێمە لە د.قاسملووی بوتێیک دروست کەین و بڵێین قەت قەت ئیشتباى نەکردوە، ئەوەش خەیانەتە بە د.قاسملوویە، چونکێ د.قاسملوو ئەو کەسە نەبوو کە پێی وابێ ناتوانێ هەڵە بکا، هەر ئێستە کە ئەوە کرا من شتێک لە د.قاسملوو دەگێرمەوە بۆ ئەوەی بیکەمە موقەدەمە بۆ باسی هەڵەیەکی د.قاسملوو. د.قاسملوو لە هەموو کەسێکی باشتر باسی قازی محەممەدی کردوە، لە هەموو کەسێ باشتر تەجلیلی لێ کردوە. بەڵام دەنووسێ لە کتێبی چل ساڵ خەبات دا، دەڵێ: رۆژی ٢٥ی سەرماوەز قازی محەممەد تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو کە بە پیر ئەرتەشی ئێرانەوە چوو. ئەمنیش دەڵێم د.قاسملوو ئەوندە گەورە بوو کە ئەمن دەزانم، بەڵام ئەویش، رۆژی ١٣ی ژوویە تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو کە باوەڕی بە دوژمنەکەی کرد و چوو هەڵەیەکی کرد کە ئەو زیانە گەورەی لە میللەتی کورد دا. ناکرێ بڵێی د.قاسملوو هەڵەی نەکردوە چۆن نەی کردوە. یانی ئەوە باش بوو کردی؟ مەعلوومە هەڵە بوو، ئەوە لە عەزەمەتی د.قاسملووی کەم ناکاتەوە چونکی د.قاسملوو ئینسانە.

**پرسیار**: مامۆستا بە دوو پرسیار لە پرسیارێک دا کۆتایی بە وتوویژە کەمان دێنین. پاش و پێش لەتبوونی حیزبی دێموکرات، کۆمەڵێک ناووناتۆرە و تۆمەت و تاوان رووبەڕووی جەنابت دەکرانەوە کە کوێر کەرەوەی رێبازی د.قاسملووی، خەیانەتت بە رابردوو کردوە، خەیانەتت بەو کەسایەتییە کردوە کە ساڵانێکی زۆر لەگەڵی ژیاوی، چ قسەیەکت بۆ ئەو جۆرە کەسانە هەیە کە ئەو جۆرە قسانە دەکەن؟ لە هەمان کاتدا چ قسەیەکت هەیە لە بەرامبەر نەسڵی داهاتوودا بۆ لاوانی کورد بە نیسبەت رابردووی د.قاسملوو و بۆ دەرس و ئەزموونەکانی د.قاسملوو لە رەوتی خەباتدا؟

**وەڵام**: بۆ ئەوانە هیچ جوابێکم نیە، چونکی بایی جواب دانەوەی نابن. نە لەبارەی د.قاسملووداو نە لە بارەی هیچ شتێکی دیکەوە هەتا ئێستا موخالیفانی ئەو دەورەیەی من موناقشەی ئەفکاری منیان نەکردوە. جنێوان دەدەن، تۆهمەت لێ دەدەن، ئەوە کاری خۆیانە گەردنیان ئازاد بێ، ئەوە موهیم نیە. بەڵام بۆ نەسڵی نویی میللەتی کورد و تێکۆشەرانی حیزبی دیمۆکرات، ئەمن پەیامم هەر ئەوەیە کە وشیار بن، د.قاسملوو وەکوو رێبەرێکی گەورە بناسن، وەکوو ئینسانێکی گەورە بناسن کە دەبێ لێی فێر بن، ئەگەر هەڵەیەکی هەیە لە هەڵەکەشی فێر بن. د.قاسملوو نە وەک دوژمن تەماشا بکەن، نەوەکوو ئینسانێ کە قابیلی خەتا نیە. ئەمن زۆرجار گوتوومە سەت جاری دیکەش دەیڵێمەوە لێی ماندوو نابم، د.قاسملوو بە د.قاسملوویی لە دایک نەبوو، منداڵێک بوو وەکوو هەموو منداڵانی دیکەی دونیایە لە دایک بوو، بەڵام خۆی پێ گەیاند



سەرچاوە
Serchawe

بە فکر، بە خوێندنەوە، بە خوێندن و نووسین و موناقشە بوو بە د.قاسملوو. جەوانانی دیکە دەبێ هەوڵ بدەن ببن بە د.قاسملوو هیچ، وەپێش د.قاسملووش بکەونەوە. ئەوەیە خزمەت بە د. قاسملوو، ئەگینا هەر بلێی د.قاسملوو گەورە بوو ئەوە فایدەی چی.

سەعدی دەڵێ:

گیرم پدر تو بود فاضل از فضل پدر ترا چه حاصل

بزانین ئێمە چیمان پێ یە، دەبێ سەعی بکەین لە د.قاسملووی فێر بین بۆ ئەوەی شتی تازە بێنین، زیاد بکەین لەسەر خەرمانی د.قاسملوو.

زۆر سپاس

وەڵام: سپاس بۆ ئێوەش

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

# شەوی یەلداو بیرەوەرییەک.



عەبدوڵلا حەسەن زادە

شەوی "یەلدا" یان وەک لە کوردەواریدا دەڵێن "شەوزستان" لە نێو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا قەدرو ڕێزێکی تایبەتیی هەیەو هەموو ساڵێ بەپێی دەرفەت یادی دەکرێتەوە. چونکە ئەو شەوە ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی شەهید دوکتور عبدالرحمان قاسملوو ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئێستا کە لە هەشتاو سێیەمین ساڵوەگەڕی لە دایکبوونی ڕێبەری نەمرماندایین، وێڕای پیرۆزبایی ئەم بۆنەیە لە هەموو هاوڕێو هاوسەنگەرەکانم، حەز دەکەم بیرەوەرییەک بگێڕمەوە کە پێم وایە کۆمەگێک دەبێ بە باشترناسینی ئەو گەورە پیاوەی مێژووی کوردو لادانی هێندێ پەڵەهەوری چڵکن کە هێندێ کەس زەبوونانە هەوڵیان داوە هەر نەبێ بەری گۆشەیەک لە مەزنیی ئەو مرۆڤە هەڵکەوتووەی پێبگرن: زۆر جار ڕێبەرانی دەوڵەتان و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان تۆمەتی کۆکردنەوەی سامانو پاشقولدانی دارایی میللەتیان دەدرێتە پاڵ کە ڕاستی و ناڕاستی یەکەی نە مەبەستی ئەم نووسینەیەو نە کاری منە.

دوکتور قاسملووش یەکێک لەو ڕێبەرانە بوو کە ئەو جۆرە تۆمەتانەی بە "سەخاوەت"ەوە دەدرانە پاڵ. بەڵام ئەم یەکەیان بیرەوەریی شتێکە کە لە نیزیکەوە لێی ئاگادارم. د. قاسملوو هەتا مابوو بەرپرسی یەکەمی هەموو دارایی حیزب بوو. بەڵام لەوە گەڕێین کە هەم هاوڕێیانی و هەم ئەوانەی پێوەندیی نیزیکیان لەگەڵ خۆی و حیزبەکەی هەبوو دەزانن ژیانێکی چەندە سادەو ساکاری هەبوو، کاتێک بەدەستی دوژمنانی ئازادی شەهید کرا نەک هەر ماڵ و سامانی حیزب، بەڵکوو نێوماڵ و کەلوپەلی تایبەتی و تەنانەت کتێبخانەکەشی بەمیرات بۆ ژن و منداڵەکەی بەجێ نەهێشت. چونکە لە وەسیەتنامەیەکدا



سەرچاوە
Serchawe

کە چەند ساڵ پێش شەهیدکرانی نووسیبووی بەڕاشکاوی گوترابوو هەرماڵ و دارایی‌یەک بەناوی منەوە هەیە لە "منقول و غیرمنقول" هەمووی هی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە و بەکردەوەش تەواوی ئەوانە بە حیزبی دێموکڕات گەیشتن. خۆزگە دەخوازم تۆمەتی هەموو ڕێبەرانی دیکەی کوردیش هەروا بێبنەما بێ و لێکرا سەربەرزو ڕووسووری بارەگای بەرزی نەتەوەکەیان دەرچن. باسی ئێستام سەبارەت بە بیرەوەری‌یەکە: دوو کۆنگرەی حیزبی دێموکڕات کەوتنە سەروحەدی یادی لەدایکبوونی دوکتۆر قاسملوو. یەکیان کۆنگرەی نۆیەم بوو کە پاش شەهیدبوونی گیرا. ئەمەیان ناوی نرا کۆنگرەی قاسملوو،و کرانەوەکەشی بە پێی بڕیارێکی کومیتەی ناوەندی خرایە شەوی یەلدا، ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی دوکتۆری شەهید. ئەوی دیکەیان کۆنگرەی حەوتەم بوو کە دەستپێکرانەکەی پێش ئەو یادە بوو،و بێئەوەی بەرنامەشی بۆ دارژابێ وا ڕێکەوت کە ڕاست لەو ڕۆژەدا تەواو بوو. ئەمن کە هەموو ساڵێ ئەو ڕۆژەم لەبەر چاو دەگرت و هەرجارەی بە دیاری‌یەکی یەکجار ڕەمزی‌یەوە دەچوومە خزمەتی و دوور لەچاوی میدیا و تەنانەت هاوڕێکانیشم پیرۆزباییم لێدەکرد، لەکۆنگرەی حەوتەمدا کە ساڵی ١٣٦٤ ( ١٩٨٥) بەسترا، دەمزانی ئەو ساڵوەگەڕە دەکەوێتە یەکێک لە ڕۆژانی کۆنگرەو بڕیارم دا -وەک ئێستا دەڵێن- بیکەمە "سووپرڕایز" ێک بۆ بەشدارانی کۆنگرە. چونکە وەک گوتم تەواوبوونی کۆنگرەش کەوتە شەوی یەلدا ئیدی هیچ پێویستیی بە کۆکردنەوەی تایبەتیی هاوڕێیان یان کڕینی دوو قوتوو شیرنی نەبوو. پێشتر دەگەڵ یەکێک لە ئەندمانی دەفتەری سیاسی باسم کردبوو. بۆخۆم قەڵەمێکی کارپێنەکراوم هەبوو، ناردم لە سولەیمانی بەشی کەواوپانتۆڵێک قوماشی خاکیم بۆ هات و دەمانچەیەکیشم بەخۆیەوە شک دەبرد کە لە قوتوویەکی جواندا بوو، چووم بەئەمانەت لێموەرگرت، هەرچی پرسی بۆچیتە ڕاستی‌یەکەیم پێنەگوت و گوتم دوایە کە هێنامەوە عەرزت دەکەم. ئەو شەوە لە حاڵێکدا خەریکی جەژنی تەواوبوونی کۆنگرە بووین و مۆسیقا لێدەدرا چوومە پشتی میکرۆفۆن گوتم هاوڕێیان ئەمشەو هەروەک جێژنی تەواوبوونی کۆنگرەیە، جێژنی لەدایکبوونی دوکتور قاسملووشە، بەوبۆنەیەوە پیرۆزبایی لە خۆی و خۆم و هەمووومان دەکەم. ئەمجا داوام لە دوکتۆر کرد تەشریف بێنێ دیاری یەکانم پێشکێش کردو گوتم ئەم قەڵەمە دیاری‌یە بۆ پیاوی فکرو نووسین، ئەم دەمانچەیە دیاری‌یە بۆ ڕێبەری بزووتنەوەیەکی چەکدارانە و ئەمەش دەستێک لیباسی پێشمەرگانەیە کورد گوتەنی "بە لەشێکی ساغی بدڕێ". خەڵکەکە چەپڵەیەکیان لێداو ئەوانەی دەرفەتیان هێنا پیرۆزبایی‌یان لێکرد و "جێژنی لەدایکبوون" کۆتایی هات. دوو سێ حەوتوو دواتر سەفەرێکی بەغدام کرد. ئەمن هەروەخت چووبامە ئەو شارە دەرفەتێکم گیر دێناو سەرێکی (یادی بەخێر) "کۆڕی زانیاریی کورد"ی ئەوسام دەدا. ئەو جارەشیان چووم، زۆر لوتفیان نواندو بەگەرمی بەخێراتنیان کردم و لە وەزعی حیزب و ساغ و سڵامەتیی هاوڕێیانیان پرسی. ئەگەر باشم لەبیر مابێ هەر سێ نەمر مامۆستا مەسعوود محەممەد، مامۆستا شوکور مستەفاو د. ئاوڕەحمان حاجی مارف و یادی بەخێر کاکە حەمەی مەلا کەریم - نازانم کێی دیکەش- لە مەجلیسەکە ئامادە بوون. پاش ماوەیەک مامۆستا مەسعوود محەممەد ڕووی تێکردم و زۆر بە پارێزەوە فەرمووی پرسیارێک دەکەم هیوادارم پێت ناخۆش نەبێ و وەڵامیشم بدەیەوە، چونکە زۆرمان بۆ مەراقە. عەرزم کرد هەرچی بفەرمووی لەخزمەتدام. فەرمووی "ڕاستە قاسملوو عید میلادێکی گرتوە ١٥٠ هەزار دیناری

## بۆ یادی سی و پێنج ساڵە

تێچووە؟" ١٥٠هەزار دینار ئەودەم دەیکردە ٣٠٠ هەزار دۆلار. ئەمنیش لە وڵامدا هەموو مەسەلەی ئەو "عید میلاد"ەم وەک خۆی بۆ گێڕانەوە و ئەوانیش بە زانینی واقیعیەتی مەسەلەکە خۆشحاڵ بوون و گەشانەوە. خۆزگە بەخۆزگەی ئیماندارانی کورد قەدری ئەو شتانەی زانیباو "کۆشک"ەکانی دوکتۆر قاسملوو لە "ئاشی پشکاوێ" نیزیک گوندی "شێنێ" لە سنووری نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و لە "سەرشاخان"ی مەنگوڕایەتیی مەهابادو لە "شیوەجۆ"ی گەورکایەتیی سەردەشتو لە "گەلاڵە"ی شینکایەتی و لە "گەورەدێ"ی ناوچەی "ماوەت" خەراپ نەکرابان و یاران و نەیاران بیانتوانیایە ئەو کۆشک و تەلارانە ببینن. بەخۆشییەوە خانووەکەی لە گوندی "بۆلێ"ی بناری قەندیل کە خۆشترین ماڵی ئەو ڕێبەرە بوو ماوەو ئەوەی گومانێکی لە پاکی و خاکیبوونی ئەو مەزنەپیاوەدا هەبێ دەتوانێ سەردانی بکا.

یادی دوکتۆر قاسملوو بەخێر، ڕووحی شاد، ڕێبازەکەی بەردەوامو بەدخوازان و بەدگۆیان و بوختانچییانیش کورد گوتەنی "هەرخۆیان بەخۆیان بن".

عبدالله حسن زادە بەرە بەری شەوی یەلدای ٢٠١٣


ئەم بابەت و نووسراوەیە لە فەیسبووکی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە وەرگیراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەر ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: بەڵگەمان لەبەردەست نییە بۆ دادگاییکردنی بکوژانی قاسملوو



**ماڵپەڕی رووداو**

دوای تێپەڕبوونی ٢٤ ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی د.عەبدولڕەحمان قاسملو و هاوڕێیانی، هێشتا بکوژانی دەستگیر نەکراون و دادگایی نەکراون، عەبدوڵڵا حەسەنزادە، هاوڕێی دێرینی قاسملو دەڵێ "بۆ جوڵاندنی کەیسی تیرۆرکردنی، باری دارایی، هێزی ئینسانی و بەڵگە پێویستن کە لە هەرسێکیان دەستمان کورتە".

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**، سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەرنامەی (رووداوی ئەمڕۆ)ی کەناڵی Rudaw دا رایگەیاند: د.قاسملو بۆ دانیشتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەشێوەی سەردا پۆشراو پرس و راوێژی پێکردووە. ئەویش دانوستاندنی وەک رێگەیەک لە خەبات زانیوەو بە قاسملوی گوتووە "بە مەرجێک دانوستاندن بکە کە ئەو پرەنسیپانەی خۆت داتناون دەبێت لەبەرچاو بگیرێن. هەروەها دەبێ دانیشتنەکان ئاشکرا بن، لەگەڵ دەوڵەت بێت و بە نێوبژیوانی لایەنێکی بیانی بێت، بەڵام هیچیان نەهاتنە دی".

د.عەبدولڕەحمان قاسملو، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە ١٣ی تەممووزی ١٩٨٩ لە شاری ڤییەنای پایتەختی نەمسا لەگەڵ عەبدوڵڵا قادری ئازەر نوێنەری حیزب لە ئەوروپاو فازڵ رەسوڵ، مامۆستای زانکۆ، لە کاتی دانیشتن لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تیرۆرکران.



سەرچاوە
Serchawe

**حەسەنزادە،** هۆكاری سەركەوتنی تیرۆرەكە دەگەڕێنێتەوە بۆ كەمتەرخەمی د.قاسملو "ئەوان لەكاتی بەڕێوەبردنی دووەمین خولی دانوستاندندا بوون. لە خولی یەكەمدا لایەنی ئێرانی داوای كردووە داخوازییەكانیان پێبدەن تا ئەوانیش بۆ تارانی ببەنەوە و دواتر وەڵامیان بدەنەوە".

قاسملو لە ٢٢ - ١٢ - ١٩٣٠ لە گوندی قاسملوی نزیک شاری ورمێ و لە بنەماڵەیەكی دەوڵەمەند لە دایكبوو. تەمەنی لاوێتی هاوكات بوو لەگەڵ دامەزراندنی كۆماری كوردستان لە مەهاباد. چالاكییە سیاسییەكانی هەر ئەو كات بە دامەزراندنی رێكخراوێک بە ناوی یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان لە ورمێ دەستپێدەكات. خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە ورمێ و تاران تەواو كردووە. ساڵی ١٩٤٨ بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە فەرەنسا. پاشان دەچێتە چیكوسلۆڤاكیا و لەوێ دكتۆرا لە بواری زانستی ئابووریدا وەردەگرێ و دواتریش دەبێتە مامۆستای زانكۆ.

قاسملو لە سەردەمی حكومەتەكەی د.موحەممەد موسەدەق لە ساڵی ١٩٥١دا كە كەشی ئێران كەمێک كراوە دەبێت، دەگەڕێتەوە ئێران، ساڵی ١٩٧٣ وەک سكرتێری حیزبی دیموكرات هەڵدەبژێردرێ. قاسملو لە سەردەمی رووخانی رژێمی پاشایەتی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ رێبەریی حیزبی دیموكراتی دەكرد و توانی حیزبی دیموكرات بە تەواوەتی ببووژێنێتەوە.

**حەسەنزادە سەبارەت بە دۆسیەكەی قاسملو دەڵێ:** "هەر لە سەرەتاوە خێزانی بەدواداچوونی بۆ دۆسیەكەی دەكرد. ئەو دواتر بۆی باسكردم لە سێ قۆناغی دادگادا مەحكوم كراون. یەكەم: لە دادگای شاری ڤییەنا، دووەم: لە دادگای ناوچەی ڤییەنا و سێیەمیش لە دادگای نەمسا وەک دادگای هەموو وڵات".

**حەسەنزادە** هۆكاری ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی دەوڵەتی نەمسا هاوكاری نەكردووە، بگرە هەموو راستییەكانیشی بە قازانجی كۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەكانی خۆی شاردووەتەوە. حەسەنزادە لە زاری نەسرین قاسملو دەگێڕێتەوە كە ئەگەر تەنانەت لە دادگایەكی نێودەوڵەتیش سكاڵایان تۆمار كردبایە، هەر دەیاندۆڕاند "چونكە هیچ بەڵگەیەک نییە كە پشتی پێ ببەسترێ".

**حەسەنزادە** ئاشكرای كرد لە قۆناخی یەكەمی وتووێژەكاندا یەكێتی نیشتمانی كوردستان بەشدار بووە. خودی مام جەلال و نەوشیروان مستەفا بەشدار بوون كە ئەوان بەشێوەی رێكوپێک پارێزگارییان لە شوێنی گفتوگۆكە كردووە "بەڵام لە خولی دووەمدا كۆماری ئیسلامی بە بیانووی ئەوەی یەكێتی نیشتمانی زار بە هاوارن و ئێرانی نین، هەروەها ئەحمەد بن بێللا سەرۆكی جەزائیریان لە رەوتی وتووێژەكان دوورخستەوە".



سەرچاوە
Serchawe

**بۆ یادی سی و پێنج ساڵە**

**دوای ٢٤ ساڵ هێشتا گرێکوێرەی مەرگی قاسملو نەکراوەتەوە و دوو گێڕانەوەی جیاوازیش لەبارەی تیرۆرکردنەکەی هەیە. یەکەمیان دەڵێ: هەر ئەو کەسانەی کە لەگەڵ قاسملو دانیشتن، کوشتیان. بەڵام بۆچوونی دووەم کە لە ڕەوتی هاتنە سەرکاری مەحموود ئەحمەدی نەژاد دا باسی دەکرا، دەڵێ: تیمێکی دیکە لە دەرەوە هاتوون و تیرۆریان کردوون. تەنانەت دەگوترێ مەحموود ئەحمەدی نەژاد، سەرۆک کۆماری ئێران لە تیرۆرەکەدا دەستی هەبووەو بەرپرسی دابینکردنی چەک بووە بۆ تیمی تیرۆر.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ١٩ی جوولای ٢٠١٣**

---



## عەبدوڵڵای حەسەنزادە

## سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکان خەباتی کوردی ئێران بۆ وەدیهێنانی داخوازەکانیان بەردەوام دەبێ



**وتووێژ دەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە**

**دیمانە: مەسعوود محەممەد**

مەسعوود محەممەد ڕۆژنامەنووسی چالاکی کورد بە بۆنەی بیست شەشەمین ساڵوەگەری شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو وتووێژێکی بە زمانی عەرەبی دەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵای حەسەنزادە ئەنجام داوە کە لە سێ ڕۆژنامەی پڕخوێنەری عەرەبی: "القبس"ی کووەیتی، "الحوار"ی لوبنانی و "بەیرووت ئۆبزێرڤەر" کە لە واشنگتۆن دەردەچێ بڵاو بۆتەوە. شایانی باسە کە ڕۆژنامەنووس پێشەکی‌یەکی درێژیشی بۆ نووسیوە بۆ ئەوەی خوێنەری عەرەبزمان پتر لەگەڵ مەسەلەکە ئاشنا بکا، بەڵام ئێمە وەرگێڕانی ئەو بەشەیمان بە پێویست نەزانی. ڕۆژنامەنووس سەردێڕی: "قاسملوو شەهید بوو، بەڵام حیزبەکەی ماوە و خەباتەکەمان بەردەوامە"ی بۆ وتووێژەکە هەڵبژاردوە کە لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی وەرگرتوە.

**ئەمەش دەقی وتووێژەکەیە:**

**پرسیار**: دوکتۆر قاسملوو چۆنی ڕێبەرایەتیی حیزب وەرگرت؟

**وەڵام**: قاسملوو لە تەمەنێکی زوودا کەوتە نێو ژیانی سیاسی. تەمەنی ١٥ ساڵ بوو کە بەرپرسایەتیی لقی "یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان" سەر بە "حیزبی دێموکراتی کوردستان" لە شاری "ورمێ"ی وەئەستۆ گرت و دوای ساڵێک یان نەختێک زیاتر، شانازیی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانیدا پێبرا. پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ئاکامەکانی، لە ساڵەکانی دوای ١٩٤٨دا نەخشێکی گەورەی لە ژیاندنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب و بەرەوپێشبردنی ڕەوڕەوەی خەباتدا یاری کرد. بەڵام هەتا دوای ڕێککەوتنی ئاداری نێوان دەوڵەتی عێراق و ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لەو وڵاتە ڕێبەرایەتیی حیزب بە مانا تایبەتی‌یەکەی، وەرنەگرت.

لەو هەلومەرجەدا دوکتۆر قاسملوو لە چێکوسلۆڤاکی‌ڕا هاتەوە عێراق و دەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە لەئاکامی زەبروزەنگی کاربەدەستانی ڕێژیمی پادشایەتیی ئێراندا لە وڵاتی خۆیان ئاوارە ببوون و لە عێراق دەژیان یەکیان گرتەوە. زیرەکی و دێموکراسی دوو لە سروشتە تایبەتی‌یەکانی دوکتۆر قاسملوو بوون. دەگەڵ هاوڕێ حیزبی‌یەکانی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی ئێران و بزووتنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردی لێکدایەوە و "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"ی وەک دروشمی ستراتیژیی حیزب پێشنیار کرد. لە کۆنفرانسی ٣ و دواتر کۆنگرەی ٣دا بەرنامە پێشنیاری‌یەکانی پەسند کران و ئەویش بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لە کۆمیتەی ناوەندییشدا بوو بە سکرتێری گشتیی حیزب و یەکێک لە گرنگترین کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان.

**پرسیار**: پێش ئەوەی ڕێبەرایەتیی حیزب وەربگرێ نەخشی دوکتۆر قاسملوو لە حیزبدا چی بوو؟

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو هەر لە هەرەتی لاوەتیی خۆیەوە لە هەموو بووارەکانی کاری حیزبی بەتایبەتی لە کاری ڕێکخراوەیی و فیکریدا زۆر نەخشی گرنگی لە چالاککردنی بەشە جۆراوجۆرەکانی حیزبدا وەئەستۆ گرتوون. بەباوەڕی من گەورەترین خزمەت کە بە حیزبی کرد پچڕینی پێوەندیی ڕێکخراوەیی دەگەڵ حیزبی توودەی ئێران بوو، چونکە بۆ ماوەی نزیک لە حەوت ساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کردەوە ببوو بە لقێکی حیزبی توودە، هەتا لە کۆنفرانسی یەکەمی حیزبدا کە ساڵی ١٩٥٥ لە چیایەکی دەوروبەری مەهاباد گیرا، دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێیەکانی ئەو پێوەندی‌یەیان پچڕی کە کەسایەتی و سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی حیزبی لەنێو بردبوو. لەوکاتەوە حیزبی دێموکرات بە شێوەی سەربەخۆ ڕێبەرایەتیی کاری سیاسیی نێو کۆمەڵی کوردەواریی بەدەستەوە گرت.

**پرسیار**: ئەو کۆنگرەو کۆنفرانسانە کە دوکتۆر قاسملوو تێیاندا بەشدار بوو، کامانەن؟ پێوەندیی دەگەڵ هاورێیەکانی لە حیزب و رێبەرایەتیدا چۆن بوو، چۆنی رەفتار دەگەڵ دەکردن؟ ناکۆکیەکانی چۆن چارەسەر دەکرد؟ بڕیارەکانی بەکۆمەڵ بوون؟

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو روحی شاد بێ لە کۆنفرانسی سێیەمەوە (١٩٧١) هەتا کۆنگرەی هەشتەم لە هەموو کۆنگرەو کۆنفرانسەکاندا بەشدار دەبوو، لە هەموو کۆنگرەکانیشدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتر سکرتێری گشتیی حیزب هەڵدەبژێردرا. پێوەندیی دەگەڵ هاورێیەکانی پێوەندیەکی گەرمی برایانە یان باشترە بڵێم باوکانە و پێوەندیی مامۆستایەک دەگەڵ قوتابیەکانی بوو کە سوورە لەسەر فێرکردن و پێگەیاندنیان بە باشترین شێوە، بێ ئەوەی لە سەرەوەرا تەماشایان بکا. ئەو دەیگوت ئەگەر ناکۆکیەکی بیروبۆچوون کەوتە نێو هاورێیان، باشترین چارەسەر گفتوگۆیەکی بنیاتنەرە بۆ ئەوەی یان ئەوان باوەر بە بۆچوونەکانی ئێمە بێنن یان ئێمە تەسلیمی بۆچوونەکانی ئەوان بین. بەراستی زۆر ئەهلی وتووێژ بوو، زۆر لەسەرەخۆ بوو، دەیتوانی بچێتە نێو دڵی هاورێیەکانیەوە. تەنیا لەو کاتانەدا نەبێ کە دەرەتانی راوێژ دەگەڵ هاورێیەکانی نەبووبێ هەموو بڕیارەکانی بەکۆمەڵ و بە هاوفکری دەگەڵ هاورێیەکانی داون.

**پرسیار**: دوکتۆر قاسملوو لە بەرەکانی شەردا چۆن بوو، لە هیچکام لە شەرەکاندا بەشدار بووە؟

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو بەکردەوە لە هیچ ئۆپێراسیۆنێکی چەکداریدا بەشدار نەدەبوو، بەڵام ئەمە بەو مانایە نەبوو کە سەری بەرەکانی شەر نەدا. زۆرجار دەچووە بەرەکان و دەگەڵ هاورێ پێشمەرگەکانی کۆ دەبۆوە و هەلومەرجی سیاسیی رووبەرووبوونەوەکەی بۆ شی دەکردنەوە و هەوڵی پاڵپشتیی گشتیی سیاسی و نیزامی و شۆرشگێرانەی پێشمەرگەکانی دەدا بۆ ئەوەی ورەیان بەرێتە سەر. هەوڵی دەدا گوێ لە بیروبۆچوونەکانیان بگرێ و داخوازیو پێداویستیەکانیان بزانێ. ئەو سەردانانە نەخشێکی گەورەیان لە بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و سەرکردەکانیاندا هەبوو.

**پرسیار**: پێوەندی دەگەڵ عێراق کێ دای مەزراندو بە چ ئامانجێک بوو؟

**وەڵام**: خەباتگێرانی کوردی ئێران لە دێرزەمانەوە هەرکات دەکەوتنە بەر زەبروزەنگی دەزگا پۆلیسیەکانی دەوڵەت بۆ رزگارکردنی گیانی خۆیان و بیروباوەرەکەیان پەنایان دەبردە بەر عێراق، چونکە لەلایەک پێوەندیەکی پتەو لە نێوان رۆڵەکانی کورد لە هەر دوو دیوی سنوور هەبوو، لەلای دیکەش کوردی عێراق بەشێک لە مافە نەتەوایەتیەکانیان وەک مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بەدەست هێنابوو. بەڵام زۆرجار ئەو تێکۆشەرانە لە گوند و شارەکانی کوردستان و لەنێو

خوشکوبرا کوردەکانیان دەژیان بۆئەوەی داوای مافی پەنابەریی سیاسی بکەن یان هەرکەسە و بۆخۆی مافی پەنابەریی وەردەگرت.

پێوەندیی ڕەسمیی لە نێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و کاربەدەستانی عێراق نەبوو هەتا ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار لە نێوان ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد و حکوومەتی عێراقدا ئیمزا کرا. مانگی حوزەیران یان تەمووز (جۆزەردان یان پووشپەڕ) بوو کە یەکەمین دیدار لە نێوان شەهیدی گرانقەدر دوکتۆر قاسملوو و ئەندامێکی "ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش" لە بەغدا ڕووی دا. ئەوەش لە ڕێگای شەهید محەممەد مەحموود عەبدوڕڕەحمان (کاک سامی)یەوە کە وەک نوێنەری بزووتنەوەی کوردی عێراق کرابوو بە وەزیری کاروباری باکوور "وزیر شؤون الشمال". لەو دیدارەدا دوکتۆر قاسملوو ڕیزە بنەمایەکی گشتیی هێنابووە بەر باس کە هەر دوو لا لەسەریان هاودەنگ بوون و دەیانتوانی زەمینەیەکی هاوبەش بۆ پێوەندیی ئەو دوو لایەنە بن. بۆ نموونە (وەک لەبیرم بێ) ئەوە کە هەردوو لا هەوڵ دەدەن پێوەندی دەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی بەهێز بکەن و لە دەسەڵاتی ئیمپەریالیزم کەم بکەنەوە، حیزبی دێموکرات بۆ خودموختاریی کوردستانی ئێران تێدەکۆشێ و دەوڵەتی عێراق خودموختاریی کوردستانی عێراقی بەڕەسمی ناسیوە، هەر دوو حیزب (دێموکرات و بەعس) پێوەندیی دۆستانەیان دەگەڵ پارتی دێموکڕاتی کوردستان هەیە. لایەنی عێراقی ئەو بنەمایانەی وەک بنچینەیەک بۆ پێوەندی دەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان قبووڵ کرد و بەم جۆرە پێوەندییەکە دروست بوو.

**پرسیار**: پێوەندیی دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ مەلا مستەفا چۆن بوو؟ چ ناکۆکییەکی بنەڕەتییان دەگەڵ یەکتر هەبوو؟

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو لەلای خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی جێگەو پێگەیەکی هەبوو کە هیچ ڕێبەرێکی کورد لە هیچ بەشێکی کوردستاندا نەیبوو، بەڕادەیەک کە دەگەڵ ئەوەی دەیزانی قاسملوو ئەندامی حیزبێکی دیکەیە پێشنیاری پێکرد ببێتە سکرتێری ئەو حیزبە کە بۆخۆی سەرۆکی بوو. بەڵام د. قاسملوو لە حیزبی خۆیدا مایەوە و پێشنیارەکەی قبووڵ نەکرد. ڕەنگە شەهید قاسملوو تەنیا ڕێبەری نێو بزووتنەوەی کورد بووبێ کە لە نامەکانی خۆیدا بارزانیی بە "برای بەڕێز مەلا مستەفا" بێ زیادکردنی هیچ عینوانێکی دیکە بانگ دەکرد.

لەبارەی ئەو شتەوە کە ناوتان نا "ناکۆکیی بنەڕەتی"، ئەمن پێموایە لەبارەی مەسەلە چارەنووسییەکانەوە جیاوازییەکی بیروڕایان لەنێودا نەبوو کە بکرێ پێی بگوترێ "ناکۆکیی بنەڕەتی". تەنیا شت ئەوە بوو کە قاسملوو بەدڵەوە باوەڕی بە سەربەخۆیی خۆی و حیزبەکەی هەبوو و لەسەر پاراستنیشی پێداگر بوو. ڕەحمەتی بارزانییش ڕێزی بۆ ئەو ڕاستییە دادەنا و لەبەر چاوی دەگرت تەنانەت ئەگەر وا دابنێین ئەو سەربەخۆییەی پێشخۆش نەبووبێ.

**پرسیار**: باسی پێوەندیی دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ خەڵکمان بۆ بکە، چۆن بوو؟ لە گوندەکان چۆنی پێشوازی لێدەکرا؟ داستانێکی سەرنجڕاکێش هەیە کە پێت خۆش بێ بۆمان بگێڕیەوە؟

**وەڵام**: کۆمەڵانی خەڵکی خۆش دەویست و ئەوانی بە خاوەنی سەرەکیی مەسەلەی کورد دەزانی. بەگەرمی پێشوازیی لێدەکردن و لەلایەن ئەوانەوە پێشوازیی لێدەکرا. بەڵام بۆ ئەوەی بەڕاشکاوی و ڕاستوێژی قسەت بۆ بکەم نایشارمەوە کە شەهید لە تێکەڵبوون دەگەڵ خەڵکی سادە و لێنزیک بوونەوەیاندا زۆر کارامە نەبوو. هۆیەکەشی دەگەڕایەوە بۆ هەلومەرجی پەروەردە بوونی کە لە بنەماڵەیەکی ئاغاوەتدا لەدایک ببوو و پێگەیشتبوو و بەشی زۆری تەمەنی منداڵی و لاوەتیی خۆی لە شارە گەورەکان و پێتەختەکان و بە دوور لە بارودۆخی ژیانی کرێکاران و جووتیاران بەسەر بردبوو.

**پرسیار**: باسی دوکتۆر قاسملووی ئینسانمان بۆ بکە، پێوەندیی دەگەڵ بنەماڵەکەی و خەڵکی ئاسایی، دۆستەکانی، حەزی لەچیی بوو (مۆسیقا، خوێندنەوە، شێعر...؟)

**وەڵام**: ڕووحی شاد بێ نموونەیەکی بەرزی پێوەندی دەگەڵ خەڵکی دەوروبەری بوو، دۆستی بان، لە بنەماڵە و عەشیرەتی خۆی بان یان لەو کەسانە کە هیچ پێوەندییەکی بنەماڵەیی و عەشیرەیی پێکەوەی گرێ نەدەدان. دەگەڵ هەمووان ڕەفتارێکی جوانی هەبوو، لە سەرەوەڕا تەماشای نەدەکردن. یەکێک لە سروشتەکانی بێفیزی بوو. زۆرزۆر خەریکی خوێندنەوە دەبوو، بابەتی جۆراوجۆری دەخوێندنەوە. حەزی لە بەرهەمە ئەدەبی و بەتایبەتی شێعرییەکان دەکرد. دەشزانین کە ئەو بێجگە لە زمانی زگماکیی خۆی زمانەکانی فارسی، تورکی، فەڕانسەیی، چێکی و سلۆڤاکیی زۆر باش دەزانین و بێ گیروگرفت پێی دەنووسین و دەیخوێندەوە. جگە لەوانەش تا ڕادەیەکی باش شارەزای زمانەکانی ئینگلیزی، ڕووسی، عەرەبی، ئەڵمانی و ئیتالیایی بوو و قسەی پێدەکردن. یەکجار زۆر ئۆگری شێعر و مۆسیقا بوو، گەورە هونەرمەندانی زۆر نەتەوەکانی دەناسین و شارەزاییەکی باشی لە سەمفۆنییەکانی موزارت و بێتهۆڤێن و بەگشتی مۆسیقای کلاسیک هەبوو.

**پرسیار**: دوکتۆر قاسملوو چۆنی دەڕوانیە کوردستانی ئێران و کوردستانی یەکپارچە و لەو بارەیەوە چۆنی بیر دەکردەوە؟

**وەڵام**: لەنێو ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورددا قاسملوو یەکەمین کەس بوو کە بەڕاشکاوی گوتی کوردستان وڵاتێکی دابەشکراوە و ئەگەر ڕۆژێک دەرفەت بۆ یەکخستنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان برەخسێ، ئەمە بە یەکخستنەوەی وڵاتێکی دابەشکراو دادەنرێ نەک لەتکردنی وڵاتێک یان جیابوونەوە لە وڵاتێکی دیکە. بەڵام هەر لەوکاتەدا پێیوابوو لە هەلومەرجی ئێستادا باشترین چارەسەر بۆ مەسەلەی کورد ئەوەیە کە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا کە لێی دەژین



سەرچاوە
Serchawe

بە مافی خودموختاری بگەن.

**پرسیار**: باسی پێوەندیی دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ شامان بۆ بکە، دیتبووی یان نا؟ چیی لەبارەیەوە دەگوت؟

**وەڵام**: پێوەندیی وی دەگەڵ شا پێوەندیی ئۆپۆزیسیۆن بوو، ئەو زۆر بەجیددی دژی ڕێژیمی شا و سیاسەتەکانی تێدەکۆشا و حەزی دەکرد چی زووترە بڕووخێ. وەک دەزانین ئەو ساڵی ١٩٤٨ لە پاریس خۆپیشاندانێکی گەورەی بۆ نارەزایی دەربڕین لە سەفەری شا بۆ فەڕانسە وەڕێ خست کە بووە هۆی ئەوەی لەژێر گوشاری ڕێژیمی شا بۆسەر دەوڵەتی فەڕانسەدا لەو وڵاتە دەربکرێ. وەک ئەمن بزانم د. قاسملوو هەرگیز چاوی بە شا نەکەوتوە.

**پرسیار**: باسی پێوەندیی د. قاسملوو دەگەڵ ئیمام خومەینیمان بۆ بکە، داخوا ئەوی دیتبوو؟ چیی لەبارەیەوە دەگوت؟

**وەڵام**: دوکتۆر قاسملوو دووجار چاوی بە خومەینی کەوتبوو، جارێکیان لە بارەگاکەی خۆی لە "نۆفل لۆ شاتۆ"ی دەوروبەری پاریس پێش ئەوەی سواری فڕۆکە بێ و بگەڕێتەوە تاران. بۆی باس کردین کە لە مەجلیسی گشتیدا دیویەتی بەڵام وەختێک داوای کردوە دووبەدوو پێکەوە دانیشن، خومەینی داوایەکەی ڕەت کردۆتەوە. دوکتۆر قاسملوو پێی وابوو مامەڵە و لێکتێگەیشتن دەگەڵ ئەوپیاوە ڕەق و سەرسەختە کارێکی یەکجار دژوارە. جاری دووەم لە شاری "قوم" دەگەڵ شاندێکی کورد کە زیاتر لە دەکەس دەبوون چاوی پێیکەوت بۆ ئەوەی باسی داخوازەکانی کوردی ئێرانی بۆ بکا. ئەم دیدارەش هیچ ئاکامێکی ئەرێنیی لێنەکەوتەوە،و تەنانەت دەرەتان بە شاندە کوردەکە نەدرا ئەو داخوازانەشی دەگەڵ باس بکەن کە بۆیە سەفەری قوم و تارانیان کردبوو کە دەگەڵ کاربەدەستان باسیان بکەن و لەسەر مافەکانی کورد بکەونە وتوویژ. دوکتۆر قاسملوو پاش ئەو دیدارەش هەر بۆچوونەکەی دیداری پێشوو لە نۆفل لۆ شاتۆی پاریسی بۆ دروست بۆوە.

**پرسیار**: دوکتۆر قاسملوو ڕێژیمی ئاخوندەکانی چۆن هەڵدەسەنگاند؟

**وەڵام**: ئەم ڕێژیمەی وەک هەیە هەڵدەسەنگاند و بە ڕێژیمێکی دواکەوتووی وەحشیی دەزانی کە ناکرێ لەبارەی مەسەلە چارەنووسییەکانەوە دەگەڵی بگەیە هیچ ڕێککەوتنێک کە خزمەتی داخوازی چین و توێژەکانی کۆمەڵ و گەشانەوە و پێشکەوتنی وڵات لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و هتد بکا. زۆر بەداخەوە بە تێپەڕینی ڕۆژگارو چەندین تاقیکردنەوە دەگەڵ ئەم ڕێژیمە دەرکەوت کە بۆچوونەکانی دوکتۆر قاسملوو لەو بارەیەوە دروست و لەجێی خۆیاندا بوون. ئاخر ئەم ڕێژیمە بۆ گەلانی ئێران و دەوڵەتانی دەوروبەر و ئەو دەوڵەتە ئیسلامییانە کە خۆی بە نوێنەریان دادەنێ جگە لە

زەبروزەنگ و مەرگ و ماڵوێرانی شتێکی پێ نەبووە.

**پرسیار**: باسی وتووێژەکانی "ڤییەن"مان بۆ بکە، ئەوەی د. قاسملوویان تێدا کوژرا. کێی لێبوو؟ مەبەست لەو وتووێژانە چی بوو؟ داخوا نەدەترسا بیکوژن؟

**وەڵام**: وتووێژەکانی ڤییەن دوو قۆناغیان هەبوو. جاری یەکەم لە دوارۆژەکانی ساڵی ١٩٨٨و یەکەمین رۆژەکانی ساڵی ١٩٨٩دا بوون. لەو قۆناغەدا دوکتۆر قاسملوو داخوازەکانی کوردی ئێران و باشترین رێگای چارەسەری مەسەلەی کورد لەو بەشەی کوردستان لە روانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوەی بۆ لایەنی بەرامبەر باس کرد و شاندی ئێران بۆ "وتووێژ" رایگەیاند کە دەسەڵاتی بریاردان لەسەر ئەو داخوازانەی نیە، بەڵام بە ئەمانەتەوە دەیانخاتە بەر چاوی بەرپرسان لە تاران و بۆ دەوری دووەمی وتووێژەکان وردەکاریی بۆچوونی بەرپرسانی رێژیم لە بارەیانەوە دەگەڵ خۆی دێنێ.

قۆناغی دووەم لە رۆژانی ١٢و ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩دا بەرێوە چوو، کە بەڕاستی ئەندامانی شاندی ئێران بەڵێنەکەیان بردە سەر و "وردەکاریی بۆچوونی بەرپرسانی رێژیم"یان دەگەڵ خۆیان هێنابوو کە بریتی بوو لە چەند پارچە چەکی کوشەندە بۆ تێرۆری بەرپرسانو نوێنەرانی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لەسەر مێزی "وتووێژ". لەبەر ئەوەش کە پێویستییان بەوە هەبوو بارودۆخەکە باش هەڵسەنگێنن، رۆژی یەکەمی دیدارەکە واتە دوازدەی ژووئیە پلانەکەیان جێبەجێ نەکرد و هەڵیان گرت بۆ رۆژی دواتر کە رێکەوتی چلەمین رۆژی مردنی خومەینی بوو. بەوکارە پەیامێکی بەخوێنو قورقوشم ئیمزا کراویان بۆ نەتەوەی کورد نارد کە جیاوازیی دەگەڵ فەرمانی خومەینی بە کوشتاری کوردەکان نەبوو.

شتێک کە سەرنجی من ڕادەکێشێ ئەوەیە کە رێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان ئێران و گرووپی (١+٥)یش ڕاست لەو شارە (ڤییەن) و لەو ڕۆژەدا کە دوکتۆر قاسملووی تێدا تێرۆر کرا (١٣ی ژووئیە) ئیمزا کرا، (ڕاگەیاندنەکەی کەوتە ١٤ی مانگ). داخوا ئەمە -بەتایبەتی بۆ ئێران - هەر رێکەوت بوو یان بە ئەنقەست بەرنامەی بۆ دارێژرا بوو؟ رێژیمی ئێران بە تێرۆری دوکتۆر قاسملوووە نەوەستا و زنجیرەی تاوانەکانی لە ئورووپا بەردەوام بوو. دەزانین هەر چەند ساڵ دواتر، لە پاش تەواوبوونی کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیست لە بێرلین دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی جێنشینی دوکتۆر قاسملووشیان تێرۆر کرد (ڕووداوی میکۆنووس).

**پرسیار**: نەخشی جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری پێشووی عێراق لەو وتووێژانەدا چی بوو؟

**وەڵام**: بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە وتووێژەکانی ڤییەنـدا نەخشی نێوبژیوانی هەبوو، ئەوو ئەندامێکی دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی لە تەنیشت ڕەحمەتی ئەحمەد بنبیللا سەرکۆماری پێشووتری ئەلجەزایر لە بەشی یەکەمی وتووێژەکانـدا بەشدار بوون. تاڵەبانی بەرپرسایەتیی پاراستنی گیانی دوکتۆر قاسملووی گرتبـووە ئەستۆو ئەو نەخشەشی بـە لێوەشاوەیی بەئەنجام گەیاندبوو. چونکە ئەرکی پاراستنی گیـانی وتووێژکەرانی بـە ڕایەڵکەیەکی ئەمنیەتی سپاردبوو کە دەوری بیست ئەندامی هەبوون و حەوت کەس لەوانەش چەکی دەمانچەیان پێ ببوو. بۆیە کاتێک ئێرانییەکان هەست دەکەن بە بوونی تاڵەبانی لە وتووێژەکاندا پلانی تێرۆرەکەیان بۆ جێبەجێ ناکرێ، بە بیانووی ئەوە کە ئێمە ئێرانیین و نابێ کەسی بێگانە لە موناقەشە نێوخۆییەکانماندا بەشدار بێ، پێ لەسەر ئەوە دەچەقێنن کە دەوری دووەمی وتووێژەکان نابێ هیچ لایەنێکی سێیەمی لێبێ. سەیر ئەوەیە دوکتۆر قاسملوو بە پێچەوانەی ئەو هەموو ئەزموون و زانیارییە کە لەسەر پلانەکانی کاربەدەستانی ئێران و نیازی ناپاکیان بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆن و بەتایبەتی کوردەکان هەیبوو، سەرنجی بۆ لای پلانەکەیان ڕانەکشابوو.

**پرسیار**: پێش ئەوەی بچێتە وتووێژەکان چیی بە ڕێبەرایەتیی حیزب گوت؟

**وەڵام**: ئەمن لەو کاتەدا ئەندامی ڕێبەری نەبووم. بەڵام بەپێی ئەوەی لە هاوڕێیانی ڕێبەریم بیستوە، یەکەم دیدار لەنێوان دوکتۆر و نێردراوانی ئێراندا بێ ئاگاداریی پێشووی ئەندامانی ڕێبەری مەگەر جێگرەکەی و ئەندامانی دەفتەری سیاسی بووە. بەڵام کە گەڕاوەتەوە کوردستان هەموو ئەو شتانەی بۆ ڕێبەری گێڕاونەوە کە لەنێوان ئەوو شاندی وتووێژکەری ئێران یان باشتر بڵێم شاندی ڕاسپێردراو بۆ تێرۆردا گوزەراون. چەند مانگ دوای یەکەمین دیداری دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ ئێرانییەکان، ئەوان پێشنیار دەکەن دیدارێکی دیکەیان دەگەڵ دوکتۆر قاسملوو هەبێ بۆ ئەوەی گۆیا بۆچوونی بەرپرسانی لەبارەی ئەو داخوازانەی کوردەوە پێڕابگەیەنن کە دوکتۆر قاسملوو لە دەوری یەکەمی وتووێژەکاندا خستبوونیە بەر چاویان. دوکتۆر قاسملوو جوابیان دەداتەوە کە ئێستا دوکتۆر شەرەفکەندی جێگری سکرتێر لە ئورووپایە، با ئەو ببینن و وەڵامی تاران بە داخوازەکانی کوردی پێڕابگەیەنن. بەڵام ئەوان پێ دادەگرن کە دەبێ دوکتۆر قاسملوو بۆخۆی لە دیدارەکە ئامادە بێ و ئامادە نین دەگەڵ کەسی دیکە کۆ ببنەوە. بۆ نەگبەتی ئەو پێداگرتنەش سەرنجی دوکتۆر بۆ لای ئەو پلانە کە بۆی چنراوە ڕاناکێشێ.

**پرسیار**: خەبەری شەهیدبوونەکەیتان چۆن وەرگرت؟

**وەڵام**: بێ کەمترین گومان شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو نەکهەر بۆ هاوڕێکانی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا، بەڵکوو



سەرچاوە
Serchawe

بۆ هەموو لایەنگران و دۆستانی بزووتنەوەی کورد لە ئێران و لە هەموو بەشەکانی کوردستان ڕووداوێکی بەژان و زەبرێکی گەورە بوو. بەڵام ئێمە خەبەرەکەمان بە هەستێکی شۆرشگێڕانە و بەرپرسانەوە وەرگرت، ئاخر دوکتۆر قاسملوو بۆخۆی ڕۆیشت و بەرپرسایەتیی تەواوکردنی ئەرکەکانیی خستە ئەستۆی هاوڕێ و قوتابییەکانی. مەرگی لەنەکاوی ئامۆژگارییە شۆرشگێڕانەکانیی وەبیر هێناینەوە کە دەیگوت ئێمە لەمێژە بەڵێنمان داوە بۆ شەهیدبوونی هاوڕێکانمان ناگرین و تەنیا کار کە دەتوانین بۆ شادکردنی گیانی ئەوان و نەمرکردنی ناویان بیکەین ئەوەیە کە ڕێگایەکەیان درێژە بدەین هەتا کاتێک یان ئەو ئامانجانە بەدەست دێنین کە ئەوان گیانیان لە پێناویاندا بەخشیوە، یان ئێمەش وەک وان تێکەڵ بەکاروانی نەمران دەبین.

لەو کاتەدا تێکۆشەرانی حیزب هەرکەس لە ناوچەی خۆیان خەریکی چالاکییەکان و بەجێهێنانی ئەرکی خەباتگێڕانەی خۆیان بوون و تەنیا ئامرازی پێوەندی پێوەگرتنیشیان دەزگای بێسیم بوو. ڕێبەرایەتیی حیزب خەبەری شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملووی لە برووسکەیەکدا بە پێشمەرگەکان ڕاگەیاند کە ئەمە نێوەرۆکەکەی بوو: "دوکتۆر قاسملوو شەهید بوو بەڵام حیزبەکەی ماوە و خەباتەکەمان بەردەوامە". ئەم برووسکەیە و هەڵوێستەکانی دواتری ڕێبەرایەتی شوێنەوارێکی زۆریان لەسەر بەرزبوونەوەی ورەی پێشمەرگەکان و چوونەسەری هەستی خەباتگێڕانەی لاوەکانی دیکە هەبوو، بەجۆرێک کە لەماوەی چەند مانگی پاش تێرۆرەکەدا پتر لە چوارسەدوهەشتا کیژ و لاوی کورد هاتنە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانەوە.

**پرسیار**: کێ لە تێرۆری دوکتۆر قاسملوودا بەشدار بوو؟

**وەڵام**: هەرچەند ئێمە لیستێکی ناوی ئەو کەسانەمان لەلایە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە کردەوە تێرۆریستییەکەدا بەشدار بوون، وەک مستەفەوی و سەحراڕوودی و بزورگیان و بەنی هاشمی و ئەحمەدی‌نەژاد، بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرنگتر ئەوەیە کە بڕیاری تێرۆرەکە لە بەرزترین دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێرانەوە، لە خامەنەیی خۆیەوە دەرچووە کە ئەگەر ئەوانەش نەبووایەن زۆر گرووپی دیکەی لەبەر دەستدا بوون کە جێبەجێکردنی ئەو کردەوە تێرۆریستییەیان پێبسپێرێ. کەوایە، تاوانباری سەرەکیی کەتنەکە تەواوەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، نەک ئەو چەند بەکرێگیراوە کە جێبەجییان کردوە.

**پرسیار**: ئێرانی ئەمڕۆ بەرەو کوێ دەچێ؟

**وەڵام**: زەحمەتە هیچ توێژەرێک پێشبینیی ئەوە بکا کە ئێرانی ئایەندە بەرەو کوێ دەچێ. چونکە ئەم ڕێژیمە هەروەک

خۆیان دەڵێن وێکچوونی دەگەڵ هیچ حکوومەتێکی دیکەی دنیا نیە تا بکرێ بە کەلکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ئەو وڵاتانە حوکمی لەسەر بدرێ. تەنیا شت کە لەوبارەیەوە دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێستای ئێران ناتوانێ هەتاسەر بەم جۆرە درێژە بە ژیانی خۆی بدا. کەوایە، یان دەبێ ڕێبازی خۆی بگۆڕێ (کە یەکجار بە دووری دەزانم) یان دەبێ جێگا بۆ ڕێژیمێکی دیکە چۆڵ بکا کە پتر دەگەڵ داخوازییەکانی ئەم سەردەمە سازگار بێ. دیارە ئەمەش پێویستیی بە خەباتێکی سەخت و دانی قوربانییەکی زۆر هەیە.

**پرسیار**: ئێران شەریکی ئەمریکایە یان دوژمنیەتی؟

**وەڵام**: پێداگرتنی بەرزترین ڕێبەرانی ئەمریکا و ئێران لەسەر درێژەدانی ڕێبازی خۆیان بەرامبەر بە هاوپەیمانەکانیان و لێکدانەوەی هەر لایەنێک بۆ ئەو شتەی لە وتووێژەکانی ڤییەن بەدەستیان هێناوە، نیشان دەدا کە دوو لایەنی ئێران و گرووپی (١+٥) نەگەیشتوونە چارەسەری هەموو ناکۆکییەکانی نێوانیان و ئەوەی لەنێویاندا ڕووی داوە تەنیا ڕێککەوتن لەسەر هێندێک بنەمایە کە لە کورتخایەندا خزمەتی قازانجی هەر دوولا دەکەن. ئەگینا بۆخۆم پێشبینی ناکەم کە ئەو ڕێککەوتنە تەنانەت تا ئەو ماوەیەش بەردەوام بێ کە لە دەقی ڕێککەوتننامەکەدا بۆی پێشبینی کراوە، چونکە لە جێبەجێکردندا کەندوکۆسپی زۆری دێتە سەر ڕێگا. لەوەش گەڕێ کە ڕێککەوتننامەکە هێشتا لەلایەن دەسەڵاتی قانوونیی هیچکام لە دوو دەوڵەتی ئێران و ئەمریکاوە پەسند نەکراوە و بە دوور نازانرێ لەوەشدا گیروگرفتی بێتە سەر ڕێگا. بۆیە پێموایە هەتا کاتێک ئەم ڕێژیمە لە ئێران لەسەر کارە تەنانەت بیرکردنەوە لەوەش کە ئێران و ئەمریکا لە داهاتوودا دەبنە دۆست کارێکی دژوارە. چونکە ڕێژیمی ئیسلامی هەروەخت دۆستایەتیی ئەمریکا قبووڵ بکا و دەست لە دروشمی "بمرێ ئەمریکا" و دانانی ئەمریکا بە "شەیتانی گەورە" هەڵبگرێ، لەڕاستیدا خۆی هەڵدەوەشێنێ.

**پرسیار**: دوارۆژی کوردی ئێران چییە؟ ڕاپەڕینی مەهاباد تەواو بووە یان ماوە؟ چ دەسکەوتێکی هەبوو؟

**وەڵام**: ناتوانم چارەنووسی دوارۆژی کوردی ئێران پێشبینی بکەم. تەنیا شت کە دەتوانم پێی لەسەر دابگرم ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکان خەباتی کوردی ئێران بۆ وەدیهێنانی داخوازەکانیان بەردەوام دەبێ هەتا ڕۆژێک کە ئەم گەلە مافە ڕەواکانی خۆی بەدەست دێنێ. لەسەر ئەوە کە ئەو ئامانجانە چۆن بەدەست دێنن، ناتوانم شێوەیەکی تایبەتی دیاری بکەم. بەڵام دەزانم کە کوردی ئێران هەروەک لە ڕابردوودا نیشانیان داوە، ئامادەن بە هەموو ڕێگایەک و هەموو ئامرازێکی بەردەست خەباتەکەیان درێژە بدەن و درەنگ یان زوو هەردەبێ ئەم گەلە سەرکەوێ، چونکە ئەمە بۆتە قانوونی ژیان و ئێران ناتوانێ لەم قانوونە بەدەر بێ. ئەوە کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران پەرشوبڵاوە حەقیقەتێکی یەکجار تاڵە



سەرچاوە
Serchawe

کە کوردی ئێران پێش هەموو کەس بە دەستیەوە دەناڵێنن. بەڵام وەک دەزانن ئەمە تایبەتی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران نیە، بەڵکوو فەتایەکە تووشی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان و تەنانەت حیزبە سیاسییەکانی وڵاتانی پێشکەوتووش بووە و دەبێ. هەر دەبێ ڕۆژێکیش لە پێناوی قازانجی هاوبەشی هەموو لایەنەکاندا کۆتایی پێبهێنرێ.

ڕاپەڕینی مەهاباد دوای کوژرانی کیژۆڵەی کورد فەرینازی خوسرەوانی ڕووداوێکی دابڕاو نەبوو، بەڵکوو ئەڵقەیەک لە خەباتی سەخت و لەمێژینەی کوردی ئێران لە پێناوی وەدەستهێنانی ئامانجەکانیاندا بوو. بەڵێ، ڕاپەڕینی مەهاباد تەواو بوو، بەڵام خەباتی قارەمانانەی گەلی کورد کە ڕاپەڕینی مەهاباد ئەڵقەیەکی بوو، بەردەوامە و زۆر دەسکەوتی سیاسییشی بەدەست هێناون کە گرنگترینیان ئەوەیە کوردستان سەری بەرزە و هەموو خەباتگێڕانی ئێران بەچاوی ڕێزو ئومێدەوە لێی دەڕوانن.

**پرسیار**: هیچ موناقەشەیەک لەنێوان ئێوە وەک ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران و خۆرئاوا و ئەمریکادا هەیە؟

**وەڵام**: دەگەڵ ئەوەی بۆخۆم ئەندامی ڕێبەرایەتیی هیچ حیزبێکی کوردی نیم، ئەوەندە دەزانم زۆر لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران جۆرە پێوەندییەکیان دەگەڵ ئیدارەی ئەمریکاو هێندێکی دیکە لە دەوڵەتانی خۆرئاوا هەیە. بەڵام بەشبەحاڵی خۆم نەمدیوە و نەمبیستوە پێوەندییەکیان لە نێودا بێ کە بکرێ ناوی بنێی موناقەشە. ئارەزوو دەکەم بەهەڵە چووبم.

**پرسیار**: گەلی کورد لە ئێران چ چاوەڕوانی‌یەکی لە ئێوە هەیە؟

**وەڵام**: داوای گەلی کوردی ئێران لە هەموو لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کورد ئەوەیە هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانیان درێژە بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیان بدەن و گومانیشی تێدا نیە کە ئەم گەلە داوا لە حیزبە شۆڕشگێڕەکانی دەکا کۆتایی بە ناکۆکییەکانیان بێنن و لەنێو خۆیاندا لەسەر هێندێ بنەما و ئامانجی هاوبەش ڕێککەون کە هەموویان باوەڕیان پێیان هەبێ و هەموویان یەکریز دژی هەر لایەنێک بوێستن کە بیەوێ زیان بە ئامانجەکانی کورد بگەیەنێ. ئاواتم ئەوەیە گشتیان گوێ لە بانگەوازی ئەو گەلە بگرن کە خۆشی دەوێن و هیوای پێیان هەیە و هەموو خێرو خۆشییەکی بۆیان دەوێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## عەبدوڵلا حەسەن زادە: لەوانەی دیومن کەسم لە سەرووی دوکتۆر قاسملوو نەدیوە



دیمانە: عەلی بداغی

**٣٠ ساڵ لە تیرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی تێپەڕی کە لەسەر مێزی وتوویژ لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لەلایەن ئەوانەوە درانە بەر دەسترێژ. ناودارێکی کورد دەڵێ: «میللەتی کورد وەجاخ کوێر نییە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێ کورد کوڕی دیکەی نەبووە بڵێ قاسملووم.» خاوەنی ئەم وتە بەنرخە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە تێکۆشەری دێرین، یاری غاری دوکتۆر قاسملوو، و هاوسەنگەری بەوەفای بەڕێزیانە؛ کە لە دیدارێکی تایبەتدا هاتووینەتە خزمەتی بۆ ئەوەی بە بۆنەی ساڵیادی تیرۆری دوکتۆر قاسملوو، لەگەڵ بەڕێزیاندا یادێکمان لە قاسملووی نەمر و باسێکمان لە کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی ئەم زاتە گەورەیە لە زمان بەڕێز مامۆستاوە کردبێ.**

**عەلی بداغی: مامۆستا با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەم کە جەنابت یەکەم جار دوکتۆر قاسملووت لە کوێ دیت؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە: جارێ لە پێشدا با بڵێم سڵاو لە یادی دوکتور قاسملوو، سڵاو لە گیانی پاکی، سڵاو لە هەموو ئەوانەی کە لە پێناو بیروباوەڕەکەی دوکتور قاسملوودا شەهید بوون، سڵاو و ئاواتی سەرکەوتنیش بۆ ئەوانە کە ئێستاش هەر لە ڕێگەی دوکتور قاسملوو و پێشەوا و بەگشتی حیزبی دێموکراتدا خەبات دەکەن.**

**ئەمن لەمێژ بوو لەگەڵ ناوی دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم، بەڵام دیتنم بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ی زایینی**

کە دەبێتە ١٣٤٩ی خۆمان، ئەو وەختە کە ڕێککەوتن لە بەینی دەوڵەتی عێراق و بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانیدا هەبوو؛ دوکتۆر قاسملوو لە دەرێڕا هاتبوو بۆ پیرۆزبایی لە مەلا مستەفا و لە عەینی حاڵدا بۆ پێوەندی بە هاوڕێیانیەوە لە حیزبی دێموکراتدا. چونکی ئەو وەختی حیزبی دێموکرات زۆر پەرشوبڵاو بوو، بێجگە لەوانەی وڵات کە سابیتن، ئەوانی دیکە ژمارەیەکمان لە دەرێ بوون کە پێکەوە پێوەندیی دۆستایەتییان هەبوو نەک پێوەندیی ڕێکخراوەیی. بەشێکمان لە مەنتەقەی شۆڕش لە کوردستانی عێراق بووین، بەشێکیش لە مەناتیقی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق بوون. لەوێ لە زیمنی سەردانی مەلا مستەفادا، مەرحوومی دوکتور قاسملوو چاوی بە برادەرێکمان کەوتبوو بەناوی کاک ئەمیری قازی کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوو؛ لەوێ باسی ئەوەی کردبوو کە پێم خۆشە یەکتر ببینین. ئێمەش بۆخۆمان کۆبوونەوەیەکمان کرد، بڕیارمان دا دەعوەت لە دوکتور قاسملوو بکەین بێتەوە نێو ڕێبەریی حیزب و تەنانەت وەکوو مەسئوولیش لە ڕێبەریی حیزبدا بێ. بەڵام ئیدی ئەو دیدارە ئەو وەختی نەکرا؛ وا دیاری کرا کە دوکتور قاسملوو بچێتەوە و پاش ماوەیەک بێتەوە. ڕاست تاریخەکەیم لەبیر نییە بەڵام لە مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٧٠دا بوو کە بۆ یەکەم جار لە بەغدا چاوم بە دوکتۆر قاسملوو کەوت و، دیدارێکی پێنج-شەش ڕۆژەمان هەبوو. کە لە جێی دیکەدا باسم کردوە، لەوێ شەش نەفەر کۆ بووینەوە، حەوت کەسمان کردە ئەندامی کومیتەی ناوەندی[پێکەنین] لە حاڵێکدا نە کۆنگرە بوو نە کۆنفڕانس.

**عەلی بداغی**: سەرەتایەکی گرینگ زۆر گرینگ بۆ بنیاتنانەوەی حیزبی دێموکرات، بۆ ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکرات کە بوو بە ڕفیقایەتییەکی پتەویش لە نێوان جەنابت و دوکتور قاسملوودا کە هەتا کاتی شەهیدبوونی ١٩ ساڵی خایاند. مامۆستا ئەدی دوادیدارت لەگەڵ دوکتور قاسملوو کەی بوو، لە کوێ بوو و، ئەوەندەی لە بیرتان مابێ باسی چیتان دەکرد؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دوا دیدار لە کاتێکدا بوو کە ئەمن لە ڕێبەریی حیزبدا نەبووم، دوای کۆنگرەی هەشت بوو کە ئەمن هەڵنەبژێرامەوە ببمە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، بەڵام پێوەندییەکە هەر پێوەندییەکی مامۆستا و شاگردی بوو.

**عەلی بداغی**: خۆت کاندید نەکردبوو مامۆستا!

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: موهیم نییە ئەوە، موهیم ئەوەیە نەبوومە ئەندامی ڕێبەری. دوکتۆر قاسملوو لە هەموو موناسەبەتێکدا زۆری لوتف لەگەڵ من دەکرد، تەنانەت لە مەسائیلی سیاسیدا دەکرێ بڵێم هیچ مەسەلەیەکی عومدەی سیاسی نەبووە، کە لەگەڵم باس نەکا و من ئاگادار نەکاتەوە هەرچەندە لە ڕێبەریدا نەبووم؛ ئەمە هەر تایبەت بەو دواییانە نەبوو پێشێش هەر وابوو. بەینی کۆنگرەی چوار و پێنجیش کە ئەمن دیسان لە ڕێبەریدا نەبووم، ئەو



سەرچاوە Serchawe

پێوەندییەمان هەر هەبوو. ئاخر دیدار ئەوە بوو کە لەدوای ناردبووم بچم، بۆ یەکەم جار تەواوی قەزیەکەی لەگەڵ من باس نەکرد بەڵام بە شێوەیەکی سەربەستە لە واقیعدا ئەو داستانەی لەگەڵ باس کردم؛ کە بەداخەوە سەری تێدا چوو. پرسیاری کرد کە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی ئامادە بێ وتووێژمان لەگەڵ بکا، ئەتۆ نەزەرت چییە؟ گوتم جا سیاسەتی ئەم حیزبە داڕێژراوە، ئەم حیزبە قەتی وتوویژ نەفی نەکردوە. بەڵام بەپێی ئەو زەوابیتە کە ئێمە پەسەندمان کردوە تەنانەت بۆخۆشت گەلاڵەت کردوە؛ جا ئەووەڵ جار ئەو شرووتە دوکتور قاسملوو بۆخۆی گەلاڵەی کردبوو و دوایە بەبێ شک ئەوانی دیکەش دەستکارییان تێدا کردبوو. ئەوە ئاخرجار بوو کە ڕۆیشت و بەداخەوە ئیدی یەکترمان نەدیتەوە.

**عەلی بداغی**: مامۆستا پێش ئەوەی بێمە سەر پرسیارە سیاسییەکان ڕەنگبێ بیرهێنانەوەی ئەو ڕۆژانەوە و ئەو کات و ساتانەش بۆ جەنابت زۆر ناخۆش بێ، بەڵام بێگومان بۆ بینەرانمان گرینگە کە ئەگەر بکرێ باس لەو ئانوساتەش بکەی کە هەواڵی تێرۆرەکەت بیست. لەو کاتەدا بیرت لە چی دەکردەوە؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: ئەو ئانوساتە ئانوساتێکی ناخۆش بوو بەڵام بۆ ئێمە وەک دەڵێن تەدریجی بوو، ڕۆژی هەینی بوو، ڕۆژی جێژنی قوربانیش بوو، ئێمە شوێنی کاری دەفتەری سیاسیمان لە دێیەک بوو بەناوی «بۆڵێ» لە بناری قەندیل، بەڵام ماڵەکانمان لە دێیەکی دیکە بوو هەر لە بناری قەندیل بەناوی «ئێنذزێ». ڕۆژانە هاتوچۆمان دەکرد بەڵام ڕۆژانی جێژن و تەعتیل نەدەچووین. دەوری سەعاتی نۆ و ئەوانە بوو ماشێنێکمان بەدوودا هات لەبیرم نییە کاغەزی لەگەڵ بوو یان نا، بەڵام پێویست نەبوو ئەگەر کاغەزیش نەبووبێ. گوتی: کاک دوکتور سەعید داوا دەکا بێن. کاک مستەفای هیجری ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، ئەو و من. کە چووین لە ڕێگادا ئەو کوڕە پێی گوتین: دەڵێن لە ئۆتریش تەقە لە هێندێک ئێرانی کراوە. گوتمان: باشە چ بووە چ نەبووە؟! گوتی: مەعلووم نییە، هەر ئەوەندە دەزانین تەقە لە هێندێک ئێرانی کراوە بەڵام کێن، کێ نین، بریندار بوون، کوژراون یان چی نازانین. هەتا چووینە لای شەهید دوکتۆر سەعید، دوکتۆر سەعید دیارە بە پارێزەوە بەڵام بە سەراحەت مەسەلەکەی لەگەڵ باس کردین. جارێ عەکسولعەمەلی من لە باری سیاسییەوە ئەوە بوو کە گوتم کاری عێراقییە. چونکی دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ ئەوەی پێوەندیی لەگەڵ عێراق هەبوو زۆری عێراق ئەزیەت دەکرد. هەر حیزبەکەمان وابوو چەند جار ئێمە دەوڵەتی عێراقمان بەتۆمەتی کاری فاشیستی لە بەیانییەی ڕەسمیدا سەرکۆنە کردوە. دوکتور سەعید گوتی: ئەوەی تۆ بۆی دەچی وایە بەڵام هەندێک شت هەیە ئەتۆ ئاگات لێی نییە. گوتم وەک چی؟ گوتی: وەڵڵا ئاوەهایە. دیارە کاک مستەفا ئاگای لێ بوو، ئەمن ئاگام لە تەفسیلاتەکەی نەبوو. گوتم: جا کەوابێ موناقەشەی ناوێ، ئەوە وتوویژ بۆ مافدان نەبووە، وتوویژەکە بۆ ئەوە بووە کە ئەوی لەبەین بەرن. لەوێدا وەختی گریان نەبوو، چونکی لە سەعاتی وادا دوکتۆر قاسملوو شەخسی منی فێر کردبوو، کە دەبێ ڕووحییەمان لە شعوورمان بەقووەتتر بێ. چۆنی فێر کردم؛ یەکەم ئەندامی کومیتەی ناوەندیمان کە شەهید بوو مەرحوومی قادری ویردی بوو. ئێمە لە



سەرچاوە
Serchawe

کومیتەی ناوەندی ١١ کەس بووین، ئەو شەهید ببوو، دوومان لە دەرێ بوون، هەشتیشمان لەوێ بووین. حەوت کەسمان دەگریاین زۆر سەیر دەگریاین؛ تەنانەت کەسێکی وەکوو مەرحوومی کەریمی حیسامی کە پیاوێکی هەم بەتەمەن، هەم بەئیستلاح کارکوشتە بوو. دوکتۆر قاسملوو تانەی لەمن دا، گوتی: هەستە وەختی گریانێ نییە وەرە با بچین بەیاننامە بنووسە. پیلی گرتم ژوورێک لەسەرێ بوو کە مەعموولەن بۆخۆم لەوێ کارم دەکرد؛ کاری نووسین و شت. گوتی: دانیشە بەیاننامەکە بنووسە، گوتم: دوکتۆر مێشکم هیچی تێدا نییە. گوتی: ئەوە ئەووەڵتە، سەت حاڵەتی وا دەبینی، لەو وەختانەدا ئەتۆ دەبێ ڕووحییەت بەقووەت بێ. یەک - دوو کەلیمە ڕێنوێنیی کردم و بەجێی هێشتم، مەجبوور دانیشتم ئەو بەیاننامەی کە دەبوو حیزب دەری بکا نووسیم. جا لەو لەحزەیەدا ئەوەم وەبیر هاتەوە کە دەبێ ئێمە ئەوەندەی دەکرێ ڕووحییە بدەین بە خەڵکی. پاش ماوەیەک هێندێک کارمان کرد، یەکێک لە کارەکان ئەوە بوو، شتێکمان گەڵاڵە کرد بۆ خەڵک کە بەرنامەی ڕادیۆ بڵاوی بکاتەوە: بەداخەوە خەبەرمان وەرگرت کە دوکتۆر قاسملوو لە ڤییەنێ تەقەی لێ کراوە، ئێمە لەگەڵ ڕەفیقەکانمان لە ڤییەن لە تەماسداین بزانین نەتیجەکەی چییە. بۆ ئەوەی یەکسەر خەبەرەکە نەدرابێ. کاری دووەم ئەوە بوو کە شتێکی چووکەڵەمان نووسی، بە بێسیم بیدەین بە تێکۆشەرانی حیزبی، ئیدی بۆ ئەوان ئاوا نووسرا: دوکتۆر قاسملوو شەهید بوو، بەڵام بیروباوەڕەکەی زیندوویە، حیزبەکەش زیندوویە؛ شتێکی ئاوا کورت. دواتر ئەمن بە مەرحوومی دوکتۆر سەعیدم گوت: ئەتۆ کارەکانت بکە، ئەمن دەچم بەیاننامەی دەنووسم بێئەوەی ئەو پێم بڵێ. چووم، دانیشتم بۆ بەیاننامەنووسین بەڵام ئیدی لەوێ نۆرەم بوو، چەند جار لە زیمنی نووسینەکەدا - خۆ ئەو وەختە کامپیۆتێر نەبوو -، کاغەز و قەڵەم بوو، مەجبوور دەبووم کاغەزەکەم لابەرم هەتا ئەوەی نووسیومە بە ئاوی چاوم ڕەش نەبێتەوە. بەهەرحاڵ ئەوە عەکسولعەمەلەکە بوو.

**عەلی بداغی**: زۆر ناخۆش بوو وەبیرهێنانەوەی ئەوە. مامۆستا تێکەڵاوی و کاری هاوبەش و هاوڕێیەتی و هاوسەنگەر بوون لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو، بێگومان هەر کەسێک کە لەگەڵی بێ کاریگەریی زۆری لەسەر دادەنێ؛ پێم خۆشە بزانین دوکتۆر قاسملوو لەسەر کام ڕەهەندی ژیانت جیا لە ڕەهەندی سیاسی کە باست کرد کاریگەریی داناوە؟ لەسەر چ لایەنێکی بیرکردنەوەی جەنابت زۆرتر کاریگەری هەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: هێمن لەبارەی مەلا ئەحمەدی فەوزییەوە دەڵێ: ئەمن دروستکراوی دەستی مەلا ئەحمەدی فەوزیم. ئەگەر موبالەغە نەبێ ئەمنیش وا دەڵێم، هەم لە باری سیاسییەوە، هەم لە باری ئاداب و ڕەفتار و بەتایبەتی هێندێک شتی زۆر گەورەی هەبوو کە ئێمە هەر ڕەعایەتمان کردبێ و تۆزێک بەلایدا چووبین هەر زۆرە. ئەو ڕۆحگەورەییە، دێموکراتبوون، کەمتر بیرلە تۆڵەکردنەوە، نەزاکەتی کەلام لە نووسیندا، لە زۆر بارەوە ئەخلاقی دوکتۆر قاسملوو بۆ ئەوە دەبوو، پیاو ڕەچاوی بکا و لێی فێر بێ. ئەوەی کە لە موقەدەمەی قسەکاندا باست کرد، وا بوو. **یەعنی لێی زیاد دەکەم**

**بۆ یادی سی و پێنج ساڵە**

**ئەمن لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو و لەگەڵ زۆر کەس دانیشتووم، هیچ کەسم لە سەرەوی دوکتور قاسملووی نەدی، هیچ کەس.**

**جوانترین وەسف بوو لە پەسنی قاسملوودا**

**هیچ لەبەر تەعەسسوبیش وا ناڵێم؛ واقعیەت دەڵێم.**

**عەلی بداغی**: بێینە سەر پرسیارە سیاسییەکانمان لەم دیدارە تایبەتەدا، زۆر جار دەبیستین: کە دەڵێن حیزبی دێموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی کورد هەتا ئێستاش بێقاسملوویی پێوە دیارە. ئایا ئێوەش وا بیر دەکەنەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەمن وا بیر دەکەمەوە کە چەند لایەنی هەیە، ئەوەڵەن جێی هیچ کەس پڕ نابێتەوە، نەک دوکتۆر قاسملوو بەڵکوو جێی خەڵکی دیکەش. چونکی ئێمە بەنئایەک نیین ئیحتیاجیمان بە دە فەعلە هەبێ، ئەگەر یەکێکیان نەخۆش بێ یەکی دیکە لە جێگەی دادەنێ. ئێمە قەزیەیەکمان بە دەستەوەیە ئیحتیاجیمان بە هەمووان هەیە، کەوابێ جێی هیچ کەسمان بۆ پڕ نابێتەوە. شتێکی دیکە دووبارە دەڵێم، بە مردنی هیچ کەس نابێ جێیەکە بەتاڵ بێ، نابێ ڕەوتەکە بوەستێ. ئەسڵەن هونەری ڕێبەرێکی سیاسییش لەوەدایە کە وای کار کردبێ، وای خەڵک پێ گەیاندبێ کە دوای خۆی کارەکە بڕوا؛ دەنا هونەرێکی نییە فەقەت ئەو وەختە کار بڕوا کە بۆخۆی دەیکا. بەڵام ئەگەر ئەوەی لێ دەرچێ، بەڵێ ئەمنیش باوەڕم وایە کە بێقاسملوویی بە حیزبی دێموکراتەوە هەتا ئێستا دیارە. چونکی بۆخۆی ئەو چەترە بوو کە هەمووی خڕ دەکردنەوە لە عەینی حاڵدا ڕێبەرێکی گەورە بوو.

**عەلی بداغی**: بە دیوێکی دیکەی ئەم باسەدا، بەهەر حاڵ کۆمەڵێک ئەندامی ڕێبەری، کۆمەڵێک کادری تێکۆشەر، کۆمەڵێک پێشمەرگە هەن لەو نێوەدا، بەهەرحاڵ دوای قاسملوو ئەم حیزبە درێژەی بە ژیانی سیاسیی خۆی داوە؛ ئایا ئەمە غەدرێکیش لەم ڕێبەرییە نییە کە بەهەرحاڵ بە شەو و شەونخوونی بە قوربانیدان ئیدامەی کاریان داوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: عەرزم کردی، گوتم نابێ کارەکان ڕاوەستن، کارەکان ڕۆیشتوون و چاکیش ڕۆیشتوون. تەنانەت لەدوای شەهیدبوونی کە ئەمن لە بەخاک سپاردنەکەیدا بەشدار بووم، هاتمەوە موساحەبەیەکی ڕادیۆییمان کرد؛ باسی ئەوەم کرد کە دوکتۆر قاسملوو تەمرینی نەمانی خۆی بە ئێمە دەکرد، ساڵێ لە سێ مانگەوە هەتا شەش مانگ بەجێی دەهێشتین، بۆ ئەوەی ئێمە کارەکانمان بکەین. تەنانەت جارێکی -ئەمن کەمێک سەریحم لەو شتانەدا- دەگەڵ خۆی قسەم دەکرد، گلەییم لە شتێکی کرد گوتم: لە کاری خۆیدا کاک دوکتۆر سەعید بەمشوورتر و مودیرترە تا تۆ. گوتی: چۆن وا دەڵێی دوکتۆر سەعید ڕادیۆی ئیدارە دەکا ئەمن حیزب ئیدارە دەکەم. گوتم: نا حیزب هەموومان ئیدارەی دەکەین، ئەتۆ بەتەنێ ئیدارەی



سەرچاوە
Serchawe

ناکەی. فێعلەن هەرواش بووە. ئەمن لە پێشەوەش کە هەموومان لە بیرمانە ئەووەڵ قسەکانم ئەوە بوون کە سڵاوم لەوانە کرد کە ڕێگاکەی ئیدامە دەدەن، بەڵێ ئەوان فەزڵیان هەیە، هونەریان هەیە لە هیچی کەم ناکەمەوە، بەڵام ئەوە حەقیقەتێکی تاڵە و تەنانەت کەمێکیش تەفسیری ئەو خەڵکەیە، کە ئێستا دەڵێن قاسملوو جێی بەتاڵە، بریا قاسملوو دە کەسی لە جێ بایەن.

**عەلی بداغی**: مامۆستا فاکتێکیش لە کەسانی غەیرە کورد بێنینەوە، مەسەلەن بۆ نموونە کریس کۆچێرا دەڵێ: «ئەگەر قاسملوو مابا ڕەنگبێ پرسی کورد لە شەرایەتی ئێستادا بەرەو ئاقارێکی دیکە چووبا» و ئەووەش هونەری قاسملوو بوو، یان جاناتان ڕەندڵ دەڵێ: «کەسم نەدیوە وەک قاسملوو لە دانیشتن لەگەڵ هەموو ڕێبەرانی دنیادا توانای ڕاگرتنی سەربەخۆیی فیکری و سیاسیی خۆی هەبووبێ.» ئەم وەسفانە، ئەم پێناسەکردنانە چ مەنتقێکی لە پشتە؟ ئەوانە قسەی کۆمەڵێک کەسی ئورووپایین کە ئێحساسی قسە ناکەن.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دوکتۆر قاسملوو جەززابترین ڕێبەری کورد بوو بۆ هەموو خاریجیەکی، ئەمن شتێک دیکە زیاد دەکەم؛ دوکتۆر کوشنێر لەسەر جەنازەکەی لە زیمنی قسەکانیدا گوتی: «هەتا دەمدی شتی تازەی لێ فێر دەبووم»، جا قسەکانیش دەقاودەق پێم خۆشە وەک خۆی بن. چونکی ئەمن زۆرم پێ جالب بوو بڵێم؛ قسەی جاناتان ڕەنداڵ ئەوەیە کە دەقیقەن دەڵێ: «تەنیا ڕێبەری سیاسی بوو کە دەیتوانی لەگەڵ هەر دەوڵەتێکیش دابنیشێ قسەی خۆی بکا و ئازادیی سیاسیی خۆشی نەدۆڕێنێ.» ئەوە وەسفێکی زۆر گەورەیە. ئەو لەگەڵ دەوڵەتانیش (ئەووەندەی دەکرا، لەگەڵ وەزیری خاریجە، لەگەڵ دەوڵەت، جاری وا بووە لەگەڵ ڕێبەری دەوڵەتیش دانیشتوە) بەڵام قاسملوو هەر قاسملوو بووە و حیزبەکەی هەر حیزبەکەی بووە. حیزبەکەشی فێر کرد کە بەبێ ویش هەر سەربەخۆ بمێنێتەوە و سەربەخۆیی سیاسیی خۆی بپارێزێ.

**عەلی بداغی**: لە زیمنی قسەکانتدا ئاماژەیەکیشت بەوە کرد کە لەگەڵ ئەوەی ئێمە ئەو کات بە پێی شەرایەتی سیاسی، لەگەڵ مەسەلەن دەوڵەتی ناوەندیی عێراق پێوەندیمان هەبوو بەڵام دوکتۆر قاسملوو تەنانەت ئەزیەتیشی دەکردن.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: تازە زیندانی ئێمە لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە بۆمباران کرابوو ، بەیاننامەیەکمان لەسەر نووسیبوو؛ زۆر توند. بە فاشیستمان ناو بردبوون و مەحکووممان کردبوون. کە سەفەرمان کرد لە کەرکووکێ نانی نیوەڕۆیان بۆ دوکتور قاسملوو ئامادە کردبوو، ئەمنیش لەو وەختەدا بەرپرسی ڕادیۆ بووم. هەر وەژوور کەوتین ئەو دەیناسی ئەمن نەمدەناسی، دوکتۆر گوتی: «ئەووەش وەزیری ئێعلامی ئێمەیە»، هێشتا دانەنیشتبووین کابرا گوتی: «یانی بەیاننامەی

دۆڵەتوو ئەوە نووسیویەتی؟» گوتم: «عەمەلیاتی دۆڵەتوو ئەتۆ دەستوورت دابوو؟» دانیشتین، چایان هێنا دوکتۆر قاسملوو گوتی: «بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەمن نووسیومە.» نازانم نووسیبووی یان نا، چونکی ئەمن ئەو وەختی لە سنە بووم، ئەمن نەمنووسیبوو. گوتی: «ئەمن نووسیومە بەڵام ئەتۆ دۆستی منی حەق بەخۆت دەدەی بێی زیندانەکەم بۆمباران بکەی، زیندانییەکانم بکوژی، تەنانەت پێشمەرگەکانم بکوژی؛ حەق بەمن نادەی مەحکوومت بکەم؟ حیزبی دێموکرات ئەو پێوەندییانە نازانێ.

**عەلی بداغی**: مامۆستا دوکتۆر قاسملوو لە سیاسەت و لە کاری سیاسیدا هەلومەرجی دەخوڵقاند یان زیاتر لە هەلومەرجە ڕەخساوەکان بۆ بەرژەوەندیی حیزبەکەی و نەتەوەکەی باشترین ئیستفادەی دەکرد؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دەکرێ بڵێین ڕێبەرێکی سیاسی بەتایبەتی ڕێبەری سیاسیی حیزبێک کە لە دەسەڵاتدا نییە، قەت ناتوانێ هەلومەرج بخوڵقێنێ، بەڵام ئیدە دەخوڵقێنێ و، مەرحەلەی دووهەمی کە باست کرد بەڵێ وا بوو. لە هەلومەرجی مەوجوود زۆر باش وەدەست دەهات و زۆر زوو ئیستفادەشی لێ دەکرد. تەنانەت جاری دیکەم گێڕاوەتەوە با تیکراریش بێ دەیڵێم؛ ساڵی ١٣٥٧ ئەو لە دەرەوە بوو ئێمە لە عێراق بووین، هاتەوە گوتی: «ئێمە ئیدی نابێ لێرە بین دەبێ بچینەوە، وڵاتی ئێمە دەگۆڕێ.» ئەو وەخت لە ئێران بە کەست گوتبا شا دەڕوا، ئیدی نازانم چی پێ دەگوتی! دەیگوت شێت بووە. بەڵێ تەوزیحی دا و بە قسەمان کرد و بڕیارمان دا، هێندێکمان بگەڕێینەوە. کاک حەسەنی ڕەستگار گوتی: «شا ڕۆیی!» گوتم: «بۆ؟» گوتی: «ئەو کابرایە وەک سوورەداڵەی بەبن باڵی خۆیدا دەڕوانێ. پێشبینییەکانی وان.» بەڵێ فێعلەن وابوو.

**عەلی بداغی**: هەر بەو پێیە ئەگەر دوکتۆر قاسملوو لە ژیاندا مابا، بەپێی ئەو هەلومەرجانەی کە لە دوای شەڕی کەنداو لە مەنتەقەی ئێمە دروست بوون، ئایا دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ هەمان بڕیار و هەمان تەسمیمگیری دەبوو کە ڕێبەریی حیزب کردیان؟ (بە گشتی عەرزت دەکەم نەک لە مەوردێکی خاسدا) یان ڕەنگبێ ئەو کاتە بڕیارەکان جۆری دیکە بان؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: نا، ئەمن پێم وایە لەو بارەیەوە، هەندێک موبالەغە لە توانای دوکتور قاسملوودا نەکەین؛ ڕەنگبێ لە تەکنیکدا تەکنیکی وردتر و جوانتر ڕەعایەت بکرێ بەڵام ئەو هەلومەرجەی خوڵقا ئەگەر دوکتۆر قاسملووش مابایە؛ ئێمەی تووشی ئەو حاڵەتە دەکرد. زۆر جار پێمان دەڵێن ئەوە کەمپنشینییە حیزبی دێموکراتی وا لێ کردوە. نا بابە کەمپنشینی وای لێ نەکردوە؛ هەلومەرجی خەباتەکە وایە کە مەجبووری کردووی و کردووتی بەکەمپنشین. کەمپنشینی نەتیجەی هەلومەرجەکەیە، نەک هەلومەرجی ئێستامان نەتیجەی کەمپنشینی بێ. ئەگەر هەلومەرجەکە وا نەبێ، لێرەڕا بە

چوار سەعاتان دەچینەوە وڵاتی خۆمان. کەوابێ دوکتۆر قاسملووش مابایە شتی وا هەر دەبوو، جاروبار هەندێک موبالەغە دەکەن لە توانای دوکتۆر قاسملوودا. ئاخر ئێستا هەر یەکە و بۆخۆی دوکتۆر قاسملوویەک دروست دەکا؛ بەتایبەتی ئەوانەی نەیاندیوە. دەڵێن ئەگەر دوکتور قاسملوو مابایە حیزبی دێموکرات دوولەت نەدەبوو، دوکتۆر قاسملوو مابوو ٣ ئینشعاب لە حیزبی دێموکراتدا کرا.

**عەلی بداغی:** زیاتر مەبەستم ئەوە بوو کە دەڵێن ئەگەر دوکتۆر قاسملوو مابا ڕەنگبێ ئێمە لە قەندیل دانەگەڕابایەن، ئەوەش نموونەیەک؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەدی بۆ هاتینە قەندیل؟ بۆ چووینە گەلاڵە؟ بۆ چووینە گەورە دێ، لە مەنتەقەی چوارتا؟ خۆ ئەودەم دوکتۆر قاسملوومان مابوو. لە مەنتەقەی چوارتاوە بۆ هاتووینە قەندیل؟ دوکتور قاسملوومان لەوێدا لەگەڵ بوو. هەندێک موبالەغەیە لە وەسفدا. دوکتۆر قاسملوو ئەوەندە گەورەیە  پێویست ناکا بە قسەی خیلاف گەورەی بکەین!

**عەلی بداغی:** بەڵێ. مامۆستا پێم خۆشە هەر لە زمان جەنابتەوە بڕێک زیاتر لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتیی دوکتۆر قاسملوو باس بکەین، چی دوکتۆر قاسملووی لە بڕیارداندا، لە ڕێبەرانی دیکەی کورد جیا دەکردەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دەتوانم بڵێم ئەوەی لە هەموو خەسڵەتێکی دوکتۆر قاسملوو بارزتر بوو، دێموکراتبوون بوو. یەعنی دوکتۆر قاسملوو لە وەختێکدا کە بەتەنێ (هەر ئەوە تەعلیماتی حیزبیش بوو دەڵێ: «کادری حیزبی دەبێ لە وەختی زەروورەتدا بتوانێ بۆخۆی بڕیار بدا») تەنیا لەو وەختانەدا بڕیاری دەدا؛ دەنا ئەو وەختە کە ئیمکانی مەشوەرەت لەگەڵ هاوڕێیانی هەبوو هیچ وەختێک بەتەنێ بڕیاری نەدەدا. چەند جاریشم لەبیرە کە ڕەئییەکەی وی و نەزەرەکەی وی ڕەت کراوەتەوە، تەنانەت مەوریدێکم لەبیرە زۆر جاری دیکەش ڕەنگە گێڕابێتمەوە بەڵام دووبارە گێڕانەوەیم پێ خراپ نییە؛ مەسەلەکە زۆر ناکەمەوە. مەسەلەیەک هاتە گۆڕێ هەموومان نەزەرمان ئەوە بوو کە دەبێ سەفەرێکی بۆ بکرێ، دوکتۆر قاسملوو موخالیف بوو بەڵام تەسویب کرا کە دەبێ ئەو سەفەرە بکرێ، کە تەسویب بوو باسی ئەوە کرا کە سەفەرەکە کێ بیکا، گوتمان: «دوکتۆر قاسملوو!» گوتی: «کاکە ئەمن تەنیا موخالیفی ئەو بڕیارەم چۆن شتی وا دەبێ؟» گوتمان: «بەتۆ نەبێ ناکرێ.» هەستا چوو جێبەجێی کرد بە باشترین شێوەش جێبەجێی کرد، بەڵام مانگێکی نەخایاند هەموومان پەشیمان بووینەوە. دەرکەوت ڕەئیەکەی وی سەحیحترە، ئەو لە پێش ئێمەوە دەرکی کردبوو، ئێمە دەرکمان نەکردبوو؛ بەڵام بەو حاڵە چووە ژێر ڕەئیی ئەکسەریەتی کومیتەی ناوەندی و قبووڵی کرد. لەحاڵێکدا ڕێبەرانی سیاسیی دیکە زۆر جار بۆخۆیان بڕیار دەدەن.



سەرچاوە
Serchawe

**عەلی بداغی**: بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ وتوویژ لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامیدا، ئەمەی ڕەعایەت نەکرد و بۆخۆی بڕیاری دا.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: عەرزم کردی ئەوە لەو جێیانەیە کە دەبێ بەتەنێ بڕیار بدا. ئەووەڵ جار کە لە دەرێ بوو پێوەندییەکە گیراوە بە حوکمی ئەو بڕیارە سیاسییەی کە بوومانە واتە ئێمە وتوویژ ڕەت ناکەینەوە، ئەوەی کردوە. دوایە هاتۆتەوە لەگەڵ کومیتەی ناوەندی باسی کردوە، لەگەڵ دەفتەری سیاسی بەدرێژی باسی کردوە؛ هەمووی ئەوانە. بەڵام بەهەر حاڵ ئەوە یەکێکە لە مەواریدی هەڵەی دوکتۆر قاسملوو هەڵەیەکیش کە قەت قابیلی جوبران نییە و قەتیش قابیلی لێخۆشبوون نییە.

**عەلی بداغی**: مامۆستا جیا لە دنیای سیاسەت جەنابت پێگە و جێگەی دوکتۆر قاسملوو لە ڕەهەندەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی، لە ئەدەبیاتدا، لە هونەردا چۆن دەبینی؟ ئەگەر باسێک لە عەلایەقی دوکتۆر قاسملوو بکەی لەو بوارانەدا.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دوکتۆر قاسملوو پیاوێکی زۆر جامێع بوو، باسی ئەدەبیات کرابا تێبینیی زۆر وردی ئەدەبیی هەبوو، شارەزاییەکی زۆر باشی لە ئەدەبی کوردی هەبوو. تەنانەت لەوەدا ساحەبنەزەر بوو کە شێعر یان وتاری ئەدەبییش هەڵسەنگێنێ؛ هەربۆیە ئەو مریدی دوو کەس بوو بە دەرەجەی یەکەم گۆران کە وەختی خۆی گۆران گەورەترین شاعیری دەوران بووە، باوەڕ کە تا ئێستاش خەڵکی دیکە نەیانگەیاندۆتە گۆران، هەموو کەس نەیتوانیوە خۆی لە قەرە بدا. لە شاعیرانی زاراوەی کرمانجییشدا قەدریجان. زۆری شێعری ئەو دووانە لەبەر بوو. باسی ئەدەبیاتی فەڕانسە دەکرا، لێی شارەزا بوو. باسی تاریخی ئێران دەکرا، لێی شارەزا بوو. باسی تاریخی وڵاتان دەکرا، لێی شارەزا بوو. تەنانەت لەبیرمە جارێکیان چەند فەڕانسەییەکی لەلا بوون، باسیان کرد و لەبارەی کوردستانەوە ئیزهاری نەزەریان کرد، خیلافیان لەگەڵ وی هەبوو؛ لێیان تووڕە بوو گوتی: «ئەمن چەند ساڵم لە وڵاتەکەی ئێوە خوێندووە، تاریخی ئێوەم خوێندووەتەوە، لە وڵاتی ئێوە ژیاوم، زمانەکە وەک ئێوە دەزانم؛ ئەلعان لەسەر مەسائیلی فەڕانسە خۆم بە ساحەبنەزەر نازانم. ئێوە سەفەرێک هاتوونەتە کوردستان بۆ هەمووتان بوونە ساحەبنەزەر؟!» بەڕاستی بێدەنگ بوون، یەعنی لە زۆر بواردا، دوکتۆر قاسملوو لە حەددی ئینسانێکی مەعموولی بەولاوەتر بوو. هەموو سەمفۆنییەکانی دەناسی، سەمفۆنییە خاریجییەکان کە ئەمن یەکێکیان ناناسم.

**عەلی بداغی**: مامۆستا ئەگەر ئەوە گرێ بدەینەوە بە دنیای سیاسەت ئایا تواناکانی دوکتۆر قاسملوو، ئەو توانا زۆرانە ئەوی بێمنەت نەکردبوو لە هاوڕێیەتی، لە بڕیاری گشتی یان لە ئیجماعێک کە دەبوو بۆ شتەکانی دیکە ببایە؟



سەرچاوە
Serchawe

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لەوبارەیەوە ڕەئیی من و ڕەئیی ڕەفیقەکانی دیکەی دوکتۆر قاسملوو فەرقی هەبوو. جارێ با ئەوەی بڵێم ئەمن ڕەنگە دە جار، بیست جار لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو شەڕم کردبێ. چونکی ئەمن شاگردی وی بووم. بەڵام لە عەینی حاڵدا ئەویش پێی خۆش نەبوو شاگردەکەی هەر بڵێ بەڵێ. پێی خۆش بوو ڕەئیی تازە ببیسێ. هێندێ کەس پێیان وابوو دوکتۆر قاسملوو ڕەئیەکانی خۆی دەسەپێنێ، بەڵام ئەمن وام نەدەدی. دوکتۆر قاسملوو هیچ ڕەئیەکی خۆی نەسەپاندوە، بڵێن بۆخۆی دەیکا. بەڵام مەنتقی بەقوەت بوو کە لەسەر ویستەکان و بۆچوونەکانی خۆی ئیستدلالی دەکرد ئەوانی دیکە قسەیان پێ نەدەما، پەسەندیان دەکرد.

**عەلی بداغی**: ئەدی دوکتۆر قاسملوو کاریگەریی هیچ کەسایەتییەکی کوردی لەسەر نەبوو؟ یان بۆخۆی باسی لە شتێکی کردبێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لەباری سیاسییەوە، ئەووەڵەن با ئەوە بڵێم ڕێبەرێک کە لە هیچ کەس فێر نەبێ ڕێبەرێکی زیرەک نییە، هونەری ڕێبەرێکی گەورە ئەوەیە کە لە ئەندامەکان و عونسورەکانی خوارەوەی کۆمەڵیش شت فێر بێ و ئیلهام وەر بگرێ. شت هەیە ئەتۆ نایزانی ئەو دەیزانێ، دەبێ لێی فێر بی؛ کەوابێ لەو بارەیەوە ئەو وشک نەبوو، دەیویست لە خەڵکی فێر بێ. بەڵام وەکوو مامۆستا و مورشید ئەو تەنیا خۆی بە شاگردی پێشەوا قازی محەممەد دەزانی؛ بەحەقیقەت پێشەوا قازی محەممەدیش لە دوکتۆر قاسملوو لەسەرتر بووە.

**عەلی بداغی**: مامۆستا دوکتۆر قاسملوو جیا لە کوردستان و کورد کە تێزی دوکتۆراکەی بوو و، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی و کورتەباس کە نامیلکەیەکی تیئۆری بوو؛ نووسینی دیکەی هەبوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: نووسینی دیکەی زۆر بوو، جارێ نامیلکەی نێو حیزبی و ڕاپۆرتی کومیتەی مەرکەزی و ئەوانە کە نووسیبوونی بەجێی خۆی. بەڵام بێجگە لەوە ئێستا دوو شتی دیکەیم لەبیرە، یەکێکیان مێژووی کوردستان بوو کە بە هاوبەشی نووسرا، بەشی تورکیە « د. کەندال نەزان» نووسی، بە زمانی فەڕانسە نووسرا، بەشی عێراق «د. عیسمەت شەریف وانلی» نووسی، بەشی سووریەش هەر ئەو نووسی بەڵام بە ناوی مستەفا نازدار، بەشی ئێرانیش دوکتۆر قاسملوو نووسی. لە پاشان دوکتۆر قاسملوو وەکوو کارناس لە وەزارەتی بەرنامەڕێژیی عێراق کاری دەکرد، کتێبێکی زۆر عیلمی و جوانی نووسی بە ناوی بەرنامەڕێژیی درێژخایەن، بەعەرەبی نووسی. دیارە عەرەبی نەدەزانی بەڵام لە وەزارەت هەیئەتێکی پێک هێنابوو، دوو کەس لەبەر دەستیدا کاریان دەکرد کە هەر دووکیان دوکتۆرایان هەبوو، هەر دووکیان دۆکتورایان لەسەر دەستی وی وەرگرتبوو، هەر دووکیان لە چێکۆسلۆڤاکی ببوون، زمانی چێکی و سلۆڤاکییان دەزانی، بۆیە ئەو ئیدەکانی

دەگوتن بە عەرەبییەکی ناتەواو یان بە چێکییەکی سەحیح، ئەوان بە عەرەبی دایاندەرشت؛ کتێبێکی زۆر بەنرخە. دیارە چاپیان نەکرد بیدەنە دەست خەڵکی هەر لە ئیختیاری خۆیاندا بوو.

**عەلی بداغی**: نەکراوەتە کوردیش؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: نەخێر نەکراوە، چونکی نەیانهێشت بکەوێتە بازاڕ.

**عەلی بداغی**: بەڵێ. مامۆستا لە پرسیارەکانی کۆتایی نیزیک دەبینەوە. ئامانجەکانی قاسملوو بەشی زۆری وەدی نەهاتوون بەڵام پێت وایە کە دوای شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو ڕێگای قاسملوو لە ئێستادا چۆن دەپێورێ؟ ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو چۆن لەم ڕێگایە هەنگاو هەڵدێننەوە؟ پێت وایە ئەو شەرایەتەی ئێستا ڕۆحی قاسملووی شاد کردوە یان لێمان نارەحەتە؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: ئیشارە بە قسەکەی کریس کۆچێرا بکەینەوە کە ئەو وەزعەی عێراق پێکهات دەڵێ: «ئەگەر قاسملوو مابایە، وەزع جۆرێکی دیکە دەبوو چونکی پیاوی ئەو مەیدانە بوو.» بەبێ شک ئەگەر قاسملوو مابایە تەئسیری لەسەر شتەکان زۆر دەبوو، بەڵام ناحەقی دەبێ، بێئەمەگی دەبێ کە ئێمە نەقشی ئەوانەی دوای قاسملوو نەفی بکەین. دوکتۆر قاسملوو مابایە شتەکان چاکتر دەبوون، بەڵام ئەو ڕەوتەی کە بووە زۆر سەریعتر نەدەبوو. پێم وایە خراپ نەبووە، هەڵەمان هەیە. لەباری ئیدئۆلۆژی و ئەفکاری سیاسییەوە کەمبوودمان هەیە. بەڵام خەباتەکەمان بەردەوامە، ئاڵایەکەمان بە شەکاوەیی ڕاگرتوە، ئەوە زۆر موهیممە دەنا خۆ ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەممەدیش نەهاتوونە دی. لە واقیعدا ئامانجی حیزبی دێموکرات و دوکتۆر قاسملوو، ئەوانە هەموویان بناغە دانەرەکەیان پێشەوا قازی محەممەدە. ئەوە ئەمن بە دوو جەنبە دەیبینم، جەنبەیەکی ئەوەیە کە زیرەکی و وشیاریی ڕێبەرانی دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات ئەوەندە زۆر بووە ئیدەیەکی سیاسییان هێناوەتە سەر کاغەز کە پاشی حەفتا ساڵیش هەر نوێیە؛ ئەوە زۆر موهیممە. لایەکەی دیکەی ناکامییەکی زۆرە حەفتا ساڵ بەسەریدا تێپەڕیوە، کەچی بە شێوەی تەواو نەهاتوونە دی. ئەگەر ئینسان لە تاریخدا دەژی، تاریخ نابینێ، بەڵام ئەگەر یەکێک (دەڵێن فەرزی مەحاڵ، مەحاڵ نییە) ساڵی ۱۳۳۰ مردبێ و ئێستا زیندووی کەیەوە، هەر سەری سوڕ دەمێنێ کە حەتتا لە باری مەسەلەی نەتەوایەتییەوە کوردستان چەندە پێش کەوتوە؟ خۆ وا نییە هیچ وەدی نەهاتبێ. شتێک لەو ڕۆژانەدا هەبوو پێم خۆشە ئیشارەی پێ بکەم؛ ئەو کۆنگرەیە کە دوێنێ و پێرێ لە سنە گیرا، هەڵلایەکی زۆری لەسەر ساز بوو، ئەمن باسی ئەو هەڵلایە ناکەم، بەڵام ئەوە نەتیجەی خەباتی میللەتی کوردە کە جمهووریی ئیسلامی وادار دەکا بە درۆش بێ، ڕێز لە ناودارانی کورد و گەورەپیاوانی کورد بگرێ. خۆ لە خۆڕا وەدی نەهاتوە. نا وا نییە کە ئامانجەکان بە هیچ جۆر وەدی نەهاتبن. لە وردەکارییەکاندا وەدی هاتوون لە عومدەکەش نیزیک

بووینەوە. پێم وایە سبەینێ و دووسبەی نییە و ڕەنگە ئەمن نەیبینم بەڵام ئیشەڵڵا ئێوە حەتمەن دەیبینن؛ وەدی دێ بەڵام ئێستا وەدی نەهاتوە.

**عەلی بداغی**: مامۆستا تەمەندرێژ دەبی ئیشەڵڵا. دوکتۆر قاسملوو لەسەر مێزی وتوویژ شەهید کرا، دوای ئەم ڕووداوە تاڵە ئەویش بەم شێوەیە ئایا دەکرێ وتوویژ و ئاشتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مانایەکی هەبێ؟ یان با پرسیارەکەم جۆرێکی دیکە بکەم ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەر حاڵەتێکدا دەتوانێ لە تاوانی تێرۆری دوکتۆر قاسملوو خۆش بێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەمن بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە قسە ناکەم بە ناوی خۆمەوە قسە دەکەم. عەرزم کردی کاری دوکتۆر قاسملوو لە خۆیدا دروست بوو، بەڵام ئەو تەکنیکە کە ئەو گرتیە پێشێ هەڵەیەکی گەورە بوو کە بە قیمەتی گیانی تەواو بوو. ئێستاش حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکە دروست نییە وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یان هەر دەوڵەتێکی دیکە کە بێتە جێگەی کۆماری ئیسلامی نەفی بکا. بەڵام بەو شەرتە ئوسوولی وتوویژ ڕەعایەت بکا، پێداگر بێ لەسەر حەقیقەتەکان و حەقەکان، لە عەینی حاڵێشدا دەبێ ڕێبەرێکی سیاسیی حیزبێکی سیاسی ئینعتافیشی هەبێ، وا نییە کە یان سفر یان هەزار ڕەنگە لە پێنسەدی بە یەکتر بگەن. بەڵام -زۆر ناخۆشە پیاو ئەوەی بڵێ- بەش بە حاڵی خۆم هیچ ئومێدم بەوەی نییە کە لە بوونی جومهووریی ئیسلامیدا ماف و ئازادییەکانی میللەتی کورد و گەلانی دیکەی ئێران وەدی بێن؛ بۆ تاریخ دەبێ ئەوەی بڵێم.

**عەلی بداغی**: مامۆستا دوا سەرنجت چییە لەسەر ئەم وتوویژە کە قسەیەکی نەگوتراو مابێ بە بۆنەی ئەم یادە کە ئاوڕێکمان لە مێژووی پێوەندییەکانی جەنابت و دوکتۆر قاسملوو دایەوە. ئەگەر پەیامێکت هەبێ بۆ لاوان و نەوەی نوێی کورد.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لە مێژووی پێوەندییەکاندا شت زۆرە و دەبێ ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاییندەدا لە زیمنی کاردا فێری بن، ئەوە یەکێک بوو لە قسەکانی دوکتۆر قاسملوو ڕەنگە ئەویش ئی خۆی نەبێ، دەیگوت: «ئینسان لە نێو ئاودا فێری مەلەی دەبێ لە وشکانی فێری مەلەی نابێ.» بۆیە دیپلۆماتێکی ئێمە دەبێ ئیستفادە لە تەجرەبەکانیش بکا، بەڵام شتێکی کە ڕێبوارانی ڕێی دوکتۆر قاسملوو دەبێ فێری بن، ئەوەیە کە ئەو لە بێئومێدی، ئومێدی دەخوڵقاند بەو مانایە کە نەیدەهێشت خەڵکەکە نائومێد بێ. ئێمە ڕۆژی زۆر سەختمان دیوە، یانی ئەو حیزبەی کە لە دەورانی دوکتۆر قاسملوودا ببوو بە حیزبێکی یەک میلوێنی، دوکتۆر قاسملوو لە وەختێکدا هەوڵی زیندووکردنەوەی دا (دیسانەکە دەڵێم هەر بەتەنێ نەبوو خەڵکی دیکەشی لەگەڵ بوو)، کە ئەو حیزبە چەند دە نەفەرێک بوو. تەنانەت لە بارەی خۆشمانەوە نا لە

بارەی سازمانەکانی دیکەشەوە، دەیگوت قەت حیزبێک، سازمانێک بە ژمارەی ئەندامەکانی هەڵمەسەنگێنن، بە ئەفکارەکەی هەڵیسەنگێنن، ڕەنگە ئێستا پێنج کەس بێ بەڵام ئەگەر ئەفکارەکەی دروست بێ، ئەگەر سەرنجڕاکێش بێ؛ دەتوانێ لە ئایندەدا ببێتە بیروباوەڕی سەدان و هەزاران و میلوێنان.

**عەلی بداغی**: مامۆستا سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا.

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: ئەمن سپاستان دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# مام جەلال چۆن ویستی عەبدولرەحمان قاسملۆ لەکوشتن بپارێزێت؟



**ئامادەکردن: حلمی رەسوڵ رەزا**

واژووکردنی رێککەوتننامەی ئەتۆمی ئێران، هەلێکە بۆ ئەوەی تاوانەکانی ئێران بەرانبەر گەلی کورد و سەرکردەکانی لەو وڵاتە وەبیر خەڵکی بهێنرێتەوە، بۆ تیشک خستنە سەر ئەو قۆناغە و پرۆسەی تیرۆرکردنی دیارترین سەرکردەی کوردی ئێرانی "دکتۆر عەبدول رەحمان قاسملۆ".

لەو بارەوە رۆژنامەی قەبەس قسەی لە "شێخی خەباتکارانی کورد "عەبدوڵڵا حەسەن زادە ئەمینداری گشتی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێران، کە نازناوی مامۆستای پێبەخشراوە لەلایەن هاورێکانی لە حیزب و جەماوەری کوردستانی ئێران کردووە.

بەپێی قسەکان، دەسەڵاتی پەهلەوی لە ئێران و دوو لە شۆرشە گەورە شکستهاتووەکان لە ساڵانی ١٩٤٦ و ١٩٦٢ ئەزموونێکی ئازار بەخشە بۆ کوردەکانی ئێران، پێش ئەوە رێکخراوە سیاسییە کوردییەکان بە هەموو هێزیانەوە پاڵپشتی شۆرش بوون دژی رژێمی شای ئێران، بەسەرۆکایەتی خومەینی لە فیبرایەری ١٩٧٩.

هەر بەپێی قسەکان شای ئێران وای پیشاندابوو گرنگی بەداواکاریەکانی کورد نادات سەبارەت بە سەربەخۆیی و

هێورکردنەوەی دەسەڵاتی تاران بەسەر کاروبارەکانیاندا.. کەچی ئەم پشتگیرییەی شۆرشی خومەینی پەیوەندییەکانی نێوان کوردو دەسەڵاتی نوێی باش نەکرد.

لەسەرەتای رۆژە یەکەمەکانی شۆرشدا، پەیوەندی نێوان حکومەتی ناوەندی و رێکخراوە کوردییەکان ئالۆزی زۆری تێدا هەبوو.. ئەو دەسەڵاتە لەگەڵ ئەوەی جیاوازی هەبوو لە زمان و خوونەریت و هاوپەیمانییەتییەکانیان لە سنوور، وەک مەترسییەکی راستەقینە لێی دەڕوانین بۆ سەر پرۆژەی فارسی و سەفەوی.. کوردە سونەکان بە پێچەوانەی زۆرینەی هاووڵاتییانەوە دەنگیان نەدا بە پاڵپشتی کردنی دروست کردنی کۆماری ئیسلامی لە نیسانی ١٩٧٩.. ئەم گشتپرسییە هەلی بۆ شیعە گەرایی رەخساندو هەلی نەدا بە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆ بەرێوەبەری هەرێمایەتی.

کێشەکە زیاتر قووڵ بووەوە پاش ئەوەی کوردەکان بێ بەش کران لە کورسییەکانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی شارەزایان لە ساڵی ١٩٧٩، کە بەرپرس بوو لەنووسینەوەی دەستوری نوێو خومەینی رێگەی نەدا عەبدول رەحمان قاسملۆ ئەندام پەرلەمانی هەڵبژێرداوی ناوچەکە بەشدار بێت لە کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجوومەنی شارەزاییان، بەمەش کوردەکان لە مافە سیاسییەکانیان بێ بەش کران لە چوارچێوەی دەستوری نوێی ئێران، چونکە زۆربەی زۆریان سەر بە مەزهەبی سونە بوون.

لەبەرانبەر ئەوەدا شەپۆلێکی نیشتمانی رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە لەپاش هەرەس هێنانی دەوڵەتی پەهلەوی و زنجیرەیەک شۆرشی پێچەوانە بۆ شۆرش لەسەرجەم ئەو وڵاتەدا روویاندا (خۆزستان، بلوجستان و چەند بەشێکی تر)، هەڵگەڕانەوەیەکی فراوان لە ئازاری ١٩٧٩ دا روویدا، پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێران پلانێکی هەشت خاڵی دارشتەوە بۆ سەربەخۆیی کورد.

لەناوەڕاستی ئازاری ١٩٧٩ دا هەڵگەرانەوەکە روویدا، کاتێک کوردەکان دەستیان بەسەر بنکەی پۆلیس و بارەگاکانی سەرکردایەتی سوپا و چەند شوێنێکی تردا گرت لەشاری (شنۆ) پاش ئەوەی نەتوانرا بڵاوەیان پێ بکرێت لەلایەن سوپاوە.

بەگوێرەی کەناڵی (بی بی سی) شۆرشەکە کاتێ دەستی پێکرد، کە پیاوی هۆزەکان بەسەر سەربازەکاندا سەرکەوتن لە شاری پاوە، پاشان شۆرش بڵاوەی کرد بۆ ناوچەکانی تر، دوای ئەوەی راپەریوەکان دەستیان بەسەر دیواندەرەو سەقزو مەهاباتدا گرت، لەو کاتەدا زۆربەی سەرکردەکانی شۆرش خۆیان وون کرد بە گوێرەی کاری شۆرشی نهێنی دەجوڵان دوای ئەوەی خومەینی فەرمانی گرتنی بۆ دەرکردن.. لە نیسانی ١٩٧٩ ململانێی چەکداری دەستی پێکرد لە نێوان گروپە چەکدارەکانی کورد و هێزە ئەمنیەکانی سەر بە حکومەتی شۆرشی ئێرانی و هێزەکانی کورد بەنمرە یەک پێک دەهات لە پارتی دیموکراتی

کوردستان - ئیران و هێزەکانی کۆمەڵە.

لەناوەڕاستی مانگی ئابی ١٩٧٩، سوپای پاسداران روەو پاوە رۆشتن کە لە ژێر دەستی راپەڕیوەکاندا بوون بەبێ ئەوەی ئامادەکاریەکی وەهایان کردبێ و سوپا خۆی ئامادە کردبێت و کەوتنە بۆسەیەکی گەورەوەو توشی شکست هاتنەوە. ئەم شکتهێنانە وای لە خومەینی کرد لە سەرکردەکانی سوپا و حکومەت نزیک ببێتەوە، سەرکردەکانی ئەو کاتی ئێران ئارامیان نەبوە لەسەر داواکاریەکانی کورد بۆیە رێگەی سەربازییان گرتە بەر بۆ تێکشکاندنی خۆپیشاندەرەکان.. لە ئەنجامی ئەمەشدا، خومەینی رابەری نوێی ئێران جیهادی پیرۆزی دژی کوردەکانی کوردستانی ئێران راگەیاند و هەندێک لەکەسایەتییە کوردییەکانی وەک دوژمنی دەوڵەت ناساند لە بەیاننامەی ١٧ی ئابی ١٩٧٩ و هێزە سەربازییەکانی حکومەتی ئێران هێرشێکی چەند هەفتەییان دەستپێکرد بۆ تێکشکاندنی کوردەکان لە سەقزو مەهاباد.

## چۆن دکتۆر قاسملۆ سەرکردایەتی حیزبی بەدەستەوە گرت؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ژیانی سیاسی لە منداڵییەوە دەست پێکرد، ئەو تەمەنی ١٥ ساڵان بوو کاتێک سەرکردایەتی لقی یەکێتی گەنجانی سەر بە حیزب کەوتە سەر شانی لە شاری ئورمیە، دوای ئەو بەساڵێک، یان زیاتر شەرەفی ئەندامێتی لە پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێرانی پێ رەوا بینرا.

ناوبراو رۆڵێکی مەزنی گێڕا لە مەهاباد و دەوروبەری لەپاش شکستهێنانی کۆماری کوردستان لەو شارەدا لە زیندوکردنەوەی رێکخراوەکانی حیزب و لە دوای ساڵی ١٩٤٨ زیاتر کارەکانی پێشکەوت.

بەڵام بەمانای وشە سەرکردایەتی حیزبی وەرنەگرت تا دوای رێککەوتننامەی ١١ی ئازار لە نێوان حکومەتی عێراقی و سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد لە ساڵی ١٩٧٠ بەسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و تیایدا حکومەتی ئەو ولاتە دانی نا بە مافە نەتەوەییەکانی کورد لەگەڵ پێشکەش کردنی گرەنتی ئەوەی بەشدار بن لە حکومەتی عێراقی و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا. بەلام نەگەیشتنە هەڵوێستێکی چارەسەرێکی یەکلاکەرەوە سەبارەت بە کێشەی کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت و بەهەلواسراوی مایەوە لە چاوەڕوانی سەرژمێریەکان بۆ زانینی رێژەی نەتەوە جیاوازەکان لەو شارەدا.. لەو ژینگە ئازادیخوازانەیەی کوردی تێدا بوو دکتۆر قاسملۆ لە چیکسلۆفاکیاوە گەرایەوە بۆ عێراق و چاوی بە هاورێکانی کەوت لە پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێران؛ ئەوانەی لە دەست رژێمی ئێران هەلاتبوون، عەقلانیەت و دیموکراتیەت دوو سیفەتی دکتۆر قاسملۆ بوون، خۆی هاورێکانی دیراسەی دۆخی سیاسی و ئابوری ئێران و دۆخی چەپی

ئێران و بزوتنەوەی نیشتمانی کوردو پەیوەندیەکانی وەک ئەمینداری گشتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت پاشان لە ستراتیجیەتی دیموکراتی بۆ ئێران و حوکمی زاتی بۆ کوردستان دەستی پێکرد، هەرچی حیزبیشە لە کۆنگرەی سێیەمیدا لەسەر پێشنیارەکانی قاسملۆ رەزامەندییان داو بوە ستراتیجیەتی فەرمی حیزب و لە کۆنفرانسی سێیەمی حیزبدا هەلبژێردرا بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی و ئەمینداری گشتی حیزب لەلایەن لیژنەی ناوەندی و بوە یەکێک لە کەسایەتیە سیاسیە گرنگەکان لەسەرجەم کوردستاندا.

پێش ئەوە وەک وانەبێژ لە زانکۆی براگی چیکسلۆفاکیا بوە، پێش ئەوەی بچێت بۆ فەرەنسا و لە زانکۆی سۆربۆن ببێتە مامۆستای زمان و مێژووی کورد.. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٨ گەڕایەوە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان.. بۆ ئەوەی لقەکانی حیزب دابمەزرێنێ.. لەو کاتەدا پێشمەرگە دەستی بەسەر ئەو ناوچە کوردیانەدا گرتبوو کە لە ئەنجامی ئالۆزیەکانی وڵاتەوە دروست بوبو، لە کاتی شۆرشی ئیسلامیدا کورد هەستی کرد دۆخەکە لە بەرژەوەندیاندا نیە، و رژێم مافەکانیانی رەتکردەوە.

## رۆڵی قاسملۆ پێش ئەوەی سەرکردیەتی حیزب وەربگرێ چی بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لە هەرەتی لاوێتیدا دکتۆر قاسملۆ رۆڵی گرنگی هەبو لە چالاککردنەوەی لقەکانی حیزبدا لەسەرجەم بوارەکان و بەتایبەتی لە بواری رێکخستن.. مەزنترین خزمەتی بۆ حیزب بریتی بوون لە پچڕاندنی پەیوەندی رێکخستن بە حیزبی شیوعی ئێرانی (تودە) لە میانی کارەکانی کۆنفرانسی یەکەمی حیزب لە هاوینی ١٩٥٥ لوتکەی چیایەکی کەنارەکانی شاری مەهاباد، بۆ گەڕانەوەی حیزب تاکو کاری جەماوەری لە نێو ناوەندەکانی کورددا بکات.

ئەو کۆنگرە حیزبیانە کامانە بوون کە دکتۆر قاسملۆی تێدا ئامادە بوو؟ پەیوەندی لەگەڵ هاورێ و سەرکردەکان چۆن بوو، چۆن هەلس و کەوتی لەگەڵ دەکردن، چۆن ناکۆکیەکانی چارەسەر دەکرد، ئایە لە بریارەکاندا بەشداری بەوان دەکرد؟

دکتۆر قاسملۆ بەشداری سەرجەم کۆنگرەو کۆنفرانسەکانی کردوە تاکو کۆنگرەی هەشتەم و پێش کۆنگرەی نۆیەم کۆچی دوایی کرد.. لەسەرجەم کۆنگرەکاندا وەک ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵدەبژێردراو پاشان دەکرایە ئەمینداری گشتی وەک رێزێک بۆ ئەو رۆڵەی هەیبو لە جولانەوەی نیشتمانی ئێرانی و کوردی . پەیوەندی لەگەڵ هاورێکانیدا توندو تۆڵ و برایانە بوو، هەندێ کات باوکانە بوو، مکوڕ بوو لەسەر فێرکردن و پەروەردە کردنیان لەسەر باشترین شێوە، بەبێ ئەوەی بە چاوێکی نزمتر لە خۆی تەماشایان بکات. دەیوت ئەگەر جیاوازی لە دیدگاکاندا روویدا ئەوا گفتوگۆی بنیادنەر باشترین رێگەیە بۆ



سەرچاوە
Serchawe

قەناعەت پێکردن، کەسێکی زۆر ئارامگر بوو، دەیتوانی بگاتە عەقڵ و دڵی هاوڕێکانی.

### دکتۆر قاسملۆ لە بەرەکانی جەنگدا چۆن بوو، بەشداری لە هیچ شەڕێکدا کردوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بە کردەیی بەشدرای لە هیچ شەڕێکدا نەکردوە، ئەو کەسێکی سیاسی بوو، بەلام ئەمە مانای وا نیە سەردانی بەرەکانی جەنگی نەکردبێت، سەردانی دەکردو کۆبونەوەی بە هاوڕێکانی دەکرد و ورەیانی بەرز دەکردەوە.. دۆخی رووبەڕووبونەوەی سیاسی بۆ روون دەکردنەوە و کاری لەسەر رۆشنبیرکردنی گشتی سیاسی و سەربازی و شۆرشکردن ی شەڕکەرەکان دەکرد، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ورەیان و گوێ گرتن لە بۆچونەکانیان داواو پێداویستیەکانیان.. وەک منداڵی خۆی مکوڕ بوو لەسەریان، ئەم ئامادەبونەشی کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ورەی پێشمەرگەو سەرکردەکانیان.

### کێ پەیوەندی لەگەڵ عێراقی سەدام حسێن دامەزراند و مەبەست لەو پەیوەندیە چی بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** خەباتگێڕانی کوردی ئێرانی لە دێر زەمانەوە و هەرکاتێ رووبەرووی چەوسانەوە هاتبێتن پەنایان بۆ عێراق بردووە بەمەبەستی پاراستنی ژیان و بیروباوەڕیان، پەیوەندی پتەو هەبوە لە کوردەکانی هاوسنوری هەردوو وڵات ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەوەی کوردانی عێراق هەندێ مافی خۆیان بەدەست هێنابوو، بەلام ئەم خەباتگێڕانە لە شارە کوردیەکاندا دەژیان لە نێو براکانیان بەبێ ئەوەی داوای مافی پەنابەرێتی سیاسی بکەن، هەندێ جاریش وەک تاکە کەس مافی پەنابەرییان بەدەست دەهێنا.

پەیوەندی فەرمی لە نێوان حیزبی دیموکرات و دەسەلاتدارانی عێراقدا نەبوە تاکو واژۆ کردنی رێککەوتننامەی ئازار لە نێوان سەرکردایەتی جولانەوەی کوردو حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٠.. لە مانگی حوزەیران یان تەموز، یەکەم دیداری قاسملۆو ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە بەغدا ئەنجامدرا لە رێگەی نێوەندگیری شەهید محمد محمود عبدالرحمن ناسراو بە (سامی) وەزیری کاروباری باکورو نوێنەری جولانەوەی کورد لە عێراق. لەو کۆبونەوەیەدا قاسملۆ وەسیقەیەکی وەک بنەما گشتیەکان خستە روو، هەردوولاش لەسەری رەزامەند بوون، زەمینەیەکی هاوبەشی رەخساند بۆ پەیوەندی نێوان هەردوولا.. لەو بنەمایانە بریتی بوو لە پتەوکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ ولاتە سۆسیالیزمیەکان و سنوردانان بۆ هەژموونی ئیمپریالی و بڕوا بوون بەوەی چارەسەری نمونەیی بۆ کێشەی کورد ئەوەیە؛ گەلی کورد لە عێراق و ئێران مافی حۆبەڕێوەبەردنیان هەبێت و هەردوولا پەیوەندی هاوڕێتیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هەبێت، دیارەی لایەنی عێراقی بەم بنەمایانە رازی بوون وەک سەرەتایەک بۆ دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان - ئێران.

**پەیوەندی قاسملۆ و مەلا مستەفای بارزانی چۆن بووە. ناکۆکییە کرۆکییەکانی نێوانیان چی بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** قاسملۆ پێگەیەکی زۆر بەهێزی هەبوو لای مەلا مستەفای بارزانی، کە هیچ سەرکردەیەکی جولانەوەی کورد لە پارچەکانی کوردستان نەیانبووە، بە شێوەیەک بارزانی پۆستی ئەمینداری گشتی حیزبی بۆ پێشنیار کرد لەگەڵ ئەوەی دەیزانی قاسملۆ ئەندامی حیزبێکی ترە، دیارە قاسملۆ پێشنیارەکەی رەتکردەوە و وەک ئەندامی حیزبەکەی خۆی مایەوە.

رەنگە قاسملۆ تەنیا سەرکردەی کورد بوبێت لە نامەکانیدا گوزارشتی برام مەلا مستەفای بەکارهێنابێت بەبێ هیچ ناونیشانێکی تر.

دەربارەی ئەوەی پێی دەڵێن ناکۆکی کرۆکی، من بڕوام وا نیە هیچ ناکۆکیەکی لەو جۆرە لە نێوانیان هەبوبێت دەربارەی کێشە چارەنوسسازەکان.. ئەوەی لەو بابەتەدا هەبو ئەوەیە؛ بڕوای بەسەربەخۆیی خۆی و حیزبەکەی هەبوو، مکوڕ بوو لەسەر پاراستنی ئەو سەربەخۆییەو خوالێخۆش بوو بارزانیش رێزی ئەو واقیعەی دەگرت.

**پەیوەندی نێوان خەڵک و قسملۆ چون بوو. چۆن پێشوازی لێدەکردن. چیرۆکێکی دیاریکراو هەیە حەز بکەیت بۆمانی باس بکەی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** جەماوەری زۆر خۆشدەویست و رێزی بۆچونەکانیانی دەگرت و وای دادەنا ئەوان خاوەنی کێشەی کوردن، زۆر بە رێزەوە پێشوازی دەکردن، بەلام ئەوەی راستی بێت قاسملۆ هونەری تێکەڵ بوونی لەگەڵ خەڵکی سادەدە نەبو، بەهۆی ئەو پەروەردەیەی لەسەری راهاتبوو، ئەو لە خێزانێکی دەرەبەگ بوو، مناڵی و گەنجێتی لەشارە گەورەو پایتەختەکان بەسەر بردبوو، دوور لە ژینگەی ژیانی کرێکار و جووتیار.

**پێمان بڵێ پەیوەندی قاسملۆ لەگەل خێزان و خەڵکی سادەو هاوڕێ و گرینپێدانەکانی ..(موسیقا و خوێندنەوەو هونراوە)؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** قاسملۆ نمونەیەکی دیار بوو لە پەیوەندییەکانی لەگەل هاوڕێ و خێزان و هۆزەکەی یان ئەوانەی



سەرچاوە
Serchawe

پەیوەندیان لەگەڵ خێزان و عەشیرەتەکەی هەبوو. هەلس و کەوتی لەگەلیان زۆر باش بوو، بەنزم سەیری کەسی نەکردوە، ئەو لووت بەرز نەبوو، حەزی بە خوێندنەوەی بابەتە هەمەڕەنگەکان دەکرد، حەزی لە ئەدەبیات و شیعر دەکرد بەشێوەیەکی تایبەتی.. ئەوەی ئاشکرایە جگە لە زامنی دایک، فارسی و تورکی و فەرەنسی دەزانی و دەتوانی قسەیان پێ بکات و بنوسێت، جگە لەوانەش زمانەکانی ئینگلیزی و روسی و عەرەبی و ئەلمانی و ئیتالی بە شێوەیەکی باش دەزانی. ئەو زۆر حەزی لە شعرو موسیقا بوو، گەورە هونەرمەندەکانی لە نەتەوە جیاوازەکان دەناسی، زانیاری تەواوی هەبوو لەسەر سەمفۆنیای موزرات و بتهۆڤن و موسیقای کلاسیکی بە شێوەیەکی گشتی.

## دیدی دکتۆر قاسملۆ بۆ کوردستانی ئێران و کوردستانی گەورە چی بوو؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: قاسملۆ یەکێک بوو لەوانەی دەیوت کوردستان بەش بەش کراوە، هەرکاتێ هەل برەخسێت سەرجەم پارچەکانی یەک دەگرێتەوە، بەمە گوزارشتی لە یەکخستنی وڵاتێکی بەش کراو دەکرد، نەک بەشکردنی وڵاتێکی تر یان جیابونەوە لێی، بەلام لەهەمان کاتدا وای دەبینی باشترین چارەسەر بۆ کێشەی کورد لەم دۆخەی ئێستا ئەوەیە، هەر پارچەیەک لە کوردستان مافی خۆبەرێوەبەری هەبێت لە چوارچێوەی ولاتەکەی خۆیدا بە گوێرەی ئیرادەی گەلەکەی.

## پەیوەندی قاسملۆ لەگەل شای ئێران چۆن بوو؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: لەگەڵ شای ئێران بەرهەلستکار بوو، ئەو دژی رژێمی شا خەباتی دەکرد و داوای رووخانی رژێمەکەی شای دەکرد لە نزیکترین کاتدا.. لە ساڵی ١٩٤٨ خۆپیشاندانێکی گەورەی لە پاریس رێکخست وەک نارەزایەتی دەربارەی سەردانی شا بۆ فەرەنسا، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی لەو ولاتە دوور بخرێتەوە بەهۆی فشارەکانی رژێمی شاوە لەسەر دەولەتی فەرەنسا، ئەوەی من بزانم هەرگیز شای نەبینیوە.

## پەیوەندی قاسملۆ لەگەڵ ئیمام خومەینی چۆن بوە، یەکتریان بینیوە، دەربارەی ئەو چی دەوت؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: قاسملۆ دوو جار خومەینی بینیوە، جارێکیان لە پاریس پێش ئەوەی بە فرۆکە بگەرێتەوە بۆ تاران، پێی راگەیاندین لە دانیشتنێکی گشتیدا چاوی پێکەوتوە، کاتێ داوای لە خومەینی کردبوو بەتەنها ببیینێ کەچی رەتی کردبوەوە. دکتۆر قاسملۆ وای دەبینی هەڵس و کەوت کردن و لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئەو پیاوەدا قورسە. دووەم جاریش لە شاری قوم بینیویەتی کە لەگەڵ وەفدێکی دە کەسی کورددا بۆ ئەوەی داواکاریەکانی گەلی کورد بخەنە روو، و دیدارەکە هیچ



سەرچاوە
Serchawe

ئەنجامێکی پۆزەتیڤی نەبوە، و رێگە بە وەفدی کورد نەدراوە داواکاریەکان بخەنە روو لە تاران و قوم، بۆیە قاسملۆ لەو کۆبونەوەیە هاتۆتە دەرەوە بەهەمان شێوەی کۆبونەوەکەی پاریس.

### دکتۆر قاسملۆ چۆن رژێمی مەلایی هەڵسەنگاندوە؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** رژێمی وەک شێوەی راستەقینەی خۆی هەلسەنگاندوە، وای داناوە رژێمێکی جیاوازەو بەربەرییە ناتوانرێ لەگەڵیدا بگەیتە هیچ ئەنجامێک لە بارەی کێشە چارەنوسسازەکانەوە بەوەی خزمەت بە داواکاریەکانی چینەکانی کۆمەلگە و گەشەکردن و پێشکەوتنی ولات بکات لە رووی ئابوری و کۆمەلایەتی و ..تد. بە داخەوە بە تێپەربوونی کات و بە ئەزمونکردنی زۆر لەگەل ئەم رژێمەدا دەرکەوت بۆچونەکەی قاسملۆ زۆر راست بوەو لە جێگەی خۆیدا بووە، ئەم رژێمە هیچ شتێکی بە گەلی ئێران و ولاتانی دەوروبەری پێشکەش نەکردوە جگە لە کوشتن و تیرۆرو وێرانکردن.

### دەربارەی دانوستانەکانی ڤیەننا قسەمان بۆ بکە، کە تیایدا قاسملۆ کوژرا، کێ لەوێ بوو، ئامانجەکەی چی بوو، لەوە نەدەترسا بیکوژن؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** دانوستانەکانی ڤیەننا بە دوو قۆناغ ئەنجامدرا، یەکەمیان لە کۆتا رۆژەکانی ١٩٨٨، و یەکەم رۆژەکانی ١٩٨٩، تیایدا داواکاریەکانی گەلی کورد لە ئێران خرانە روو، رێگەی نمونەییش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەم بەشەی کوردستان لە بۆچونی حیزبی دیموکرات لەسەر زمانی قاسملۆی تێدابوو.. وەفدی دانوستانکاری ئێران رایگەیاندبوو، توانای بریاردانیان نیە بەلام بە ئەمانەتەوە دەیگەیەننە بەرپرسەکانی تاران و پاشان گەڕی دووەمی دانوستانەکان دێت بە وردەکاری دیدگای بەرپرسە ئێرانیەکان لەم بارەیەوە، قۆناغی دووەمی دانوستانەکان لە رۆژەکانی ١٢ و ١٣ی تەموزی ١٩٨٩ ئەنجامدرا، وەفدەکەی ئێران بە پەیمانەکانی خۆیانەوە هاتن بۆ وردەکاری بۆچونەکانی رژێم، ئەویش بریتی بوو لە چەکی برینەر بۆ تیرۆر کردنی بەرپرس و نوێنەرانی جولانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران لەکاتی دانوستاندا. بەوەی ئەوان پێویستیان بە زانینی هەڵوێستەوە هەبوو لە رۆژی یەکەمدا پیلانەکەیان جێبەجێنەکردو کردیانە رۆژی دوایی بۆ ئەوەی هاوکات بێت لەگەڵ یادی چلەی کۆچی دوایی خومەینی، پەیامەکەیان بە فیشەک و خوێن بەگەلی کورد گەیاند کە هیچ جیاوازی نەبوو لەگەل فەتواکەی خومەینی بە شەر و جیهاد کردن دژی کورد بەوەی دوژمنن و هاولاتی ئێران نین. ئەوەی جێگای سەرەنجی منە رێککەوتننامەی ئەتۆمی کۆتایی لە نێوان ئێران و ٥+١ لە هەمان شار (ڤیەننا) و هەمان رۆژ کە قاسملۆی تێدا شەهیدبوو واژۆ کرا (١٣ی تەموز) ئایە ئەمە تەنها رێککەوت بوو یان مەبەستدار و رێکخراو بوو بەلایەنی کەمەوە لەلای کۆماری ئیسلامی؟ دیارە رژێمی ئێران تەنها بە تیرۆرکردنی قاسملۆ نەوەستا لە

گۆڕەپانی ئەورووپیدا، بەڵکو دوای ئەوەی هەستا بە تیرۆرکردنی دکتۆر صادق شەرەف کەندی لە بەرلین، رووداوی چێشتخانەی میکونوس لە ١٩٩٢، کە پاش قاسملۆ ئەمینداریێتی حیزی دیموکراتی وەرگرتبوو، هەر لەو کاتەوە گەلی کوردستان لە ئێران رووبەرووی سەرکوتکردنی دەسەڵاتداران دەبنەوە بەهۆی داوا نەتەوەییەکانیانەوە، و گرتن و لە سێدارەدان دەرهەق بە چالاکوانان بەردەوامە، ئەوان بە جیاکاری نەتەوەیی و مەزهەبی دوولایەنە کار دەکەن بەوەی خەڵکی کورد سەر بەمەزهەبی سونەن.

## رۆڵی سەرۆکی پێشووی عێراق جەلال تاڵەبانی لەو دانوستانەدا چی بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: تاڵەبانی رۆڵی نێوەنگیری دەبینی لە دانوستانەکانی ڤیەننا، خۆی و ئەندامێکی تری مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لەگەل خوالێخۆشبوو ئەحمد بن بلا سەرۆکی پێشوتری جەزائیر، لەبەشی یەکەمی دانوستانەکەدا. تاڵەبانی بەرپرسیاریێتی پاراستنی گیانی قاسملۆی خستبوە سەر شانی خۆی و تۆڕێکی ئەمنی دروست کردبوو لە نزیکەی ٢٠ کەس، حەوتیان دەمانچەیان هەڵگرتبوو بۆ پاراستنی گیانی دانوستانکاران، دوای ئەوەی ئێرانیەکان زانیبویان ناتوانن بە ئامادەبونی تاڵەبانی پلانی تیرۆرەکەیان جێبەجێ بکەن، مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی گەڕی دووەم ئەنجام بدەن بە بێ ئەوەی کەس لەلایەنی سێیەم ئامادەبێت، بە پاساوی ئەوەی ئەوان ئێرانین و نابێ هیچ کەس لە کێشەی ئێراندا بەشداری بکات، دیارە قاسملۆ هەستی بەم پلانە نەکردوە لەگەل ئەوەی ئەزمون و زانیاری فراوانی هەبوو لە بارەی پیلانەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران و نیەتی غەدرو لە هەمبەر بەرهەلستکاران و بەتایبەتی دەرهەق بە سەرکردە مێژوویەکانی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد.

## پێش ئەوەی بچێت بۆ دانوستان چی بە سەرکردەکانی حیزب راگەیاند؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: من ئەو کات ئەندامی سەرکردایەتی نەبووم، بەلام ئەوەی بیستومە، یەکەم دیداری نێوان قاسملۆو نمایندە ئێرانیەکان بەبێ ئاگاداری سەرکردایەتی بوە رەنگە تەنها ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و جێگرەکەی زانیاریان هەبوبێت. بەلام پاش ئەوەی گەرایەوە کوردستان هاورێکانی لە سەرکردایەتی حیزب ئاگادارکردبووەوە دەربارەی وردەکاری نێوان خۆی و وەفدەکەی ئێران. دزای تێپەرینی چەند مانگێک بەسەر دیداری یەکەمدا، ئێرانیەکان پێشنیاری دیداری دووەمیان بۆ قاسملۆ کردبوو بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارانەی دکتۆر کردبونی بۆ ئێران پێی رابگەیەننەوە، وەلامی قاسملۆ بریتی بوو لەوەی چاویان بە جێگرەکەی بکەوێت صادق شەرەفکەندی و وەلامەکەی ئێرانی پێ بلێن، بەلام ئەوان مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی دەبێ قاسملۆ خۆی ئامادە بێت و ئەوان ئامادە نین لەگەل هیچ کەسێکی تر دابنیشن، بەداخەوە ئەم مکوڕیەی ئەوان



سەرچاوە
Serchawe

دیسان سەرەنجی قاسملۆی بۆ پیلان رانەکێشابوو.

## چۆن هەواڵی شەهید بونەکەیتان بیست؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بەبێ گومان شەهید بوونی قاسملۆ رووداوێکی جەرگ بر بوو، سەرسورهێنەر بوو نەک بۆ هاورێکانی، بەلکو بۆ سەرجەم هاورێکانی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد لە ئێران و پارچەکانی تریش.. هەواڵەکەمان بەهەستکردنێکی شۆرشگێرانە وەرگرت بەوەی بە تەواوی بەرپرسیارێتی خۆی هەستاوە و تەواو کردنی رێگاکە دەکەوێتە سەر شانی هاورێ و قوتابییەکانی.. شەهید بوونی لەناکاوی یادکردنەوە شۆرشگێرەکانیمان هاتەوە یاد کە دەیوت: سەردەمی خۆمان لەسەر شانی خۆمانە ناگرین بۆ شەهید بوونی هاورێکانمان لەسەر رێگای خەبات پێویستە بە زیندویی رایانبگرین و رۆحی شەهیدەکانمان ئاسودە بکەین و بەردەوام بین لە خەباتکردن تا ئەو کاتەی ئامانجەکانیان بەدی دەهێنین کە لە پێناویدا قوربانیان بە رۆحی خۆیاندا یان پێیان بگەین لای نەمران. لەسەر خەباتگێرانی ئەو کاتە و هەر کەسە لە ناوچەی خۆی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و دەبو تەنها لە رێگەی لاسلکیەوە پەیوەندییان پێوە بکەین، سەرکردایەتی حیزب هەواڵی شەهید بوونی رابەرەکەیان دکتۆر قاسملۆیان بە شەرکەرەکان گەیان بەم شێوەیە: دکتۆر قاسملۆ شەهید بوو، بەلام حیزبەکەی ماوەو خەباتمان بەردەوامە. ئەم پەیامەو هەلوێستەکانی پاشتری سەرکردایەتی کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگەکان و زیاد بوونی حەماسەتی گەنجان، بە شێوەیەک دوای رووداني تیرۆرکردنەکە لە ماوەی چەند مانگێکدا ٤٨٠ گەنج پەیوەندییان بە رێزەکانی پێشمەگەوە کرد.

## کێ بەشدار بوو لە تیرۆرکردنی دکتۆر قاسملۆ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لەگەڵ ئەوەی لیستێکمان لایە بەناوی ئەوانەی بە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەشدارییان کردوە لە پرۆسەی تیرور کردنەکەدا لە نمونەی مستەفوی و سەحراودری و بزورگیان بەنی هاشمی و ئەحمەدی نەژاد، بەڵام لەمانە گرنگتر بریاری تیرۆرکردنەکە لەلایەن بەرزترین دەسەڵاتی رژێمی ئێرانیەوە دەرچووە، لە خودی خامنەییەوە، لەبەرئەوە ژمارەیەک لە دەستەبژێر بەشدار بوونە لە پرۆسەکەدا و جێبەجێکردنەکەی بە کۆمەڵێکی ئاسایی نەدراوە.

## لە ئەمرۆدا ئێران بەرەو کوێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: قورسە شرۆڤەکاران بزانن دۆخی ئێران لە ئایندەدا بەرەو کوێ دەروات، چونکە ئەم رژێمە لە شێوەی هیچ رژێمێکی دونیادا نیە تا پێشبینی بۆ بکرێت بە وەلامدانەوەکانی یاخود بە ئایندەی رژێمێکی دیکتاتۆری کە خاوەنی


سەرچاوە Serchawe

بەلێن نیە. ئەوەی دەتوانم بلێم لەم بارەیەوە ئەوەیە؛ رژێمی دەسەلاتدار لە ئێران ناتوانێ بەردەوام بێت لەسەر ئەم میتۆدە، دەبێ میتۆدەکەی بگۆرێ (ئەمەش بەدوور دەزانم)، یان دەبێ گۆرەپان چۆل بکات بۆ رژێمێکی نوێی گونجاو لەگەل سەردەمەکە، دیسان ئەمەش پێویستی بە خەیاتێکی قورس و پێشکەش کردنی قوربانی هەیە.

## ئێران هاوبەش یان دوژمنی ئەمریکایە؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: دووپاتکردنەوەی سەکردەکانی ئەمریکا و ئێران لەسەر زاری دەسەلاتدارەکانیانەوە بەردەوامیدانە بە میتۆدەکانیان لە هەلس و کەوت کردنیان لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان و رونکردنەوەی ئەوەی پێی گەیشتون لە گفتوگۆکانی ڤیەننا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەردوولایان نەگەیشتونەتە چارەسەری کێشەکانیان، ئەوەی کراوە رێککەوتنە لەسەر بنەمایەک دەکرێ خزمەتی هەردوولایان بکات بۆ ماوەیەکی کورت.. لەبەر ئەوە وەک خۆم پێشبینی ئەوە ناکەم ئەم رێککەوتنە بەردەوام بێت هەتا لەسەر ماوەی بریار لێدراو لەسەر دەقی رێککەوتنەکە و قورسی زۆر دێتە بەردەم جێبەجێکردنەکەی. سەرەرا ئەوەش رێککەوتنەکە لەلایەن دەسەلاتی یاساییەوە تا ئێستا پەسەند نەکراوە چ ئەمریکا چ ئێران، بەدوریش نازانرێ پەسەند کردنەکەی بەربەستی زۆری بێتە بەردەم.. لەسەر ئەم بنەمایە، بروام وایە قورسە ئێران و ئەمریکا لە ئایندەدا ببنە دۆست، چونکە ئەم رژێمە لەسەر دەسەڵاتە، بەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە بە واز هێنان لە دروشمی مەرگ بۆ ئەمریکاو پێناسە کردنی بە شەیتانی گەورە.

## چارەنوسی کوردەکانی ئێران چیە؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**: ناتوانم پێشبینی بۆ چارەنوسی ئایندەی کوردی ئێران بکەم، ئەوەی دەتوانم دڵنیایی بدەم بەردەوام بوونی خەباتە لە پێناو بەدەستهێنانی داواکاریەکان لەگەڵ بوونی هەموو بەربەستەکاندا. بەلام چۆن ئەمە بەدەست دەهێنێت ناتوانم رێگەیەکی تایبەت دابنێم، بەتایبەتی من وای دەبینم کوردی ئێران هەروەک لە رابردوودا سەلماندویانە ئامادەن بۆ هەموو رێگاکان خەبات پەرە پێبدەن و بەردەوام بن.. دەبێ ئەم گەلە هەر سەربکەوێ دوور بێت یان نزیک چونکە ئەمە یاسای ژیانە و ئێران ناتوانێ لەم رێسایە دەربچێت.. بەلام دیاردەی پارچە بونی بەرهەلستکاران ی کورد لە ئێران زۆر تاڵە لە راستیدا، لە پێشدا کوردی پێوە دەناڵیت پێش هەموو کەسێک ، بەڵام ئەم دۆخە تایبەت نیە بەبەرهەلستکارانی کورد بە تەنها وەک دەزانن، ئەمە نەخۆشیەکە جولانەوە رزگاریخوازەکانی گرتۆتەوە هەتا حیزبە سیاسیەکانی وڵاتە پێشکەوتوەکان، پێویستیشە ئەم دۆخە کۆتایی پێ بێت لە پێناو ئامانجە هاوبەشەکانی کە هەموو لایەنەکان کۆ دەکاتەوە.

راپەرینی مەهاباد بەهۆی کوشتنی کچە کوردێکەوە بەناوی فریناز خوسرەوانی دۆخێکی دابڕاو نیە، بەڵکو زنجیرەیەکە لە



سەرچاوە
Serchawe

زنجیرە قورس و درێژەکانی کورد لە ئێران لە پێناو ئامانجەکاندا. بەلی راپەرینی مەهاباد کۆتایی هات بە لام خەباتی قارەمانانەی ئەم گەلە کە راپەرینی مەهاباد زنجیرەیەکی بەردەوام بووە دەسکەوتی سیاسی بەدەستهێناوە و لە گرنگترینیان سەربەرزی کورستانە، هەروەها سەرجەم خەباتگێرانی ئێران بە رێز و هیواوە لێی دەڕوانن.

## وەک بەرهلستکارانی کورد هیچ گفتوگۆیەک لە نێوان ئێوەو ئەمریکا و رۆژئاوا هەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لەگەڵ ئەوەی من ئەندامی سەرکردایەتی هیچ حیزبێکی کوردی نیم لە ئێستادا، بەلام ئەوەندە دەیزانم زۆربەی پارتە کوردیەکانی ئێران پەیوەندییان لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکادا و هەندێ ولاتی رۆژئاوادا هەیە، جگە لەوەش وەک خۆم نەمبیستوە گفتوگۆ هەبێت، هیوادارم هەلە بم.

## گەلی کورد لە ئێران چاوەڕوانی چی لە ئێوە دەکات؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: گەلی کورد لە ئێران چاوەڕوانی ئەوەیە لەسەرجەم گروپەکانی جولانەوەی کورد بەردەوامی بدرێ بەخەباتی رزگاریخوازیی تا بەدەست هێنانی ئامانجەکان، بەبێ گومان گەل دەیەوێ پارتە شۆرشگێرەکان کۆتایی بە ناکۆکیەکانیان بهێنن و لە نێو یەکتریدا رێکبکەون لەسەر بنەماو ئامانجی هاوبەش کە هەموان بڕوایان پێ بێت و بەیەک رێز بوەستنەوە دژی هەر لایەنێک کە هیواکانی گەلی کورد تێکدەدات. هیوادارم هەموان داوای گەلی کورد ببیستن، کە خۆشی دەوێن و هیوایان لەسەر هەڵچنیوە هەموو باشەیەکیان دەوێ بۆیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپرێس - رێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## نەخشی کاریگەری دوکتور قاسملوو لە بووژاندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا




**خوشکان و برایانی بەڕێز!**

بەخێربێن بۆ کۆنفڕانسی یادی دوکتۆر قاسملوو. بەدڵەوە سوپاسی ئەنستیتووی کورد لە پاریس دەکەم کە ئەم کۆنفڕانسە بەشکۆیەی بۆ ڕێزگرتن لەیادی دوکتۆر قاسملوو ڕێک خستوە و سوپاسێکی زۆریش بۆ سێنای فەڕانسە کە کۆنفڕانسەکەی لە باوەش گرتوە. شتێکی سروشتییە کە ئەنستیتووی کورد لە پاریس یادی دوکتۆر قاسملوو ڕێکبخا و سێنای فەڕانسە ش میوانداریی بکا. دوکتۆر قاسملوو نەک هەر دۆستایەتییەکی گەرمی دەگەڵ بەڕێز دوکتۆر کەندال نەزان سەرۆکی ئەنستیتووی کورد هەبوو، بەڵکوو لە دانانی ئەنستیتووشدا هاوبیر و هاوکارێکی چالاکی بوو. فەڕانسەش ئەو وڵاتەیە کە د. قاسملوو بۆ دوا قۆناخەکانی خوێندن هەڵی بژارد و پتر لە هەموو وڵاتێکی بێگانە بە مێژوو و فەرهەنگەکەی ئاشنا بوو و لە میللەتەکەی نزیک بوو.

دۆستانی بەڕێز! ئەمن ئەو شانازییەم هەیە کە ماوەی ١٩ ساڵ لە نیزیکەوە هاوکار و هاوبیر، یان باشتر بڵێم قوتابیی دوکتۆر قاسملوو بووم. بۆیە بیرەوەریی تاڵ و شیرینم لە هەموو قۆناخەکانی ئەو ١٩ ساڵەی ژیان و خەباتی ئەو ڕێبەرە لەدستچووەی بزووتنەوەی کوردی ئێران هەیە. بەڵام لەسەر پێشنیاری ئەنستیتوو لە وتاری خۆمدا تەنیا باس لەو قۆناخە دەکەم کە لە بەغدای پێتەختی عێراق پێکەوە کارمان کردوە. ئێزن دەخوازم کاریگەریی قاسملوو لەسەر ژیان و خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە دوو بەشی نێوخۆ و دەرەوەی حیزب دابەش بکەم:

## یەکەم، باری نێوخۆی حیزب:

ئەگەر پێشەوا قازی موحەممەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، دوکتۆر قاسملوو زیندووکەرەوە و بووژێنەرەوەی ئەم حیزبە بوو. ئەو لەکاتێکدا کە حیزبی دێموکرات لە مەیدانی کردەوەدا کەوتبووە حاڵەتێکی پاسیڤەوە و پتر لە بیرەوەریی ئەندامانی و رۆڵەکانی خەڵکی کوردستاندا مابوو، بە گرتنەدەستی نەخشی رێبەری گیانێکی تازەی بەبەر ئەم حیزبەدا کردەوە. پێش هەموو شتێک بەهاوکاری و هاوفکریی چەند تێکۆشەری دیکە توانی بەشە پەرشوبڵاوەکانی حیزب وەسەر یەک بخاتەوە و لە پێشدا یەکیەتیی رێکخراوەیی و دواتر بە کاری بەردەوامی فکری و فێرکاری یەکیەتیی سیاسی بۆ ئەم حیزبە بگێڕێتەوە.

پێگەیاندنی ئەندامان و کادرەکانی حیزب بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییشەوە، لە رێگای کردنەوەی دەورەی راهێنان و فێرکردن و رێنوێنی و ئامۆژگاریی بەردەوامەوە یەکی دیکە لەو خزمەتە بەنرخانە بوو کە قاسملوو بە حیزبەکەی و لەرێگای ئەویشەوە بە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستانی کرد.

قاسملوو، هاوڕێیەکانیی فێر کرد کە تاکپەرستی و تەکرەوی لە حیزبدا رەت بکەنەوە و بناخەی رێباز و سیاسەتەکانیان لەسەر فکری بە کۆمەڵ و بریاری بە کۆمەڵ دابرێژن، ئەو تێی گەیاندین کە دەبێ قازانجی گشتیی حیزب و کۆمەڵ وەپێش قازانجی خۆمان بخەین و بەر لەوەی بیر بکەینەوە کە حیزب چیی پێ بەخشیوین، بیر لەوە بکەینەوە کە چیمان بۆ حیزبەکەمان کردوە.

ئەو مامۆستا مەزنە بناخەی سەربەخۆیی فکری و سیاسیی بۆ دارشتین و فێری کردین کە سەربەخۆیی حیزبەکەمانمان لە هەموو شتێک لەلا عەزیزتر و بەنرختر بێ. ئەو دەیگوت: سەربەخۆیی سیاسییش بۆ ئێمە گرنگە و بوونی دۆست و هاوپەیمانیشمان بۆ گرنگە، بەڵام ئەگەر رۆژێک ناچار بین یەکێک لەم دووانە بۆ ئەوی دیکە وەلا بنێین، سەربەخۆییەکە مان دەپارێزین، چونکە ئەگەر سەربەخۆیی و کەسایەتیمان رابگرین دۆستمان هەر بۆ پەیدا دەبێ. ئەم باوەڕەی قاسملوو زۆرجار هەر لە حیزبەکەی خۆماندا دروست بوونی خۆی نیشان دا.

لە پێناو پاراستنی ئەو سەربەخۆییەدا بوو کە دەگەڵ ئەوەی حیزبی دێموکرات پێوەندیی دەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەبوو، هەرگیز نەچووە ژێر باری هیچ داخوازێکی نارەوای ئەو دەوڵەتە و تەنانەت کاربەدەستانی عێراق و خودی سەددام حوسێن

چەند جاریان داوا کرد دوکتۆر قاسملوو لەسەر تەلەڤیزیۆن دەگەڵ سەرکۆماری عێراق دەرکەوێ، قبووڵی نەکرد. چونکە دەیگوت وەختێک لە باشووری کوردستان هەموو رۆژێ کورد دەگیرێ و دەکوژرێ و ماڵوێران دەکرێ، ئەگەر لەگەڵ سەرۆکی عێراق لە تەلەڤیزیۆن دەرکەوم، چ جوابێکم بۆ هەست و بیرورای گشتیی خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان دەبێ. هەر ئەو میراتە بەنرخەی د. قاسملوو بۆ هاوسەنگەرەکانی بوو کە دەگەڵ هەموو دژوارییەکانی سەر رێگا، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەرگیز کارێک و تەنانەت قسەیەکیشی نەکرد، کە زیان بە کوردی باشوور و گەلانی دیکەی عێراق بگەیەنێ.

قاسملوو تێکۆشەرێکی چەپ و دێموکرات و نەتەوەیی بوو کە بۆ دوو ئامانجی بەرزی رزگاریی نەتەوەیی و بەدیهێنانی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تێدەکۆشا. بۆیە لە بەرنامەی حیزبەکەشیدا گونجاندی کە خەباتی نەتەوەیی و خەباتی چینایەتی دەبێ شان بەشانی یەکتر بچنە پێش و هەرگیز نابێ بەو بیانووە کە رزگاریی نەتەوەیی ئامانجێکی لەپێشترە، خەبات بۆ مافە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک پشت گوێ بخرێ.

دوکتۆر قاسملوو ناتەبایی نێوان کورد بوون و ئێرانی بوونی کە ئێستاش بۆ هێندێ کەس حەل نەبووە، بە باشی چارەسەر کردبوو. ئەو نە هیچ کات شەرمی لە ئێرانی بوون دەکردەوە و نە هیچ وەخت لەوە دەترسا بڵێ کورد نەتەوەیەکی جیا لە هەموو میللەتانە و مافی خۆیەتی بیر لە وڵاتی سەربەخۆ و دەوڵەتی سەربەخۆ بکاتەوە و تەنانەت بەدەستیشیان بێنێ.

## دووەم بۆ دەرەوەی حیزب:

پێش ئەوەی دوکتۆر قاسملوو رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات وەئەستۆ بگرێ، ئەم حیزبە بێجگە لە پێوەندییەکی نابەرامبەر دەگەڵ یەکدوو حیزبی کوردی و ئێرانی هیچ پێوەندییەکی سیاسی و دۆستانەی دەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆی نەبوو. بەڵام قورسایی و شارەزایی رێبەری شەهیدمان رێز و ئیعتیباری بۆ حیزب گەڕاندەوە و لە هەر سێ بواری کوردی و ئێرانی و دەرەوەدا کردیە خاوەنی پێوەندییەکی بەرینی سیاسی، لەسەر بناخەی رێزگرتنی بەرامبەر و پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و رێکخراوەیی.

لە مەیدانی کوردستانی و ئێرانیدا حیزب توانی پێوەندییەکی بەرینی سیاسی و تێکەڵ بە رێزی دوو لایەنە دەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری حیزب و رێکخراوە ناسراو و خاوەن جێگە و پێگەکان دامەزرێنێ بەجۆرێک کە لە هەردوو بوارەکەدا وەک رێکخراوێکی سیاسیی موعتەبەر و خاوەننفووز حیسابی بۆ بکرێ.

بۆ یادی سی و پێنج ساڵە

لە ماوەیەکی کورتی زەمانیدا حیزبەکەمان پێوەندییەکی بەربڵاوی دەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی ئورووپاییدا دامەزراند و بەحوکمی ئەوەی ناوەندی بڕیاری ئەم حیزبە لە بەغدا پێتەختی عێڕاق بوو، ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخسا کە دەگەڵ بەشێکی زۆری باڵیۆزخانەکانی وڵاتان بەتایبەتی وڵاتانی سۆسیالیستی پێوەندی دامەزرێنێ کە ئەودەم ئەمە بە دەسکەوتێکی گەورەی سیاسی بۆ حیزبە کوردی و ئێرانییەکان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی بندەست دەژمێردرا.

## لە پێوەندی دەگەڵ هێزە کوردستانییەکاندا

جێگە و پێگەی د. قاسملوو هەر لەنێو حیزبەکەی خۆیدا نەبوو. لەنێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکانی کوردستان و عێڕاقیشدا حیسابی لەسەر دەکرا و بە تایبەتی لە پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و بزووتنەوەی کورد یان بڵێین حیزبی بەعس و پارتی دێموکراتی کوردستاندا زۆرجار بۆ چاری گیروگرفتەکان داوای هاوفکریی لێ دەکرا. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم بوارە، دواسەفەری خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی بۆ بەغدا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و هەوڵی پێشگرتن لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ بوو. لەسەر داوای کاک ئیدریس و ڕەزامەندیی کاربەدەستانی دەوڵەت، دوکتۆر قاسملوو لە هەموو ماوەی مانەوەی شاندی پارتیدا دەگەڵ کاک ئیدریس لە کۆبونەوەکاندا بەشدار بوو. تەنانەت بۆ گەڕانەوەش لەبەر ئەوەی کاک ئیدریس هەستی بە نیگەرانی دەکرد دوکتۆر قاسملوو هەتا کەرکووکی دەگەڵ چوو و تەنیا دوای ئەوەی ئەوی تەسلیمی پێشمەرگەکانی پارتی کردەوە، بۆخۆی گەڕایەوە بەغدا.

لە دواهەوڵیشدا بۆ چارەسەری گیروگرفت و ناکۆکییەکانی نێوان دوو لایەن، لیژنەیەکی سێکەسی دیاری کرا بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەکی مامناوەندی بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک ئامادە بکەن. ئەندامانی ئەو لیژنەیە بریتی بوون لە: خوالێخۆشبوو خوسرەو تۆفیق لە پارتی دێموکڕاتی کوردستان، غانم عبدالجلیل لە حیزبی بەعس و دوکتۆر قاسملوو لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. جێی ئاماژەیە کە ئەو لیژنەیە سێ ئاڵتەرناتیڤی بۆ چارەسەری کێشەکە ئامادە کرد و دای بە سەرکردایەتیی هەر دوو لا. بەڵام بەداخەوە هیچ کامێکیان پێی ڕازی نەبوون و لە ئاکامدا شەڕێک هەڵگیرسایەوە کە زیانەکانی بۆ کوردستان و عێڕاق لە هەموو قۆناخەکانی شەڕی نۆساڵەی نێوان ئەم دوو هێزە زیاتر بوو.

تێکۆشانی دوکتۆر قاسملوو بۆ لێکنزیککردنەوەی بەشەکانی بزووتنەوەی کورد ئەو چوارچێوەیەشی تێپەڕاند و لە هەوڵێکی کوردستانیدا، ساڵی ١٩٧٧ بە کەڵک وەرگرتن لە پێوەندیی بەرینی دەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی هەر چوار بەشی کوردستان هەنگاوێکی مێژوویی هەڵێنایەوە. ئەویش ئەوە بوو کە بە ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە هێزە

خەباتگێڕە کوردستانییەکان لە بەیرووتی پێتەختی لوبنان، بەردی بناخەی پێکهێنانی هاوپێوەندییەکی کوردستانیی دانا. لەو کۆبوونەوەیەدا گەڵاڵەی بەرنامەی بەرەی کوردستانی کە دوکتۆر ئامادەی کردبوو، پەسند کرا و بەرپرسایەتی درا بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لەماوەی سێ مانگدا ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبانە کە لە کۆبوونەوەی بەیرووت ئامادە نەبوون ببینێ و وێڕای شیکردنەوەی بەرنامەی پەسندکراوی کۆبوونەوەی بەیرووت، هەمووانیان بانگهێشتن بکا کە لە دووەم کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکاندا بەشدار بن و دوای وەرگرتنی بیروبۆچوونیان لەسەر گەڵاڵەی بەرنامەکە، هەموویان لەسەری ڕێک کەون و بۆ یەکەم جار بەرەیەکی کوردستانی بە بەرنامەیەکی واقیعبینانەوە دابمەزرێ. بەداخەوە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و بەتایبەتی ناکۆکیی نێوان هێندێ لە هێزە سەرەکییەکانی کوردستان، بوونە کۆسپی سەر ڕێگای پێکهێنانی کۆبوونەوەی دووەم و بەوجۆرە ئەو هەوڵە پیرۆزە بە ناکامی مایەوە.

**دۆستانی گرانقەدر!**

نەخشی ڕێبەریی دوکتۆر قاسملوو لە هەموو بوارەکانی خەباتی سیاسیدا بۆ حیزبەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەو ماوەیەدا کە جێی باسەکەی ئێمەیە زۆر بەربلاوتر و هەمەلایەنەترە. بەڵام کەمیی دەرفەتەکە ڕێگا نادا لەمە زیاتر لێی بدوێین و دەگەڵ تەواوکردنی قسەکانم زۆر سوپاستان دەکەم کە بە حەوسەلەوە گوێتان لێگرتم.

**سڵاو لە یاد و گیانی نەمری د. قاسملوو و سڵامەتی و سەرکەوتن بۆ ئێوەی بەڕێز. هەربژین.**


**لە ژمارە ٧٦٨ی رۆژنامەی کوردستان بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٠**



سەرچاوە
Serchawe

# ڕوانینی دوکتور قاسملوو بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد




عەبدوڵڵا حەسەنزادە

٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ سی وچوارەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی د. قاسملوو ڕێبەری پایەبەرزی کورد و سکرتێری لێوەشاوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوویە. د. قاسملووو لەبواری جۆراوجۆردا دەرس و ئەزموونی بەنرخی بۆ قوتابییەکانی لە حیزبی دێموکراتدا و بۆ تێکۆشەرانی ڕێگای بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد بەگشتی لە پاش خۆی بەجێ هێشتوون. بەڵام چونکە لە سەرەتای لاوەتییەوە تا ئەو ڕۆژەی بە غەدر و تاوان شەهید کرا بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد تێکۆشا و لەبەر ئەوەی «علت وجودی»ی حیزبەکەی خەبات بۆ ڕزگاریی کورد لە بێ مافی و ژێردەستەییە، لە بیرەوەریی شەهیدبوونیدا باسی ڕوانگەکانی بۆ مەسەلەی کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە هەموو بارەکانی دیکەی بیروڕا و تێفکرینی بەجوانتر و پێویستتر دەزانم.

هەم لەسەر د. قاسملووو خۆی و هەم لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس یان بڵێین مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بیروڕای جیاواز هەن. دەگەڵ داوای لێبووردن لە هەمووان زۆر جار وام دێتە بەرچاو کە هێندێ کەس بەتایبەتی ئەوانەی نەیاندیتوە، لە مێشکی خۆیاندا و بەو جۆرەی پێیان خۆشە دوکتۆر قاسملوویەک دروست دەکەن. هەر بۆیە وەک کەسێک کە ماوەی نۆزدە ساڵ قوتابیی ئەو گەورەپیاوە بووە و لە نیزیکەوە ناسیویەتی، حەز دەکەم زۆرزۆر بەکورتی باسێکی لەسەر

بکەم.

شاراوە نییە کە دوکتۆری شەهیدیش وەک هەموو کەس و بەتایبەتی وەک ڕێبەرێکی سیاسی لایەنگر و دژبەری هەبوون و لە ژیانیشیدا و دوای مردنیشی بە چاک و خەراپ زۆری قسە لەسەر کراوە و زۆری لەسەر نووسراوە. بەڵام ئەمن بەو جۆرە کە ناسیومە لێی دەدوێم:

پێش هەموو شتێک ئەو وەک هەمووی مەمانان ئینسان بوو. کە ئینسان بوو دیارە لە هەڵە و خەتاش پارێزراو نییە. ئەوانەی فریشتەیەک لەو گەورە پیاوە دروست دەکەن زۆر لەوانە پتر قاسملووویان خۆش ناوێ کە چ ناسناوێک ناشیرین و نەشیاوە بە بالاّی دەبڕن. چەند جارم لە خۆی بیستووە کە مومکین نییە مرۆڤ لە ژیان و خەباتدا تووشی هەڵە نەبێ. بەڵام گرنگ ئەوەیە هەوڵ بدا هەڵەی گەورەی وا نەکا کە قەرەبوو نەکرێتەوە، هەڵەی چووک دووپاتە نەکاتەوە و لەوانە گرنگتر ئەگەر بە هەڵەی خۆی زانی هەم لێی بگەڕێتەوە و دووپاتەی نەکاتەوە هەم لەوە نەترسێ کە پێ لە هەڵەکەی بنێ و، دوایەش ڕاستی بکاتەوە. زۆر جار قسەی گەورەپیاوێکی وەبیر دێنایەوە کە دەڵێ « ئەوەندە ڕەخنە لە خۆتان بگرن کە دوژمن لە خۆشییان بکەوێتە سەما.»

نامەوێ لێرەدا نموونە بێنمەوە، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان پێش لکاندنی ناوی ئێران و دوای ئەوە و لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی دوکتۆری نەمریشدا تووشی هەڵە و خەتا بووە کە هێندێکیان بە زیندی سەری دوکتۆر قاسملوو هەستیان پێکراوە و هەوڵی ڕاستکردنەوە و قەرەبوویان دراوە و هەشیانە کە دوای شەهیدبوونی ڕێبەر پێیان زانراوە. گرنگ ئەوەیە بێ زێدەڕۆیی دوکتۆر قاسملوو ئەگەر نەڵێین لە پێش هەموو ڕێبەرانی کوردی هاودەورەی خۆیەوە بووە، بێ دوودڵی دەڵێین لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو ڕێبەرانەدا بووە.

لێرە جێگای ئەوە نییە قسە لە هەموو بوارەکانی ڕێبەرایەتیی سیاسیی سەروەری شەهیدمان بکەین. تەنیا ئاماژە بە خاڵێکی ژیانی سیاسیی ئەو دەکەین کە نەک هەر لەلایەن دژبەرانی لە دەرەوەی حیزب بەڵکوو لەلایەن جیابیرانی نێو حیزبەکەی خۆشیەوە باس و مشتومڕێکی زۆری لەسەر بووە. ئەویش مەسەلەی دێموکراسی و ڕەفتاری دێموکراتانەیە. ئەمن نایشارمەوە کە قوتابیی قاسملووو بووم، ئەو کەمەی دەیزانم زۆری لەو فێر بووم و هەتا ماوم لەگەڵ یاد و ئامۆژگارییەکانیدا دەژیم. بەڵام بەدوور لە خۆشەویستی و ڕێز و دەمارگرژی دەڵێم لەنێو حیزبی دێموکراتدا - کە وابزانم پتر لە حیزبەکانی ناوچە دێموکراسیی تێدا زاڵە - کەسم لە قاسملووو لە بیرکردنەوە و کردەوەدا نەک دێموکراتتر بەڵکوو بەقەد ئەو دێموکرات نەدیوە. نموونەی زۆرم بۆ دەرخستنی ئەم بۆچوونەم هەیە، بەڵام بۆ درێژنەبوونەوەی باسەکە وازیان لێدێنم.

ئەوە ڕاستە کە لە زۆر بابەتی حیزبی و سیاسیدا بۆچوون و لێکدانەوەی دوکتۆر قاسملوو سەر دەکەوت. بەڵام ئەو کاتانە نەبێ کە لە دەرەوەی وڵات بووە و دەرەتانی کۆبوونەوە و ڕاوێژی نەبووە هیچ وەخت هیچ بابەتێکی گرنگ نەبووە کە بێ هێنانەگۆڕی لە کۆمیتەی ناوەندی یان هەر نەبێ دەفتەری سیاسیدا بەتەنیا بڕیاری لەسەر بدا. ئەوەش کە بۆچوونەکانی پەسند کراون هەم لەبەر ئۆتۆریتە و لۆژیکی بەهێزی ئەو بووە هەم لەبەر ئەوەی شارەزایی لە مەسەلەکان لە سەرووی هەمووانەوە بووە. بۆ باوەڕی ئەو نەمرە بە دێموکراسی بەجێیە وەبیر بێنینەوە کە لە سەردەمێکدا دیکتاتۆری پرۆلیتاریا جگە لەوەی دروشمی حیزبە کۆمۆنیستەکان بوو لە نێو ڕووناکبیرانیشدا زۆروکەم دڵخواز بوو، دوکتۆر قاسملوو ڕایگەیاند: «خەراپترین دێموکراسیم لە باشترین دیکتاتۆری پێ باشترە» ڕاستەوڕاستیش مەبەستی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بوو، کە ئەوانەی. هاودەورەی قاسملوو بوون لەبیریانە لەسەر ئەوە و لەسەر هێنانەگۆڕی سۆسیالیزمی دێموکراتیک کە لە نامیلکەی «کورتە باس » دا فۆڕمووڵەی کرد چەندە هێرشی کرایە سەر و چەندی تۆمەت و ناو و ناتۆرە درایە پاڵ.

***

بێینە سەر باسی ڕوانگەی دوکتۆر قاسملوو بۆ ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد. زۆرمان دەزانین و ئەوانەی نەشیانزانیوە با بزانن کە ئەو هەتا ئەو ڕۆژەی ماڵئاوایی لێکردین هەڵگری بیروباوەڕی چەپ بوو، و تەنانەت لە دوو بڕگەی زەمانییشدا - یەکیان لەساڵی ١٩٤٨ تا ١٩٥٥(١٣٢٧ تا ١٣٣٤ی کۆچیی هەتاوی) ئەو کاتەی یەکیەتیی ڕێکخراوەیی لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی توودەدا هەبوو، ئەوی دیکەشیان دوای چوونی بۆ پراگ پێتەختی چێکوسلۆڤاکی تا ساڵی ١٩٦٨ کە لەسەر بیروڕای ئازاد و مەحکوومکردنی هێرشی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ سەر چێکوسلۆڤاکی پێشان لە حیزبی توودە و دواتر لە چێکوسلۆڤاکییش دەرکرا - ئەندامی حیزبی مارکسیستیی توودەی ئێران بوو. بەڵام هەر لە هەرەتی لاوەتییەوە کە بەرپرسی لقی ڕەزائیە (ورمێ)ی یەکیەتیی لاوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو تا دوا هەناسەی ژیانی تێکۆشەری ماندوویی نەناسی ڕێگای خەبات بۆ مافە زەوتکراوەکانی کوردی ئێران و لە بازنەیەکی گەورەتردا مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد بەگشتی بوو. لەو پێوەندییەدا هەوڵەکان و دەسکەوتەکانی بۆ ناساندنی کورد و مافە ڕەواکانی بە دنیای دەرەوە لە شارەزایانی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد شاراوە نین. بە هەوڵی دوکتۆر قاسملوو بوو کە ساڵی ١٩٨٩ یەکەم کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی لەسەر مەسەلەی کورد لە پاریسی پێتەختی فەڕانسە گیرا و چونکە پێش کۆنفڕانسەکە شەهید کرا و بۆخۆی تێیدا بەشدار نەبوو، بەڵام پێشکێش بە یادی ئەو کرا.

لە دوای نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کە دروشمی بزووتنەوەی کورد پێشان لە کوردستانی ئێران و دواتر لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە سەربەخۆییەوە کرا بە ئۆتۆنۆمی(خودموختاری) دوکتۆر قاسملوو یەکەم کەسی دیار بوو کە سەرباری دروشمی ستراتیژیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کتێبی بەناوبانگی خۆی (کوردستان و کورد)دا بێ پێچ وپەنا

مافی سەربەخۆیی کوردی هێنایە گۆڕێ و نووسی ئەگەر کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان یەک بگرێتەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ، ئەوە جیابوونەوە لە هیچ وڵاتێک نییە و یەکگرتنەوەیە، حەقیقەتێک کە لەگەڵ پێشوازیی هەموو تێکۆشەرانی کورد و ئازادیخوازانی ڕاستەقینەی گەلانی دیکە لەلایەک و تووڕەیی زەوتکەرانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لەلایەکی دیکە بەرەوڕوو بوو. لە وتارێکیدا زۆر بە ڕاشکاوی باوەڕە دەردەبڕێ و دەڵێ: «ئەم مافی دانانی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد، یانی هەموو کوردستان نە لەیەک جودابوونەوەیە، بەڵکوو بە پێچەوانە، یەکگرتنەوەیە. پێکەوە یەکگرتن مافی جیابوونەوە نییە، مافی یەکگرتنەوەیە، جوودابوونەوە لە میللەتەکانی دیکەیە. لە واقیعدا حەقی یەکگرتنەوە تەنانەت لە حەقی جودابوونەوە زیاترە. کەوابوو ئێمە وەک نەتەوەی کورد ئەو حەقەمان هەیە کە ڕۆژێک یەک بگرینەوە، چونکە دابەشبوونی کوردستان، دابەشبوونێکی دەسکردە»

دەقێکی دیکەی دوکتۆری شەهید ئەم ئەسڵە ڕوونتر دەردەبڕێ و دەڵێ: «مەسەلەی کورد لە هەموو ئەبعادی خۆیدا بەو شێوەیە کە هەیە لە واقعیدا کێشەی چەندین میلیۆن کوردە کە دەبێ مەترەح بکرێ. ویستەکانمان ڕەوا، ئینسانی و دروستن.. پێم وایە ئەگەر بەم شێوەیە لە مەسەلەکە بڕوانین و بچینە پێشێ، سەرکەوتنمان زیاتر دەبێ. موهیممیش ئەوەیە کە پەیامەکانمان کە ڕەوا و دیموکراتیکن لە دەرەوە بە باشی وەربگیرێن. دەبێ بە هەموو ئەو کەسانە کە گوێیان لە قسەکانی ئێمەیە، بڵێین کە داوای کورد زۆر سادە و ڕەوایە. کورد مافی نەتەوەیی خۆی دەوێ کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی ئادەمیزاددا هاتووە و شتێکی زیادی نییە. بۆیە داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس، مەسەلەیەکی نێوخۆیی نییە. زۆر دەوڵەتان وەک دەوڵەتی ئێران کە باسی کورد دەکرێ، دەڵێن؛ ئەوە مەسەلەیەکی نێوخۆییە و کەس حەقی نیە دەستی تێوەر بدا. کەوابوو ئێستا کە ئێمە داوای خودموختاری دەکەین، مەسەلەیەکی نێوخۆیی نییە و بەشێکە لە مافی ئادەمیزاد. بۆیەش ئەو دەوڵەت و ڕێکخراو و شەخسییەتانە کە خۆیان بە لایەنگری مافی ئینسان دەزانن، پێویستە پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی کورد بکەن»

ئەمە لە باری پرەنسیپ و مافی سروشتیی هەموو نەتەوەکانی جیهانەوە. بەڵام وەک ڕێبەری حیزبێکی سیاسی و بەشێکی گرنگی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد دوکتۆر قاسملووش هەروەک دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشەوا قازی موحەممەد سەروکاری لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمی خۆی هەبوو. دەیزانی کە هەڵگرتنی دروشمی سەربەخۆیی بۆ حیزبێکی جیددیی وەک حیزبی دێموکرات لەگەڵ دژکردەوە و گەلەکۆمەگیی هەرنەبێ چوار دەوڵەتی حاکم بەسەر کوردستاندا بەرەوڕوو دەبێ کە هەرکامیان لە ڕێگایەکەوە بە وڵاتانێکی گەورەتر لە خۆشیانەوە گرێ دراون و بەم جۆرە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد کە لە هەر چوار لاوە گەمارۆ دراوە و ڕێگای بەسەر دەریاشەوە نییە، تووشی کارەسات و ناکامی دەبێ. هەر بۆیە هەتا ئەو مابوو دروشمی ستراتیژیی، حیزبەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران «دێموکراسی بۆ ئێران و

خودموختاری بۆ کوردستان» بوو و دەگەڵ داوای لێبووردن لە هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات لەو باوەڕەدام کە ئەگەر قاسملوو لە ڕێبەریی حیزبدا مابایە بەو لۆژیک و ئۆتۆریتەیە کە هەیبوو کارێکی دەکرد ئێستاش دروشمی خودموختاری هەر لە جێگای خۆی بایە. خۆ ئەگەر سەرنجێکی وردی بدەینێ دەبینین کە مادده سەرەکییەکانی بەرنامەی حیزبی دێموکرات پاش گۆڕانی دروشمی ستراتیژیی حیزبیش بە دەست لێنەدراوی ماونەوە.

دوکتۆر قاسملوو لە هیچ ڕێبەرێکی کورد کەمتری بۆ نەتەوەکەی نەدەویست. بەڵام پێی وابوو حیزبی سیاسی لە ئارەزوو پتر سەروکاری لەگەڵ واقیعییەت هەیە. خۆ لە ئاخر ساتەکانی ژیانیشیدا ئەو کاتەی لەگەڵ دیپلۆمات - تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی قسە دەکا دەڵێ ئەمن نوێنەری وەچەی ئێستام و وەچەی داوڕۆژی کورد بۆخۆی دروشم و داخوازییەکانی دیاری دەکا. یانی بە جۆرێک دەیگەیەنێ کە وەچەکانی داوڕۆژ حەقیانە بەگوێرەی هەلومەرجی سیاسی دروشم و داخوازەکانی خۆیان گەڵاڵە بکەنەوە.

ئێمە دەزانین ئێستا هێزە سیاسییەکانی کورد مافی دیاریکردنی چارەنووس بە هاوواتای سەربەخۆیی دادەنێن. بەڵام دوکتۆر قاسملوو ڕاڤە(تفسیر)ێکی جیاواز و بە باوەڕی من دروستتری بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس هەبوو. ئەو داوای دەکرد کورد ڕێگای پێبدرێ ئازادانە چارەنووسی خۆی دیاری بکا. لەو حاڵەدا چ سەربەخۆیی، چ فیدراڵیزم و چ خودموختاری و چ هەر شکڵێکی دیکە بۆ پێوەندیی خۆی لەگەڵ گەلانی دیکە هەڵبژێرێ مافی دیاریکردنی چارەنووسی بەکار هێناوە. بۆ بەڵگەی دروستیی ئەم ڕاڤەیە هەر ئێستا هێندێ نموونەمان لەبەر چاون. کێبیک لە کانادا، ئیرلەند لە بریتانیا و کالیدۆنی لە فەڕانسە هەمیشە ڕێگایان پێدراوە ئازادانە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و ئەگەر بۆخۆیان پێیان خۆش بێ، جیا ببنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی دامەزرێنن. کەچی تا ئێستا هەروەخت ڕێفڕاندۆم کراوە ئازادانە مانەوە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەیاندا هەڵبژاردوە، چونکە لە لایەک وەک هاونیشتمانانی دیکەیان لە هەموو ماف و ئازادییەکانیان بەهرەمەندن و لە لایەکی دیکەوە مانەوە لەگەڵ وڵاتەکان لە هەموو بارێکەوە بە قازانجی خۆیان دەزانن.


هەر لەو بارەیەوە دوکتۆر قاسملوو دەڵێ: ئەگەر خودموختارییەکی ڕاستەقینەمان دەست کەوت، بەو مانایەیە کە «مافی چارەنووس» جێبەجێ کراوە. مەسەلە ئەوە نییە کە ئێمە نوێنەرێکمان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاڵای تایبەتی و دراوی خۆمان هەبێ. هەر ئێستا زۆر میللەت ئەوانەیان هەیە - بەتایبەت لە ئەفریقا کە پێشتر داگیرکرابوون و ئێستا ئازاد کراون - بەڵام هیچ هەست بەوە ناکەن مافی دانانی چارەنووسیان هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە بوونی شکڵی ڕواڵەتیی سەربەخۆیی یان ئیستقلال، مانای ئەوە نیە کە میللەتەکە مافی دانانی چارەنووسی دەست کەوتبێ. عەکسی ئەوەش هەر ڕاستە. بە گشتی لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، «مافی دیاریکردنی چارەنووس» ئەوەیە کە خەڵک هەست

بەوە بکات کە حاکمە بەسەر چارەنووسی خۆیدا.

وەک لەپێشەوە گوتم دوکتۆر قاسملوو لە ژیانی سیاسیی خۆیدا زۆر دەرس و ئامۆژگاریی بەنرخی بۆ قوتابییەکانی بەجێ هێشتوون کە دەتوانن لە کار و تێکۆشانی خۆیاندا ڕەچاویان بکەن. بەڵام ئەمن ئەم لایەنەم لە هەموویان بە گرنگتر زانی و پێشی لێ دەنێم کە نەمتوانیوە حەقی خۆی بدەمێ و ئەم بەشە لە فێرکردەکانی ڕێبەری شەهید زۆری دیکەی بەبەرەوە هەیە کە ئاواتەخوازم قوتابییەکان و ڕێبوارانی ڕێگاکەی زۆرتری لێهەڵێنجن و لە خەباتی سیاسیی خۆیاندا بەکاری بەرن.

**لە کتێبی: لەژێر ساباتی قاسملوو وەرگێراوە**

# مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە: وتاری ١١ی ڕەشەممەی دوکتور قاسملوو مانیفێستێکی داوەتە دەست نەوەکانی ئێستا و داهاتوو



دیمانە: شەهرام سوبحانی

## ئاماژە:

١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧ یەکێک لە گرینگترین ڕۆژە مێژووییەکانی خەباتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتە. لەم ڕۆژەدا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو ڕاگەیاندرا و جارێکی دیکە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بۆ گرتنەدەستی جڵەوی چارەنووسی خۆیان هاتنە مەیدان و دەنگی متمانەی خۆیان بە حیزبی دێموکرات دایەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر بایەخی ئەم ڕۆژە مێژووییە لە خەباتی سیاسی نەتەوەکەمان وتووێژێکمان لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سیاسەتمەداری کورد و خەباتکاری لەمێژینەی کورد کردوە کە بۆخۆی یەکێک لە ڕێکخەران و وتاربێژانی ئەو ڕۆژە مێژووییە بووە.

**شەهرام سوبحانی**: مامۆستا وتووێژەکەمان بەم پرسیارە دەست پێ دەکەم، بۆچی ١١ی ڕەشەممە لە مێژووی حیزبی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وەک یەکێک لە گرنگترین و مەزنترین ڕووداوەکانی مێژوویی نەتەوەیی ناو دەبرێ؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دوای تێپەڕینی پتر لە ٣٣ ساڵ لە دامەزرانی حیزبی دێموکڕات و زیاتر لە ٣٢ ساڵ لە پاشەکشەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی خۆرهەڵاتی کوردستان و گرتنەبەری تێکۆشانی نهێنیی حیزب کە دەورانێکی سەخت و پڕکەندولەند و هەورازونشێو و قوربانیدان بوو، ئەمە یەکەم جار بوو کە حیزبی دێموکڕات، ئەویش لە زمانی ڕێبەرێکی لێوەشاوەی وەک دوکتۆر قاسملووەوە ڕاستەوخۆ و بەئاشکرا لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەدوا و ڕوانگەکانی خۆی بۆ باس دەکردن. بۆیە بەجێیە قبووڵ بکەین کە ئەم ڕووداوە پاش ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بۆ حیزب و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری خۆشترین و گەورەترین ڕووداوی مێژوویی تا ئەو وەختە بوو. هەقە ئەوەش بگوترێ کە میتینگی ١١ی ڕەشەمە نەکهەر بۆ کوردستانییان بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە، بەڵکوو بۆ هەموو ئازادیخوازانی ئێرانیش هەڵکەوت و دەرفەتێکی مێژوویی بوو. هەربۆیە بێجگە لەوانەش کە لەلایەن حیزبی دێموکڕاتەوە بانگهێشتن کرابوون، بە هەزاران کەسی تینووی ئازادی لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران بە تایبەتی لە تارانەوە بۆ بەشداری لەو میتینگەدا خۆیان گەیاندبووە مەهاباد.

**شەهرام سوبحانی:** گرنگترین دەسکەوتەکانی میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ٥٧ بۆ حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان چی بوون؟ پێتان وایە ئەو دەسکەوتانە چەندە کاریگەرییان لە سەر وشیاریی نەتەوەیی کورد لەو سەردەمە و ئێستاش داناوە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دەتوانم بڵێم گەورەترین دەسکەوتی ئەو ڕۆژە پێکهاتنی میتینگەکە خۆی بوو. گاڵتەی پێ ناکرێ پاش پتر لە ٣٠ ساڵ زەبروزەنگ کە کۆبوونەوەی زیاتر لە دە کەس و جاری وابوو کەمتریش دەخرایە ژێر چاوەدێریی پۆلیس و تێک دەدرا یان خەڵکی لەسەر دەگیرا، ئێستا پتر لە سەد هەزار کەس -و بە ڕیوایەتی ڕۆژنامەی «اطلاعات» دووسەد هەزار کەس- بە ئاشکرا لە دەوری یەکتر کۆ دەبوونەوە و گرنگترین مەسەلە چارەنووسییەکانیان باس دەکرد. بەڕاستی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ دێمانەی قۆناغێکی هیوابەخش لە مێژووی خەباتی هەقخوازانەی گەلانی ئێران بوو.

دەسکەوتی گرنگی دیکە بە تایبەتی بۆ خەڵکی کوردستان بەرچاوڕوونیی سیاسی بوو. لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتیدا ئەم قسەیە لەسەر زاروزمانان بوو کە «هەموو کەس دەزانێ چیی ناوێ. بەڵام کەس نازانێ چیی دەوێ». دیارە کەسانی ئاگا و وشیار زۆر بوون کە دەیانزانی چییان دەوێ، بەڵام نەک لە هەموو ئێران، لە کوردستانیش یەکدەنگییەک لەئارادا نەبوو. کەچی ئێستا حیزبێکی بە ئەزموون ئەویش لەسەر زمانی ڕێبەری لێوەشاوەی خۆی نەخشە ڕێگای خەباتی درێژخایەنی کورد و تەنانەت دوورەدیمەنی دوارۆژی هەموو ئێرانی دەخستە بەرچاوی ئەوانەی چاوی دیتنیان هەبوو.



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەر بەوردی گوێ بۆ وتاری ١١ی ڕەشەمەی دوکتۆر قاسملوو بگرین بێ دەمارگرژی دەبینین کە ئەو مانیفێستێکی داوەتە دەست کە نەکهەر بۆ ئەوکات و بۆ ئێستا، بەڵکوو بۆ نەوەکانی دواڕۆژیشمان لە هێڵە گشتییەکاندا ڕوونکەرەوەی بەرچاوی خەباتگێڕانی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستانە.

**شەهرام سوبحانی:** مامۆستا بەڕێزتان وەک یەکێک لە بەشداربووانی میتینگی ١١ی ڕەشەمە، یان یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ئەم میتینگە، پێمان خۆشە لە زمانی خۆتانەوە ببیستین قورسایی قسەکانی دوکتور قاسملوو لە پەیامەکەیدا چی بوو؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** باوەڕ بکەن ئاسان نیە بەشێکی دیاریکراو وەک قورسایی وتارەکەی دوکتۆر قاسملوو دەستنیشان بکەین. هەمووی هەر قورس و هەمووی ئامۆژگاری و نەخشەڕێگا و شیاوی لێفێربوون بوو. خستنەبەرچاوی ڕابردووی خەباتی خەڵکی کوردستان و پێویستیی یەکریزیی هەموو چین و توێژەکانی گەلی کورد و لەوەش زیاتر یەکدەنگیی نێوان هەموو گەلانی ئێران و نیشاندانی ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی وڵات بە کاربەدەستان و پێشنیاری سالمترین سیاسەت بۆ پەیوەندیی دیپلۆماسیی دەوڵەت و خوێندنەوە و ڕێزدانان بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵی کوردەواری و تێکڕای گەلانی ئێران و زۆر بابەتی بەسوودی دیکە لە وتارێکی کورتی نیوسەعاتیدا تەنیا لە توانای بلیمەتێکی وەک قاسملوودا هەبوو.

**شەهرام سوبحانی:** یەکێک لەو تەورە دیارانە کە دوکتور قاسملوو لە وتارەکەیدا پێداگرییان لەسەر دەکا یەکیەتیی و یەکگرتوویی نێوان خەڵک و هێزە سیاسییەکان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ یەکترییە. بۆچی ئەو پێشمەرجە گرنگە لە خەبات بۆ سەرکەوتن هەتا ئێستاش لە ئاستی خۆیدا نییە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانەدا زۆرجار دەگوترێ دوژمنان ناهێڵن ڕێک کەون. ئەمن هیچ وەخت لەو باوەڕەدا نەبووم و نابم. تەنانەت ئەم قسەیە بە سووکایەتی دەزانم. چونکە مانای ئەوەیە ئێمە گوێ بۆ دەنگی خەڵک و بانگی ویژدان ڕاناگرین و چاومان لە زاری دوژمنان و ناحەزانە چیمان پێ دەڵێن. بە جۆرێکی دیکە بڵێین ئەمە هەڵاتن لە بەرپرسایەتی و گەڕان بە دووی تاوانبار لە دەرەوەی خۆماندایە. ئاخر ڕاستە دوژمنان هەوڵی لێکترازانمان دەدەن، بەڵام ئەوان لە پەرشووبڵاویمان قازانج دەکەن خۆمان چی؟ کەوایە خەتایەکە لەخۆمانە و دەتوانێ زۆر هۆکاریشی هەبن کە گرنگترینیان بەرچاوتەنگی و هەستنەکردن بە بەرپرسایەتی بەڕادەی پێویستە. ڕەنگە لەو نێوەدا بتوانین ئاماژە بە دوو هۆکاری سەرەکی بەتایبەتی بۆ کوردی خۆرهەڵات و هێزی سیاسییە ئێرانییەکان بکەین کە ئەمانەن:

**یەکەم**، تاراوگەنشینی و نەبوونی بڕیاربەدەستانی هێزە سیاسییەکان لە نێوخۆی وڵات و نەبوونی فشاری کۆمەڵانی خەڵک و



سەرچاوە
Serchawe

نەدیتینی ڕاستەوخۆی ئێش و ئازارەکانی هاونیشتمانان. ئەوانەی دەورانی شەڕی سێ مانگەیان دیوە لەبیریانە کە دامەزرانی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد (هیئت نمایندگی خلق کرد) بەشێکی زۆری لە ئاکام و تەنانەت لەژێر فشاری ئەو دەستە و کۆمەڵە خەڵکانەدا بوو کە لە شارەکانەوە دەهاتنە لای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردەکان.

**دووهەمیش**؛ سەرسەختیی زۆرایەتی و زێدەخوازیی کەمایەتی لە نێو هێزە سیاسییە کوردستانییەکاندایە. ئاشکرایە کە هێزە کوردستانییەکان لە دەرەوەی ئیدیعای خۆیان هێندێکیان زۆرترن و خەڵکی پتریان هەیە و بەشێکیان کەمتر. جا زۆرایەتییەکە پێی وایە ئەگەر نەختێک بۆ کەمایەتی دابشکێنێ لە سام و هەیبەتی کەم دەبێتەوە و کەمایەتییەکەش بە کەمتر لە «مساوات مطلق» ڕازی نابێ. غافڵ لەوەی کە ئەگەر ڕێک کەون زۆرایەتی و کەمایەتییەکە بەوە تێک ناچێ و ڕێز و خۆشەویستیی هەردوو لاشیان لەلای گەلەکەیان دەچێتە سەرێ.

**شەهرام سوبحانی**: دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات و کاریگەرترین ڕێبەری جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە سەردەمی خۆی بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو خەباتە و دەربازبوون لە ناکۆکی و ناتەبایی و چەند بەرەکیی نێوماڵی کورد چ شتێکی بە پێویست دەزانی و بۆخۆی لەو پێوەندییەدا چیی کرد؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بە داوای لێبووردنەوە دوکتۆر قاسملووش دەگەڵ هەموو گەورەیی و لێبووردەیی خۆی وەک هەموومان کورد بوو و خوێنی کورد لە دەمارەکانیدا دەجووڵا. بەو حاڵە هەوڵێکی زۆری دا کە بەلای دووبەرەکی لە یەخەی بزووتنەوەی کوردی ئێران بکاتەوە. بەڵام هەموو کاتێک هەوڵەکانی دەگەڵ ئەو دوو هەستە دژبەیەکە بەرەوڕوو دەبوون کە لە وەڵامی پرسیاری پێشتردا ئاماژەیان پێ کرا. باسی ئەو تۆمەتە زۆرجار ناڕەوایانە کە لایەنەکان لە یەکتریان دەدان و ئەو ناووناتۆرە ناشیرنانە ناکەم کە دەرهەقی یەکتر بەکاریان دەبردن، هەرئەوەندە بەسە کە بڵێین زۆرایەتی دەیەویست کەمایەتی «خرکاتەوە» و کەمایەتی هەوڵی دەدا «هەیبەتی زۆرایەتی بشکێنێ.«

**شەهرام سوبحانی**: چۆن دەتوانین نێوەرۆکی پەیامەکانی ١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧ لەگەڵ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێستای کوردستان لێک گرێ بدەین؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بە باوەڕی من پەیامی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ بۆخۆی لە هێڵە گشتییەکاندا درێژکراوەی پەیامی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ بووە و ئێستاش و دواڕۆژیشمان گرێدراوی هەردووکیانن و بێ ئەوەی مافی داهێنان و نوێ-بوونەوە لە خۆمان و نەوەکانی دواترمان بستێنینەوە هەموومان پەیڕەوی ئەو پەیامانە و هەڵگری ئەو ئاڵایەین کە لە

دامەزرانی حیزبەکەمانەوە تا ئەمڕۆ لەنێو ڕێبوارانی ڕێگای دێموکڕاتدا دەستاودەستی کردوە.

**شەهرام سوبحانی**: مامۆستا بەڕێزیشتان یەکێک لە وتاربێژانی ئەو میتینگە بوون. ٤٥ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە چۆن یادی ئەو ڕۆژە دەکەن، بەتایبەت چۆن لە پەیام و وتارەکەی ئەو ڕۆژەتان دەڕوانن.

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: وتاری من لەو ڕۆژەدا پتر پەیامی بەخێرهێنانی بەشدارانی میتینگەکە بوو، چونکە لەوکاتەدا بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب لە مەهاباد و بە مانایەک خانەخوێ بووم. ئەگەر قەراریش بێ هەڵسەنگێندرێ ئەوە کاری من نیە و دەبێ کەسانی دیکە نەزەری لەسەر بدەن.

**شەهرام سوبحانی**: مامۆستا گیان ماندوو نەبن و زۆر سپاس بۆ ئەوەیکە کاتتان دانا و لەم دیمانەیەدا بەشداریتان کرد

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن

سەرچاوە:ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**پووشپەڕی ٢٧٢٤ی کوردی = جوولای ٢٠٢٤ی زایینی**

---




سەرچاوە
Serchawe